كۆمەڵە وتار

# خەمێك بۆ ئەنفال

**لێكۆڵینەوەیەكی مێژوویە لەسەر (قۆناغی سێی ئەنفال) بۆسەر گەرمیان**

**هێمن كامیل**

**كەركوك – ٢٠١٣**





**ناوی كتێب: خەمێك بۆ ئەنفال**
**بابەت: كۆمەڵە وتار**
**ناوی نووسەر: هێمن كامیل**
**دەرهێنانی هونەریی: ئەنجام سەعید**
**زنجیرە (١٣٢) لە بڵاوكراوەكانی كۆمەڵەی روناكبیری كەركوك**
**سەرپەرشتی چاپ: نەوزاد عەلی شێخانی – ئاكۆ محەمەد شوانی**
**چاپ: یەكەم**
**چاپخانە: كارۆ**
**تیراژ: (٥٠٠)دانە**
**ساڵی چاپ: ٢٠١٣ – كەركوك**

**پرۆژەی چاپكردنی (٢٥)كتێب بە بۆنەی (٢٥) ساڵەی كارەساتی ئەنفال**

## پێشەكی

كاتێك لە پۆلی دووەمی ناوەندی بوم بۆ یەكەمجار خوێندنگاكەمان یادی تاوانی ئەنفالی كردەوە یەكێك لە خوێندكارەكان بە ناوی "ئاوات نادر" وتارێكی خوێندەوە . ئەگەر چی وا هەستم كرد بۆی نوسرابێت. بەڵام شێوەی خوێندنەوەكەی زۆر كاری تێكردم و هەر ئەو چركە ساتە بریارمدا ئەبێت رۆژێك منیش وتار بنوسم لە سەر تاوانی ئەنفال ولە ناو گۆرەپانی خوێندنگەكەمدا بیخوێنمەوە.

دوای دوو ساڵ لە رۆژی پێنج شەممە بەرواری ١٩-٤-٢٠٠٠ لە یادی تاوانی ئەنفالدا وتارێكم خوێندەوە كە خۆم نوسیبوم كە نزیكەی دوو لاپەرەی ئەی فۆر بوو.

ئەوە یەكەم چالاكی و بەشداری كردەیم بو لە بواری ئەنفالدا ، ئەگەر چی ئەوەی چاوەروانم نە ئەكرد ئەوەبو كە دوای تەواو بونی یادەكە و لە وانەی دووەمدا كاتێك چوینە پۆلەكانی خۆمان .یاریدەدەری بەرێوەبەر مامۆستا "نصرالدین" لە دەرگای پۆلەكەیدا وتی "هێمن كامیل" لێرەیە با بێتە دەرەوەو وتارەكەشت بهێنە.خۆم و هاورێكانیشم بۆچونمان وا بو كە لەوانەیە بۆ دەست خۆشی لێكردن بێت .





بەڵام وا دەرنەچوو بەڵكو پێیوتم لە گەڵ ئەم چەكدارەدا برۆ بۆ كۆمیتە"دیارە مەبەست كۆمیتەی رێكخستنی یەكێتی بو لە ناحیەی شۆرش".

دیاربوو هەر لە دوای خوێندنەوەی وتارەكە یەكێك لە خوێندكارەكان رۆیشتبو ئاگاداری كردبونەوە لەوەی كە من لە وتارەكەمدا رەخنەم لە حكومەتی هەرێم گرتوە.چونكە لە وتارەكەمدا وتبوم "مایەی شەرمە بۆ حكومەتی هەرێم كە تا ئێستا كەسوكاری ئەنفالكراوەكان بێبەشن لە خزمەتگوزاری".هەر چەندە ئەم گوزارشتە بۆ ئەمرۆ شتێكی ئاساییە بەڵام بۆ ئەو رۆژگارە رەخنەگرتنێكی لەم جۆرە كارێكی ئاسان نەبو.بەڵام چونكە من بۆ خۆم قوربانی گەورەم داوە لە پێناو ئەم رۆژدا ئەو مافە بە خۆم ئەدەم كە سڵ لە رەخنەگرتن نەكەمەوە.

سەرەرای ئەو سەر ئێشە و لێپرسینەوەیە كە ئەو وتارە بۆی دروستكردم بەڵام ئەوە نەبوە مایەی ساردكردنەوەم و ئیتر لە ساڵانی ئایندەدا لە یادەكانی هەڵەبجەو نەوروزو ئەنفالدا وتارم دەخوێندەوە. هەر ئەو كات بریارشمدا كە ئەگەر چومە زانكۆ بە هەمان شێوە بەردەوام بم لە سەر چالاكیم بۆ یادی ئەنفال و بەرزراگرتنی ئەو یادە.هەر بۆیە ئەو چەند ساڵەی زانكۆ بە هەمیشەیی یەكێك بوم لەوانەی كە توانیمان یادكردنەوەی ئەنفال بكەینە نەریتێكی ساڵانە و دوای خۆشمان لەو زانكۆیە یادی ئەنفال بكرێتەوە.هەر لە قۆناغی خوێندكاری زانكۆمدا توانیم هەموو ئەو بەرهەمانە بكرێم و بخوێنمەوە كە لەو ساڵانەدا لە سەر ئەنفال دەردەچون هەر بۆیە

ئێستا لە کتێبخانە کەمدا نزیکەی ٧٠ سەرچاوەم هەیە کە لە بوارە جیاوازەکاندا لە سەر ئەنفال نوسراون.

ئەمە جگە لەوەی هەر لەم قۆناغەدا دەستمکرد بە نوسین و چەندین وتـارم لـە سـەر ئـەنفال نوسـی و یـەکێك لـە سـاڵاکانیش بریارمانـدا بڵاوکراوەیـــەك بـــە نـــاوی "هـــاواری ئـــەنفال" دەربکـــەین و خۆشبەختانەش توانیم توێژینەوەی دەرچونەکەم تایبەت بکەم بە ئەنفال .هەموو ئەمانە یاردەدەرو هاوکارم بون کە ئەنفال تەنها تاوانێك نەبێت کە کەسە نزیکەکانمی تێدا بێسەروشوێن کرابێت و وەکو ئازارێکی کەسی سەیری بکەم. بەڵکو بیکەم بە بەشێك لە بیرکردنەوە و ئەخلاق و مەعریفەم.

بە واتایەکی دیکە کردمە خەمێکی خۆم و ئەوەندەی بۆم کرابێت هەوڵی خوێندنەوەو تێگەیشتنی زیاتری ئەم تاوانەم داوە.

ئەگەرچی بروام وایە هێشتا لە هەنگاوی یەکەمدام و ئاستی هزری و مەعریفی ئێمە چی وەکو تاك و چی وەکو نەتەوە زۆرمان ماوە تێبگەین لەوەی ئەنفال چیبو؟ بۆ روویدا؟ چۆن روویدا؟ چی لێسەندین؟ چی پێبەخشین؟ کام پرسیاری لا کوشتین؟ کام پرسیاری لا دروستکردین؟ دەبو کام پرسیاری لا دروست بکردینایە ؟ چیمان بۆ ئەنفال کردووە؟. دەبو لە رابردودا چیمان بۆ بکردایە ؟ کام ئەخلاقی گۆڕین؟ دەبو چی ئەخلاقێکی نوێ لە دوای ئەنفال بونیاد بنێین؟ ئەمانەو دەیان پرسیاری دیکە کە دەبو ئەنفال لە بیرکردنەوەی ئەم نەتەوەیەدا کە پێی دەوترێت کورد دروستی بکات.





بە دڵنیاییەوە ئەڵێم تا ئەم چرکە ساتەش دەسەڵاتێکمان نیە کە بۆ یەکجاریش بیری لەوە کردبێتەوە ئەنفال چی بو.

ئەگەر نا منی رۆژنامەنوس بۆچی ناچاربم لە بری خوێندنەوەو تێفکرینی قول بۆ ئەنفال بەشێك لە نوسینەکانم تەرخان بکەم بۆ گرفتە رۆژانەییەکانی کەسوکاری ئەنفال.

باشە ئەم دەسەڵاتە چۆن شەرم ناکات کەسوکاری ئەنفال ئاوی خواردنەوەیان نەبێت کە ناونیشانی یەکێك لە وتارەکانمە. یان کوڕێکی باوك ئەنفال بڵێت بریا باوکم جاش بوایە. کە وتارێکمان تایبەت کردووە بۆ ئەو گوزارشتە.

یان بۆ دەبێت لە بری هەموو رێزگرتنێك لە کەسوکاری ئەنفال و قوربانیانی ئەنفال دەسەڵات لێزانانە کار بکات بۆ لە بیربردنەوەی ئەنفال لە لای نەوەی نوێ. بۆیە وەك هەستکردنێکی ئەخلاقی و مرۆیی و ئینجا نیشتمانی بە شیاومزانی سەرجەمی ئەو وتارو بەیاننامانەی لە شەش ساڵی رابردودا لە سەر ئەنفالم نوسیوە یەکیان بخەم و لە دووتوێی پەرتوکێکی خنجیلانەدا بڵاویان بکەمەوە بەو هیوایەی ببێتە دلۆپێك لەو دەرياییەی کە دەبێت ئەم نەتەوەیە بۆ ئەنفالی بکات.

بە واتایەکی دیکە ئەنفال بکەینە خەمی یەکەم و سەرەکیمان و لێبراوانە کاری لە سەر بکەین.چونکە هەتا ئەنفال نەکەینە خەمێك بە مانا نەیکەینە پرسێك ئەوا ناتوانین بەو شێوەیە کاری لە سەر بکەین کە ئەنفال پێویستی دەکات لە سەرمان.

## قسەكردن لەسەر دیویكی دیكەی ئەنفال

ئەنفال تاوانێكە تا زۆر تیایدا ڕۆنەچیت هەرگیز هەست بە هەموو ئەو ئازارانە ناكەیت كە ئەم تاوانە لە دوای خۆی بە جێهێشت، هەتا زیاتر ڕۆبچین لە ناساندنی ئەنفالدا ئەوا مرۆڤ درك بە زۆر نهێنی دەكات كە دەوڵەتی عێراق مەبەستی بوە لە ئەنفالدا بە دیبهێنێت. ئەوەی لە نزیكەوە لە گەڵ كەسوكاری ئەنفالكراوەكانیش مامەڵە بكات دەزانێت ئەنفال چی دۆزەخێكی بۆ زیانلێكەوتوانی دروست كردووە.

كە بە دڵنیاییەوە تا چەند نەوەیەك ئەو شوێنەوارانە هەر دەمێنێت ئەگەر چی لە ڕوكەشیشدا وابزانین بوەتە بە شێك لەو ڕابردوو. بەڵام لە واقیعدا بە هەنوكەیی دەمێننەوەو ئەمەش بە ئاشكرا لە ڕەفتاری ڕۆژانەی هەر كەسوكار ئەنفالكراوێكدا هەستی پێدەكرێت.

دەتوانرێت لە ڕێگەی تێبینی وسەرنجدانەوە لە جۆری ژیانەكەیاندا شتانێكی زۆر هەڵبهێنجێنرێت بە تایبەت كەسانێك كە لە سایكۆلۆژیاو سۆسیۆلۆژیادا شارەزابن زۆر ڕاستی بە دەست دێت، بە دڵنیاییەوە هەرگیز بە مامەڵەكردنێكی مادیانەی وشك بە دەست نایەن. چونكە بەشی زۆری ئەو بەرهەمانەی لە سەر ئەنفال نوسراون و ئەوانەشی كە لە سەر ئەنفال قسە دەكەن" لە گەڵ ڕێزی





بێپایانم بۆیان" كەمتر توانیویانە لە ڕووی روحیەوە ئەم كارەساتە بخوێننەوەو بەڵكو ئەوەی هەیە تەنها بە دەستهێنانی مەعریفەیەكی وشكە لە سەر ئەنفال وزیانەكانی"هەر چەندە زۆر پێویستە" بۆ نمونە خوێندنەوە بۆ بەعس و ئەو تێزوتیۆرە فەلسەفی وفیكریانەی بەعسی لە سەر بونیاد نراوە. دواتر ئەنفال كەی ئەنجام دراوە؟ ژمارەی قوربانییە كان و زیانە مادییەكانی كارەساتەكە چەند بوو؟ .

زۆرجار مرۆڤ هەست بەوە دەكات قوربانیەكانی ئەنفال شتێكی مادی بوە نەك مرۆڤ كەم تەرخەمی وگوێنەدانی حكومەتی هەرێم وسەركردایەتی كورد بۆ هێنانەوەی ڕوفاتی ئەنفالكراوەكان ودواتریش داواكانی ڕێكخراوەكانو ڕۆشنبیران بەوەی با هەر لە باشوری عێراق ڕووفاتی ئەنفالكراوەكان بنێژرێن وبكرێن بە سیمبولێك بۆ چەوساندنەوەی نەتەوەی كورد و بێباكانە پیشاندانی ئێسكو پروسكی ئەنفالكراوەكان لە شاشەی تەلەفزیۆنەكانەوە بێ لە بەرچاوگرتنی هەست ونەست وسۆزی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان و شوبهاندنی زۆر شتی مادی بەوەی ئەنفالكراوە وەك ئەوەی كەسێك شتیكی لێوندەبێت دەڵێت شتەكەم ئەنفالكراوە یان كاتێك شتێك لە كوردستان بەرەو لە ناوبردن و فەوتان دەبێتەوە زاراوەی ئەنفالی بۆ بە كار دەهێنن.

هەموو ئەمانە ئەگەر لە ڕووی سایكۆلۆژی و سۆسیۆلۆژییەوە لێی بڕوانینو قوڵ بیخوێنینەوە بەڵگەی ڕوون وئاشكران لەوەی لە نەست و بیركردنەوەی تاكی كوردا چەند مادیانە مامەڵە لە گەڵ ئەنفال و ئەنفالكراوەكان دەكرێت بێ لە بەرچاوگرتنی ئەوەی كە ئەوانە مرۆڤ

بون و دەبێت بە شێوەیەك قسەیان لە سەر بکەین کە لە هەستێکی تەواو مرۆڤانەوە سەرچاوە بگرێت وبزانرێت کە ئەو کەسانەش کەسوکاریان هەیەو خوشك یان برا یان باوك ودایکو منداڵیان هەیەو گەر چی ئەوانە لە ڕووی فیزیکەوە لە کەسوکارەکانیان دابڕوان .

بەڵام ئەنجامدەری ئەنفال نەیتوانیوە بەو لێکدابڕین و بیسەروشوێنکردنە بە هەمان شێوەش لە دڵو دەرونی کەسوکارەکەشیاندا ئەمە بکات و بەڵکو بە هۆی چۆنێتی پرۆسەی لە ناوبردنیانەوە، جیاوازتر لە هەموو تاوانەکانی تری مێژوی مرۆڤایەتی وایکردووە هەر چەندە بیستویەك ساڵە ئەنفالکراوەکان دابڕاون لە کەسوکارەکانیان بەڵام کاتێك لە گەڵ دایکوباوکی ئەو کەسانە قسە دەکەیت مرۆڤ هەست دەکات چەند خولەکێکە ئەنفال ڕوویداوە. کەواتە بیرکردنەوە لەوان بەشێکی زۆری خەیاڵو ئەندێشەیانی داگیرکردووەو بە هەر ناوهێنانو باسکردنێکی ئەنفالکراوەکان ئەمان بەشێوەیەك ڕادەچەڵەکێن کە ئەگەر زۆر هەستیار نەبین ئەوا بە دڵنیاییەوە هەست ونەستیان بریندار دەکەین . بۆیە زۆر گرنگە بۆ قسەکردن لە سەر ئەنفالکراوەکان خۆمان ببەینە شوێنی ئەو دایکەی کە سێ کوڕی ئەنفالکراوە کە هەر چەندە چاوی لە دەست داوە بەڵام بە تەنها گەڕاوەتەوە بۆ گوندەکەیان و ئەو یادگاریانەی کە کوڕەکانی لە شاخ و تاوێرە بەردەکانی گوندەکە هەڵیان کۆڵیوە ئەم دایکە زۆر بە ئاسانی هەموو ڕۆژ دەچێت ئەیاندۆزێتەوەو دەستیان بە سەردا دەهێنێت ، تەنانەت دەزانێت کامیان هی کام کوڕەیانە، یان ئەو باوکەی کە تا مرد لە ٢٠٠٤





پارەی هەڵگرتبو ئەگەر کوڕە ئەنفالکراوەکەی هاتەوە ژنی بۆ بهێنێت. یان ئەو خوێندکارەی زانکۆ کە بۆی گێرامەوە لە ئەنفالەکەوە تا ئێستا هەمو شەوێك بەر لە نوستن هەتا نەگری ناتوانێت بخەوێت. چونکە دواساتەکانی ماڵ ئاوایکردنی باوکی بیردەکەوێتەوە کە دواجار ماچی کردون و دەستی بە سەرداهێناون.

زۆر سەختە بۆ کەسێك بیەوێت کار لە سەر ئەنفال بکات و ئەو دیوە نەبینراوەی ئەنفال هەست پێنەکات کە ئەنفال بە جێهێشت بە داخەوە تا ئێستا نەمانتوانیوە هەنگاوێکی پیویست بنێین و بەشێك لە کاریگەرییە نادیارەکان بهێنینە بەرچاو قسەی لە سەر بکەین .

هەر چەندە بەشێك لە و خەمو کۆست وئازارو ئێشانە ناتوانرێت گوزارشتی لێبکرێت بەڵکو دەبێت کەسانی پسپۆر هەوڵی جدی بدەن بۆ توێژینەوەی زانستیو لە ڕێگەی دامەزراوەو سەنتەرو پەیمانگەی زانستیەوە بۆ ئەو ئەرکە ڕابسپێردرێن .

چونکە ئەنفال تەنها نەبوە هۆی لە ناوبردنی ژمارەیەك مرۆڤ بەڵکو لەڕوی دەرونی و کۆمەڵایەتیو ڕوحیەوە کەسێتی ئەو خەڵکانەش لە ئەنفال ڕزگاریانبوە بە تەواوی شێواندوە،چونکە ئەو کەسانە لە گوندەکەی خۆیاندا کە شوێنی باوباپیرانی و یادگاریی خۆی و کەسوکارەکەی بوو.کە زۆر هەڵکەندنیان و ڕاگوازتنیان بۆ شوێنێك کە ئۆردوگا زۆرە ملێکان بو بە تەواوی جیاوازە لەو شێوە ژیانەی پێشویان نەیانتوانیوە لە گەڵ ئەم جێگا نوێیەدا هیچ پەیوەستیەکی ڕوحی دروست بکەن .چونکە بە ناچاری تیایدا ژیان دەگوزەرێنن هیچ یادگارییەك نایبەستێتەوە بەو شوێنەوە بۆیە زۆر گرنگ بو لە

دوای ڕاپەڕینەوە حكومەتی هەرێم بە پلانو بەرنامەی زانستی كاری بۆ ئاوەدانكرنەوەی گوندەكان بكردایە ، تاوەكو هەر هیچ نەبێت ئەو خەڵكەی كەسوكارەكەی لە دەست داوە ببرێنەوە شوێنی ڕەسەنی خۆیان و لە گەڵ سروشتو ژینگەكەیان ئاشتبكرێنەوە. چونكە ئەگەر چی ئەمڕۆ ناوی ئۆردوگا زۆرە ملێكان گۆڕاوە بۆ ناحیەو هەندێك خزمەت گوزاری ڕوكەشیانەی بۆ ئەنجام دراوە بەڵام هەر گیز ناتوانێت ئەوە ببخشێتەوە بە كەسوكاری ئەنفالكراوەكان كە بە ڕاگواستنی لە گوندەكەی حۆی لە دەستی داوە.

بە گرنگی دەزانم لە كۆی ئەو ٤٢ پرسیارەی كە لە فۆرمی ڕاپرسیی توێژینەوەكەمدا " كە دوو ساڵ لەمەوبەر پێشكەشی بەشی كۆمەڵناسی زانكۆی سلێمانیم كردووە بە ناونیشلنی ئەنفالی چوارو كاریگەرییە كۆمەڵایەتیەكانی لە سەر گەنجی كەسوكار ئەنفال "ئاڕاستەی نمونەی توێژینەوەكەم كردووە تەنها ئەنجامی شەش پرسیاریان بخەمە ڕوو كە بەڵگەیەكی ڕون وئاشكرایە بۆ ئەو قسانەی لە سەرەوە ئاماژەم بۆ كردون .

یەكەم: ڕێژەی لە ٨٣ ٪ی نموونەكە ژیانی منداڵیان بە ناسروشتی ودوور لە خۆشیەكانی منداڵی بە سەربردووە.ئەمەش كاریگەری ئەنفال دەردەخات لە سەر ژیانی منداڵ.چونكە هەموو قۆناغێكی تەمەن تایبەتمەندیو خۆشی خۆی هەیە.كە دەبێت بۆی دەستە بەربكرێت وتا بتوانێت حەزوئارەزووەكانی ممارسە بكات.بەڵام ئەو ڕێژە بەرزەی نموونەكە ئەوە پیشان دەدات كە منداڵی كەسوكاری ئەنفال نەیاتوانیوە بە سروشتی ئەو قۆناغەی تەمەن بە سەر بەرن





وبەڵكو بە پێچەوانەوە ئەو بارودۆخەی دوای ئەنفال تێدا ژیاونیان گوزەراندووە ناخۆش بووە.

دووەم: ڕێژەی ٨٣٪ی نمونەكە بەردەوام هەست بەكەموكوڕیو شەرم دەكەن،ئەمەش دەرئەنجامی ئەو بارودۆخەیە كە نموونەكەی تێدا ژیاوەو بە جۆرێك كاریگەری لە سەر كەسێتی دروست كردووە كە بەردەوام هە ست بە شەرم وكەموكوڕی بكەن،كەواتە ئەنفال تەنها نەبووە بە هۆی لە ناوبردنی هەزاران تاكی كورد بەڵكو ئەوانەشی كە ئێستا لە ژیاندا ماون و زیان لێكەوتووی ئەو كارەساتەن. كە ئەنفال ژینگەیەكی بۆ دروست كردن كە كەسوكاری ئەنفال بە تایبەت گەنجانی كەسوكاری ئەنفال كە زیاد لە هەر قۆناغێكی تەمەن و توێژێك ئەمڕۆ لە بارێكی ئاڵۆزوشێواو نالەباری دەروونیدا دەژین.

سێهەم: ڕێژەی لە ٧٧ ٪ی نموونەكە هەست بە ئاسودەیی ناكات لەو شوێنەی لە دوای ئەنفالەوە تیایدا نشتەجێیە،ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە گەنجی كەسوكاری ئەنفال جگە لەو هەموو بارە ئالۆزەی ئەنفال بۆی دروستكرد،دواتر لە شوێنیكدا نشتەجێیە كە ویستی خۆی لە سەر نەبووەو بە زۆرە ملێی تیایدا نیشەجێ كراوە،ئەمەش وا لە مرۆڤ دەكات هەست بە ئاسودەیی نەكات لەو شوێنەدا.هەرگیز ناتوانێت ئەو بروایە لە ناخی خۆیدا دروست بكات كە ئەمە شوێنی بە سەربردنی ژیانی ئەوە.هەروەها ئەو شوێنەی نموونەكەی تێدا دەژێت پێداویستە دەووذیوئابوورییەكانی ئەمی پڕنەكرۆتەوە.

چوارەم: ڕێژەی لە ٨٦٪ی نموونەكە ئەو بارودۆخەی لە ژیانی منداڵیدا تیایدا ژیاوە كاریگەری لە سەر كەسێتی بە جێهێشتووە وەكو گەنجێك. ئەو بارودۆخەش بارێكی نائاسایی بووەو پڕبووە لە ناخۆشی و كێشە بووە،ئەمەش بە تیۆری دەروونناسی ڕاستە كە زۆرێك لە زانایان لە گەڵ ئەوە ن ئەو بارودۆخەی منداڵ لە ساڵەكانی یەكەمی تەمەنیدا تیایدا دەژێت لە قۆناغەكانی دواتری تەمەنیدا ڕەنگ دەداتەوەو شوێنەواری لە سەر كەسێتی ئەو تاكە دەردەكەوێت.تەنها لە ١ ٪ی نموونەكە پێی وایە كە ئەو بارودۆخەی لە قۆناغی منداڵیدا تیایدا ژیاوە كاریگەری نیە لە كەسێتیەكەی وەك گەنجێك ،كە بەڕاستی ئەم ڕێژەیە زۆر كەمە و نیشانەی ئەوەیە كە گەنجی كەسوكاری ئەنفال تا هەنوكە لە ژێر باری خراپترین قۆناغەكانی تەمەنیاندا دەناڵێنن ،كە تەمەنی منداڵیانە دوای پرۆسەی ئەنفال.

پێنجەم: ڕێژەی لە ٨٥٪ی خێزانی نموونەكە بە هۆی كارەساتی ئەنفالەوە تووشی كێشەی كۆمەڵایەتی بووە.ئەمەش یەكێكە لە دەرئەنجامە هەرە مەترسیدارەكان كە ئەنفال لە ناو خێزانی كەسوكاری ئەنفالكراوەكاندا دروستی كرد.چونكە زۆرێ لە وخەڵكانەی لە ئەنفالدا زەرەرمەندی یەكەم بوون خەڵكی لادێكان بوون وخاوەنی داب ونەریتی كۆمەڵایەتی خۆیان بوون وبەو شێوازی ژیانی تایبەت بە خۆیان هەبوو.ژینگەیەكی كۆمەڵایەتی تایبەتیان هەبوو.بەڵام بەعس مەبەستی بوو هەموو ئەمانە لە ڕەگەوە تێكبداو شیرازەی كۆمەڵایەتیان بە تەواوی بگۆڕی وئەوانەی لە پرۆسەی ئەنفال ڕزگاریان بوو لە لایەن





ڕژێمی بەعسەوە ڕاگوێزران بۆ ئۆردوگا زۆرە ملێكان .كە هەرگێز خەڵكی لادێ بەم جۆرە ژیانە ڕانەهاتبوو .ئەم ژینگە نوێیە بۆ ئەو جۆرە خەڵكانە تەواو نامۆو نەشیاو بوو.هەروەها ئەنفالكردنی كەسی یەكەمی بەشێكی زۆر لە خێزانی لادێكان ومانەوەی ژنان ومنداڵان ئەمەش سەرچاوەیەكی تری زۆرێ لەو كێشە كۆمەڵایەتیانەیە كە ئەمڕۆ خێزانی نموونەكە هاتۆتە ڕێگایو بووە بە بەشێك لە ژیانیان.

شەشەم: ڕێژەی لە ٨١٪ی نموونەكە تا ڕووخاندنی بەعس چاوەڕوانی هاتنەوەی كەسە ئەنفالكراوەكانی كردووە.ئەمە ئەوە پیشان دەدات كە گەنجی كەسوكاری ئەنفال هەمیشە لە چاوەڕوانیدا ژیاوە .بە دڵنیاییەوە ئەم چاوەڕوانیە ئازارێكی گەورەی دەروونی بووە بۆیان.چونكە ئەگەر مرۆڤ لە چاوەڕانیدا بژێت ناتوانێت وەكو مرۆڤێكی ئاسایی بژێت .هەردەم وا هەست دەكات بە دوای شتێكدا وێڵ وسەرگەردانە وبەردەوام لە ناجێگیریەكی دەروونیدا كات دەگوزەرێنێ.ئەمەش یەكێكە لە جیاوازییەكانی ئەنفال لە گەڵ هەر كارەساتێكی تر.چونكە دوای تێپەڕبوونی شانزە ساڵ بە سەر ئەنفالدا، گەنجانی كەسوكاری ئەنفال هەر هیوای ئەوەیان هەبوە كە ڕۆژێك لە ڕۆژان كەسە خۆشەویستەكانیان بێنەوەو بەیەك تر شادببنەوە. هەر ئەمەش وای لە ئەنجام دەرانی ئەو كارەساتە كردووە كە ئامادەنەبن بە فەرمی چارەنووسی ئەنفالكراوەكان ئاشكرابكەن تاوەكو ئەم خەڵكانە بەو ئازارەوە بژین.

* گۆڤاری ئەنفالستان ژمارە ٥

## ئەنفال، تاوانی دەوڵەتی عێراق

بەر لە هاتنی بەعسیەكان بۆ سەر كورسی دەسەڵات حكومەتەكانی پێشوتری عێراق هەر تاوانێكیان دژ بە نەتەوەی كورد ئەنجامدابێت ئەوا بە تاوانی دەوڵەتی عێراق یان سوپای عێراق ناودەبرێت.بەڵام دوای ئەوەی بەعسیەكان دێنە سەر كورسی دەسەڵات و ئەوەی دەسەڵاتەكانی دیكە نەیانتوانی جێبەجێی بكەن وئەنجامی بدەن، ئەوا بەعس وەك پارتی فەرمانڕەوای دەوڵەتی عێراق خراپتر لەوانی پێشو دژی داواكردنی مافەكانی كورد وەستایەوە هەرچی ئەزمونی دەسەڵاتە تۆتالیتارەكانی جیهان هەیە لە كردەوەكانی خۆیدا دژ بە كورد بەرجەستەی كرد سەرباری ئەزمونی خۆی.
لە ماوەی سی وپێنج ساڵەی حكومكردنیدا سەرجەم دامو دەزگاكانی دەوڵەتی خستە خزمەتی مەرامەكانی خۆیەوەو تەنانەت سودی زۆری لە بەرهەمانی تەكنەلۆژیا وەرگرت لە پێناوی باش جێبەجێكردنی پرۆسەی لە ناوبردنی نەتەوەكەمان.





لێرەوە دەمەوێت بڵێم ئێمە هەڵەیەكی گەورە دەكەین كاتێك باس لە تاوانەكانی دەوڵەتی عێراق دەكەین لە سی وپێنج ساڵی ڕابردودا زۆر شەرمنانە ئەو تاوانانە تەنها دەدەینە پاڵ حیزبی بەعس یان بە واتایەكی دیكە تەنها ناوی حیزبی بەعس دەهێنین و خۆمان لە بەكارهێنانی دەستەواژەی دەوڵەتی عێراق دەپارێزین. ڕاستە لە عێراقدا تەنها یەك حیزب و ئایدۆلۆژیاو تەنانەت چەند كەسێك ولەناو ئەو كەسانەشدا یەك كەس حكومی عێراقیان كردووە.
بەڵام زۆر گرنگە ئێمەی كورد ئەوە بزانین هیچ تاوانێك نیە بە تایبەتی پرۆسەی ئەنفال كە زۆرێ لە دامو دەزگا ڕەسمیەكانی دەوڵەتی عێراق بەشداریان تێدا نەكردبێت .
لە ئەنفالدا وەزارەتەكانی بەرگری و ناوخۆو شارەوانی و پلاندانان وكشتوكاڵ و پەروەردەو چەندین دامودەزگای دیكەی دەوڵەتی عێراق بەشداری ڕاستەوخۆیان لە تاوانەكەدا كردو هەموو ئەمانەش دەزگای فەرمی دەوڵەتن، ئیتر چی پێویست بەوە دەكات كاتێك باسی ئەنفال وهەڵەبجەو بارزانییەكان و فەیلێكان و بە عەرەبكردن و راگواستن دەكەین وەكو تاوانی دەوڵەتی عێراق ناویان ناهێنین .
چونكە بە خۆ لادان لە بەكارهێنانی دەستەواژەی حیزبی بەعس لە بری دەوڵەتی عێراق بێ ئەوەی پێی بزانین ئێمە دەوڵەتی عێراق لە زۆر بەرپرسیارێتی رزگار دەكەین ، چونكە پەیوەستكردنی تاوانەكان تەنها بە حیزبی بەعسەوە و دواتر بە كەسێكەوە كە سەدامە بوەتە هۆی ئەوەی كە ئێستا زۆر جار گوێمان لە سەركردەكانی عێراقو تەنانەت بەرپرسە كوردەكانیش دەبێت ودەڵێن ئەو تاوانە بەعس

كردوێتی و پێویست ناكات دەوڵەتی نوێی عێراق داوای لێبوردن لە نەتەوەی كورد بكات.

لە كاتێكدا نەتەوەو گەلە جینۆسایدكراوەكانی جیهان بەم شێوەیە مامەڵە لە گەڵ قوربانیەكانی خۆیان دژمنەكانیان ناكەن تەنها حیزبی فەرمانڕەوا بەرپرسیار ناكەن كە لە كاتی ئەو تاوانەدا دەسەڵاتداربوە بەڵكو هەموو ئەو حكومەتانەی دواتر هاتونو بونەتە میراتگری ئەو دەسەڵاتەی پێشوی خۆیان بە جۆرێك لە جۆرەكان ئیلتزاماتی یاسایی وئەخلاقی لە بەرانبەر جینۆسایدكراوەكان كەوتۆتە سەرشان.

بۆنمونە بۆ یەكجاریش گوێمان لە جولەكە نەبوە كە باسی هۆڵۆكۆست دەكەن تەنها ناوی نازیەكان بهێنن بەڵكو دەڵێن دەوڵەتی ئەڵمانیا یان عەرەبەكانی لیبیا كاتێك باسی ئەو كارەساتانە دەكەن لە لایەن سوپای ئیتالیاوە لە دژیان ئەنجامدراوە تەنها پەیوەستی ناكەن بە فاشیەكانەوە.

سادەیی و ساویلكەیی كورد لەم ڕووەوە جێگەی نیگەرانیە چونكە هەموو شتێكی سەردەمی عێراقی بەعس كە ناودەهێنرێت دەڵێین دەوڵەتی عێراق، بەلام كاتێك دێینە سەر جینۆسایدكردنی كورد دەڵێن حیزبی بەعس بۆ نمونە دەڵێین لە ساڵی هەشتەكان عێراق و فلان دەوڵەت یاری تۆپی پێیان ئەنجامدا یان دەڵێن شەڕی هەشت ساڵای عێراق و ئێران یان دەڵێن كاتێك عێراق كوێتی داگیركرد.

چەندین نمونەی تر كە ڕۆژانە بە گوزارشتی دەوڵەتی عێراق باس لە ڕوداوەكانی سەردەمی حیزبی بەعس دەكەین.





بۆیە لە كۆتایدا پێشنیاز ئەكەم كاتێك باس لە كارەساتو تاوانەكانی سەردەمی عێراقی بەعس دەكەین لە بری ئەوەی حیزبی بەعس بە كاربهێنین بڵێین دەوڵەتی عێراق، بۆ نمونە با لە یادی كارەساتی هەڵەبجەدا بڵێین فڕۆكە جەنگیەكانی دەوڵەتی عێراق كیمیابارانی شاری هەڵەبجەیان كرد و كاتێكیش باسی ئەنفال دەكەین بڵێن ئەنفال ئەو تاوانە یە كە دەوڵەتی عێراق دژ بە نەتەوەكەمان ئەنجامیدا.

* گۆڤاری ئەنفالستان ژمارە ٧.

# ئەنفال ئازارێكی هەمیشە نوێ

سالآنە كە مانگی ڕەمەزان دێت وەك گەنجێك كە پابەندی ئاینییم هەیە وەكو زۆرێكیش لە موسڵمانانی وڵاتەكەم بە ڕۆژو ئەبم ،بەلآم یەك لەو شتانەی زۆر نیگەرانم ئەكات *بە تایبەتی لەم شەش ساڵەی كۆتاییدا كە هەموو ڕۆژێكی ڕەمەزان زۆر ئازارم ئەدات ئەویش ئەوەیە بە* درێژایی ڕۆژەكانی ڕەمەزان ئەنفالكراوەكانم بۆ یەك چركەش بیر ناچێتەوە. جیاواز لە یانزە مانگەكەی دیكە هەمیشە لە بیرو خەیاڵمدان لەوانەشە ئێستا خوێنەر ئەو پرسیارە بكات ئایا ڕەمەزانو ئەنفال چی پەیوەندیەكیان بە یەكەوە هەیە؟. ئایا ئەبێت لە بەر ئەوە بێت كە هەر دوو قۆناغی سێ وچواری ئەو پرۆسەیە لەم مانگەدا ئەنجام دراوە ؟ . نەخێر بەڵكو ئەوەی وا دەكات لە مانگی ڕەمەزاندا زیاتر لە مانگەكانی تر ئەنفالكراوەكانم بیر بكەوێتەوە ئەو چاوپێكەوتنانەی برای نوسەرو ڕۆژنامەنوس كاك عارف قوربانیە كە لە گەڵ ڕزگار بوەكانی ئەنفالدا كردویێتی. چونكە ئەوان لە چاوپێكەوتنەكانیاندا باسی ئەوە دەكەن كاتێك براون بۆ ناوچەی زیندە چاڵكردن و گولەبارانكردن بۆ ئەوەی زۆر لاوازو بێ ووزە بن تاوەكو لە كاتی گولە بارانكردنو زیندەبەچاڵكردنیاندا بە هیچ شێوەیەك توانای خۆ ڕزگار كردنو كاردانەوە یان هەر هەوڵێكی لەم جۆرە یان نەبێت ، بەر لە چەندین كاتژمێرو بە درێژی ڕێگاش كە





چەندین كاتژمێر بوە هیچ خواردنو خواردنەوەیەكیان پێنەدراوە. بۆیە تونوێتی زۆر ماندوی كردون بە جۆرێك شەكەتی لە بەر بریون . هەر بۆیە لە گەڵ هەموو تونوێتی و برسێتیەكدا لە ڕەمەزاندا لە هەموو چركەیەكدا ئەوانم بیر دەكەوێتەوەو ئەو دیمەنانەم دێتەوە بەر چاو كە چۆن تونوێتی زۆری بۆ هێناونو لە گەرمای هاوینی باشوری عێراقدا ئەبێت تونوێتی چی ئازارێكی سەختی بەر لە زیندە بە چاڵ كردن بوبێت بۆیان.

بەر لەوەی ئەو چاوپێكەوتنانە بخوێنمەوە لە ڕەمەزاندا تەنها هەژارانم بیر دەكەوتەوە كە منداڵ بوم زۆرجار مامۆستای ئاینی لە وتارەكانیدا وەك یەكێك لە باشیەكانی ڕەمەزان باسی هەژارانی بۆ دەكردین.

بەلآم شەش ساڵە ئەو بیركردنەوەیەم گۆڕاوە بۆ بیر كردنەوە لە ئەنفالكراوەكان چونكە تەنها لە ڕەمەزاندا مرۆڤ بۆ ماوەیەكی زۆر ئاو ناخواتەوەو زیاترو زۆرتر لە هەموو شتێك تینوی دەبێت وحەزی لە ئاو خواردنەوەیەو هیچ شتێكیش ئەوەندەی تینوێتی بێ وزە و ماندوی ناكات و شەكەتی لە بەر نابڕێت .

هەروەك وتراوە تینوێتی هەندێك جار وا لە مرۆڤی ڕۆژوان دەكات كە لە دەست وپێی دەخات و بە جۆرێك هەندێك جار لە مانگی ڕەمەزاندا بە تایبەت ڕەمەزانی ئەم سالآنە ئاوات و خۆزگەی مرۆڤ ئەوە ئەبێت كە قومێك ئاو بخواتەوە. بەلآم دەزانین ئەنجامی ئەم تینوێتیە چەند كاتژمێرێكەو ئیتر كۆتایی دێت و ئازاد ئەبین لە خواردن و خواردنەوەدا .

بەلاَم ئەبێت ئەم حاڵەتە بۆ ئەنفالكراوەكان چەند جیاواز بوبێت كە نەیانزانیوە تاكەی بە تینوێتی دەمێننەوە لەوەش مەرگە سات تر مرۆڤ دوای ماندوبونێكی زۆر بە هۆی تینوێتییەوە ئینجا ببرێتە بیابانێكی وشك و دور لە ئاوەدانیو بە زیندویی بخرێتە ژێر گڵەوە یان گولە باران بكرێتو لەوانەشە گیانیشیان دەرنەچوبێت شۆفڵ داییۆشیبێتن، ئەبێت مرۆڤ لەو كاتەدا هەستی چۆن بێت و چی وتبێت و چی بە خەیاڵیدا هاتبێت؟ . كە ئەگەر ئەو چەند كەسە رزگار بوەی ئەنفالمان نەبوایەو كاك عارف قوربانیش هەستەكانی ئەوانی لە چاوپێكەوتنەكاندا بۆ تۆمار نەكردینایە ئەوا دەبو چاوەڕوانی ئەو دونیامان بكردایە تاوەكو بمانزانیبایە ئەنفالكراوەكان بە چی شێوەیەك لە ناوبراون و ئەوەی ئێستا دەیزانین بە شاراوەیی دەمایەوە.

بۆیە لە كۆتایدا ئەڵێمساڵانە ئەگەر مانگی ڕەمەزان چەند مەغزایەكی ئاینی هەبێت ، بەلاَم بۆ من خەمو ئازارێكە هەرگیز تەواو نابێت و بیر ناچێتەوە بەمەش ئەنفال بوە بە ئازارێكی هەمیشە نویٚ و دانەبڕاو لە ژیانم.

* گۆڤاری ئەنفالستان ژمارە ٦.





## كۆنفراسیش بۆ ئەنفال پێویستە

لەدوا گۆشەی ژمارە دووی چەرمودا برای بەڕێزوخۆشەویست كاك لەتیف فاتح فەرەج بابەتێكی نوسیبوو لە ژێر ناونیشانی (ئەنفال لە نیوان جینۆسایدوكەسابەت پێوە كردندا). لە دوا بڕگەی وتارەكەیدا ،كاك لەتیف هاتۆتە سەر ئەو هەوڵەی كە ئێستا لە ئارادایە بۆ سازكردن وبەستنی كۆنفراسێكی زانستی نێودەڵەتی بۆ ئەنفال،بۆچونەكەی كاك لەتیف لەم بارەیەوە هانیدام بۆ نوسینی ئەم وتارە.

كاك لەتیف بەو كەسانە دەڵێت كە ڕاسپێدراون بۆ ئامادەكارییەكانی ئەم كۆنفراسە" هەندێك بە بیانووی گۆنگرەوكۆنفراسەوە هەر ڕۆژەی لە سەر مێزی وەزیرێك داوەتن" ئەوەندەی زانیاریم هەبێت ئەو كەسانە هەر ڕۆژەی لە سەر مێزی وەزیرێك داوەتنین بەڵكو بە پلەی یەكەم ئەو كەسانە كار لە گەڵ یەك وەزارەت و وەزیر دەكەن نەك هەر ڕۆژەی وەزیرێك.

هەروەها نوسەر دەڵێت " ئەوانەی كە ئامادەنین لە كوپەی ماڵە ئەنفالكراوێك قومێك ئاو بخۆنەوە" جێگەی ڕامانە كاك لەتیف ئەو قسەیە بەو كەسانە دەڵێت ، چونكە هێندەی من بزانم یەكێك لەو كەسانەی ئەركی ئامادەكردنی كۆنفراسەكەیان لە ئەستۆدایە

خوشكی ڕۆژنامە نوس خاتوو ڤینۆس فائقە كە دڵنیام كاك لەتیف زۆر زیاتر لەمن ئاگاداری كاروچالاكی وهەوڵە بەردەوام وتاكە كەسیەكانی ئەو ڕۆژنامە نوسیە لە ناساندنی ئەنفال بە تایبەتی بە جیهانی ڕۆژئاواو جیهانی عەرەبی .

لە كاتێكدا ڤینۆس خان نە خەڵكی گەرمیانەو نە كەسوكاری ئەنفالە، ئەمە جگە لەوەی ساڵی ڕابردوو كە لە ئەوروپا گەڕایەوە لە لایەن ڕۆژنامەنوسانی گەرمیانەوە بانگ هێشتی گەرمیان كراوچەند ڕۆژێك لە گەرمیانی ئەنفالەدا مایەوە.كە نەك قومێك ئاوو بەڵكو سەدان قوم ئاوشی خواردۆتەوە.

هەروەها نوسەر دەڵێت " گەر حكومەتی كوردی لە خەمی ڕاستەقینەی ئەنفالدایە فەرموو با پسپۆڕو كارناسی بواری سڕینەوەوجینۆساید بۆ شۆڕش و صمود دەعوەت بكات لەێوە جینۆساید دەناسرێ نەك لەوەی گۆنگرەی خواردن وخواردنەوەی نێودەوڵەتی بەڕێوە بچێت". هەموان لە سەر ئەوە كۆكین كە حكومەت لە شانزە ساڵی ڕابردوودا نەك هەر خەمخۆری ڕاستەقینەی ئەنفال نەبوە. بەڵكو لە سایەی دەسەڵاتی كوردیدا كەسوكاری ئەنفالكراوەكان بەردەوام ڕووبە ڕووی ئەنفال كردن بونەتەوە.

بەڵام بە شێوەوشێوازێكی تر لەوەی بەعس سەبارەت بەوەی پسپۆڕان بانگهێشتی شۆڕش و ڕزگاری بكرێن لەوێوە جینۆساید دەناسرێت لە مەشدا لە گەڵ كاك لەتیف هاوڕام كە گەورەیی ئەنفال و ترسناكی و گاریگەرییەكانی ئەنفال تەنها لە شۆڕشو ڕزگاریدا دەبینرێت.





من بۆ خۆم لە ساڵیادی ئەنفالدا وتارێكم نوسی هەمان قسەم كردووەو لەماوەی پێشودا لە ڕۆژنامەكان وتارێكم نوسی بوو ئاماژەم بەو ڕاستیە كردووەو كە لە دوای ڕاپەڕینەوە هەر وەفدێك یان كەسێك تا نەهاتبێتە گەرمیان و بە تایبەتی هەر دوو ناحیەی شۆڕش و ڕزگاری گەورەیی ئەنفالی بۆ دەرنەكەوتوە.

بەڵام لە وەدا لە گەڵ كاك لەتیف هاوڕانیم كە ناوی ئەو كۆنفراسە بە گۆنگرەی خواردن وخواردنەوە دەهێنێت. دیارە ئێمە لە دوای ڕاپەڕینەوە خاوەنی تەنها یەك كۆنفراسی زانستی نێودەوڵەتی نین كە بۆ ئەنفال سازكرابێت تا هەر لە ئێستاوە تۆمەتی خواردن وخواردنەوە بدەینە پاڵ كۆنفراسی ئایندە .خۆزگە خاوەنی دەیان كۆڕو گۆنگرە وكۆنفراسی نێودەوڵەتی و زانستی بوینایە بۆ ئەنفال ئەگەر پڕ لە كەموكوڕیش بوایە دڵنیام ئێستا ئەنفال لە ئاست و پلەیەكی زۆر باشتردا بوو وەك لە ئێستا. چونكە تا ئێستا دوو كۆنفراس بۆ ئەنفال ئەنجام دراوە سەرەڕای كەموكوڕییەكانی و سیفەتی نێودەوڵەتی نەبوونی.

بەڵام خزمەتێكی گەورە بوو بە ئەنفال كراو چەندین توێژینەوەی زانستی لەو دوو كۆنفراسەدا پێشكەش كران.ئەو دوو كۆنفراسەش كۆنفراسی سەنتەری برایەتی بوو لە هەولێرو كۆنفراسی دەستەی نوسەرانی ڕەهەند لە ئەوروپا.

لە كۆتاییدا كاك لەتیف دەڵێت" هەموو كەس دەزانێت كێ خەمخۆری ئەنفالە" ئەگەر نوسەری لێرەدا مەبەستی خۆی بێت زۆر ڕاستە ومافێكی هەرە سەرەتایی خۆیەتی شانازی بەو خەمخۆرییەی

خۆیەوە بكات كە بۆ ئەنفال هەیەتی هەر وەكو چۆن ئێمە ی نەوەی دوای ڕاپەڕین كاك لەتیف بە یەكێك لەو نوسەرانە دەزانین كە نەیانهێشت ئەنفالمان لە بیری بچێتەوە. چونكە ئەو نوسەرانەی ئەم ئەركە پیرۆزەیان گرتە ئەستۆ ژمارەیان لە پەنجەكانی دەست كەمتر بوو،ئەوانیش بەڕێزان" مەجید سالّح و عارف قوربانی و تەها سلێمان وعەبدوڵا كەریم وعمری ئەنفالستان و سالار محمودو یوسف دزەیی‌و لەتیف فاتح". ئەگەر چی دەركەوتنی ئەم بەڕێزانە هەموو لە یەك ئاستدا نیەو جیاوازی هەیە لە هەوڵەكانیان لەم بوارەدا .بەلاّم ئەمە هیچ لەو ڕاستیە كەم ناكاتەوە كە بوونە پێشەنگ و ڕابەر بۆ هەموو ئەو كەس ولایەنەی لە ئێستاو ئایندەدا خزمەت بە ئەنفال دەكەن.

* ڕۆژنامەی چەرمو ژمارە (٣) ١٠-٩-٢٠٠٧





## كۆنگرەی بە جیهانناساندنی
## جینۆسایدی گەلی كوردم چۆن بینی

لە ڕۆژانی ٢٦-٢٩-١ -٢٠٠٨.لە شاری هەولێر كۆنگرەی بە جیهانناساندنی جینۆسایدی گەلی كورد ئەنجام درا،حكومەتی هەرێمی كوردستان لە ڕێگەی لیژنەیەكەوە كە ڕاسپێردرابون بۆ ئەم بە ئەنجام گەیاندنی ئەم كۆنگرەیە كارەكان جێبەجێكرا،بەندە كە وەكو ئەندامێكی كۆنگرەكە لە هەر سێ ڕۆژەكەدا ئامادەیم هەبوو چەند خالّێك بوونە جێگەی سەرنجدانم و بە پێویستمزانی بیان خەمە ڕوو.

سەرەتای سەرنجەكانم لە ناوی كۆنگرەكەوە دەست پێدەكەم كە ناوی كۆنگرەی بە جیهان ناساندنی جینۆسایدی گەلی كورد بوو،كە بە ڕای من دەبوایە ناوی كۆنگرەكە ئەو شێوە گشتیەی بە خۆوە نەگرتایە وبەڵكو تایبەت بوایە بە یەكێك لەو تاوانانەی كە بەعس دەرحەق گەلەكەمان ئەنجامی داوەو دەچێتە چوار چێوەی تاوانەكانی جینۆسایدو كۆمەڵكوژییەوە،بەندە تا ڕۆژی یەكەم وامدەزانی ناوی كۆنگرەكە" كۆنگرەی بە جیهان ناساندنی تاوانی ئەنفالە".چونكە لە ڕووی زانسییەوە هەتا شتەكان پوختە ترو بچوكتروكەمتر بن باشتر و

زانستیانە تر دەتوانرا بگەیت بەو دەرئەنجام و ئامانجانەی كە كۆنگرەی لە پێناودا كراوە.

سەرنجێكی ترم ئەوەیە كە هیچ كام لە سەرۆك كۆماری عێراق و هەرێمی كوردستان وسەرۆك وەزیرانی عێراق و جێگرەكەی وسەرۆكی پەرلەمانی كوردستان و عێراق ئامادەی ئەم كۆنگرەیە نەبوون.

لە كاتێكدا بە كۆنگرەكە دەوترا نێودەوڵەتی وجیهانی كە بە ڕای من ئامادەنەبوونی ئەم كەسایەتیانە هەر هۆكارێكی بووبێت ئەوا بچووككردنەوەیەكی ئاشكرای كۆنگرەكە بوو هەر وەكو چۆن ئەگەر لە ڕێگەی وەزارەتی دەرەوەی عێراقەوە كاری جدی بكرایە بۆ بەشدارپێكردنی سەرۆك یا خود وەزیری دەرەوەی چەند دەوڵەتێك ئەو كاتە كۆنگرەكە دەنگوسەدایەكی باشتری دەبوو.

مایەی ڕامانە سەرۆكی كۆمارو سەرۆكی هەرێم لە هێنانەوەی ڕووفاتی بارزانیان ئامادەبوون و فرمێسكیان ڕشت وخودی سەرۆكی حكومەت وسەرۆكی هەرێم تابوتی ڕووفاتەكانیان بە شان هەڵدەگر ت ودەیان ناشتن .بەڵام لە ڕێوڕەسمی ناشتنی ئەنفالكراوەكاندا ئەمەمان نەبینی.

سەرۆك كۆمار لە زۆربەی كۆنگرەكانی شاری بەغدا كە بۆ ئاشتەوایی نێوان شیعەو سوننەو ئایندەی عێراقی خۆشەویست دەبەسترێت ئامادە دەبێت و وتار دەخوێنێتەوە ، بەڵام بەڕێزی ئامادەنیە لە كۆنگرەیەكی لەم جۆرەدا ئاما دەبێت. بۆچونم وایە ئەگەر ئەمانە بانگهێشت كرابن و نەهاتبن ئەوا زۆر زیاتر لەم نوسینە





دەخوازێت لە سەریان بوترێت وبنوسرێت . ئەگەر لایەنی پەیوەندیداری ئەم كۆنگرەیەش لەم ڕووەوە كەم تەرخەمیان كردبێت ئەوا پرسیارێكی زۆر لە خۆ دەگرێت، سەرنجێكی تر ئەوە بوو كە نەتوانرابوو لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە پلانێكی باش بۆ كۆنگرەكە دابنرێت. چونكە دەبوایە لەم ڕووەوە كارێك بكرایە لە ئاست گەورەیی كارەساتەكانمان بوایە، ڕاگەیاندنی ناوچەیی ونێودەوڵەتی و عێراقی ئامادەیی تەواویان هەبوایە لە كۆنگرەكەدا،جێگەی داخە ئەمە نەكرا "ساڵی ڕابردوو چەند گەنجێكی كەسوكار ئەنفال لە ناحیەی شۆڕش یادی ئەنفالیانكردەوە ئەتوانم بڵێم ڕاگەیاندنی جیهانی وناوچەیی باشترو زیاتر لەم كۆنگرەیە باسی كرد".

لە دواساتەكانی كۆنگرەشدا هەموو ئامادەبوییەك لە كۆنگرەكەدا هەستی بە بێزارییەكی زۆر كرد كاتێك سەرۆكی حكومەت وتارەكەی خوێندەوە مقۆمقۆیەكی زۆر ئەندامانی لیژنەی ئامادەكاری كۆنگرەی گرتەوەو یەكێك لە ئەندامانی لیژنەی ئامادەكار سوور بوە لە سەر ئەوەی كە كونگۆكە بە جێبهێڵن، بۆ ئەمەش دوو ڕاڤەو لەیەك دانەوە هەیە یەكەمیان ئەوەیە دەڵێن كە دوای ئەوەی فیلمی بەڵگەنامەیی دۆزینەوەی گۆڕی بە كۆمەڵی بارزانییەكان لێدرا یەكێك لە ئەندامانی كۆنگرە ناڕەزایی دەربڕیوە ئەمەی بە ڕیكلامكردن ناوبردوە ،ئەگەر ئەمە ڕاست بێت ئەوا ئەو برادەرەی لیژنەی ئامادەكار تا ئێستا بە هەمان عەقڵێتی شەڕی ناخۆ سەیری مەسەلەكان دەكات . ئەو برادەرە ئەوەی لە بیرچوە بارزانییەكانیش قوربانی نەتەوەیەكن نەك بنەماڵەو حیزبێك .هەروەها هەموو كوردێك دەبێت دەست خۆشی لە

دكتۆر "مەحمەد ئیحسان" بكات بۆ ئەو كارە گرنكەی كە كردویێتی خۆزگە "صلاح ڕەشیدی" وەزیری مافی مرۆڤ وئاوارەو ئەنفالی ئیدارەی پێشووی سلێمانی كارێكی لەم جۆرەی بكردایەو ئێمەی كەسوكار ئەنفالیش بە شانازییەوە لەو كۆنگرەیەدا پیشانماندایە .

ئەمە جگە لەوەی سكرتێری یەكێتی لە هێنانەوەی رووفاتی بارزانییەكاندا هێندەی كەسوكاری قوربانیەكان فرمێسكی ڕشت وكاتێكیش سەردانی مەزاری مەلا مستەفای كرد سەدان هەزار دۆلاری بۆ كەسوكاری قوربانیانی بارزانییەكان تەرخان كرد، سەیرە ئەمە بیركردنەوەی سكرتێری یەكێتی بێت بەلام كادرێكی ئاسایی بەو شێوەیە بیربكاتەوە هیوا دارم ئەم زانیارییەی پێمدراوە لە سەر توڕەبونی ئەو برادەرە لە دوا ساتەكانی كۆنگرەدا هەڵە بێت.

بۆچونێكی تر ئەوەیە كە دەڵێن دوای ئەوەی سەرۆكی حكومەت لە وتارەكەیدا ناوی هەر یەك لە وەزیری شەهیدان و ناوچەكانی دەرەوەی هەرێمی هێناوە، ئەم برادەرە هەڵچووەو ئەوەی پێ ناخۆش بوە كە سەرۆكی حكومەت ناوی ئەمانی نەهێناوە وسوپاسی نەكردوون .ئەگەر ئەم بۆچونەش ڕاست بێت ئەوا دوو خوێندنەوە هەڵدەگرێت،یەكەم مرۆڤ بە سروشت حەزی لە ناوبانگ وناوهێنانی هەیە ئەگەر كەسێكیش نكۆڵی لەمە بكات ئەوا خۆ فریودانێكی گەورەیە ونایەوێت لە سروشتی مرۆڤ تێبگات. ئەگەر كەسانێكێش هەبن وبڵێن نامان ئەوێت بە هۆی ئەو ئیشوكارو چالاكیەی كە ئەنجامی ئەدەین ناوناوبانگ دەربكەین ئەوا قسەیەكەو دوورە لە واقیع.دووەم خوێندنەوە ئەوەیە كە ئەو برادەرە لە پێناوی نەهێنانی





ناویداو سوپاسنەكردنی ئەو هەڵایە دروست بكات كە ئەمە كارێكی نا لۆژێكیەو ناكرێت زۆر شت بكرێتە قوربانی لە پێناوی ناوبانگ دەركردندا ئەمەیە ڕەخنەی بەندە لە هەڵوێستەكانی ئەوبرادەرە .

خاڵێكی تر كە دەمەوێت باسی بكەم ئەوەیە كە هەندێك لە برادەرانی لیژنەی ئامادەكار ڕەخنەی ئەوەیان لێگیراوە كە گوایە نەیانتوانیوە ببنە بەر بەست لە بەردە م ئەوەی كە پارتی هەیمەنەی دیار نەبێت بە سەر كۆنگرەوە بە ڕاستی بەندە وەك ئەندامێكی كۆنگرەكە زۆر هەستم بەوەنەكردووە بەلام ئەگەر پارتی ئەمەشی كردبێت ئەوا دەست خۆشیان لێدەكەم چونكە چەندین ساڵ ئێمەی كەسوكار ئەنفال داوای ئەوە دەكەین كە بایەخی زیاتر بە ئەنفال بدرێت. یەكێتی دوانزە ساڵ ئیدارەی هەبوو پێم ناڵێت چەند كۆنگرەی نێو دەوڵەتی بۆ ئەنفال ئەنجامدا . ئایا كۆنگرەی نێودەوڵەتی بۆ ئەنفال بودجەی زۆری دەویست؟ئەگەر هەڵە نەبم ئەم كۆنگرەیە نزیكەی نیو ملیۆن دۆلاری تێچوە بە ڕای من ئەمە پارەیەكی هێندە زۆر نیە كە حكومەت ودوو حیزبە كە چەندین ساڵ نەیان توانیوە كۆنگرە بۆ ئەنفال ببەستن ئەندام مەكتەب سیاسیەكی یەكێتی لە چاو پێكەوتنێكی ڕۆژنامەوانیدا بە ساردییەكەوە دەڵێت گرێبەستی خانوەكەم نزیكەی نیو ملیۆن دۆلارە.بەندە لە ڕابرد وو ئێستاو ئایندەشدا هێندە ئامادەم ڕەخنە ئاراستەی یەكێتی بكەم لە بایەخ نەدان بە ئەنفال هێندە ئامادە نیم ڕەخنە لە پارتی بگرم "لە چەند نوسینێكمدا باسی ئەو هۆكارانەم كردووە".

خاڵێکی تر کە سەرنجی ڕاکێشام ئەو ڕەخنە زۆرە بوو کە لە دەستەی ئامادە کارو کۆنگرە دەگیرا کە دەتوانم ئەمانە پۆلێن بکەم بۆ چوار دەستە لە خەڵکی:

یەکەم: دەستەیەك لەوانەی ڕەخنەی توند لە کۆنگرەکە دەگرن کەسانێکن یان کۆمەڵەو ڕێکخراوێکن کە پێیان وایە لە کۆنگرەیەکی لەم شێوەیەدا پەراوێز خراون و ڕۆڵیان پێنەدراوە جا چی بەشداربوبن یان نەبوبن ئەمانە دوور لە بابەتی بوون ڕەخنەی یەك لایەنە لە کۆنگرە کە دەگرن و هەوڵیان داوە بچوکترین خاڵی لاوازی کۆنگرەکەو لیژنەی ئامادە کار بدۆزنەوە وباسی بکەن. تەنانەت هەیە لەو کەسانە کە پێشتر داوای ئەوەی کردووە ببیٚ بە ئەندامی لیژنەی ئامادەکار. یاخود هەیە لە ناو ئەم دەستەیە دا کێشەی دەروونی هەیە لە گەڵ ئەندامانی لیژنەکدا بە شێوەیەك ئەگەر ئەم کۆنگرەیە بەهەشتیش بۆ کەسوکاری قوربانیەکان بهێنێت ئەوا هەر دەبێت ڕەخنەی لێبگیرێت وبە ناشرین وخراپ ناوببرێت. هەروەها کەسانێك لە ناو ئەم دەستەیەدا بێئەوەی ئاستێکی بەرزی زانستییان هەبێت چەندین ڕەخنەیان لە تویژینەوەکان هەیەو بێئەوەی بزانن کە ئەم توێژینەوانە کام میتۆدی توێژینەیان بە کار هێناوەو سەرچاوەکانیان چین.

دووەم: ئەم دەستەیە لە پەرۆشییانەوەیە بۆ کارەساتێکی گەورەی وەك ئەنفال چونکە چاوەڕوانی ئەوان زۆر گەورەتربوە لەوەی کە ئەم کۆنگرەیە بە دەستی هێناوە. ڕەخنەوە تێبینیەکانیان بە شێوەیەکی بابەتیانەیەولایەنە باشەکانی کۆنگرەش لە بەرچاو دەگرن.





سێیەم: ئەمانە کەسانێك بون خاوەن بڕوانامەی بەرزی زانستی بوون کە ڕەخنەی جدیان لە توێژینەوەکان هەبوو بە شێوەیەك هەندێك لەو توێژینەوانە شایستەی کۆنگرە یەکی نێو دەوڵەتی لەم شێوەیە نەبوون.

چوارەم: ئەم دەستەیە بێئەوەی لە چوار چێوەی سیٚ جۆرەکەی تردا بن بەڵام بینیویانە خەڵکانێك هەن ڕەخنە لە کۆنگرە دەگرن ئەمانیش بە هەمان شێوەی ئەو خەڵکانە ئەو قسانەیان دووبارە کردۆتەوە بئئەوەی خۆیان خاوەنی ئەو ڕەخنانە بن.

لە کۆتایدا بە پێویستی دەزانم چەند پێشنیازێك بخەمە بەردەستی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان.

١- سازکردن وئەنجامدانی کۆنگرەی لەم جۆرە زۆر پێویستن ، بەڵام لە پاڵ ئەمەشدا دانانی پلان بۆ باشکردنی ژیان وگوزەرانی کەسوکاری قوربانیەکان پێویستترن.

٢- پێوستە وەزارەتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوەکان نەچێتە سەنگەرێك و ئەو کۆمەڵەو ڕێکخراوانەش کە دەیانئەوێت خزمەت بە مەسەلە نەتەوەییەکان بکەن بچنە سەنگەرێك چونکە بە مە تواناکا ن دابەش دەبن و سەر ئەنجام ئەوە خۆمانیین باجەکەی دەدەین و نەوەکانی ئایندەش بەر نەفرەتمان دەخەن.

٣- کارکردن بۆ چونە ناو ژیانی کەسوکاری ئەنفالکرەکان و تێگەیشتن لە ئازارو کێشەو نەهامەتیەکانیان تاوەکو ئەم وەزارەتە جێگەی خۆی بکاتەوە لە ناخ ودڵ و ویژدانی کەسوکاری

قورانیەكاندا نەك دوورە پەرێزی كردن و تێكەڵ نەبوونیان چونكە سروشتی ئەو وەزارەتە وا دەخوازێت.

٤- ئەم وەزارەتە دەبێت هاوكاری كەسوكاری ئەنفالكراوەكان بێ بۆ چارەسەركردنی ئەو كێشانەی كە هەیانە بۆ نموونە لە كاتێك دا ئەم كۆنگرەیە سازدەكرێت و نیوملیۆن دۆلاری تێدا خەرج دەكرێت، بەلأم بۆ ساڵێك دەچێت كتێبخانەی ناحیەی شۆڕش تەواو بووە حكومەت ئامادەو نیە فەرمانبەرێكی بۆ دابمەزرێنێت ودەرگاكەی هەر بە داخراوی ماوەتەوە.

٥- بەر لە هاتنی چەند مانگێك بۆ ساڵیادی ئەنفال بەرنامە پلان ڕێژی كرابێت كە لەم یادەدا چی لە سەر خەڵكی وحكومەت و ڕاگەیاندنەكان پێویستە ئەنجامی بدەن.

٦- دانانی ئەو ڕەمزەی كە بۆ ئەنفال دانراوە لە شوێنە گشتیەكانی شاروشارۆچكەو ناحیەكان تاوەكو بە بەردەوامی ئەنفالمان لە بیر بێت.

٧- وەزارەت هەوڵ بدات ساڵانە سود لەو توێژینەوانە وەربگرێت كە لە سەر ئەنفال ئەنجام دەدرێت لە قۆناغی بەكالۆریۆسدا.

٨- ئەو كۆنگرانەی كە لە ئایندەدا ئەنجام دەدرێن هەوڵبدرێت توێژینەوەی مەیدانیشی تێدا بێت تاوەكو بتوانرێت كار لە سەر دەر ئەنجامەكانی بكرێت.

٩- ئەو ڕەخنانەی لەم كۆنگرەیە دەگیرێن بە هەند وەربگیردرێن و سودیان لێوەربگیردرێت بۆ كاری ئایندەی وەزارەت.

* ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی ژمارە (٧٤٧) دوو شەممە ١٨ی شوباتی ٢٠٠٨





## تێكشكاندنی كەسێتی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان

لە حەڤدە ساڵی ڕابردوداو لە سایەی دەسەڵاتی كوردی وحكومەتی هەرێمدا لە بری ئەوەی كار بكرایە بۆ دووبارە دروستكردنەوەی كەسێتی تێك شكێنراوی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان. بەلأم نەك ئەمە نەكرا بەڵكو هەر زوو حیزبی كوردی و دواتر حكومەتی هەرێم بە هەمان ڕێچكەی بەعسدا ڕۆیشتن وتەنانەت ئەوەی بەعسیش پێی نەكرا ئەنجامی بدات. ئەوا ئەمان ئەنجامیانداو بە شێوەوشێوازی تر درێژەیاندا بە پرۆسەی ئەنفال. هەر لەو چركە ساتەوە كە لە بری شەرمەزاركردنی جاش و موستەشارەكان و كردنیان بە پەندی زەمانەو ڕیسواكردنیان بە پێچەوانەوە بوون بە كەسی ڕێز لێگیراوی حیزب و دەیان وسەدان هێندەی خانەوادەیەكی ئەنفال ئیمتیازیان پێدرا. ئەمە یەكەم هەنگاوی حیزبی كوردی بوو بۆ دووبارە ئەنفالكردنەوەی قوربانیانی ئەنفال. هەروەها لە ساڵی ١٩٩١ و لە گفتوگۆكانی بەعس وحیزبی كوردیدا خەڵكی چاوەڕوانی ئەوەبون یەكێتی وپارتی ئامادەنابن دووەم دانیشتن ئەنجامبدەن تا چارەنوسی ئەنفالكراوەكان دیاری نەكرێت.

بەڵام جگە لە داوایەكی شەرمنانە دەربارەی ئەنفالكراوەكان ئیتر هیچ پێداگرییەكی شێلگیرانەمان نەبینی ئەمەش هەنگاوێكی دیكەی سوكردنی قوربانیانی ئەنفال و تێكشاندنی كەسێتی كەسوكارەكەیان بوو.

لە كاتێكدا دەبوایە مەرجی بنەڕەتی ویەكەمی سەركردایەتی كوردستان بوایە بۆ گفتوگۆكردن لە گەڵ ڕژێمی بەعسدا .هەروەها لە ساڵی ١٩٩٢ حیزبەكان و لە سەروی هەموویانەوە دوو حیزبە سەرەكییەكە بڕیاریاندا موچە بدەن بە شەهیدەكانیان و هەموو ئەو ئەنفالكراوانەش بە شەهید دانران كە لە ناو حیزبەكاندا پێشتر پێشمەرگە بوون. ئیتر هەموو ئەو ئەنفالكراوانەی تر شەهید نین بە ڕای من ئەم جیاكردنەوەیە لە لایەن حیزبی كوردییەوە شەرمەزاریەكی زۆر گەورە بوو. چونكە بەمە وایان كرد كە حیزبی كوردی زۆر بێبەها قوربانیانی ئەنفال پیشان بدات و بەمە وتیان ئەنفالكراوەكان قوربانی چەندەمین نمرەن.

هەر ئەو كاتەی كەسوكاری شەهیدێكی حیزبی هەمو ئیمتیازێكی پێدەدرا و كەسوكاری ئەنفالكراوێكش فەرامۆش دەكرا و هیچ ئاوڕێكی لێنەدەدرایەوە و ئەم جیاكردنەوەیە بێمانەیەی حیزب بۆ شەهیدو پلە داركردنی قوربانیان ئەگەر خوێندنەوەیەكی سایكۆلۆژی وسۆسیۆلۆژی بۆ دەرئەنجامەكانی بكرێت ئەوا ئەوەندە هەڵەیەكی گەورەی حیزبی كوردییە لە بەرامبەر قوربانیانی ئەنفال دەكرێت چەندین وتاری لە سەر بنوسرێت و زیاتریش لە سەری بوەستین.





حكومەتی هەرێم ڕوونتر بڵێم حیزبی كوردی نەك هەر كەسوكاری ئەنفالكراوەكانیان لە كەسوكاری شەهیدی حیزبی كوردی جیاكردەوەو لە زاكیرەی تاكی كوردیدا بە كەمتر پیشانیان دان بەڵكو ئەو ناوچانەش كە زۆرترین لە كەسوكاری ئەنفالكراوەكانی تێدا نیشتە جێن بە جۆرێك پشتگوێ خران وەك ئەوەی ئەو كەسانەی لەو ناوچانەدا نیشتە جێن هاوڵاتی ئەم وڵاتە نەبن بە ئێستاشەوە تەنانەت ئەو پرۆژانەی بەعس لە دوو ساڵی دوای ئەنفالدا بۆی جێبەجێكردن زۆر زیاترن لەو پرۆژانەی حكومەتی هەرێم لە حەڤدە ساڵی ڕابردودا بۆ ئەم ناوچانەی ئەنجامداوە بۆ نمونە بەعس لە ناحیەی شۆڕش حەڤدە قوتابخانەی دروست كرد. بەڵام لە دوای ڕاپەڕینەوە یەك قوتابخانە دروست نەكراوە ئەمەش بەڵگەی بە بێڕێز سەیركردنی كەسوكاری ئەنفالە لە لایەن دەسەڵاتی كوردییەوە.كارێكی تری حكومەتی هەرێم كە لەم ڕۆژانەدا ئەنجامیدا ئەتوانم بڵێم تێكشكاندنێكی تری كەسوكاری ئەنفال بوو.ئەویش كردنەوەی سندوقێك بوو بە ناوی خێرخوازی بۆ هاوكاری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان. چونكە دوای حەڤدە ساڵ فەرامۆشكردن وپرۆسەی تێكشكاندنی كەسوكاری ئەنفال ، لە بری ئەوەی پلان و بەرنامە دابنرایە بۆ چاككردنی ژیان وگوزەرانی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان و هەوڵدان بۆ لە بیر نەكردنی ئەنفال و یەكسانكردنی ئیمتیازی شەهیدان و ئەنفالكراوەكان و بە یاسا ساڵانە بەشێك لە بودجەی هەرێم وعێراق بۆ كەسوكاری ئەنفال وناوچەكانیان تەرخان بكرایە .

بەڵام دانانی سندوقی هاوكاری ئەگەر چی لاسیكردنەوەی هەندێك گەلو نەتەوەی جینۆساید كراوە و لایەنی باشی هەیە ، بەڵام لە ڕووی سایكۆلۆژی و سۆسیۆلۆژییەوە كاریگەری نیگەتڤی هەیە بڕوا ناكەم قوربانیەكی ئەنفال هەبێت بە دانانی ئەم سندوقە دڵخۆش بوبێت داوا لە خودی وەزیر دەكەم كە دەرچوی بەشی كۆمەڵناسیە لە نزیكەوە سەرپەرشتی ڕاپرسیەك بكات لە ناو قوربانیانی ئەنفالدا بۆ سەلماندنی ڕاستی بۆچونەكەمان.

هەروەها لە دوای ڕاپەڕین بە جۆرێك ئەنفال بێبایەخ كرا كە گەورەترین كاریگەری نێگەتیڤی هەبوو لە سەر كەسێتی و دەرونی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان نەك هەر ئەمە بەڵكو ئاهەنگ گێڕانی حیزب و ڕێكخراوە حیزبیەكان "ئیسلامی وعەلمانی" جگە لە كوشتنو ترۆركردنی كەسێتی كەسوكاری ئەنفال چی دیكە دەگەیەنێت.

تەنانەت ئەم حاڵەتە تا هەنوكەش بەردەوامە بە تایبەتی لە زانكۆكاندا كە ساڵانە لە ڕۆژی ١٤-٤ ئاهەنگ دەگێڕن و دەچنە گەشت وسەیران ئەم ئازاردانەی دەرونی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان گەورەترین بەڵگەی بێباكی حیزبی كوردی و دەسەڵاتی كوردییە لە بەرامبەر قوربانیانی ئەنفال . خاڵێكی تر كە هەڵەیەكی گەورەی حیزبی كوردییە بەرگری كردنە لە تاوانبارانی ئەنفال یا خود هەوڵنەدان بۆ بە سزاگەیاندنیان نمونەش ئەو بەرگرییەی كە چەند ساڵێك پێش ئێستا لە نزار خەزرەجی كرا و دواهەمینیان بەرگری كردنی تاڵەبانی بوو لە سوڵتان هاشم .





خاڵێكی تر كە بە پێویستی دەزانم هەڵوێستەی لە سەر بكەم و وەك دەرچوییەكی بەشی كۆمەڵناسی قسەیەكی لە سەر بكەم ئەویش هەڵەی هەندێك نوسەرو ڕۆشنبیرە كە لەم ساڵانەی دوایدا وشەی ئەنفال بە كاردەهێنن بۆ زۆر شتی بێنرخ ومادی لە كاتێكدا دەبێت وشەی ئەنفال وئەنفالكراو تەنها لە بەرامبەر ئەو قوربانیانە بە كاربهێنرێت كە لە ئەنفالدا بونەتە قوربانی .سەیرە مامۆستا صلاحە دینی موهتەدی لە ژمارە سەرە تاییەكانی ڕۆژنامەی ئاسۆدا وشەی ئەنفالی بە كارهێناوە بۆ شتێك دور لە قوربانیانی ئەنفال یا خود ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ بە مانشێتی گەورە لە یەكێك لە لاپەڕەكانیدا وشەی ئەنفالی نۆ بە كاردەهێنێت كاتێك لافاو ژمارەیەك سەر مەڕی لە ناوبردوە وەك ئەوەی هەشت قۆناغەكەی تری ئەنفال تەنها ئاژەڵی تێدا لە ناوچوبێت .هەروەها كاتێك سەركردەو سیاسییەكانی كورد لە كۆنگرەو كۆنفراسە ناوخۆیی ونێودەوڵەتیەكاندا باس لە تاوانەكانی ڕژێمی بەعس ئەكەن دژ بە گەلی كورد بە دەگمەن ئاماژە بە تاوانی ئەنفال دەكەن. هەروەها لە دوای لە دەسەڵاتخستنی بەعسیەكان لە بەهاری ٢٠٠٣ەوە كەسوكاری ئەنفالكراوەكان چاوەڕوانی ئەوەبون پێش هەموو شتێك حكومەتی هەرێم كاری جدی بكات بۆ هێنانەوەی ڕووفاتی ئەنفالكراوەكان.

بەڵام دوای پێنج ساڵ هیچ هەوڵێكی نیشتمانی ونەتەوەیی و ئەخلاقیانە هەست پێناكرێت بۆ هێنانەوەی ڕووفاتی قوربانیەكانی ئەنفال ئەمەش تێكشكاندنێكی گەورەی كەسوكاری ئەنفالكراوەكانە.

چونكە دەسەلاّتی كوردی و حكومەتی هەرێم بەم كارەیان گەورەترین بێڕێزیان لە بەرامبەر قوربانیانی ئەنفال تۆمار كرد وكەسوكاری ئەنفالكراوەكانیشیان لە چاوەڕوانیدا هێشتەوە .دواهەمین شت كە دەمەوێت ئاماژەی بۆ بكەم ئەویش دروست نەكردنی مۆنۆمێنتێكە بۆ قوربانیانی ئەنفال بە داخەوە لە ساڵی ٢٠٠٣ دەنگی ئەوە هەبوو ئیدارەی ئەو كاتەی سلێمانی مۆنۆمێنتێكی شایستە بە ئەنفال لە ناوچەكانی چەمچەماڵ دروست دەكات بەلاّم هەر قسە بوو نەكرا بە كردار . بەلاّم ئەوەتە دوای سوتاندنی مۆنۆمێنتی هەڵەبجە دووبارە دروست دەكرێتەوە بە شێوەیەكی باشتر بەلاّم ئەوەی جێگەی ڕامانە تا ئێستا شەرم لەوە ناكرێت كە گەرمیانی خاوەن زیاتر لە پەنجا هەزار ئەنفال هیچ مۆنۆمێنتێكی تێدا نیە كە هێمایەك بێت بۆ قوربانی خەڵكی ناوچەكە. ئەمەش كاریگەری خراپی هەبوە لە سەر دڵ ودەرونی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان و ئازاردانی ناخی هەر تاكێكی كەسوكار ئەنفالە.هەموو ئەمانە جگە لە لایەنی سیاسی و نەتەوەیی ومێژویی وئەخلاقیەكەی كە دەكرێت خوێندنەوەی قوڵیان بۆ بكرێت ئەوا لە ڕووی دەرونیەوە كەسوكاری ئەنفالكراوەكانی توشی ئازارێكی زۆر سەخت كردووەو تەنها مەگەر خۆیان بزانن چەند ناخۆشی بۆ دروست كردون كە بە داخاوە جگە لەم نوسینە سادەو كورتەی بەندە تا ئێستا قسە لە سەر ئەم ڕەهەندەی ژیان وكەسێتی كەسوكاری ئەنفالكراو نەكراوەو خوێندنەوەیەكی زانستی نەكراوە بۆ دەر ئەنجامەكانی ئەم فەرامۆشكردنەی قوربانیانی ئەنفال





بۆیە لە كۆتایدا دەڵێم چ شتێك هێندەی ئەوە ئازاری مرۆڤ دەدات كاتێك هەست بكات قوربانیەكانی بێبەهاسەیر دەكرێن؟.

* ڕۆژنامەی ئاوێنە ژمارە (١٣٦) سێشەممە ٢٦-٨-٢٠٠٨

## ئەو هەڵوێستانەی لە بیرمان ناچنەوە

لە سەردەمی شاخ و نەهامەتی كارەساتی ئەنفالدا هیچ سیاسییەك هێندەی دكتۆر بەرهەم لە ئێمەی گوند نشینەوە دورنەبوە هیچ كاتێك لە سەردەمی شاخدا خزمەتی ئەم سیاسیەمان نەكردووە بەڵام لە دوای ڕاپەڕینەوە و بە تایبەت لە دوای ساڵی ٢٠٠١ بە دواوە هیچ بەرپرسێك ئەوەندەی دكتۆر بەرهەم لە كەسوكاری ئەنفالەوە نزیك نەبوەو خۆی بە قەرزاریان نەزانیوە ،بە پێچەوانەی هەموو ئەو بەرپرسانەوە كە لە گوندەكاندا زۆرترین خزمەت كرابون و زۆرجارش گوندییەكان توشی دەردەسەری زۆر هاتون لە سەریان.

بەڵام لە دوای ڕاپەڕین بە شێوەیەك ئێمەی كەسوكاری ئەنفالیان پشتگوێخست وەكو ئەوەی خەڵكی یەك وڵات نەبین، كەچی ئەو سیاسییەی بە هەزاران میل لە ئێمەوە دوربوە لە ئەنفالدا .

بەڵام كاتێك دێتەوە كوردستان و پۆستێكی ئیداری وەردەگرێت بیر لەوە دەكاتەوە چۆن ژیان و گوزەرانی ئێمە چاك بكات بۆ نمونە دكتۆر بەرهەم یەكەم كەس بوو بیری لەوە كردەوە موچە بۆ وارسی ئەنفال كراوەكان دابین بكات ڕاستە ئەو موچەیە كەم بو لەئاستی پێویستدا نەبوو.





بەڵام ئەوە بو بە بنچینەیەك بۆ ئاوڕدانەوە لە كەسوكاری ئەنفال و ئەو زیادكردنەش لە سەردەمی كابینەكەی كاك "عومەر فەتاح" و دواتریش لە سەردەمی ئیدارەی یەكگرتوی حكومەتی هەرێمدا خرایە سەر موچەكانمان هەموو ی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بنەمایەی كە دكتۆر بەرهەم داینابو.

هەروەها دكتۆر بەرهەم زۆر زوو توانی لە گەڵ ژمارەیەك نوسەرو ڕۆژنامەنوس پەیوەندی دروست بكات كە لە بواری ئەنفالدا خزمەتیان دەكرد ئەمەش پەرۆشی ئەم بەرپرسە پیشاندەدات لە بەرانبەر دۆزی ئەنفال دواهەمین هەڵوێستی دكتۆر بەرهەم لە بەرانبەر كەسوكاری ئەنفالكراوەكان ئەوەیە كە بڕیاریداوە ئەو خوێندكارانەی كە كەسوكاری ئەنفالن و دەرچوی ئامادەین و نمرەیەكی باشیان بە دەستهێناوە لە سەر ئەركی خۆی و لە زانكۆی ئەمریكی لە سلێمانی كورسی خوێندنیان بۆ دابین دەكرێت. ئەمەش یەكەم هەڵوێستی لەم جۆرەیە بۆ خزمەت كردنی ئێمەی كەسوكاری ئەنفال.

هەر چەندە زۆر بەداخەوە كەسانێك هەن دەیانئەوێت لەم هەوڵانەی دكتۆر بەرهەم كەم بكەنەوەو هەندێك دەڵێن بۆ دروست كردنو بەهێزكردنی پێگەی خۆیەتی لە ناو یەكێتی و خەڵكی كوردستاندا .

نازانم بۆ چی ئەم جۆرە كەسانە دەیانئەوێت هەموو شتێك بیَ نرخ سەیر بكەن؟ ئایا دكتۆر بەرهەم نەیدەتوانی بە ڕێگەی تر كار بۆ ئەم مەبەستەی بكات؟. ئایا لە ناو نەتەوەو وگەلانی تردا كاتێك سەركردەو بەرپرسێك خزمەتی توێژێكی فەرامۆش كراو دەكات، ڕێزی لێدەنێن یان قسەو قسە لۆكی بۆ دروست دەكەن؟. هەموو

لوبنانییەك بە ئاین و بیركردنەوەی جیاوازەوە  كە دەگەنە گۆڕەكەی ڕەفیق حەریری سەری ڕێزی بۆ دەنوێنن ئەمە بۆ ؟. چونكە ئەم سەركردەیە خزمەتی خەڵكی كردووە دواتر كاتێك سیاسییەك دێت لە ڕێگەی خزمەتكردنی قوربانیترین توێژی كۆمەڵگاوە پێگەی خۆی بە هێز دەكات مافی سروشتی خۆیەتی گرنگ ئەوەیە دەرئەنجامی ئەم كارە خزمەت كردنە . ئیتر نییەت چیە كاری ئێمە نیە چونكە ئێمە مرۆڤین نەك خوا، ئێمەی مرۆڤ سەیری دەرئەنجام و واقیع دەكەین بڵێم چی ئەگەر كەسێك لە ڕابردودا توانیبێتی سەد هێندەی دكتۆر بەرهەم خزمەت بكات بەڵام نەیكردووە دواتر بڵێت حەزمكردووە خزمەتیان بكەم ئەم قسەیە بەهای نیە .چونكە كردەوە گرنگە نەك قسەو دروشم گەری.

* ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە(٣١٦)١٤ی شوباتی ٢٠٠٩





## حكومەتی هەرێم و دۆزی ئەنفال

دوای تێپەردبونی ساڵێك بە سەر كابینەی شەشی دكتور بەرهەمدا لە خەڵكی ئاساییەوە تا رۆژنامەنوسانو راگەیاندنی كوردیش كەوتنە هەڵسەنگاندنی بەڵێنو كارەكانی ئەم كابینەیە ، هەر كەسێك یان توێژێك لە روانگەی چاوەروانی و شارەزاییەكانی  خۆیانەوە قسەیان لە سەر كارەكانی حكومەت ئەكرد.

هەر چەندە لەوانەیە بەشێك لە تێبینیو رەخنەو پیاهەڵدانەكانیش لە ئاستی پێویستدا نەبن، چونكە خەڵكی بۆ ماوەی چوار ساڵ كابینەیەك هەڵئەبژێرن، لەوانەیە بەشێك لە پرۆژەو بەڵێنەكانیش بكەونە  دوا ساڵاكانی كابینەكەوە.

بەڵام ئەگەر بەڵێنێك یان پرۆژەیەك  توانرێت لە ساڵی یەكەمدا تەواو بكرێت بەڵام دواخرابێت بە بیانوی جیاواز پرۆژەی دیكەی پێشخرابێت ئەوە لە جێگەی خۆیدایە رەخنە لەم كارەی حكومەت بگیردرێت ئەگەر نا هێنانی راستو چەپ بە سەر حكومەتدا لە ئێستاوە یان پیاداهەڵدان بەوەی حكومەت سەركەوتو بوە هەڵەیەو هەڵسەنگاندنێكی بابەتیانەو زانستیانەش نیە.

ئەوەی مەبەستی منەو دەمەوێت قسەی لە سەر بكەم هەڵسەنگاندنو چاودێری حكومەتە لەو بوارەی كە زیاتر كاری لە سەر دەكەم كە ئەویش مەسەلەی ئەنفالە .

هەر چەندە بیرم لەوە نەكردبوە كە  ئەم وتارە لە ئێستادا بنوسم بەڵام چونكە ئێستا باس لەوە دەكرێت كە لەوانەیە دوو ساڵی كۆتایی ئەم كابینەیە سەرۆكی حكومەت بدرێتەوە بە پارتی .

بۆیە منیش بریارمدا لە گەڵ هاتنی ساڵی دوەمی حكومەتداو بەر لەوەی دكتۆر بەرهەم كورسی سەرۆكی حكومەت پێشكەش بە كەسێكی دیكە بكات وەك ئەوەی كە باس دەكرێت.

دكتۆر بەرهەم روبەروی هەندێك بەرپرسیاری بكەمەوە كە ئەگەر بەر لە جێهێشتنی كورسیەكەی ئیتر دوای" چوار ساڵ یان دو ساڵ بێت" جێبەجێیان نەكات ئەوا بە بیروبۆچونی من حكومەتو كابینەو سەرۆكێكی نا سەركەوتومان هەبوە ئەویش ئەم خاڵانەی خوارەوەیە:

یەكەم: دەبێت دكتۆر بەرهەم و كابینەكەی  زۆر بە جدی هەوڵەكانیان بخەنە گەڕ بۆ هێنانەوەی روفاتی ئەنفالكراوەكان، كە داوای هەرە گرنگی كەسوكاری ئەنفالكراوەكانەو هەر كەسێك كەمێك لە ئازاری ئەنفالو كەسوكاری ئەنفالكراوەكان گەیشتبێت دەزانێت ئەمە چەند ئەركێكی پیرۆزی سەرشانی حكومەتە.

 كە بە داخەوە لە رابردودا بە هۆی بێباكیو بێخەمی و گوێنەدان بە ئازاری دەرونی كەسوكاری ئەنفالكراوەكانەوە كابینەكانی پێشوتر كەم تەرخەمیان كرد لە هێنانەوەی روفاتی ئەنفالكراوەكان بە هەر بیانویەك بێت نەدەبو ئەم كارەیان دوا بخەن ئەگەر بەعس دوانزە





ساڵ ئازاری كەسوكاری ئەنفالكراوەكانی دابێتو لە چاوەڕوانیدا هێشتبێتنەوە ئەوا حكومەتو دەسەڵاتی كوردی بۆ هەشت ساڵ دەچێت درێژە بەو ئازارە ئەدەن.

دووەم: ناساندنی ئەنفال بە ناوەندە جیهانیەكان كە بە داخەوە وەك ئەوەی دەسەڵاتی كوردی ئەنجامدەری ئەنفال بێت زۆر بە شەرمەوە ئاماژە بەو كارەساتە ئەكەن لە بۆنە و كۆرو كۆبونەوە جیهانیەكاندا.

سێیەم: زۆر گرنگە حكومەت كەشێكی گونجاو بخولقێنێت بۆ ئەوەی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان بتوانن سەرجەم موستەشارەكان بدەنە دادگاو هەموو ئەو بەڵگانەش بخەنە بەر دەست كە لە بارەی ئەم كەیسەوە لای حیزبەكانی دەسەڵاتن.

چوارەم: لە سەر ئاستی ناوخۆ كابینەكەی دكتۆر بەرهەم ئەبێت پلانی جدی هەبێت بۆ ئەوەی ئەنفال ببێ بە یادەوەرییەكی هەمیشە زیندو لە كۆ ویژدانی تاكی كوردا.

باشتركردنی ژیان و گوزەرانی كەسوكاری ئەنفالكراوەكانو پێشكەشكردنی زۆرترین پرۆژەی خزمەتگوزاری بەو شوێنانەی زۆربەی دانیشتوانەكەی كەسوكاری ئەنفالە.

پێنجەم: پێویستە سەرۆكی حكومەت بەر لەوەی پۆستەكەی جێبهێڵێت و دەستبەرداری بێت ئەبێت شایستەترین یادگاریو مۆنۆمێنتی بۆ ئەنفالكراوەكانی گەرمیان دروستكردبێت.

لە كۆتایدا دەمەوێت بڵێم ئەگەر یەكێتی دكتۆر بەرهەمی بۆ سەرۆك حكومەتی دەستنیشان نەكردایە و نەكرایە بە سەرۆكی لیستی كوردستانی ئەوە بە دڵنیاییەوە ئەو لیستەو بە تایبەتی یەكێتی

هەرگیز نەیدەتوانی ئەو دەنگەی هەڵبژاردنی هاوینی ساڵی ٢٠٠٩ بە دەستبهێنێت.

بونی دكتۆر بەرهەم بە سەرۆكی لیستەكە توانی هاوسۆزیەكی زۆری كەسوكاری ئەنفالكراوەكان بۆ خۆی رابكێشت چونكە كەسێكی خۆشەویستو رێزلێگیراوە لایان. ئەمەش وادەكات دكتۆر بەرهەم بخاتە ژێر بەرپرسیارێتیەكی گەورەوە.

دەبێت هەست بە و پێگەیەی بكات كە لە ناو كەسوكاری ئەنفالكراوەكاندا هەیەتی‌و ئەگەر بەر لە تەواوكردنی ماوەكەی هەر چەند بێت " دوو ساڵ بێت یان زیاتر" . بەشێك لەو چاوەروانیانەی لێیدەكرێت بە دینەهێنێت ئەوە جگە لەوەی من بۆ خۆم وەك نوسەرو رۆژنامەنوسێكی ئەو بوارە كابینەكەی بە نا سەركەوتویی دادەنێم ئەوا كەسوكاری ئەنفالكراوەكانیش ئەو هیوایەی بە سەرۆكی حكومەتیان هەبو كەمدەبێتەوە.

* رۆژنامەی ئاسۆ ژمارە ١٣٦٦ پێنج شەممە ١٦-١٢-٢٠١٠





## نەهێنانەوەی روفاتی ئەنفالكراوەكان
## للەئەو بەڵێنەی دكتۆر بەرهەم جێبەجێی نەكردلله

رۆژی پێنج شەممە ١٣-١٢-٢٠١٢ روفاتی پیرۆزی ١٥٨ ئەنفالكراو هێنرانەوە بۆ گەرمیان لە كاتێكدا ئەبو یەكەمین كاری حكومەتی هەرێم دوای لە دەسەڵاتخستنی بەعسیەكان لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە هێنانەوەی روفاتی ئەنفالكراوەكان بوایە بۆ زێدی خۆیانو بەشێك لە ئازارەكانی چاوەروانی كەسوكاری ئەنفالكراوەكانیان كەمبكردایەتەوە.

بەڵام چونكە حیزبە دەسەڵاتدارەكان و حكومەتی هەرێم كێشەیەكیان نیە ناوی خەمی ئەنفال بێت . بۆیە زۆر بێباكانە لە كەیسی ئەنفال دەڕوانن و دوای زیاتر لە نۆ ساڵ نەیانتوانیوە ژمارەیەكی كەمی رووفاتی ئەو دەیان هەزار ئەنفالكراوە بهێننەوە بۆ خاكی نیشتمان كە لە بیابانەكانی باشورو ناوەراستی عێراقدا خرانە ژێر گڵەوە.

بەڵام یەكێك لەو بەرپرسە ئیداریانەی كە لە چەند ساڵی رابردودا توانویێتی بەشێك لە سۆزو خۆشەویستی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان بۆ خۆی رابكێشێت دكتۆر بەرهەمە. ئەویش بە هۆی ئەو چەند هەنگاوەی كە لە بواری خزمەتكردن بە كەسوكاری ئەنفالكراوەكاندا ناویێتی.

لەوانە بۆ یەكمجاربو لە سەر دەستی دكتۆر بەرهەم لە ئیدارەی پێشوتری سلێمانی بە شێوەیەكی فەرمی موچە بۆ وارسی ئەنفالكراوەكان برایەوە. هەر لە سەردەمی ئەمدا پێنج نمرە درا بە كوڕو كچی ئەنفال و هەروەها بریاریدا لە سەر ئەركی خۆی كوڕو كچی ئەنفالكراوەكان لە زانكۆی ئەمریكی لە سلێمانی درێژە بە خوێندن بدەن. ئەمە جگە لەو سەردانانەی بۆ ناو كەسوكاری ئەنفالكراوەكان چەند جارێك لە ساڵێكدا ئەنجامی ئەدات ، هەر لە سەر دەستی دكتۆر بەرهەم بەردی بناغەی مۆنۆمێنتی ئەنفال لە چەمچەماڵ دانرا.

هەر لە تەمەنی دو ساڵی كابینەی شەشدا توانرا زەوی بە سەر ژمارەیەك لە كەسوكاری ئەنفالكراوەكاندا دابەشبكرێت و خانو بۆ هەندێكیان دروست بكرێت. جگە لە مانە كارێكی گەورەتری بۆ ئەنفال نەكردووە .

بەڵام بە هۆی ئەوەی لە رابردودا كەسوكاری ئەنفالكراوەكان ئەوەندە ئازاری پشتگوێخستنی ئەنفالیان چەشتوە. بۆیە هەر كەسێك كە ئەگەر كەمترین گرنگی بە ئەنفال بدات هەر زو دەبێت بە كەسێكی





خۆشەویست و لە دڵو دەرونی كەسوكاری ئەنفالكراوەكاندا جێگەی خۆی دەكاتەوە.

ئەو رێورەسمەی كە لە رۆژی ١٧-٣-٢٠١٢ لە مۆنۆمێنتی ئەنفال لە چەمچەماڵ رێكخرا لە لایەن رێكخراوێكی گەنجانی كەسوكار ئەنفالكراوە بۆ رێزگرتن و خەڵاتكردنی دكتۆر بەرهەم لە پای ئەو خزمەتانەی لە رابردودا پێشكەشی كردون. بەڵگەیە بۆ ئەوەی كە چۆن كەسوكاری ئەنفالكراوەكان لە بەرانبەر چەند ئاوڕ لێدانەوەیەكی سەرەتایی و سادەدا وەفای خۆیان بۆ ئەو كەسە دەردەبڕن .

كە من پێموایە ئەگەر چی ئەوەی دكتۆر بەرهەم لە رابردودا بۆ ئەنفالی كردووە ئەركی سەرشانیبوە. بەڵام رێزلێنان لە هەر كەسێك لە هەر بوارێكدا بێت كە شتێكی بۆ ئەنفال كردبێت كارێكی جوانەو دەبێتە هاندەرو پاڵنەرێكی گرنگ بۆ كەسانی دیكە، سروشتی مرۆڤیش وایە لە هەر ئاستێكدا بێت پێویستی بە دەستخۆشیەو هاندان هەیە" بەشداری ئێمەش وەكو رۆژنامەنوسێك لەو بۆنەیەدا لەو روانگەیەوە بوو".

بەڵام ئەمە بەو مانایە نیە كە گلەیی و رەخنەیشیان لەو بەرێزە نەبێت هەروەك كورد ئەڵێت گلەیی لە دۆست دەكرێت.

هەر بۆیە بەر لە دروستبونی كابینەی شەش وتارێكم لە رۆژنامەی هەواڵ نوسی و تیایدا چەندین پێشنیازم خستبوە رو بۆ ئەوەی كابینەكە سەركەوتو بێت . دوای ساڵێكیش لە تەمەنی كابینەكە لە رۆژنامەی ئاسۆ وتارێكم نوسیەو تیایدا ئەوەم بیری سەرۆكی

كابینەی شەش هێنابوەوە كە نەیتوانیوە سەركەوتو بێت لەو بەڵێنەی لە كاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا بە كەسوكاری ئەنفالكراوەكانو خەڵكی كوردستانی دابو بۆ هێنانەوەی روفاتی ئەنفالكراوەكان.

چونكە لە دروستبونی كابینەكەوە بەندە وەكو رۆژنامە نوسێكی سەربەخۆی كەسوكاری ئەنفال بە وردی چاودێری ئەو بەڵێنەم دەكرد.بەڵام بە داخەوە دو ساڵی تەمەنی كابینەكەش تەواو بو دكتۆر بەرهەم نەیتوانی ئەو پەیمان و بەڵێنەی بە دیبهێنێت.

روفاتی ئەو منداڵە ئەنفالكراوانەش كە هێنرانەوە لە سەردەمی كابینەكەیدا ئەو منداڵانە بون كە لە گرتوخانەی دوبز لە ئەنفالدا دەمردن و بەشێوەیەكی ئاینی لە شارۆچكەی دوبز دەنێژران واتە ئەو گۆڕستانەش كە لێی نێژرابون هەر لە خاكی كوردستاندا بو.

بە واتایەكی دیكە دكتۆر بەرهەم بە هیچ شێوەیەك كاری بۆ ئەو بەڵێنەی نەكرد.كە دەبو یەكەمین كاری دوای دەستبەكاربونی هەوڵدان بوایە بۆ جێبەجێكردنی، چونكە هەمو بەڵێنەكانی دیكە شتی مادین و پرۆژەی خزمەتگوزاری بون كە بە خەڵكیدا .

بەڵام هێنانەوەی روفاتی ئەنفالكراوەكان پیرۆزتر و گەورەتر لە پرۆژەی خزمەتگوزاری پەیوەندی بە لایەنی روح و دڵو ناخ و دەرونی كەسوكاری ئەنفالكراوەكانەوە هەیەو ئەوان هەست دەكەن بە ئێستاشەوە بەشێك لە روح و جەستەیان لە بیابانەكانی بەشە عەرەبیەكەی عێراقە.





بەڵام دكتۆر بەرهەم لە گرنگی و قورسایی ئەم بەڵێنە تێنەگەیشت و وەكو هەر بەڵێنێكی دیكە سەیری كرد و زۆر خەمساردانە و بێباكانە بەشە تەمەنی خۆی لە كابینەی شەش تەواوكردو تەنانەت ئامادە نەبو داوای لێبوردنیش لە كەسوكاری ئەنفالكراوەكان بكات بەوەی نەیتوانی ئەو بەڵێنەی جێبەجێبكات .

ئەمە لە كاتێكدا بە پێی ئەو دەر ئەنجامەی لە توێژینەوەیەكی زانستیمدا بە دەستم هێناوە لە ٧٥٪ی گەنجانی كەسوكاری ئەنفال چاوەڕوانی هێنانەوەی روفاتی ئەنفالكراوەكان بوەتە بەشێك لە ژیانیان.

هەروەها بە هۆی نەبونی گۆری ئەنفالكراوەكانەوە بارێكی دەرونی یەكجار سەخت بۆ كەسوكاری ئەنفالكراوەكان بە تایبەتی كەسانی بەتەمەن دروست بوە.

لە دو ساڵی كابینەی شەشدا بە حەوتەمیشەوە مەسەلەی ئەنفال لە سەر ئاستی هەرێم و عێراق و جیهان بەرەو پێشچونێكی ئەوتۆی بە خۆوە نەبینی كە شایەنی ئاماژە بۆ كردن بێت .

داهێنان و میتۆدێكی نوێمان نەبینی بۆ كاركردن لە سەر ئەنفال.

هەوڵێكی بەرنامە بۆ دارێژراومان نەبینی بۆ بردنی ئەنفال بۆ ناوەندە سیاسی و یاساییەكانی دنیا.دو كۆنفراسمان نەبینی لە سەر ئاستی جیهانی بۆ مەسەلەی ئەنفال ساز بكرێت. نەمانبینی حكومەت هەوڵبدات بۆ ئەوەی ژمارەیەك دەوڵەت دان بە جینۆسایدی ئەنفالدا بنێن. هەوڵێكی حكومەتمان نەبینی بۆ ئەوەی ئەنفال لە زانكۆ جیهانیەكان بخرێتە ناو پرۆگرامو كۆرسەكانی خوێندنەوە.

ئەمە جگە لەوەی تا هەنوكەش كەسوكاری ئەنفالكراوەكان بە دەست نەبونی زۆر خزمەتگوزاری سەرەتاییەوە دەناڵێنن. ئەمانەو چەندین شتی دیكە دەبو لە كابینەی شەشدا بە چری و بە پلانی پێشوەختە بۆ دانراو كاری لە سەر بكرایە

لە كۆتایدا ئەڵێم ئێستاش ئەو قسە یەی دكتۆر بەرهەم لە گوێمدا دەزرنگێتەوە كە لە بانگەشەی هەڵبژاردندا پڕ بە گەروی و بە دەنگی بەرز دەیوت بەڵێن دەدەین سەرجەم روفاتی ئازیزانمان بهێنینەوە بۆ خاكی نیشتمان.بۆیە مافی خۆمە بپرسم ئەدی كوا بەڕێزم؟.

تێبینی:ئەم وتارە چەند رۆژێك دوای دەست لە كارێشانەوەی دكتۆر بەرهەم نوسرا و نێدرا بۆ چەند رۆژنامەیەك بەڵام بڵاونەكرایەوە،بۆیە بە دەستكارییەكی كەمەوە.بە شیاومزانی لە ئێستادا بڵاوی بكەمەوە.

* رۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە (٩٦٠) دوو شەممە ٣١-١٢-٢٠١٢





## هێنانەوەی ڕوفاتی ئەنفالكراوەكان

**قسەی كەسوكار ئەنفالكراوێك لە بڵاوكراوەی مانەوە؛**

**بریا كەسوكاری ئێمەش یەكجاربمردنایە و گۆڕێكی دیاریان هەبوایە تا چاوەڕوانی نەیكوشتینایە.**

ئەوەی ئەنفال جیا دەكاتەوە لە زۆرێك لەو تاوانانەی لە دژی مرۆڤایەتی ئەنجام دراون، چۆنێتی بێسەروشوێنكردنی سەرجەم ئەو كەسانەیە لەو تاوانەدا بونە قوربانی، ئەم شوێن بزركردنەی قوربانیەكان زۆر كاریگەری دەرونی و كۆمەڵایەتی لە سەر كەسوكاری قوربانیەكان بە جێهێشت كە بە دڵنیاییەوە دەوڵەتی عێراق مەبەستی بوە كە جگە لە زیندە بە چاڵكردنی ئەو ژمارە زۆرە مرۆڤە لە ئەنفالدا.هەموو ئەوانەشی لەو تاوانەدا ڕزگاریان بوەو لە ناونەبراون بۆ هەتا هەتایە بە دەست ئازارو خەم وپەژارەو چاوەڕوانییەوە بناڵێنن .ئەمە جگە لەوەی بۆ ماوەی پانزە ساڵ دوای كارەساتەكە بەشی زۆری كەسوكاری قوربانیەكان هیوای هاتنەوەی كەسە خۆشەویستەكانیان بون.ئەوانەشی كە دڵنیابون لە نەهاتنەوەیان نەبونی گۆڕێك بۆ سەردانیكردنیان هێندەی تر كۆستەكەیانی گەورەتر كرد.

ئەو كەسانەشی لە نزیكەوە ئاگاداری بارودۆخی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان بێت ولە ناویاندا ژیابێت یا خود خۆی كەسوكاری قوربانیەكان بێت. ئەزانێت چاوەڕوانی و دواتریش نەبونی گۆڕی ئەنفالكراوەكان چی نەهامەتیەكە .

كە ئاسان نیە بە هیچ وشەو دەستەواژەیەك بتوانی گوزارشتی لێبكەیت چەند زەحمەتە دایكێك چەند كوڕێك یان چەند كچێكی لە ئەنفالدا بوبێتە قوربانی بەڵام بێبەش بكرێت لەو ئارامییە دەرونیەی كە مرۆڤ لە دوای چونە سەر گۆڕی كەسەكانی بە دەستی دەهێنێت" توێژینەوەی قۆناغی چوارەمی زانكۆم لە سەر ئەنفالی چوارو كاریگەرییە كۆمەڵایەتیەكانی لە سەر گەنجانی كەسوكاری ئەنفال بوو كە لە توێژینەوەكەمدا زانستیانە كاریگەرییەكانی چاوەڕوانی وەك بەشێك لە ژیانی كەسوكاری ئەنفالكراوەكانم خستۆتە روو كە ساڵی ٢٠٠٧ پێشكەشی بەشی كۆمەڵناسی زانكۆی سلێمانیم كردووە".

هەر بۆیە زۆرێك لەو دایكو باوكانەی كە كوڕو كچەكانیان لە ئەنفالدا بوەتە قوربانی هێندە لە ڕووی دەروونیەوە لە گەڵ ئەو ئازارە ژیاون لە كاتی سەرەمەرگیشدا تا ئەو ساتەی گیانیان بەرەو بەرزەخ دەفرێت بانگی كەسە ئەنفالكراوەكانیان دەكەن و لە گەڵیان قسە دەكەن و باسی یادگاری خۆیان دەكەن لە گەڵ كوڕو كچە ئەنفالكراوەكانیاندا.

بێئەوەی بەوە بزانن كە بیست ساڵە ئەو كەسە یان لێبڕبوە. بەڵام چونكە ئەو دایكو باوكە لەو ماوەیەدا كە ئەو كەسانەیان شوێن





بزركراوە گۆڕێكیان نەبوە سەردانیان بكەن ، بۆیە لە ناخەوە نەیانتوانیوە ئەو بڕوایە لای خۆیان دروستبكەن كە كەسوكارەكەیان نەماوەو نایەتەوە. چونكە سروشتی مرۆڤ وایە ئەگەر كەسێكی سەرنگوم بكرێت تا ئەو كاتەی ژیان بە جێدەهێڵێت هەر بە هیوای بینینەوەیەتی.

بەڵام جێگەی داخە لەم ماوەیەی دوایدا كە بۆچونێك هەبو كە ئەو ژمارە ڕووفاتەی لە باشوری عێراق دۆزراونەتەوە هەر لە وێ دەنێژرێن و ناهێنرێنەوەو كەسانێكیش پشتگیری ئەم بۆچونەیان دەكردو بیانو پاساویان ئەوەبو كە ئەگەر ئەنفالكراوەكان نەهێنرێنەوەو لە باشوری عێراق مۆنۆمێنتیان بۆ دروستبكرێت بۆ ئایندەی نەتەوەیمان باشترە.

بەڵام ئەم بۆچونە لە هەر ڕوانگەیەكەوە سەرچاوەی گرتبێت و مەبەست و بەڵگەیان چی بێت بێئەوەی خۆیان پێیبزان و ئاگادار بن مامەڵكردنێكی تەواوی مادیانەیە لە گەڵ ڕووفاتی ئەنفالكراوەكان و بە شت وەك سەیركردنی ئەو مرۆڤانەیە كە لەو پرۆسەیەدا بونەتە قوربانی. چونكە ڕووفاتی ئەنفالكراوەكان زۆر لەوە گەورەترن كە بەوە شێوەیە سەیر بكرێن و بكرێن بە ئامرازێك بۆ مەبەستێكی نەتەوەیی، تاوەكو عەرەبی عێراقی ئەوەی لە بیر بێت چی غەدرێك لە كورد كراوە بۆیە پێویستە لە باشور بهێڵرێنەوە و بە خاكی دایكیان ئاشت نەكەنەوە ئایا ئەو بەڕێزانەی داوای ئەمە دەكەن دەزانن ئەوەیان لە بیر كردووە ئەوانە بەشێكن لە جەستەی ئێمە و نەهێنانەوەی ڕووفاتەكەكانیان هێندەی لە زیندە بە چاڵكردنیان

ئازاری ئێمە دەدا؟. ئایا ئەو مرۆڤانە دەزانن ئەگەر شوێنێك نەبێت لە ناوچەکەم کە مەزاری ئەنفالکراوەکان بێت منی تەمەن ٢٦ ساڵە تا مردن دەرونیەن هەر لە چاوەڕوانی وئازاردا دەژیم.

دواتر دەبێت ئەوە بزانین ڕاستە ئەمڕۆ کوردستانەکەی من بەشێکە لە عێراق.بەڵام دەبێت ئەوە بزانین ئەگەر کوردێك هەبێت دەوڵەتی عێراق بە یەکێك لە دەوڵەتە داگیرکارەکانی کوردستان نەزانێت ئەوە مەترسیدارترین بیرکردنەوەیە. کەواتە بۆچی ئەمڕۆ ئێمەی کورد داوا بکەین ڕووفاتی قوربانیەکانمان لە خاکی دەوڵەتێکی داگیر کەردا بنێژرێن . ئەوێك تا ئێستا خۆی بە داگیرکار نەزانێت ئیتر چۆن وەفای دەبێت بۆ قوربانیەکانمان . ئەوێك منی زیندو ناتوانم هۆش و بیری بجوڵێنم تا بیر بکاتەوە کە داگیرکەرەو منیش هەمان مافی ئەوی عەرە بم هەیە وەك مرۆڤێك.

ئیتر قوربانیەکانمان چۆن ئەتوانن ئەو هەستەیان لادروست بکەن لە کاتێکدا کە ئەوی سەردەستە لە پێناوی داواکردنی ئەوەی وەك مرۆڤ بژیم چی لێ بە سەر هێناوم. هەندێك کەس ئەڵێن لە جەنگی جیهانی یەکەمدا سەدان سەربازی بەریتانیا لە باشوری عێراق کوژراون و تا ئێستاش هەر لەوێن نە براونەتە وە بۆ خاکی خۆیان با ئێمەش وا بکەین .

بەڵام لە پێش هەموو شتێکدا دەبێت ئەوە بزانین ئێستاو و نەوەد ساڵ پێش ئێستا دوو بارودۆخی جیاوازن و باری دەرونی و کۆمەڵایەتی من و مرۆڤێکی ئینگلیزیش نابێت وەکو یەك سەیر بکرێت.





دواتر بەریتانیا هاتوە عێراقی داگیرکردووە ئەوان ئەوە بە سەروەری بۆ مێژوی خۆیان دەزانن، بەڵام ئەو دەوڵەتەی کەسەکانمانی ئەنفال کردووە خۆی دەوڵەتێکی داگیرکەربوە خۆ ئێمە نەڕۆیشتوین باشوری عێراق داگیر بکەین و بۆ مێژو وەکو شانازییەك ڕووفاتی هەزاران مرۆڤی کورد لەوێ بنێژین،یاخود قوربانیەکان بە ویستی خۆیان چوبێتن بۆ ئەو شوێنە . بەڵکو ئەوان لە سەر ئاوو خاکی خۆیان دەستگیرکراون و بو لە ناو بردن براون بۆ باشوری عێراق .

کەواتە هیچ کام لە قوربانیەکان ڕازی نەبونە بە بردنیان بۆ بیابان ئیتر ئەمڕۆ ئێمە چۆن ئەو مافە بە خۆمان بدەین و بڵێین ئێوە لێرە بن و بن بە ناسنامەی نەتەوەیمان لە خاکی ئەو دەوڵەتەدا کە زیندە بە چاڵی کردن،ئێوە لێرە بن و مافی نەتەوەیمان لای ئەو دەوڵەتە بۆ دەستە بەر بکەن کە بە زیندویی ڕێگەی ژیانی پێنەدان.

لە کۆتایدا دەمەوێت بڵێم لەم وتارەمدا نەمویستوە ئەوانەی داوای لە باشور ناشتنەوەی ئەنفالکراوەکان دەکەن کەسانێکن دڵسۆزی ئەنفالو دۆزەکەی نین. بەڵکو بە پێچەوانەوە هەندێك لەو بەڕێزانە کەسانی دیارو بەرچاون لە خزمەتکردن بە مەسەلەی ئەنفال .

بەڵام بەندە جگە لەوەی کەسی هەرە نزیکم لە ئەنفالدا بوە بە قوربانی و ڕۆژانە ش بە ڕێگەی تێبینی زۆر شت لە مامەڵەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان هەڵدەهێنجێنم، هەروەها بەر لە ساڵێك کە قۆناغی چوارەمی بەشی کۆمەڵناسی بوم و توێژینەوەکە م لە سەر کارەساتی ئەنفال و لایەنە دەرونی و کۆمەڵایەتیەکانی ئەم تاوانە بوو لە سەر

كەسوكاری ئەنفالكراوەكان كە بە شێوەیەكی زانستی ئەمەم خستۆتە ڕوو بە تایبەتی لایەنی دەرونی ئەو كارەساتە كە لەم نوسینەدا سودم لێوەرگرتوە.

بۆیە بە پێویستی دەزانم بڵێم بڕیاری چەند ڕۆژی ڕابردو بۆ هێنانەوەی ڕوفاتی ئەنفالكراوەكانی گەرمیان لە باشورەوە بۆ زێدی خۆیان و ناو كەسوكاریان زۆر لە جێگەی خۆیدا بوەو ئەو ئازارەی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان بە هۆی نەبونی گۆڕی ئەنفالكراوەكانەوە لە بیست ساڵی ڕابردودا چەشتویانە ئەوە دەهێنێت كە هیچ بەرژەوەندییەك نەخرێتە جێگەی هێنانەوەی ڕووفاتی ئەنفكراوەكان.چونكە تەنها مەگەر كەسوكاری ئەنفالكراوەكان بزانن ئەنفال چی لێسەندن و چی بەسەرهێنان كە وەك كورد پێویستمان بە داهێنانی زاراوەو دەستەواژەو وشەی نوێ هەیە تاوەكو بتوانین خەمەكانی ئەنفال بنوسینەوە.

* ڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە (٤٧٦) یەك شەممە ٢٣-١١-٢٠٠٨





## كە ڕووفاتی ئەنفالكراوەكانی گەرمیان هێنرایەوە

ئەوەی ئەنفال جیادەكاتەوە لە زۆربەی ئەو تاوانانەی لە مێژوی مرۆڤایەتیدا ڕویانداوە،دروست كردنی چاوەڕوانیە لای كەسوكاری ئەو كەسانەی لەو تاوانەدا بێسەروشوێن كران ، دروست كردنی ئەم غەمە بێكۆتاییەش لە ڕێگەی نەدانەوەی ڕوفاتی ئەنفالكراوەكانەوە بو،چونكە هەر كەسێك كاتێك خۆشەویستیەكی لە دەست ئەدات ئەگەر تەرمەكەی ببینێت وبینیژێت وهەفتانە سەردانی گۆڕەكەی بكات ئەوا ئارامی زۆر بە لایەنی دەرونی دەبەخێشت ، دوای ماوەیەكیش كەسە لە دەست چوەكەی بیر دەچێتەوە یان یادەوەرییەكانی لا كاڵ دەبێتەوە. بەڵام چونكە كەسوكاری ئەنفالكراوەكان بێبەش بون لەمە بۆیە چاوەڕوانی هاتنەوەی كەسە بێسەروشوێنكراوەكانیان بو بە بەشێك لە ژیانیان و دواتریش كە دڵنیابون نەماون هێنانەوەی ڕوفاتەكانیان بوەتە خەمێك وچاوەڕوانیەكەیان هەر مایەوە.

هەر چەندە تا ئەم چركە ساتەش ڕێژەیەكی بەرچاو لە كەسوكاری ئەنفالكراوەكان بە تایبەت بە تەمەنەكان نەیاتوانیوە چاوەڕوانی بە زیندویی گەڕانەوەی ئەنفالكراوەكان لای خۆیان بسڕنەوە یان نایانئەوێت بڕوا بەوە بكەن كە جارێكی تر كوڕو كچە ئەنفالكراوەكانیان نابیننەوە،.

هەر چەندە دەشزانێت کە زیندە بەچاڵكراون بۆ نمونە كاتێك دایك ئـەنفالكراوێك دەڵێـت خۆزگـە سـەدام نەڕوخایـە هۆكـارەی چیـە؟. چونكە وتبوی بەس نیە هیوای هاتنـەوەی ئەنفالكراوەكانمان هەبو یان ئەو دایکە سێ کوڕە ئەنفالكراوەی لە كوردساتدا پیشان دراو هـەر بە شیعر دەریدەبڕی کە ئەنفالكراوەكان لـە عەرعـەر زینـدە بـە چـاڵكراون بـەڵام دەیـوت زۆر لـەوە دەترسـم كەسـێك بێـت وبڵێـت ئەنفالكراوەكان نـەماون ئەمە چی دۆزەخێكە ئەنفال بۆ كەسوكاری ئەنفالكراوەكان دروستی كردووە.

بەڵام ئەوەی جێگـەی پرسیارە بۆچی تا ئێستا حكومـەتی هـەرێمو سیاسیەكانی كوردستان خۆیان بێ ئاگا كردووە لەو غەمو ئازارەی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان بە دەستیەوە دەناڵێنن.

لەوانەیە بڵێن ئەوە نیە موچـەیان پێدەدەین وخانویـان بۆ دروست دەكـەین ؟. بـەڵام بەشێك لـە خەمـەكانی ئـەمان پەیوەنـدی بەلایـەنی مادییـەوە نیـەو بـەڵكو ئـەوان دەیـان ئـەوێت ئـەو بەشـەی ڕوح وجەسـتەیانە كـە كەسـوكارە ئەنفالكراوەكەیانـە بۆیـان بهێنرێنەوە،چونكە ئەمساڵ لە یادی ئەنفالدا بینیمان كاتێ ڕوفاتی ئـەو ١٨٧ ئـەنفالكراوە گـەرمیان هێنرایـەوەو كاتێـك گەیـشتە چەمـچەماڵ مـرۆ وا هەسـتی دەكـرد چـەند ڕۆژێكـە ئـەم كەسانەیان بێسەرو شوێنكراوەو ئێستا تەرمەكانیان هێنراوەتەوە،.

چـەند دایكـی كوڕو كـچی ئـەنفالكراو هەوڵیئـەدا تـەنها دەسـت بـەو ئۆتۆمبیلانـەوە بـدات كـە روفاتـەكانی لـە سـەر بـو .ئەگـەر كەسـێك خوێندنەوەیـەكی سـایكۆلۆژی بـۆ ئـەو دیمەنانـە بكـات ئـەو كاتـە





دەزانێت دەسـەڵاتی كورد چەند دڵڕەق و بێباكانـە مامەڵـەی لە گەڵ كەیسی ئـەنفالو ئەنفالكراوەكانـدا كـردووە چـونكە ئەگـەر دەوڵـەتی عێراق تا ساڵی ٢٠٠٣واتـە پانزە ساڵ بەرپرسی یەكەم بوبێت لە درێژەدان بەو خەم ئازارە ئەوا نزیكەی نیوەی ئەو ماوەیەی بەعس دەسـەڵاتی كـوردی وحكومـەتی هـەرێم بەرپرسـی سـەرەكین لـە هێشتنەوەی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان لەو وەها جۆرە ژیانێكدا كە پـڕاو پـڕە لـە مەرگەسـات ونەهامەتی،ئەگـەر تۆزقاڵێـك خـەمی ئـەو خەڵكانەیان هەبوایە هـەرگیز كـەم تەرخـەمیان نەدەنواند لـە بەرانبەر هێنانـەوەی ڕوفـاتی ئـەنفالكراوەكان كـە بـرای یـەكێك لـەو دو ئەنفالكراوەی ڕوفاتـەكانیان لـە چەمـچەماڵ نێـژرا وتبوی لـە ئەمڕۆ ئیتر چاوەڕوانی من كۆتایی هات ، هۆی چیە كەسانێك لـەم هەرێمـەدا دەسـەڵاتدارن بـەو شێوەیە لـە غـەمێكی وا دەڕوانـن؟ ئەوەنـدە بێبـاك ودڵ ڕەق وبێخـەمن؟ .ئایا نـازانن مـرۆ لـە چاوەڕوانیدا لـە خـراپترین باری دەرونیـدا دەژێـت؟ یایا نـازانن مـرۆ لـە چاوەڕوانیدا ناتوانێت ژیـانێكی ئاسـایی بگوزەرێنێـت ؟هەمیـشە لـە دڵـەڕاوكێ ودوودڵیـدا دەژێت؟،ئایا نـازانن چاوەڕوانی مردنێكـی لـە سـەرخۆی بە ئازارە؟. ئایا نازانن مرۆ لە چاوەڕوانیدا ناتوانێت مانا بە ژیان ببەخشێت؟. ئایا نازانن مرۆ لە چاوەڕوانیدا ناتوانێت خۆی لە گەڵ ژینگەكەیدا بگونجێنێـت؟. ئایـا نـازانن مـرۆ لـە چـاوەڕوانیدا هەمیـشە چـاو لـە دەرگایـە؟.ئـەرێ دەسـەڵاتداران ئـەنفالكراوەكان كـورد نـەبون؟. لـە پێناوی پشتیوانی لە شۆڕشەكانی ئێوەدا ئاوایان بە سەر دا نەهات؟. تـا ئێـستا ژمارەیـەكی زۆر كـەمی ڕووفـاتی ئـەنفالكراوەكان

هێنراوەتــەوە دەپرســم ئەگــەر ئــەنفالكراوەكانی ناوچــەی دوكــان تیمەكاتی پشكنینی بیانی ئەو كارەیان نەكردایەوە حكومەتی هـەرێم ڕوفاتــەكانیانی دەهێنایـەوە ؟ئایـا ئەگـەر ڕووفـاتی ئـەنفالكراوەكانی گەرمیانیش بە هۆی ئیحراجبونیان نەبوایە لە بەرانبەر نەجەفێكان ڕوفاتـەكانیان دەردەهێنـراو دەهێنرایەوە؟لە چەند ڕۆژی پێشودا لە زنجیرە چیای حـەمرین حـەفتا گـۆڕی بـە كۆمـەڵی ئـەنفالكراوەكان دۆزرایەوە كوا بەرنامەو پلانەكانی حكومەت بۆ هێنانەوەی ڕووفاتی ئەو گۆڕانە ئەزانن دوای لە دەسەڵات خستنی بەعسیەكان ئێوە خەڵكتان فریو دا بەوەی بۆیە پەلە ناكەن لە هێنانەوەی ڕوفاتی " ئەنفالكراوەكان چونكە پشكنینی "دی ئێن ئەی" یان بۆ دەكەن و بەوەش خەڵكی ڕووفاتی ئەنفالكراوەكەی خۆی دەناسێتەوە، بەلام دواتر دەركەوت ئەوە قسەو بەڵێنێكی بێبنەماو ناڕاستی ئێوە بو.

* ڕۆژنامەی چەرموو





## گەرمیان وكوێستان بێڕێزیكردن بە كەسوكاری ئەنفال

ئـازارو خەمـەكانی ئـەنفال دابـەش دەكرێـت بـە سـەر دوو قۆناغـدا یەكەمیان لە ساتی دەستپێكردنی كارەساتەكەوە تا ساڵی ١٩٩١ و ئەوی دیكەیان لە ڕاپەڕینەوە دەستپێدەكات تا هەنوكە.
ئەگەر دەوڵەتی عێراق ئەنفالكراوەكانی زیندە بە چاڵكردبێت و ژیانی بۆ كەسوكارەكەشیان كردبێت بە دۆزەخێك. ئەوا ئەو ئازارە دەروونی‌و ئـابوری و كۆمەڵایەتیـەی كەسـوكاری ئـەنفالكراوەكان لـە سـایەی حكومڕانی كوردیدا توشی بون هیچ لەو نەهامەتیانە كەمتر نەبو كە بەعس لە دوای ئەنفال دروستیكردو بە جێیهێشت.
بایەخـدانی حیزبـە كوردییـەكان بـە موستەشـارەكان و بـە شـەهید دانـــەنانی ئـــەنفالكراوەكان و فەرامۆشـــكردنی ناوچـــە زیـــان لێكەوتوەكانی ئـەنفال و بایەخنـەدان بـە كارەسـاتەكەو هەوڵـدان بـۆ بـچوكردنەوەو لــە بیركردنــی بــە چــەندین ڕێگــەی جــۆراو جــۆرو پـەنابردنی كەسـوكاری ئـەنفال بـۆ هـەموو جـۆرە كاسـبیەك بـە هـۆی خراپـی بـژێوی ژیانیانـەوە لـەو نمونـە بەرچـاوانەن كـە لـە سـایەی دەسەڵاتی كوردیدا كەسوكاری ئەنفالكراوەكان ئازار ئەدات.

**ئەوەی زیاتر لە هەموو شتێك كەسوكاری ئەنفالكراوەكانی ئازار داوە بێباكی حیزبەكانو ڕاگەیاندنەكانیان بو لە بەرانبەر ئەنفال، چونكە گرنگی نەدان بە تاوانەكە بە تایبەتی لە یادەكاندا ئەو هەستەی لای كەسوكاری ئەنفالكراوەكان دروستكرد كە دەسەڵاتی كوردی بێ نرخ و بێ بەها لە قوربانیەكان دەڕوانێت ئەگینا بەو شێوەیە مامەڵەیان لەگەڵ ئەنفال و كەسوكاری ئەنفالكراوەكان نەدەكرد.**

**سەرەڕای رەخنەو گلەییەكان لە ڕاگەیاندنی حیزبەكان لە بەرانبەر بایەخنەدانیان بە ئەنفال ، بەڵام یەكێك لەو كەناڵانەی كە لە چەند ساڵی رابردودا تا ڕادەیەك توانیبوی ئەم گلەییە لە سەرخۆی كەمبكاتەوە كەناڵی ئاسمانی كوردسات بو.**

**چونكە ئەم تەلەفزیۆنە بە بەراود بە كەناڵە ئاسمانیەكانی دیكە بایەخێكی زیاتری بە ئەنفال دابو،بۆ نمونە لەم تەلەفزیۆنەوە بەرنامەی ئەنفال پێشكەش دەكرا و لە ساڵیادەكانی ئەنفالیشدا بۆ چەند رۆژێك ئەو بەرهەمە هونەریو ئەدەبیانەی پەخش دەكرد كە تایبەت بون بە ئەنفال.**

**بەلاَم ئەوەی جێگەی ڕامانو نیگەرانیەكی بێ ئەندازە گەورەیە ئەوەیە ئەم كەناڵە لە بیست ودوەمین ساڵیادی ئەنفالدا ، دەستیكرد بە پەخشكردنی زنجیرە درامای گەرمیانو كوێستان هەر دوای چەند ئەڵقەیەك بە ئاشكرا هەست بەوە دەكرا ئەم زنجیرە درامایە نەك لە ئاستی گەورەیی تاوانەكەدا نیە بەڵكو ئەوەی لە بەرچاو نەگیراوە لایەنی سایكۆلۆژیو كۆمەلاَیەتی كەسوكاری ئەنفالكراوەكانە.**





**كاتێك كوردسات ریكلامی دەكرد بۆ ئەو زنجیرە درامایە بەر لە پەخشكردنی ، كەسوكاری ئەنفالكراوەكان و ئەوانەشی لەم بوارەدا كار دەكەن زۆریان پێخۆش بو كە زنجیرە درامایەك تایبەت كراوە بە ئەنفال و ژیانو گوزەرانی كەسوكاری ئەنفالو پیشاندانی خەمو ئازارەكانیان.**

**چونكە ئەنفال كارەساتێكە پێویستە لە هەموو ڕوویەكەوە كار بۆ زیندو هێشتنەوەو ناساندنی بكەین.**

**چۆن لە ڕووی سیاسیەوە پێویستە كاری جدی بۆ ئەنفال بكەین ئەوە لە رووی هونەریشەوە دەكرێت كاری لە سەر بكەین و سینەماكاران و شانۆكاران و دەرهێنەرانی ناوخۆو بیانی هانبدرێن و هاوكاریو دەستگیرۆیی بكرێن بۆ ئەوەی شاكاری شایستە بە ئەنفال بەرهەم بهێنن.**

**مۆزیكارو هونەرمەندانی ناوخۆو بیانی هانبدرێن بۆ ئەوەی سرود و گۆرانیو كلیپی تایبەت بە ئەنفال دروست بكە نو بەرهەم بهێنن.**

**رۆمانوس چیرۆك نوس و شاعیرەكان هانبدرێن و پاداشت بكرێن بۆ ئەوەی گرنگی بەم لابەنە بدەن.**

**شێوەكاران و پەیكەرتاشەكان یارمەتی بدرێن بۆ ئەوەی بتوانن بە بەهرەكانیان خزمەت بە ئەنفال بكەن.**

**ئەكادیمستو توێژەرەكان لە سەنتەری تایبەت بە ئەنفالدا كۆبكرێنەوە و ڕابسپێدرێن بۆ ئەوەی لایەنە نادیارو جۆراو جۆرەكانی كارەساتی ئەنفال بخەنە روو.**

تیۆریسزان وبیرمەندانی كوردو نەتەوەكانی تر بانگهێشت بكرێن بۆ ئەوەی ئەنفالو بەعسو شۆڤێنیزمی عەرەبی راڤەبكەن .

بەڵام دەبێت ئەوەش بزانرێت هەر بەرهەمێك لە هەر بوارێكدا بێت و تایبەت بكرێت بە ئەنفال دەبێت لە ئاستی گەورەیی ئەنفالدا بێت.

ئەگەر نا ئەوە لە بری خزمەت بە كەیسی ئەنفال زیانی پێدەگەیەنێت، ئەگەرچی ئەو بەرهەمە لە دڵسۆزییەوە بۆ قەزییەی ئەنفال سەرچاوەی گرتبێت .

بەڵام چونكە ئەنفال لە زۆر ڕووەوە جیاوازە لە هەر كارەساتێكی تری مێژوی نەتەوەكەمان، بۆیە ئەو كەسەی بیەوێت لەم بوارەدا خزمەتێك بكات زۆر گرنگە بە تەواوی لە مەسەلەی ئەنفالدا قوڵبێتەوەو لە هەمو كاریگەرییە سایكۆلۆژیو سۆسیۆلۆژییەكانی ئەم تاوانە شارەزابێت.

بۆ نمونە خەڵكانێك لە بری كەسوكاری ئەنفال دەڵێن پاشماوەی ئەنفال ، بەڵام ئەگەر شارەزایمان لە ئەنفال هەبێت و لە كەسوكاری ئەنفالكراوەكانەوە نزیك بین ئەزانین ئەم دەستەواژەیە چی كاریگەرییەكی دەرونی خراپی هەیە .

بەر لە چەند ساڵێك فلمێكی ناوخۆیی لە سەر ئەنفال بەرهەمهێنرا كە زیانی زۆری بە ئەنفال گەیاند، چونكە لە ئاستێكی زۆر نزمدا بو.

هەر بۆیە جۆرێك لە ڕەخنەی بە دوای خۆیدا هێنا دەبو كەناڵی كوردستانیش بەر لە دابەزاندنی ئەو زنجیرە درامایە هەستیاری بابەتەكەی لە بەرچاو بگرتایەو ئەو بەرهەمەی پیشانی كەسانی





شارەزا لە بواری ئەنفالدا بدایەو پێشوەختە گفتوگۆی لە سەر بكرایە بە تایبەتی لە رووی سایكۆلۆژیو سۆسیۆلۆژیەوە.

دەبو كوردسات پەیامی ئەو زنجیرە درامایەی بزانیبایە واتە دەیەوێت چی شتێك بگەیەنێت بە بینەر لەو چەند ئەڵقەیەی پیشاندرا تەنها یەك دەستەواژە بە كار نەهێنرا كە گوزارشت بێت لە گەورەیی وخەمو كۆست وئازارەكانی ئەنفال.

نازانم نوسەری دراماكە مەبەستی چی بو ژنێكی مێرد ئەنفال پیشان ئەدات لە نیوەی شەودا لە گەڵ پیاوێكی دراوسێدا قسە بكات وپێی بڵێت كە شەوان خەوی لێناكەوێت كە ئەمە لە رووی كۆمەڵایەتیو ئاینییەوە پەسەند نیەو لە هۆكارەكانی شەو نەخەوتنەكەیدا لە بری ئەوەی گەورەیی ئەنفال پیشان بدرێت كەچی وێنەیەكی تر پیشانی بینەر دەرێت كە زۆر نابەرپرسیارانەیە .

یاخود كچێكی دەزگیران ئەنفالكراو بە ئاسانی رازی ئەبێت پەیوەندی لە گەڵ كەسێكدا دروست بكات لە بری ئەوەی وەفای خۆی بۆ دەزگیرانەكەی دەربڕێت كەچی دەڵێت ئەمكوژن ئەگەر شوبكەمەوە لە كاتێكدا چەند جوان ئەبو ئەو دەزگیران ئەنفالكراوە رۆڵی ئەو سەدان كچەی ببینایە كە تا ساڵی ٢٠٠٣ چاوەڕوانی هاتنەوەی ئەنفالكراوەكانیان دەكردو ئامادە نەبون شوبكەنەوە.

ئەمە جگە لەوەی تا ئەم چركە ساتەش دەیان نمونەی تر هەیە وەك وەفایەك بۆ دەزگیرانە ئەنفالكراوەكانیان بریاریان داوە شو نەكەن .دواتر كەی دابونەریتی كەسوكاری ئەنفال ڕێگە ئەدات كچێكی گەنج لە گەڵ شۆفێرێكی گەنجدا هاتوچۆبكاتو پەیوەندی عاتیفانەش

دروستبكات ، شوكردنەوەی ژنە ئەنفال ودەزگیران ئەنفالكراو تاوان نیە بەڵام ڕەخنەكەمان لە مامەڵەكردنی دراماكەیە لە نیشاندانی ئەم مافەدا .

ئەبێت ئەوەش بزانرێت چەند بەعس بەرپرسیارە ئەوەندەش دەسەڵاتی كوردی بەرپرسیارە لە دروستكردنی كێشەی شونەكردنەوەی ژنە ئەنفالكراوەكان. چونكە زۆر بێباك بون دەربارەی ئەم كەیسە و زۆرباش دەیانزانی ئەنفالەكان نەماون كەچی بە شێوەیەكی فەرمیو یاسایی لە پەرلەماندا چارەنوسی ئەنفالكراوەكانیان ڕانەگەیاند.

ئەگەر ئەمە بكرایە ئەوە بەشێك لەم كێشەیەو ئازارە دەرونیەكانی چاوەڕوانیش كەمدەكرایەوە،بەڵام لە دراماكەدا تەنها كەسوكاری ژنە ئەنفالكراوەكانیان لەم كێشەیە بەر پرسیاركرد لە كاتێكدا لە كۆمەڵگەی كوردیدا شوكردنەوەی ژنی مردو ڕێگەپێدراوە.

لە ئاینی ئیسلامیشدا ئەگەر پیاوێك بێسەروشوێن بو واتە بەڵگەی تەواو لە بەردەستدا نەبێت كە لە ژیاندا نەماوە ئەوا بە پێی مەزهەبی ئیمامی شافیعی دوای حەوت ساڵ چاوەڕوانی ژنەكە بۆی هەیە شوبكاتەوە بەڵام دراماكە باسی پێنج ساڵ دوای ئەنفالی دەكرد.

هیچ توێژێكی كۆمەڵگەی كوردی ئەوەندەی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان پابەند نین بە لایەنی كۆمەڵایەتیو كلتوری كۆمەڵگەی كوردی و ئاینی ئیسلامەوە، چونكە ئەوان لە گوندا ژیاون كە سەرچاوەی ڕەسەنو كاریگەری كلتورو دابونەریتی كۆمەڵگەی ئێمەیە.





وە ئەگەر لە ناو ژن وكەسوكاری ئەنفالكراوەكانیشدا كەسانێك هەبوبێت بە جۆرێك لە جۆرەكان لە ژێر كاریگەری واقیعی تاڵی دوای ئەنفالدا توشی لادانێكی كۆمەڵایەتی بوبێت ئەوەش زۆر ئاسایەو لە هەموو كۆمەڵگەیەدا هەیەو نا ئاساییە ئەگەر نەبێت، بەڵام كردنی بە زنجیرە دراما ئەوە غەدرێكی گەورەیەو درێژەدانە بە ئامانجی ئەنفالچیەكان.

پەریخان كە ڕۆڵی ژنە ئەنفالكراوێكی دەبینی لە یەكێك لە قسەكانیدا دەیوت لە مفەوەزەتەكەدا "مەبەستی گفتوگۆی ساڵی ١٩٩١ی نێوان بەرەی كوردستانیو ڕژێمی بەعس بو" بە نوێنەرانی كوردیان وتوە ئەنفالكراوەكان نەماون و وەفاتنامەیان بۆ دەربكەن"

.ئەمە هەڵەیەكی زۆر گەورەبو چونكە لە ساڵی ١٩٩٣ هیچ ژنە ئەنفالكراوێك نەیدەزانی ئەمە بە نوێنەرانی كورد وتراوە ، بۆ نمونە لە ساڵی ١٩٩٧ لە یادی ئەنفالدا كۆسرەت ڕەسوڵ كە ئەو كاتە سەرۆكی حكومەت بو لە وتارێكدا لە ناحیەی شۆڕش بێ ئاگایی خۆی لە چارەنوسی ئەنفالكراوەكان پیشاندا بو.

ئەمەش گومانی لای كەسوكاری ئەنفالكراوەكان دروست كردبو بەوەی كە پێدەچێت ئەنفالكراوەكان مابن.دواتر هەموو ئەو توێژینەوە زانستیانەی كە لە چەند ساڵی رابوردودا لە سەر ئەنفالكراون دەریدەخەن تا لە ساڵی ٢٠٠٣ بە دەگمەن كەسوكارێكی ئەنفال هەبوە كە بێ هیوا بوبێت لە گەڕانەوەی ئەنفالكراوەكان.

هەروەها ئەو قسانەی پەریخان"ئەكتەرێكی ناودراماكەبو" دەیكرد ئەوەندەی بێزاربون بو لە تەنهایی و بێ مێردی ئەوەندە پیشاندانی ئازاری سەختی چاوەڕوانی نەبو بۆ ئەنفالكراوەكان، لە كاتێكدا تەنها چاوەڕوانی لای كەسوكاری ئەنفالكراوەكان لە ڕووی دەرونیەوە ئەوەندە ئازارێكی سەختی سایكۆلۆژی دروستكردووە دەكرێت ببێتە هەوێنی سەدان شاكارو بەرهەمی زانستیو هونەری وئەدەبی.

بەڵام بە داخەوە ئەم درامایە لە نیشاندانی چاوەڕوانیشدا لای كەسوكاری ئەنفالكراوەكان نەیتوانی سەركەوتو بێت.

نەدانەوەی رووفاتی ئەنفالكراوەكان لە لایەن بەعسەوە لە خۆڕا نەبو، نەك هەر ئەوەش بەڵكو بۆ ئەوەی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان هەردەم لە چاوەڕوانیدا بژین تا لە دەسەڵاتخستنی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ زۆرجار لە ڕێگەی دامودەزگاكانی خۆیەوە دەنگۆیەكی بە ناو خەڵكدا بڵاودەكردەوە بەوەی كە ئەنفالكراوەكان ماون و هەندێك جار ئەو دەنگۆیانە بە جۆرێك دروست ئەكران مرۆڤ بۆ ماوەیەك بڕوای پێدەكرد،خوشكێكی دوبرا ئەنفالكراو بۆی گێڕامەوە تا ساڵی ٢٠٠٣ جلوبەرگی كوردی ئامادەكراوم لە ماڵەوە دانابو بۆخۆم و منداڵەكانم كە بەعس رووخاو براكانم هاتنەوە ئاهەنگیان بۆ بگێڕین.

ئایا ئەزانرێت تا هەنوكەش دایكو باوكی ئەنفالكراو هەیە كە لە كاتێكی ناوەختدا كە لە دەرگا بدرێت خۆی دەچێت دەیكاتەوە بەو هیوایەی كەسێك هەواڵێكی خۆشی بۆ هێنابن دەربارەی ئەنفالكراوەكان؟.





ئایا ئەزانرێت دایكی ئەنفالكراو هەیە كە هەر چەندە ئامادەی هێنانەوەی رووفاتی ئەنفالكراوەكان بوە بەڵام لەم شەوانەدا لە تەلەفزیۆنی گەلی كوردستان دەیوت زۆر ئەترسم بڵێن ئەنفالەكان نەماون؟.ئایا ئەزانرێت خوشكی برا ئەنفالكراو هەیە تا ئێستا بڕوای بەوە هەیە كە ئەنفالەكان لە یەمەنن وماون؟.

ئایا ئەزانرێت باوكی كوڕە ئەنفال هەبوە چەندین هەزار دیناری لە ماڵەوە دانابو بەو هیوایەی كوڕە سەڵتە ئەنفالكراوەكەی بگەڕێتەوەو ژنی بۆ بهێنێت وتەنانەت لە گرانیەكەی ساڵی نەوەدەكانیشدا سەرەڕای پێویست بونی بەو بڕە پارەیە بەڵام دڵی ڕێگەی نەداوە دەستكاری بكات؟.ئایا ئەزانرێت دایكی كوڕە ئەنفال هەبوە لە ناحیەی شۆڕش رۆژانە چووەتە سەرجادەی گشتی نێوان كەركوك – سلێمانی كە لێیان پرسیوە بۆ ئەمە دەكەیت لە وەڵامدا وتویێتی بەڵكو كەسێك ببینم هەواڵێكی ئەنفالەكانی پێبێت؟.

زنجیرە درامایەك كە ئەم دیمانانەی تێدا نەخرێتە روو لایەنی كەم دەبو باسی ئەوەی بكردایە كە چۆن بە هۆی بێكاریەوە سەدان گەنجی باوك ئەنفال بوە پێشمەرگەو لە شەڕی ناوخۆدا بە كوشت دران .یان ئەو دایكانە پیشان بدرانایە كە بە هەوڵو ماندو بونی خۆیان روو بە روی ژیان بونەوەو منداڵەكانیان گەیاندە زانكو و كۆلێژەكان تەنانەت هەندێكیان بڕوانامەی خوێندنی باڵاشیان بە دەستهێنا .

ئەمە جگە لەوەی ئێستا لە زانكۆكانی كوردستانو دەرەوەشدا دەیان كچو كوڕی كەسوكاری ئەنفال خەریكی تەواوكردنی خوێندنی باڵان.

چەند جوان دەبو كوردۆ رۆڵی ئەو سەدان گەنجە باوك ئەنفالەی ببینایە لە پاڵ خوێندنەكەیاندا خێزانێكیشان بە خێو دەكرد نەك بچێت لە ڕێگەی قوتابخانە یەغەی كچی خەڵك بگرێت و گاڵتە بە جلوبەرگە كوردیەكەی بكرێت و بە جلو بەرگی حەماڵ ناوببرێت و بۆ رۆژی دواتر ناچاربێت پانتۆڵ لە پیٚ بكات كە ئەم بڕگەیە دەكرێت چەندین وتارو بابەتی لە سەر بنوسرێت.

یان دەبوایە لەو زنجیرە درامایەدا ژیانی ئەو باوك و دایكە ئەنفالكراوانە بخرانایەتە روو كە هەموو چركە ساتێكی ژیانیان پڕە لە ئازاری ئەنفال. "كاتێك كوردسات ئەم زنجیرە درامایەی پێشكەش دەكرد كەناڵی ئاسمانی گەلی كوردستان چاوپێكەوتنی دایكێكی سیٚ كوڕ ئەنفالكراوی پیشاندا كە ویژانی مرۆڤی دەهەژاند".

كارەساتێك ئەو هەموو نەهامەتیەی دروستكردبێت، بەڵام دوای ببستو دوو ساڵ زنجیرەو درامایەك پەخشبكرێت باسی دوو ساڵ دوای راپەڕین و پێنح ساڵ دوای ئەنفال بكات لە بری ئەوەی بەشێك لە ئازارە ئاماژە بۆ نەكراوەكانی ئەو سەردەمەی بۆ رای گشتی بخاتە ڕوو وەبەشێك لە خەمەكانی كەسوكاری ئەنفال كەمبكاتەوە كەچی سوكایەتیو بیڕێزیەكی زۆر بە هەستو نەست وكەسێتی قوربانیەكانی ئەنفال بكات و بیانو پاساو بەڵگەی ئەم درامایە هەرچی بێت ئەوە لە واقیعدا ئازارێكی دەرونی زۆری بۆ كەسوكاری ئەنفالكراوەكان دروستكرد بە جۆرێك كەسوكاری ئەنفال هەبوە ئەوەندە ئازاری چەشتوە نەیتوانیوە سەیری هەندێك لە بڕگەكانی بكات.





هەروەها ئەو ناڕەزایەتیەی لێیكەوتەوە تەنها لە ناو توێژێكی دیاریكراوی كەسوكاری ئەنفالكراوەكاندا نەبو بەڵكو لە پیرە ژنێكەوە بۆ گەنجێك لە پیاوێكەوە بۆ ژنێك لە نەخوێندەوارێكەوە بۆ خاوەن بڕوانامەیەك ئەم بەرهەمەی كەناڵی كوردسات ئازاری داوە و بوە مایەی نیگەرانی بۆی.

لە كۆتاییدا بە گرنگی دەزانم بڵێم دەبو یەكێتی خۆی وەك هەڵوێستێكی نیشتمانیو مرۆیی كەناڵی ئەو كەناڵەی دابخستایە ئەگەر بیانوش ئەوەیە كوردسات سەر بە مەكتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی یەكێتی نیە ئەوە ئەبو كەسی یەكەمی كوردسات كە خانمی یەكەمی عێراقە ئەم كارەی بكردایە.یان هەر هیچ نەبێت دەبو وەك ڕێزێك لە قوربانیترین توێژی كۆمەڵگەكەمان كە كەسوكاری ئەنفالكراوەكانە دەبو كوردسات بە فەرمی داوای لێبوردنی بكردایەو بۆ ماوەیەكیش ئەگەرچی یەكجاریش زاحمەتە كوردسات دابخرایە وناوەكەشی بگۆڕابایە.

چونكە لە دوای ئەو زنجیرە درامایەوە كەسوكاری ئەنفالكراوەكان بە تایبەتی لە گەرمیان لە بارێكی زۆر نا ئارامی دەرونیدان كە پێموایە ئەوە دەبوە ڕێوشوێنێكی بە پەلە بۆ هێوركردنەوەی ئەو بارە نائاساییە و گێڕانەوەی باری دەرونی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان بۆ پێش دراماكە.

گرنگیشە بۆ لە مەودوا وەزارەتی شەهیدانو كاروباری ئەنفالكراوەكان لیژنەیەكی پسپۆرو شارەزا دروستبكات بۆ پێداچونەوە و هەڵسەنگاندنی ئەو كارانەی لە سەر ئەنفال بەرهەم

دەهێنرێن بەر لەوەی بڵاوبێتەوە لە هەر بوارێکدا بێت،"ئەدەبی ،هونەری،سیاسی،یاسایی،فیکری،کۆمەڵایەتی،دەرونی".بۆ ئەوەی جارێکی دیکە هیچ کەسو دەزگاو لایەنێك ئەو هەڵەیە نەکات کە کوردسات کردی .

تێبینی: ئەم وتارە یەك کاتژمێر دوای ڕاوەستاندنی پەخشکردنی زنجیرە درامای گەرمیانو کوێستان نوسراوە،یەکێك لە ڕۆژنامەکان سەرەڕای بەڵێندانی بەڵام دوای چاوەڕوانیەکی زۆر بڵاوی نەکردەوە.

* سایتی کوردستان نێت ١٨-١٠-٢٠١١





## دوای گەرمیان و کوێستان هەڵەیەکی دیکەی کوردسات

دوای ئەوەی لە مانگی نیساندا کەناڵی ئاسمانی کوردسات زنجیرە درامای گەرمیان و کوێستانی پەخشکرد ڕەخنەو گلەییەکی زۆری لە ناو کەسوکاری ئەنفالکراوەکاندا لێکەوتەوەو بوە هۆی ئەوەی ئەو کەناڵە بڕیاری وەستاندنی بدات.

بەڵام لە بری ئەوەی ئەو کەناڵە بە فەرمی داوای لێبوردنی لە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بکردایە لە پای ئەو سوکایەتیە گەورەیەی بە کەسێتی و لایەنی سایکۆلۆژیو هەست ونەستی قوربانیەکان کرا لەو درامایەدا ، لە بری ئەوەی لە دوای ئەو ناڕەزایە زۆرو سەرتاسەرییەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکانەوە کەسانی شارەزا لە بوارەکانی سۆسیۆلۆژیو سایکۆلۆژیو ئەنفالناسی بانگهێشت بکرانایەو فاکتەرەکانی ئەو توڕەبونەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکانیان ڕاڤە بکردایە.

تاوەکو لە ئایندەدا ئەگەر هونەرمەندێك ویستی کارێك لە سەر ئەنفال بکات هەمان هەڵەی سیناریست و دەرهێنەری گەرمیان و کوێستان دوبارە نەکاتەوە.

بەڵام زۆر بە داخەوە لە بەرنامەیەكدا كە تایبەت بو بە قسە كردن لە سەر ڕەهەندەكانی ئەو درامایە هێندەی دیكە كەسوكاری ئەنفالكراوەكانی زویرو توڕە كرد، لە كاتێكدا دەبوایە كوردسات بەرپرسیارانە هەوڵی بدایە بۆ هێوركردنەوەی باری هەڵچونو ناتەواوی دەرونی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان كە گەرمیان و كوێستان بۆی دروستكردبون.

كەچی بە پێچەوانەوە كوردسات لەو بەرنامەیەدا هێندەی كەسوكاری ئەنفالكراوەكانی قەرزاربار كرد نیو هێندەی لە ئازارەكەیانی كەمنەكردەوە، راستە نوسەرێكی بواری ئەنفال و گەنجێكی باوك ئەنفال لەو بەرنامەیەدا وەك میوانی سەرەكی ئامادەبون.

بەڵام نە نوسەرەكە توانی تێروانینی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان وەكو خۆی بگەیەنێت، نە گەنجە باوك ئەنفالكراوەكەش ئەو توانا و ئاستە فكری و رۆشنبیرییەی هەبو كە بتوانێت گوزارشت لەو توڕەبونەی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان بكات كە بەرانبەر دراماكە دروست بوە.

من وەك رۆژنامەنوسێك ئەوەندەی گلەییەكانم ئاراستەی كوردسات و دەسەڵاتی كوردی دەكەم نیو ئەوەندە ئاراستەی ئەو گەنجە باوك ئەنفالەی ناكەم ،چونكە ئەوە گەورەترین شەرمە بۆ دەسەلاتی كوردی كە ئەمرۆ نەوەیەك لە دوای ئەنفال دروست بوە كە رێژەیەكی كەمیان نەبێت ئیتر ئەوانی تر ناتوانن تەنانەت گوزارشت لە خەمەكانیشیان بكەن. چونكە ئەگەر لە دوای راپەڕینەوە لە هەر یەك لە ناحیەكانی رزگاریو شۆڕشدا بیر لە كردنەوەی چەند كتێبخانەو سەنتەرێكی





رۆشنبیری بكرایەتەوە ،"لە ساڵی ٢٠٠٦ لە بەرنامەی چاوی سێیەمدا كە ڕەنج سەنگاوی پێشكەشی دەكرد وئەندام مەكتەب سیاسیەكی یەكێتیش ئامادەی بەرنامەكە بو ڕەخنەی ئەوەم لە حكومەتی هەرێم گرت كە چەندین هەزاری گەنجی كەسوكاری ئەنفال لە ناحیەی شۆڕش بێبەشن لە كتێبخانەو سەنتەری رۆشنبیری". بە دڵنیایەوە ئەمرۆ ژمارەی رۆشنبیرو رۆژنامەنوسی باوك ئەنفال زۆر لە ئێستا زیاتر ئەبون ئەو كاتەش زۆر بە سانایی دەیانتوانی قسە لە خەمو ئازارو ڕەخنەو توڕەبونەكانیان بكەن.

لە بەرانبەردا كوردسات كەسێكیان هێنابو كە دژی وەستاندنی دراماكە قسەی دەكرد هێندەو نیوێك تەمەنی گەنجە باوك ئەنفالكراوەكە لە بواری نوسین و فكرو رۆشنبیریدا كاردەكات.

هەر چەندە كوردسات كەوتە هەڵەیەكی زۆر گەورە بە هێنانی ئەو بەرێزە چونكە وەك خۆی لە بەرنامەكەدا ئاماژەی بۆكرد تەنها دوو ئەڵقەی لە دراماكە سەیر كردووە ، كە ئەگەر هونەرمەند كاك حوسێن میسری لە ژیاندا بمایە ڕێگەی نەدەدا ئەو بەرێزە بە یەك وشەش قسە لە سەر دراماكە بكات چونكە كارێكی نەشیاوە كەسێك لە كەناڵێكی ئاسمانیەوە دژی وەستاندنی زنجیرە درامایەك قسە بكات لە كاتێكدا تەنها دوو ئەڵقەی سەیركردبێت لەوانەشە بە تەواوی نەیدیبێت. "هونەرمەندی كۆچكردو شتێك كە زۆر نیگەرانی دەكرد ئەوەبو كەسێك سەیری كارەكانی نەكردایە ڕەخنە یان وەسفی بكردایە لە بەرنامەیەكی تایبەتی دوای زنجیرە درامای رەشەی

پۆلیسدا بە بێزاریەوە باسی كەسێكی كرد كە تەنها پێنج ئەڵقەی دراماكەی بینیوە كەچی ڕەخنەی لیگرتوە".

بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا تا ڕادەیەك لام ئاساییە ئەو بەرێزە سەرسەختانە بەرگری لەو درامایە بكات، چونكە ئازاری نەخۆش لای نەخۆشە، ئەوە ئێمەین هەست بە ئازارە دەرونی و كۆمەلایەتیەكانی ئەو درامایە دەكەین نەك بەرێزیان.

ئەمە جگە لەوەی ئەو بەرێزە باسی لەوە دەكرد بۆ چی شتەكان پیرۆز بكرێن و لە خاتریان دراما بوەستێنین بەڵام ئەو بەرێزە لە بیری چوبو كە ئەوە خۆیەتی موقەدەس دروست دەكات چونكە سینارست و دەرهێنەریش هەر مرۆڤن و بۆچی بۆمان نەبێت قسە لە سەر كارەكانیان بكەینو ڕەخنەیان لێبگرین.

دواتر ئەبێت ئەوەش بزانرێت خۆ دەرهێنەرو سیناریستیش لە ئەستێرەیەكی دیەوە نەهاتون و بێكەمو كوڕی بن بۆ ئاسایی نەبێت بەرهەمی كەسێك شایستەی ئەوە نەبێت پەخش بكرێت، بە تایبەت ئەگەر توێژێكی ناو كۆمەڵگە هەستبكەن سوكایەتیان پێكراوە، ئەگەر ئامانج لەو درامایە خزمەتكردنی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان و قەزێكەیانە ئەوە ئەوان دەنگ هەڵئەبڕن و هاوار ئەكەن تكایە بەم شێوازە نا. ئەمە جگە لەوەی هونەر بۆ خزمەتی مرۆڤایەتیەو پەیامەكەی مرۆیانەیە ئەگەر لە گەیاندنی ئەم پەیامەدا سەركەتو نەبێت بۆچی موقەدەسی بكەین.

دواتر كوردسات كارێكی زۆر نادروستیكرد بەوەی كە وای پیشانبدات نارەزایی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان لە شوێنی خۆیدا





نیە، ریپۆرتاژێكیان لە ناو بەرنامەكەدا پیشاندلو كەسانێك دژی وەستاندنی دراماكە قسەیان كرد من بۆخۆم لە گەڵ ئەوەم كە مرۆڤ ئازادە چۆن بیر دەكاتەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی ئەسەفو داخێكی زۆرە ئەوەیە كە تا ئێستا ڕاگەیاندنی حیزب وازینەهێناوە لەو شێوە كاركردنەی كە هەمیشە واقیعێك دەخاتەڕوو كە تەواو جیاوازە لەوەی كە هەیە، چونكە ئەوەی داوای وەستاندنی ئەو درامایەی كردووە كەسوكاری ئەنفالكراوەكانە و ئەوانیش بە ناوی خەڵكی كوردستانەوە قسەیان نەكردووە تا پێویست بكات ڕای خەڵكی تر وەربگیریدرێت ئەبێت كوردساتیش ئەوەی بزانیبایە كە دراماكە باسی ئەنفال و كەسوكاری ئەنفال دەكات.

واتە زیاتر لە هەموو توێژێكی تر پەیوەستە بە كەسوكاری ئەنفالكراوەكانەوە، هەر بۆیە ئەو نوسەرەی بەرگری لە دراماكە دەكرد تەنها دوو ئەڵقەی سەیرد كردبو چونكە گەرمیانو كوێستان ئەوەندەی بۆ ئێمە جێگەی بایەخپێدان بو بۆ ئەو بەرێزە وانبوە چونكە ئەنفال خەمێكی ڕۆژانەی ئەو نیە ئەگینا چۆن دوای ماوەیەكی زۆر لە ریكلامكردن بۆ ئەو درامایە بەرێزیان كاتی نەبو شەوی نیو كاتژمێر تەرخان بكات بۆ درامایەك كە باسی قوربانیترین توێژی كۆمەڵگاكەی دەكات.

هەر بۆیە ئەو بەرێزە نارەزایی كەسوكاری ئەنفالكراوەكانی پەیوەست دەكرد بەو نارەزایەی دژی گۆڤاری وێران دروست بوبو ، ئەگەر چی ئەم دوو ڕوداوە بە ڕێكەوت هاوكات بون بەڵام دورو نزیك پەیوەندیان بە یەكەوە نەبو چونكە من وەك ڕۆژنامەنوسێك نەمزانیوە

لەم هەرێمەی ئێمەدا گۆڤارێك بەو ناوەوە دەردەچێت ئیتر پیرەژنێك یان گەنجێكی نەخوێندەواری كەسوكار ئەنفالی ناڕازی لە گەرمیانو كوێستان چۆن دەزانێت، ئەمە جگە لەوەی ڕاگەیاندنی ئیسلامی كەمترین كاریگەری هەیە لە سەر كەسوكاری ئەنفالكراوەكان بە بەراود بە ڕاگەیاندنی یەكێتی. تاوەكو دەركردنی بەیاننامەكەی یەكگرتو ئەو خەڵكەی وروژاندبێت هەر بۆیە ئەڵێم دەنگی ناڕازیی لە دراماكە هیچ پەیوەندییەكی بە مەسەلەی گۆڤاری وێرانەوە نەبو.

هەروەها كوردسات چەندین ڕێگەی لە بەردەستدا بو بۆ ئەوەی هەڵەی دوەمی نەكردایە، بۆ نمونە دەتوانرا ئەو بەرنامەیە پەخشنەكرایە چونكە ڕاستەوخۆ نەبو، كە دەكرا لە بەرنامەیەكی ترو بە شێوەیەكی هێدیانەو لە سەرخۆ زنجیرە دراماكە هەڵبسەنگێنرایە، دەبو كوردسات سودی لەو بەرنامەیە وەربگرتایە و بیزانیبایە گەرمیان و كوێستان چی بارێكی دەرونی نا ئاسایی دروستكردووە چونكە ئەگەر كوردسات ڕاوێژكاری دەرونی و كۆمەلایەتی هەبوایە دەیزانی هەڵچونی ئەو گەنجە باوك ئەنفالكراوانە ئاماژەیە بۆ توڕەبونەكەیان لە دراماكەو دواتریش كاریگەری و شوێنەواری نیگەتیڤی ئەنفال.

نەدەبو كوردسات ئەو بەرنامەیە بەو ئاراستەیە دا ببات كە كەسوكاری ئەنفالكراوەكان خەڵكانێكن نامۆن بە خۆشەویستی و دژایەتیكردنیان بۆ دراماكە بەو هۆیەوە بوە، بەلآم ئەوەی لە گەرمیان و كوێستاندا پیشاندرا خۆشەویستی نەبو بەڵكو شتی تربو بە سادەیی قسەكردن بو لە سەر خۆشەویستی نەك بە مانا قوڵەكەی.





هەروەها دەبو بەڕێزانی سیناریست و دەرهێنەریش دیوی دوەمی شتەكانیان ببینیبایە نەك وەك ڕۆژهەلآتناسەكانی چەند سەدەی ڕابردو كاتێك دەهاتنە كۆمەڵگاكانی ئەم ناوچەیە هەر ڕەفتارو دیاردەیەكیان ئەدی تۆماریان دەكرد بە بیّ ئەوەی لە لایەنی مەعنەوی و شاراوەی شتەكان تێبگەن وردكی پێبكەن، هەر بۆیە دەبو بزانرایە دیاردەی شونەكردنەوەی ژنان و كچانی مێردو دەزگیران ئەنفالكراو هۆكارو لایەنی شاراوەی تری هەیە نەك ڕێگەنەدان و هەڕەشەی كوشتنیان، ئەم دیاردەیە گەورەترین دیوی ئەخلاقی هەیە كە وەفایە بەداخەوە ئەو درامایە نەیتوانی پەی بەمە ببات.

ئەگەر سینارستی بەڕێز نوسینەكانی" عەبدول كەریم سروش و عەلی شەریعەتیو مستەفا مەلیكیان و بیرمەندو عیرفانی گەورەی كورد تەحسین حەمە غەریب و شیعرەكانی مەولانەی ڕۆمیو حافزی شیرازی و مەحوی بخوێندایەتەوە ئەوە بە قوڵی لە خۆشەویستیو عیشقو وەفاش تێدەگەیشت و دەیزانی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان چەند مرۆڤی بەرزنو چاوەڕوانی ئەوان بۆ كەسە ئەنفالكراوەكانیان مانای چیە؟. ژنە ئەنفالكراوەكانی كوردستان چۆن ناڕازی نابن لە درامایەك كە هیچ بە هایەك بۆ ئەو وەفاو ئەخلاقە بەرزەی ئەوان دانەنێت. چونكە لای ئەوان چاوەڕوانی ڕێزگرتنە لە كەسە ئەنفالكراوەكانیان كە بەشێكن لە جەستە و ڕوحیان و بۆ ئەبەد لە بیرناكرێن، بەلآم كاتێك كارئەكتەرێك ڕۆڵی ژنە ئەنفالكراوێك دەبینێت كە هێشتا ماوەی ئایدیو كۆمەلآیەتیش تەواو نەبوە كە حەوت ساڵا

پەیوەندی لە گەڵ كەسێكدا دروست دەكات ئەمە مانای نیشاندانێكی گەورەی بێنرخكردنی قوربانیەكانە، لە كاتێكدا لە سایكۆلۆژیاو عەقڵێتی تاكی كەسوكار ئەنفالدا بەهاو خۆشەویستیو بەڵگەی لە بیرنەكردنی ئەنفالەكان لە چاوەڕوانیدا بەرجەستە بوە ، كەم نین ئەو ژنە ئەنفالكراوانەی كە پەیوەندی كۆمەڵایەتیان لە گەڵ ئەو كەسانە بچڕاندوە كاتێك پێیان وتون بۆ شو ناكەنەوە چونكە لای ئەوان ئەمە بەو شێوەیە لێكدراوەتەوە كە ئەو كەسە هاوسۆزنیە لە گەڵ ئەمدا بۆ كەسە ئەنفالكراوەكەی.

ئەو بەرێزانە تێناگەن بۆچی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان ئەو درامایە تورەی كردن ؟. دەكرێت مرۆڤ جەستەی ئازار بدرێ لای ئاسایی بێت بەڵام ئازار دانی روح زۆر سەخترە لە هی جەستە. ئەو بەرێزانە نەیاندەزانی خۆشەویستیو عیشق و وەفا لای كەسوكاری ئەنفالكراوەكان شتێكەو ئەوەی لەو درامایەدا باسكراوە شتێكی دیكەیە، ژنێكی كەسوكاری ئەنفال لە ناو جوانی سروشت وسەوزایی وەرزی بەهارو كاتی دروێنەو ئاگركردنەوەی نەورۆزی گوندەكەیاندا خۆشەویستی مێردەكەی لە دڵدا چەكەرەی كردبێت ئەمرۆ چۆن خۆشەویستی لە ئۆردوگایەكی زۆرە ملێدا كە هیچ یادگاریەكی لە گەڵدا نیە و تەواو نامۆیە بە ژینگەی پڕ لە عیشقی بەر لە ئەنفال دەتوانێت ئەو عیشق و خۆشەویستیە ی پێشوی لە بیر بباتەوە.





بەڵگەیەكی تری دوری برای دەرهێنەر لە روحی كەسوكاری ئەنفالكراوەكانەوە ئەوەیە لەو بەرنامە تایبەتەی كوردساتدا چەند جارێك ئەوەی دوبارە كردەوە كە كەناڵێكی تەلەفزیۆنی رۆیشتوە بە ژنی كەسوكاری ئەنفالكراوی وتوە وەرن قسە بكەن چونكە ئێوە سوكایەتیتان پێكراوە، بە واتا ئەو كەناڵە ئەو ناڕەزایەتیەی دروستكردووە گریمان شتێكی واش هەبوە بەڵام ئەو درامایە هەر لە دوای چەند ئەڵقەیەك بە شێوەیەك روحی ئازارداین كە گوزارشت لێكردنی زاحمەتە هەروەك چۆن بڕوامان بەوە هەیە پێویستمان بە داهێنانی وشەی نوێیە بۆ ئەوەی بتوانین ئازارەكانی ئەنفال بنوسینەوە . زۆرشت هەبوە خەمو خەفەتی كەسوكاری ئەنفالكراوەكانی زیاترو زۆرتر كردووە بۆ نمونە ئەو رۆژەی دەسەڵاتی بەعسیەكان لە بەغداد روخا ئەگەر بە دیوێكدا رۆژێكی خۆش بوبێت بۆ كەسوكاری ئەنفالكراوەكان ئەوە بە دیوەكەی تردا بە یەكێك لە ناخۆشترین روداوەكان دادەنرێت بۆ كەسوكاری ئەنفالكراوەكان. چونكە ئیتر بە یەكجاری بێ هیوابون لە گەڕانەوەی خۆشەویستانیان"هەر چەندە ئێستاش ژمارەیەك لە كەسوكاری ئەنفالكراوەكان لە حاڵەتی چاوەڕوانیدان" هەر بۆیە ژنێكی بە تەمەنی كەسوكار ئەنفال لە تەلەفزیۆنەوە دەیوت خۆزگە سەدام نە روخایە ، ئەگەر كەسێك لە دیوی دوەمی ئەم قسەیە تێنەگات ئەوە دەكەوێتە هەمان هەڵەكەی كوردساتەوە.

بەڵام لە دوای گەرمیان وكوێستانەوە تا ئێستا بیر دەكەمەوە شتێك بەخەیاڵمدا نەهاتوە بە ئەندازەی ئەو درامایە ئازاری روحی

كەسوكاری ئەنفالكراوەكانی دابێت.لام سەیربو كاكی دەرهێنەریش ئەوەندەی زانیاریم هەبێت خودی كوردسات ئەو توڕەبونەی كەسوكاری ئەنفالكراوەكانیان بە هاندانی لایەنێكی ئۆپۆزسیۆن زانیبو . لە كاتێكدا نەك لایەنێكی سیاسی هەموو حیزبەكانی كوردستان ناتوانن كەسوكاری ئەنفالكراوەكان بەو ئەندازەیە هاوڕابكەن  لە سەر قەزێیەك.

بەڵام سەرەڕای بونی هەر  جیاوازییەك  هەمو یان زۆرینەی ڕەهای كەسوكاری ئەنفالكراوەكان هاوڕابون بۆ  وەستاندنی دراماكە"هەر چەندە كوردسات چەند كەسوكار ئەنفالێكی دواند بەوەی كە دراماكەیان پێباش بوە بەڵام من بۆ خۆم تا نوسینی ئەم وتارە یەك كەسێكم نەبینوە لە كەسوكاری ئەنفال كە دراماكەی لا پەسەند بوبێت" تەنانەت ئەگەر وەفای كەسوكاری ئەنفالكراوەكان نەبوایە بۆ كوردسات چونكە لە چەند ساڵی ڕابردودا بە بەراود بە كەناڵەكانی تر تا ڕادەیەك بایەخێكی زیاتری بە ئەنفال داوە ئەوە كاردانەوەی زۆر توندو چاوەڕوانەكراوی لێدەكەوتەوە.

هەروەها دەبو كوردسات توانا‌و ئاستی سینارستەكەیان هەڵبسەنگانایە كە تاوەكو بزانرێت ئایا گەرمیان و كوێستان بەرهەمی چەند ساڵ ماندبون و بیركردنەوەیە؟ ئایا برای سینارست كە نیازی ئەوەی هەبوە  ژیانی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان بكاتە دراما چەند لە ناویان ژیا بۆ ئەوەی لێیان تێبگات؟ ئایا پێی وترا چەند بەرهەمت لە سەر ئەنفال خوێندۆتەوە؟ چەند لەو توێژینەوانەی كە لە سەر ئەنفالكراون بە تایبەتی لە زانكۆكان چونكە ساڵانێكە





قۆناغی چوارەمی هەندێك بەش و كۆلێژ بە تایبەتی بەشی كۆمەڵناسی چەندین توێژینەوە لە سەر  ئەنفال ئەنجام ئەدرێت بینیوە ؟"من بۆخۆم لە بەر ئەوەی بڕیارمدابو توێژینەوەی دەرچونەكەم لە سەر ئەنفال بێت لە چوارەمی ئامادەیەوە كەوتمە خوێندنەوەو كۆكردنەوەی هەمو ئەو بەرهەمانەی  كە لە سەر ئەنفال نوسرابون  ". نمونەیەكی تر لە سەر ئامادەكاری بۆ هەر بەرهەمێك كە كەسێك بیەوێت پێشكەشی بكات لە ساڵی ٢٠٠٦ كە قۆناغی سێیەمی زانكۆ بوم یەكێك لەو ڕۆشنبیرانەی كە لە بواری فەلسەفەی ئەخلاق ومەعنەویەتدا كار دەكات لە هۆڵی ڕاپەڕینی زانكۆ سێ ئێوارە كۆڕی بۆ ساز كردین لە سەر "عیشق وفەلسەفەو ئەخلاق"كە پێی وتین تەنها لە ساڵو نیوی ڕابردودا زیاتر لە پانزە هەزار لاپەڕەم لە سەر فەلسەفەی ئەخلاق خوێندۆتەوە .ئینجا ئەو بەرێزە هاتبو ئەو زنجیرە كۆڕەی گێڕابو.

هەروەها لە ئێران ئەو زنجیرە درامایانەی كە باسی ڕووداوی زۆر گرنگ بكەن بۆ نمونە چیرۆكە قورئانیەكان ئەوا چەندین ساڵی پێدەچێت تاوەكو مافی تەواو بدەن بەو ڕوداوەو لە نرخ و بەهای كەم نەكەنەوە نەك وەك ئەم درامایە كە بە هۆی هەڵە زۆرەكانیەوە خەڵكی بە لای ڕەخنە هونەریەكانیەوە نەچون ئەوەش نیشانەی لاوازی ئەو بەرهەمەی پیشاندا ، بەڵام ئەگەر وەك چەند درامایەكی ڕابردوی تەلەفزیۆنە كوردیەكان ئاستێكی تا ڕادەیەك هونەری باشی هەبوایە ئەوا بە دڵنیایەوە سەدان وتاری لە سەر دەنوسرا ئیتر بە وەسف یان ڕەخنە بوایە.

چی جا ئەوەی تاوانێکی گەورەی فرە ڕەهەندی وەك ئەنفال چونکە یەکێك لەو تاوانە زۆر دەگمەنانەی مێژوی مرۆڤایەتیە کە ئەگەر زۆر بە سەلیقەوە دەستی بۆ نەبەین ئەوە لە بری سود زیانی پێدەگەیەنین.

هەر بۆیە دەرهێنەری گەورەی کورد بەهمەنی قوبادی کاتێك لێیان پرسیبو بۆ کار لە سەر ئەنفال ناکەیت لە وەڵامدا وتبوی دەبێت ڕوداوێك لە ناو ئەنفالدا بکەمە فلیم کە گەورەیی ئەو کارەساتە پیشان بدات.

کەواتە گرنگە مرۆڤ زۆر وریانە مامەڵە بکات لە گەڵ هەڵبژاردنی هەر گۆشەیەك لە ئەنفال کە ئەگەر بیەوێت کاری لە سەر بکات. بۆ نمونە هونەرمەندی گۆرانبێژ کاك دیاری قەرداغی زۆر لێهاتوانە توانی لە ڕێگەی یەکێك لە کلیپەکانیەوە خەمێکی گەورەی ئەنفالمان بۆ بخاتە بەر چاو کە چاوەڕوانیی بەردەوامی ژنێکە بۆ منداڵە ئەنفالکراوەکانی . هەر بۆیە نەدەبو میوانانی ئەو بەرنامەیەی کوردسات بە بیانوی ئەوەی گەرمیان و کوێستان هونەرە چۆن دەبێت ئەو تورەبونەی لێبکەوێتەوە بە دڵنیایەوە ئەگەر گەرمیانو کوێستانیش بە هەمان سەلیقەی کاك دیاری کاری بکردایەو کەسوکاری ئەنفالکراوەکان هەستیان بکردایە ئەم درامایە بە کردەوە خەمەکانی ئەمان پیشان ئەدات ئەوە نەك نارەزایەتی لێنەئەکەوتەوە. بەڵکو سینارست و دەرهێنەری دراماکە دەبونە ئەو مرۆڤانەی کە ئەمرۆ لە ناو کەسوکاری ئەنفالکراوەکاندا جێگەی شانازی و ڕێزن. چونکە لە دوای راپەرینەوە شتێك کە بەردەوام کەسوکاری





ئەنفالکراوەکانی ئازار داوە بایەخنەدان بوە بە ئەنفال، لە بەر ئەوەی سروشتی مرۆڤ وایە کاتێك کارەساتێکی بە سەردا دێت ئەگەر هەست بکات خەڵکی بەشدارنین لە کۆستەکەی ئەوداو هاوخەمی نین ئەوە خەمو ئازارێکی زۆر دەچێژێت.

بە پێچەوانەشەوە ئەگەر کەسێك خۆشەویسترین کەسی لە دەستبدات بەڵام بە ڕێژەی هاوخەمی خەڵکانی تر ئەو لە خەمەکەی کەمدەبێتەوە، کە جێگەی نیگەرانیەکی قوڵە نەتوانرا ئەم لایەنە سایکۆلۆژییە لە بایەخدان بە ئەنفال بە هەند وەربگیردرێت و بەشێك لە ئازارەکانی کەسوکاری ئەنفال کەمبکرێتەوە، هەر ئەمەش وایکردووە لە دە ساڵی رابردودا کەسێك بە کارێك ئاوڕی لە ئەنفال دابێتەوە ئەوە دەستخۆشیم لێکردووەو سوپاس وپێزانینی خۆمم بۆ دەربڕیوە لەوانەشە ئەو بەرێزە هەستی بە کاریگەرییە دەرونیەکانی ئەو خزمەتەی نەکردبێت.

بەڵام مەبەستم بوە بزانێت کە هەوڵەکەی لای کەسوکاری ئەنفالکراوەکان چەند بەرز دەنرخێنرێت هەروەها هاندانێکیش بێت بۆ بەردەوامبونی.

واتە خزمەتکردن بە ئەنفال لەو سەرەخۆشیکردنە دەچێت کە لە پرسەدا لە خاوەنی پرسەکە دەکرێت چەند ناخۆشە بۆ کەسێك یان خێزانێك یان بنەماڵەیەك کە پرسەکەیان چۆڵ بێت وخەڵکی بەشداری نەکات وسێبوریان نەداتەوە، سەد حەیف بایەخنەدان و ئاوڕنەدانەوەی جدی دەسەڵات و حکومەتی کوردی لە نۆزدە ساڵی

رابردودا بێباكیەكی زۆر نابەرپرسیارانە بو لە بەرانبەر بەشدارینەكردنی پرسەی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان.

دەبو كوردسات و دەرهێنەر بەر لەوەی گومان بكەن كە لایەنێكی سیاسی رۆڵی هەبوە لە هاندانی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان ئەبوایە ئەو ڕاستیەیان بزانیبایە . ئەگەر كارێك جێگەی رەزامەندی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان بێت هیچ كەسێك ناتوانێت و جورئەتی ئەوەش ناكات خەڵكی لە دژ هانبداتو لە بەهای ئەو كارە كەمبكاتەوە. هەر بۆ نمونە كاتێك لە جەژنی قورباندا سەرۆكی حكومەت سەردانی خانەوادەی ئەنفالكراوەكانی كرد لەناحیەی شۆڕش سەرەڕای ئەوەی هەوڵێك هەبو بۆ ئەوەی لە بەهای ئەم كارەی سەرۆكی حكومەت كەمبكاتەوە، بەڵام نەك سەری نەگرت بەڵكو بە پێچەوانەوە ئێستاشی لە گەڵدا بێت بەرێزە لەو سەردانەی سەرۆكی حكومەت دەڕوانرێت.

هەروەها ئەوەندەی تێبینیم كردبێت لە چەند ساڵی رابردودا كەسوكاری ئەنفالكراوەكان زۆر بە پەرۆشەوە هاوكاری ئەو كارە هونەریانەیان كردووە كەباسی لە ژیان و گوزەرانیان كردبێت ئەو ئافرەتەی كە لە كلیپە كەی كاك دیاریو چەندین كاری هونەری دیكە رۆڵ دەبینێت گەواهی دەری ئەو ڕاستیەن تەنانەت كچی باوك ئەنفال هەیە داوای لێكراوە لە شانۆگەریدا رۆڵ ببینێت چونكە نزیكە لە بە سەرهاتی ئەوەوە زۆر بە خۆشحاڵیەوە بەشداری كردووە. بۆیە نەدەبو ئەو بەرنامەیەی كوردسات ئەوە پیشان بدات كە كەسوكاری ئەنفالكراوەكان لە هونەرەوە دورن.





هەروەها گەورەیی دەبو بۆ دەرهێنەری دراماكە كە لە بەرنامەكەدا ئامادەبو داوای لێبوردنی بكردایەو دانی بە سادەیی‌و هەڵەی دراماكەدا بنایەو بیوتایە ببورن كە هەر چەند من مەبەستم خزمەتكردنی ئێوەبو بەڵام نەمنتوانی . نەك هەر سور بون لە سەر ئەوەی كە كارەكەی بەرێزیان شایستەی ڕاوەستاندن نەبو . بۆ نمونە لە دوای ئەوەی سینارستو دەرهێنەرو هونەرمەندی بە ئەزمونی كۆچكردو كاك "حوسێن میسری" كارێكی كرد بۆ كەركوك بە ناوی زنجیرە درامای نیشتمان و كەناڵی كوردسات پەخشی كرد دوای تەواو بونی دراماكە دەزگای خەندان لە كەركوك ئێوارە كۆڕێكی بۆ بەرێزیان ساز كرد بە مەبەستی گفتو گۆكردنو هەڵسەنگاندنی دراماكە.

گەنجێكی ئامادە بوی ئێوارە كۆڕەكە شانزە هەڵەو تێبینی لە سەر دراماكە خستە ڕوو، دەرهێنەری كۆچكردو پێینەوت تۆ لە هونەر نازانی و ئەوەی من كردومە هونەرە و ئیتر بۆ كەس نیە ڕەخنەی لێبگرێت بەڵكو لە وەڵامدا وتی تێبینیەكانت زۆر وردو بە جێن و من هەستم بە كاریگەری خراپی هەندێ لایەنی دەرونی وكۆمەڵایەتی شتەكان نەكردووە، بەڵێنیدا لە ئایندەدا سوودیان لێوەربگرێت وهەڵەكانیش دوبارە نەكاتەوە . هەر كەسێك لە نزیكەوە ئەو هونەرمەندەی ناسیبێت ئەوە دەزانێت ئەو دەرهێنەرە شتێك كە نەیدەزانی موجامەلە كردن بو ئەگەر سەرنجەكانی ئەو گەنجە لە جێگەی خۆیدا نەبوایە ئەوە ڕەتیدەكردەوە.*

هەروەها دەبو كوردسات ئەوەشی بزانیبایە كە كەسوكاری ئەنفالكراوەكان یەكەم كەس نین نارەزایی لە كارێك دەردەبڕن لە بیرمانە لە كۆتایی نەوەدەكاندا رۆمانەكەی دكتۆر فەرهاد پیربالْ بە ناوی مولازم تەحسین وشتی تریش چی هەلاّیەكی نایەوەو گەورەترین نارەزایی لێكەوتەوە لە شارێكی ئەدەب دۆست و زیندوی وەك سلێمانیدا. چونكە هەستیان كرد لەو رۆمانەدا سوكایەتی بە سەروەریەكانیان كراوە هەر بۆنمونە لەم رۆژانەدا مامۆستایەكی بەشی راگەیاندنی زانكۆی سلێمانی كە ماوەی بیست سالّیش دەبێت رۆژنامەنوسێكی ناسراوە لە بەرنامەیەكی راستەوخۆی ڕادیۆی نەوادا ڕەخنەی لەو رۆمانە گرتەوە ،باشە دوای دە سالْ مامۆستایەكی زانكۆ بەو شێوەیە سەیری ئەو بەرهە ئەدەبیە بكات كەسوكارێكی ئەنفال بۆچی بۆی نەبێت داوای وەستاندنی بەرهەمێكی هونەری ئاست نزم بكات لە كاتێكدا جیاوازیەكی گەورەش هەیە لە نێوان ئەو دوو ڕوداوەدا .چونكە ئەو بارودۆخەی ئەنفال لای كەسوكاری ئەنفالكراوەكان دروستی كردووە لە ڕوی دەرونیو كۆمەلاّیەتیەوە هەرگیز بەراود ناكرێت بە ژینگەی خەلّكی سلێمانیو هەروەها ئەو رۆمانە لەوانەیە چەند سەد كەسێك خوێندبێتیانەوە بەلاّم تەلەفزیۆن دەچێتە هەمو مالّێك وكاریگەری زۆر زیارتری دەبێت وەك لە بەرهەمێكی نوسراو.

هەروەها چەند سالّێك پێش ئێستاش بەرنامەیەكی ئەو كەنالّە ڕەخنەیەكی زۆری لە ناو خەلّكی شاری ڕانیەدا دروستكرد بەوەی وا





هەستیان كرد ئەم كەنالّە سەروەری و شانازیەكانی ئەوانی شێواندوە.

هەروەها ئەوەی لە نزیكەوە ئاگای لە كێشەكانی كەسوكاری ئەنفال بێت دەزانێت لە دوای سالّی ١٩٩٧ەوە هەندێك لە كێشە یاساییەكانی كەسوكاری ئەنفال چارەسەركرا واتە چوار سالْ دوای ماوەی دراماكە ئەوەی كێشە نەبو لە سالّی ١٩٩٣ مەسەلەی شوكردنەوەی ژنە ئەنفال بوە بە ئێستاشەوە شتێكی لەم جۆرە نەبوە بە كێشەو باسێك لە ناو كەسوكاری ئەنفالكراوەكاندا باشترین نمونە ئەوەیە كە ئەو ژمارە ژنە ئەنفالكراوەی شوی كردۆتەوە یەكجار كەمەو هەرگیز بەراود ناكرێت بەو ژنانەی ئارەزومەندانە و بە ئازادی خۆیان بریاریانداوە شونەكەنەوە.

بەلاّم جێگەی سەرسورمانە دراماكە باز ئەدات بە سەر ئەو هەموو كێشانەی كە لەو كاتەداو بە ئێستاشەوە بەشێكە لە ژیانی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان، واتە وەك ئەوە وایە كەسێك شێرپەنجەی بێت بەلاّم تۆ باسی سەر ئێشەی بۆ بكەیت.

كۆتا سەرنجم لە سەر بەرنامە تایبەتەكەی كوردسات لە سەر دراماكە ئەوەیە كە لە بەرنامەكەدا باس كرا كە ئەم درامایە ویستویەتی ژیاندۆستی لە ناو كەسوكاری ئەنفالكراوەكاندا زیندوبكاتەوە یان بە واتایەكی تر ئەم لایەنەی ژیان زالْ بكات بە سەر مەرگ دۆستیدا ، بەلاّم لەمەشدا دراماكە ئاستێكی زۆر نزمی هەبو چونكە قسە كردن لە سەر ژیان دۆستی پێویستی بە باگراوندێكی بەرزی فیكریو فەلسەفیو ئەدەبیو هونەری هەیە نەك كورتكردنەوەی لە هەندێك

پەیوەنـــدی خۆشەویـــستیدا، لـــە كـــۆی ئـــەو دوازدە ئەڵقەیـــەی پێـشكەشكرا شـتێكمان نـەبینی هێمـا بێـت بـۆ هەوڵـدان بـەوەی كەسـوكاری ئـەنفال ژیـانی لا جـوانتر بكرێـت و بـڕواو متمانـەو سـەربەخۆیی كەسـێتی پێببەخـشرێتەوەو خۆشەویـستی ژیـانی لا زیـاتر بكرێـت. بـەڵكو پیـشاندانو خـستنە روی ژیـانی كەسـوكاری ئەنفال بەو شێوەیەی لە دراماكەدا بینیمان  خەمەكانی زۆرتركردن.
لە  كاتێكدا دەكرا لە  سیناریۆكەدا دەیان دەستەواژەو گوزارشتی بە هێـزی تێدا بەكاربهێنرایـە كـە دەرونییـەن كاریگـەری زۆری دەبـو لـە سەر ژیان دۆستی لای كەسوكاری ئەنفالكراوەكان، ئەمە جگە لـەوەی ئێستا لـە ناوەنـدی ڕۆشـنبیری كوردیـدا كەسـانێك هـەن خـاوەنی زۆر وتـەو قـسەی بـە نـرخن بـۆ ژیـان هـەروەها لـە نـاو ئـەدەبی وڵاتـانی دراوسـێو گـەلانی دیكـە جیهـانیش دەكـرا سـود وەربگیرایـە نـەك بـە كارهێنانی هەندێك دەستەواژەی زۆر سادەو ناوبازاڕیانە وەك ئەوەی كچە خوێندكارێكی ناو دراماكە گاڵتە بە شەرواڵەكەی كوردۆ دەكات و بە بەرگی حەماڵی ناو دەبات ئەمەش لێدانـە لـە كەسێتی كرێكـار و لـە هەمانكاتـدا ناشـرینكردنی جلوبـەرگی كوردییـە هـەروەك چـۆن هەنـدێك جـار بەرنامـەی بەرنامـەو زنجـیرە دراماكـانی تـریش ئەمـە دەكەن.





## وازهێنانم لە ڕێكخراوی ژیان بۆ ژنانی ئەنفال

كاتێـك لـە قۆنـاغی سـێیەمی زانكـۆ بـوم لـە سـاڵی ٢٠٠٦ ، هـاوڕێو مامۆسـتای بـەڕێزم  فـاتیح سـەنگاوی پەیوەنـدی پێـوەكردم كـە ڕێكخراوی ژیان بۆ ژنانی ئەنفال لە كەركوك دامـەزراوەو دەیانئـەویت لە هـەرێمش مۆڵـەت وەربگرن و پێویستیان بە چەند كەسێك هەیـە، بۆیە حەز ئەكەم یەكێك بیت لەو كەسانەی  ئەگەر بتوانی هاوكاریان بیتو كاریان لە گەڵ بكەیت.
منـیش لـە وەڵامـدا پێمـوت مامۆسـتا گیـان بـەڕێزتان ئاگـادارن مـن كەسـێكی بێلایـەنو سـەربەخۆم و نـەك ئەنـدامی هـیچ حیزبیـك نـیم، بەڵكو ئەندامی هیچ ڕێكخراوێكیش نیم، ئەگەر ئەزانی ئەم ڕێكخراوە سەر بەخۆ نیە ئەوا من ناتوانم كاری لە گەڵ بكەم هەر چەندە من بۆ خـۆم وەك كەسـوكار ئـەنفالكراوێك چـەند سـاڵێكە لـەم بـوارەدا كـار دەكـەم، بـەڵام لـە ڕێگـەی هـیچ ڕێكخراوێكـەوە نـا بـەڵكو وەكـو تاكـە كەس.
ئـەویش لـە وەڵامـدا پێـی وتم نـا دڵنیابـە هـەر چـەندە بەرپرسـی ڕێكخراوەكـە  سـەر بـە یـەكگرتوی ئیـسلامیە بـەڵام سـەربەخۆ كـار دەكەنو خەڵكی ناو حیزبە جیاوازەكانشی تێدایە .

ئەوەبو رۆژێكمان دانا بۆ ئەوەی بچین فۆرمی مۆڵەت وەرگرتن پڕبكەینەوە هەر یەكەم رۆژ هەستم بە پەشیمانیەكی زۆر كرد بۆ بەڵێندان و كاركردن لەم ڕێكخراوەدا، بەڵام ئیتر هەندێك جار مرۆڤ لە ژێر كاریگەری سۆزو هەستەكانیدا یان لە ئیحراجیدا بریاری شتێك ئەدات. چونكە كاتێك منو خوشكێكی مامۆستا فاتیح كە خوێندكاری زانكۆ بو لە گەڵ براو خوشكێكی هاوسەرەكەی مامۆستا "جوان حەسەن زەنگەنە" بەرپرسی ڕێكخراوەكە.چوین بۆ فەرمانگەی پەیوەندیدار، ئەو براو خوشكە كە خەڵكی چەمچەماڵ بون بە داخەوە ئێستاش ناویان نازانم پێش ئێمە چوبونە ژورەوەو فۆرمیان بۆ پركردبونەوە تەنانەت ناوی ڕێكخراوەكەشیان بە تەواوی نەزانیبو ئەمە چی جای ئامانجو پەیرەو پرۆگرامەكانی.

بۆیە ئەو بەرێزەی فۆرمی بۆ پڕكردینەوە چەند جارێك هەوڵیدا كە فۆرمەكەم بۆ پرنەكاتەوە، چونكە پێی وتم لام سەیرە لە گەڵ ئەم كەسانە هاتویت وئەتوێت كاریان لە گەڵ بكەیت ئەوان تەنانەت ناوی ڕێكخراوەكەیشیان نەزانیوە منیش پێموت بە خوا ئیتر وا هاتوم.

جگە لەو رۆژە ئیتر ئەو دو كەسەم هەرگیز نەبینیەوە دوایی بۆمدەركەوت ئەوە فێڵێك بو، تەنها بۆ وەرگرتنی مۆڵەت هاتوبون نەك ئەندامبون و كاركردن بۆ ئەنفال.

یەكەم چالاكی كە كربێتم لەم ڕێكخراوەدا ئەوەبو لە مانگی تەموزو ئابی ٢٠٠٧ دا وەك نوێنەری ڕێكخراوەكە لە كەركوكەوە دەچومە چەمچەماڵ لە گەڵ چەند كەسێكدا ئامادەكاریمان كرد بۆ ئەنجامدانی





سەرژمێری قوربانیانی ئەنفال لە سنوری كەركوك –چەمچەماڵ كە لە لایەن وەزارەتی شەهیدانو ئەنفالكراوەكانەوە سەرپەرشتیدەكرا..

كە بومە بەرپرسی ئۆفیسی قەرەهەنجیرو لە رێگەی چوار تیمی چوار كەسییەوە لە ماوەی مانگێكدا كەماوەی سەرژمێرییەكە بو، توانیمان ئاماری قوربانیانی ئەنفالی هەموو سنورەكە بكەین.

دووەم چالاكیمان ئەوەبو بریارماندا رۆژی ١٤-٤-٢٠٠٨ لە ناحیەی قادركەرەم یادی ئەنفال بكەینەوە بۆ بودجەی یادەكەش توانیمان لە چەند كۆمپانیایەك كە لە قادر كەرەم كاری دەرهێنانو دۆزینەوەی نەوتیان دەكرد بری "دوانزە ملیۆن" دینار كۆبكەینەوەو بەشە مەعنەویەكەی یادەكەش هەر لە بیرۆكەی شانۆگەرییەكەو وتاری یادەكەو دروشم و هۆنراوەكانی من نوسیم و خۆشم یادەكەم بەرێوەبرد.

بە زارەكیش مامۆستا جوان كردبومی بە بەرپرسی راگەیاندنی ڕێكخراوەكە ئەوەبو یادەكە بە سەركەوتویی كۆتایی پێهات.

هەر چەندە یادەكە جۆرێك لە هەیمەنەی حیزبی بە سەرەوە دیاربو، بۆ نمونە بانگهێشتكردنی بەرپرسانی یەكگرتوی ئیسلامی، هەروەها سرود بێژەكە و تیپە شانۆیەكەش سەر بەرێكخراوێكی ئەو حیزبە بون.

ئەمە جگە لەوەی لە یادەكەدا سی دی ئەو سرود بێژەی سەر بە یەكگرتویان دابەش كردبو كە دواتر بەرێوەبەری ناحیە گلەیی لە مامۆستا جوان كردبو.

هەروەها لە کەلارەوە کەسێك هێنرابو  بۆ ئەوەی یادەکە بەرێوە ببات دواتر زانیم کەسێکی یەککگرتوە بەڵام دوای ئەوەی ڕێگەم نەدا تەنها هۆنراوەیەکی خوێندەوە.

سەرەڕای تێبینیەکانم بەڵام هەستم کرد شتێکمان کردووە بۆ ئەنفال، چونکە بۆ یەکەمجاربو دوای بیست ساڵ لە شوێنی ئەنفالکردنی کەسوکارەکەم توانیمان ئەو یادە بکەینەوە.

ئەوەبو  دوای چەند ڕۆژێك لە یادەکە مامۆستا جوان تەلەفۆنی بۆ کردم وتی وەرە بۆ مەڵبەندی یەکگرتوی ئیسلامی، منیش ڕۆیشتم بینیم سەرقاڵەو وتی خەریکی کۆنفراسی مەڵبەندین بۆ  کۆنگرەی یەکگرتو.

زەرفێکی بۆ دەرهێنام وتی ئەوە دیاری ڕێکخراوەیەکەو حەزم ئەکەم وەری بگریت "پێئەچو چەند چەند سەد دۆلارێك بێت" منیش لێم وەرنەگرت وتم ببورە مامۆستا ناتوانم ئەو پارەیە وەربگرم  ئێمە بە ناوی ئەنفالەوە ئەو پارەیەمان لە کۆمپانیاکان وەرگرتوە تۆ چۆن بۆ یەك ڕۆژ چەند گڵا یەکم ئەدەیتێ ڕاستە زیاتر لە مانگێکە بۆ ئەم یادە ماندوبومە. بەڵام تەنها یەك ڕۆژ دەوامی فەرمی خۆمم بۆ یەکخستوە بۆیە ناتوانم ئەو پارەیە وەربگرم چەند هەوڵیدا سودی نەبو. کە  تا ئێستاش بە تەواوی نازانم  بڕی پارەکە چەند بو چونکە نەمویست بزانم بۆ ئەوەی ڕەتکردنەوەکەم جانبە ئەخلاقیەکە لە دەست نەداتو نەك بڵێت لەوانەیە بڕەکەی پێکەم بوبێت.

وتم تەنها دوو داواکاریم لە بەرێزتان هەیە ئەگەر بۆم بکەیت سوپاست ئەکەم.





یەکەم نوسخەیەك وێنەی یادەکەم بدەیتێ بۆ ئەرشیفی خۆم، دوەم خشتەیەکم بۆ بکەیت کە سێ شتی تێدا بێت ئەویش ناوی ئەو کۆمپانیایانەی کە هاوکاری مادیانکردین و بڕی ئەو هاوکاریەو چۆنێتی خەرجکردنی چونکە ساڵانێکە بڕیارمداوە کە کار لە گەڵ ڕێکخراوێك یان حیزبێك بکەم دەبێت ئەم سێ شتە بزانم؟. وتی زۆر باشە بەڵام زۆر بە داخەوە تا نوسینی ئەم دەست لە کارکێشانەوەیەم نە نوسخەیەکی وێنەی یادەکەی پێدام نە داواکاریەکەی دووەممی جێبەجێکرد.

هەمیشە لە پاریزگا سەردانم  دەکرد ئەموت بەڵکو ئەو دوو شتەی داوامکردووە بۆی هێنابم کەچی خۆی بە لای ئەو دو شتەدا نەدەبرد کە پێموتبو.

هەر چەندە یەکەم ڕۆژی یادەکە پێی وتم لەکۆی دوانزە ملیۆن دینار کە بۆ یادەکە کۆمەکمان کراوە حەوت ملیۆنی خەرجکراوە ئەوەی کە ماوە پێنج ملیۆن دینارە ئەیدەمە مامۆستا حوسێن ئیشی پێوە بکاتو  قازانجەکەی بۆ چالاکی ئەنفال بە کار دەهێنین.

منیش بیرۆکەکەم لاپەسەند بو بەڵام سەرم لەوە سوڕما چۆن حەوت ملیۆنمان خەرجکردووە بۆیە زۆر پێداگریم کرد کە چۆنێتی خەرجکردنیم بۆ ڕونبکاتەوە .

ئیتر لەو کاتەوە کە ڕاستیەکانم بۆ دەرکەوت هەستم کرد شتەکان بەو شێوەیە نین کە من دەیخوازم بۆیە بە تەواوی دڵم ساردبوەوەوخۆم دورگرت لەوەی هیچ کارێك لە گەڵ ئەو بەرێزە بکەم. بەڵام نە مامۆستا جوان پێی وتوبوم وازتهێناوە نە خۆشم ڕامگەیاندبو.چونکە

دەمزانی ئەو حەز ئەكات منی لە كۆڵ ببمەوە، بەڵام من دەمویست شتەكان بگەیەنمە رەگو ریشەی خۆی، چونكە ئەوە یەكمجارم بو لە هەمو تەمەنمدا كە بریاربدەم لە گەڵ ڕێكخراوێك كار بكەم.

هەروەها ئەمساڵیش لە یادی ئەنفالدا بینیم لە تەلەفزیۆنی یەكگرتو بە ژێرنوس نوسراوە ڕێكخراوی ژیان بۆ ژنانی ئەنفال لە هۆڵی یانەی خاك بە هاوكاری دەزگای شەهیدان یادی ئەنفال دەكاتەوە، پیم سەیربو ئەم ڕێكخراوە تەنها لە منو مامۆستا جوان پێكهاتوە" ئەوەندەی من ئاگاداربم " ماقوڵە یادی ئەنفال دەكاتەوە منی ئاگادار نەكردۆتەوە. بۆیە منیش هیچ قسەیەكم نەكرد وتم بزانە خۆی ئاگادارم ئەكاتەوە ئەوەبو رۆژی یادەكە تەلەفۆنی بۆ كردم وتی ئەمڕۆ كاتژمێر سێ لە رەحیم ئاوا یادی ئەنفال ئەكەینەوە ئەگەر بتوانی ئامادە بیت منیش وتم زۆر باشە چوم وەك كەسێكی ئاسایی چەند جارێك بیرم لەوە كردووە كە یادەكە رابگرم.

بەڵام وتم نا ئەمە یادی ئەنفالەو كردنەوەی یادەكە لە نەكرنەوەی باشترە هەر چەندە لە یادەكەدا نزیكەی حەفتا كەسێك ئامادە بون زیاتر لە پەنجا كەسیان ئەندامانو دۆستانی سەر بە یەكگرتوی ئیسلامی بون، ئەو كچەش كە یادەكەی ئەبرد بەرێوە هەرگیز پێشتر نەمبینیبو، بەڵام دیاربو كادری یەكگرتوە دیسان وەكو یادەكەی قادركەرەم یادەكە خرایە خزمەتی حیزبەوەو پارێزەرێك لە سلێمانیەوە بانگهێشت كرابو كە ئەندامی پەرلەمانی سەر بە یەكگرتوی ئیسلامیشە وتارێكی پێشكەش كرد بەوە ناساندیان كە





پارێزەری كەیسی ئەنفالو هەڵەبجەیە، بەڵام خۆی لە راستیدا تەنها هی كەیسی هەڵەبجە بو نەك ئەنفال.

ئەمجارەش سرودبێژێكی دیكەی یەكگرتویان هێنابو ئەمە جگە لەوەی لێپرسراوی مەڵبەندی یەكگرتوش لە ریزی پێشەوە دانیشتبو.كێ لەو شتانەی زۆر بێتاقەتم ئەكات ئەوەیە ئایدۆلۆژیانە مامەڵە لە گەڵ ئەنفال بكەین چونكە ئەنفال زۆر لەوە گەورەترە.

چەند رۆژێك دوای یادەكە چوم بۆ پارێزگا بۆ لای مامۆستا جوان چونكە جگە لەوەی ئەگەر هەڵە نەبم ئەندام مەڵبەندی یەكگرتوە لە هەمان كاتدا ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای كەركوكیشە پێموت ئەرێ مامۆستا جوان ئەبێت ڕێكخراوەكەمان هەستێت بە یادی ئەنفال كەچی ئاگادارنەبم لە شەرمدا وتی وامزانی وازتهێناوە لە ئیشی ئەنفال وتم باشە هاتم بۆ لات وا بڵێم یان خۆ لە دوای ١٤-٤-٢٠٠٨وە چالاكی دیكەمان نەبوە تاوەكو بزانرێت من كارت لە گەڵ دەكەم یان نا .

یان پێشتر تەلەفۆنت بكردایە بتوتایە ئەمانئەوێت یادی ئەنفال بكەینەوە تۆ رات چیەو ئاگاداربەو بزانە.

بەلام خۆم وەڵامەكەیم لابو ئەو دەیویست هەر چۆنێك بێت دەستی لە دەستم بێتەوە. بەلام نەیزانی ئەو توشی كەسێك بوە كە ئامادە نیە چاوپۆشی لە گەندەڵی هیچ كەسێك بكات تەنانەت ئەگەر سەریشم دانابێت بڕواشم بەوە هەیە ئەگەر مرۆڤ لە پێناو حەقو راستیدا خۆشی دابنێت ئەوە لە لای خوا پایەی بەرزەو شەهیدە.

لە مانگی ئابی ئەمساڵ چومەوە بۆ لای وتم مامۆستا جوان" پێنج ملیۆن " دینارەكە لە یادەكە مابو چیتلێكرد وتی داومە بە هەندێك ماڵ، وتم باشە من ئەمەوێت بە فەرمی دەست لە كار بكێشمەوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەكی ئاشكراو فەرمی هیچ پەیوەندیەكم بەم ڕێكخراوەوە نەمێنێت.بەڵام ئەو شتانەی كە بەر لە دوو ساڵ داوام لێكردیت بۆم بنوسە و وێنەی یادەكەی قادركەرەمشم بدەیتێ وتی باشە رۆژی ١٩ -٩-٢٠١٠ چومەوە بۆ لای هیچ لەوانەی بۆ ئامادە نەكردبوم.

وتم پێم بڵێ با خۆم بینوسم وتی بە خوا لە فكرم نەماوە، بەڵام ئەزانم دوانزە ملیۆنمان وەرگرت وتم ئەی پێنج ملیۆنەكەت چۆن خەرج كرد لە وەڵامدا وتی ئەی من مانگانە ٢٥٠ هەزار كرێ خانو ئەدەم خۆ لە گیرفانی خۆمنایدەم. كرێ خانو بۆ ؟كوا چالاكی ؟كێ دەوامی تێدا دەكات؟ چیی تێدایە ؟ بۆ خانوی گرتوە؟بۆ پێویست دەكات؟ هەموو ئەمانە وەڵامەكەی لای مامۆستا جوانە. هەروەها وتی ئەم رەمەزانە بە های هەشت وەرقە دۆلار شتم داوەتە ماڵە هەژار لە كاتێكدا ئەوە ئیشی ئەم ڕێكخراوە نیە.

مانگی پێشو وتی پارەكەم داوە بە هەندێك ماڵ، ئەم جارە كرێ خانوشی هاتە سەر.

لە كاتێكدا ئەگەر ٢٤ مانگ هەر مانگی ٢٥٠ هەزار بدرێت بە كرێ خانو ئەوا شەش ملیۆن دینار ئەكات ئەی چۆن ئەو برە پارەیە بەشی ئەو هەموو شتەی كرد، ئەی ئەو ماڵانە كێبون كە شتی پێدان ناویان چیبو بۆچی پێیدان؟





ئەوا خۆیو خوا دەزانێت.چونكە دروست وابو بەر لە خەرجكردنی هەر دینارێك ئاگاداریبكردمایە چونكە نەدەبو بەرێز مامۆستا جوان ئەو مافە بە خۆی بدات لە خۆوە پارە خەرج بكات.بە راشكاوی بۆ مێژو ئەیلێم گومانم لە چۆنێتی خەرجكردنی ئەو برە پارەیە هەیە.

بۆیە لێرەوە رای دەگەیەنم لە ئەمرۆ بە دواوە هیچ پەیوەندییەكم بەو ڕێكخراوەوە نیە لە ئێستادا ئەمە جگە لەوەی ئەندامی هیچ حیزبێكی سیاسی كوردستانی و عێراقی نیم .

لە هەمان كاتدا ئەندامی هچ رێكخراوێكی كۆمەڵگەی مەدەنیش نیم جگە لە ئەندامێتم لە هەر سێ سەندیكای رۆژنامەنوسانو مامۆستایانو كۆمەڵناسان.

* رۆژنامەی هەواڵ ژمارە (٤٠٢) ١٣ی تشرینی دوەمی ٢٠١٠

## دروستبونەوەی جاشایەتی لای نەتەوەیەكی ئەنفالكراو

ئەگەر جاشایەتی بە كرێگرتەیی وچەك هەڵگرتن بۆ دوژمنانی كوردو كوردستان دابنرێت، ئەوا لە مێژوی كوردا تەمەنێكی دورو درێژی هەیە. لە هەموو سەردەمە جیاوازەكاندا جاشایەتی زیانی گەورەی بە كورد وەك نەتەوە گەیاندوە، هەر چەندە هەر قۆناغێك لە مێژوی گەلەكەمان جاشایەتی تایبەت بە خۆی هەبوە،زۆرجاریش كەسانی نزیك بە یەك لە دژی یەكتری هاوكاری دوژمنانی كوردستانیان كردووە بۆ لە ناو بردنی دەسەڵاتێكی كوردی ،بەڵام لە دوای دروست بونی عێراقی نوێ لە بیستەكانی سەدەی ڕابردو.لەم بەشەی كوردستاندا و بە تایبەتی لە شەستەكان بە دواوە سەرەتایەكی زۆر مەترسیدار دەستی پێكرد بۆ دروست بونی جاشایەتیەكی ڕێكخراو بە بەرنامە كە بو بە دیاردەیەكی بەرچاو لە كۆمەڵگەی كوردیداو بە جۆرێك لە هەشتەكاندا لە كۆی سێ ملیۆن كوردی ئەم پارچەیەی كوردستان نزیكەی چوار سەد هەزار كورد بونە جاشو بە كرێگیراوی دڕندەترین وخراپترین وسەرسەخترین دوژمنی كورد لە مێژودا.





پڕ شەرمەزارترین و ڕەشترین كارێك كە جاش ئەنجامی دا هاوكاریكردن وچاوساخیكردنێكی شێلگیرانەیان بوو لە بەدناوترین پرۆسەی بە ناو ئەنفالدا بۆ لە ناوبردنی كوردو بزوتنەوەكەی ،چونكە ئەو ڕۆڵە خراپەی جاش لە ئەنفالدا بینی دەبو لە ناو كورددا بێزراوترین كەس بونایە.

بەڵام زۆر بە داخەوە سەد هێندەی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان حیزب و دەسەڵاتی كوردی ڕێزی لێگرتن، نەك هەر باجی ئەو ڕابردوە خراپەیان نەدا ،بەڵكو بە ناوی لێبوردنێكی چەواشەكارییەوە، لە هەژدە ساڵی ڕابردودا تەنانەت ڕێگەش خۆش نەكرا بۆ ئەوەی قوربانیانی دەستی جاش مافەكانی خۆیان وەربگرنەوە.

بۆیە ئەوەی ئەمڕۆ زۆر چاوەڕێكراوە دروست بونەوەی دیاردەی جاشایەتیە، ئەو هەوڵانەی ئەم دواییەی حكومەتی عێراقی و ئامادەیی چەندین سەرۆك عەشیرەتی كورد بۆ دوبارە دروست بونەوەی جاشایەتی بە ڵگەی ڕاستی قسەكانمانە ، تەنانەت وەك جاران لە تەلەفزیۆنیشەوە دەردەكەون وشانازی پێوە دەكەن. لەوانەشە كەسانێك هەبن بڵێن ناكرێت ئەم حكومەتە و هاوكاریكردنی سەرۆك عەشیرەتە كوردییەكان بۆی بە دروست بونەوەی جاشایەتیەكەی ڕابردو دابنرێت بەڵێ ڕاستە ئەم حكومەتە بەعس نیە. بەڵام ئایندە دەیسەلمێنێت كە ئەم حكومەتە چەند دەیەوێت بە هەمان ڕێچكەی بەعسدا بچێت و هەنگاوەكانی ئەو بۆ لە

ناوبردن یان سەركوتكردنی نەتەوەی كورد دووبارە بكاتەوە بۆ ئەم مەبەستەشی سود لە چەكداركردنی ئەو عەشیرەتانە وەردەگرێت.

بەڵام ئەوەی جێگەی پرسیارە بۆچی دوای ئەو هەموو كارەسات و ماڵوێرانی و دەربەدەركردن و جینۆسایدكردنەی دەوڵەتی عێراق دژ كە بە گەلەكەمان ئەنجامیدا ، كە چی دوای بچوكترین هەوڵی ئەو دەوڵەتە و بەخشینی ئیمتیازاتێكی زۆر كەم چەندین سەرۆك عەشیرەت ئامادەبون دوبارە لە ژێر ناو بیانو پاساوی جۆربەجۆردا دەست بە جاشایەتی بكەنەوە. چونكە ئەوەمان لە بیر نەچێت جاشایەتی لە سەردەمی بەعسدا پێی دەوترا پاڵەوان وبەرگریكارانی نیشتمانی وچەندین ناوی تر ، هەروەك چۆن ئێستا مالیكی چەندین ناوی بۆ دروست بون و دووبارە بونیاد نانەوەی ئەو شێوازە چاكارییە داناوە كە هاوشێوەی جاشایەتیەكەی جارانەو تەنها جیاوازیشی ئەوەیە كە كات ڕێگرە لەوەی كەجاشی بەعس دەیكرد ئەمانەی ئێستاش بیكەن.بەڵام ئەگەر ئێمە لە دوای ڕاپەرین جاشەكانمان شەرمەزار بكردایە بەهەموو ڕێگەو شێوازێكی یاسایی و دەرونی وكۆمەڵایەتی وڕاگەیاندن . بەمەش ئەم دیاردەیەمان قێزەون دەكرد و ئەو كاتە ئەستەم و زاحمەت دەبو وەك ئێستا هەروا بە سانایی دروست بێتەوە.

بەڵام نەك ئەمە نەكرا بەڵكو ئەو ڕێز و پێگەیەی پێیاندرا بوە هۆی ئەوەی نەك جاشەكان هەستیان بە ڕوڕەشی و شەرمەزاری نەكرد بە پێچەوانەوە لە زۆربەی چاوپێكەوتنەكانیاندا شانازی بەو ڕابردوەوە دەكەن واتە ئێستاش پەشیمان نین لەوەی كردویانە، تەنانەت لەم





ڕۆژانەدا گەنجێكی باوك ئەنفال دەیوت ئەگەر جاشایەتی دروست بێتەوە پێش هەموو كەس دەبم بە جاش، بە ڕاستی هەڵوێستی ئەم گەنجە خوێندنەوەی زۆری سایكۆلۆژیو سۆسیۆلۆژی هەڵدەگرێت . چونكە دەبێت ئەو پرسیارە بوروژێنین كە هۆی چیە دوای بیست و یەك ساڵ لە ئەنفال گەنجێك ئەو بۆچونەی هەبێت كە كەسوكارەكەی قوربانی پلە یەكی دەستی جاشە؟.

ئەو هەرەشانەی سەرۆكی هەرێمی كوردستانیش كردی لەوكەسانەی كە پەنا دەبەنەوە بۆ دیاردەی جاشایەتی بەڕای من هیچ كاریگەرییەكی وای نابێت شایانی باس بێت، چونكە دەبوایە ئێمە بە كردەوە جاشایەتیمان ناشرین بكردایەو كلتوری بە كرێگیراویمان بۆ دژمنان لە ڕەگەوە نەهێشتایە نەك بە تۆپزی وچاوسوركردنەوە. چونكە ئەو ڕاستیە باش دەزانین كە لە ڕابردودا ولە سەردەمی دیاردەی جاشایەتیدا خەڵكانێك ئامادەبون جاشایەتی بكەن كە هەموو چركەیەك لە ژیانیان ئەگەری كوشتن ولە ناوبردنی هەبو یان موڵك و ماڵیان لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە دەستی بە سەردا دەگیرا ،چی جای ئێستا كە حكومەتی عێراق ئەتوانێت ڕێگری بكات لە زۆر شتی ئەو كاتەو لەوانەیە گەورە ترین كاردانەوەی هەبێت لە بەرانبەر هەر شتێك كە دژی ئەو سەرۆك عەشیرەتانە بكرێت كە بەڵێنی هاوكاریو چەك هەڵگرتنیان داوە بۆ دەوڵەتی عێراق.

لە كۆتایدا ئەمەوێت بڵێم ئەوە سەركرایەتی سیاسی كوردە كە بەرپرسیارە لەوەی كە ئەمڕۆ ئەوەی سروشتی وئاساییە لای خەڵكی دوبارە سەرهەڵدانەوەی دیاردەی جاشایەتیە .چونكە تا ئەم چركە

ساته هیچ بەرنامەو پلانێكمان نیه بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئەو دیاردەیە، ئەمەش پرۆسەیەكی نەتەوەیی ونیشتمانی پێویستە نەك هەڕەشە كردن، ئەگەر لە دوای ڕاپەڕینەوە ڕێگە خۆش بكرایە بۆ كەسوكاری ئەنفالكراوەكان كە بە شێوەیەكی قانونی مافەكانی خۆیان لە موستەشارەكان وەربگرتایەو یەكە یەكە بدرانایە بە دادگاو بە هەمو شێوەیەك كار بۆ ناشرین كردنیان بكرایە ئەوا ئەمڕۆ كوردو سەركردایەتیەكەی ترسی دروست بونەوەی جاشایەتیان نەئەبو.

* سایتی كوردستان نێت ٢٠-٤-٢٠٠٩





## ڕۆژێك بۆ قوربانیانی كوردی فەیلی

كورد وەك نەتەوەیەكی گەورەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەتی جیهانیش نەتەوەیەكی سادە نیەو تاڕادەیەك پێكهاتەیەكی ئاڵۆزە و لە یەك كاتدا تاكەكانی ئەم نەتەوەیە خاوەنی چەندین ئاین وئاینزاو وەك هەر نەتەوەیەكی دیكەش هەر ناوچەیەك شێوە زاری تایبەت بە خۆی هەیە ولە گەڵ هەندێك لە جیاوازی دابونەریت.

هەر چەندە بەشی زۆری نەتەوەی كورد شوێنكەوتەی ئاینی ئیسلامە .بەلام ڕێژەیەكی بەرچاویش لە كاكەیی‌و یەزیدی‌و بەرێژەیەكی كەمتر لەوان چەند ئاینێكی تریش بونی هەیە لەناو كورددا هەر چەندە ئێستا بەرەو كەم بونەوەو نەمان ئەچن،بەلام هەموو ئەم كوردانەش كە سەر بە ئاینی ئیسلامن سەر بە یەك مەزهەب نین .بە ڵكو هەردوو مەزهەبە سەرەكییەكەی ئیسلامیش لە ناو كورد هەیە هەر چەندە سونی مەزهەبەكان زیاترن.

بەلام چەندین ناوچەی دیاری كوردستان هەیە زۆرینەی دانیشتوانەكەی سەر بە مەزهەبی شیعەن وەك ناوچەكانی خانەقین ومەندەلی بەدرەو جەسانو ناوچەكانی ناوەڕاستی عێراقیش وەكو

بەغدادو کوت و بەلەدروز چەندین ناوچەی تر بەشێکی بەرچاوی کوردەکانی سەر بە ئاینزای شیعەن." ئەمە جگە لە ناوچەکانی کرماشان وشنۆی کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش" کە پێیان دەوترێت کوردی فەیلی هەر چەندە تێبینی لە سەر ئەم ناوە هەیە چونکە بە تێپەربونی کات گۆڕان بە سەر وشەکەدا هاتوەو بوە بە فەیلی.

هەر چەندە بە درێژایی مێژوی ئیسلام "تەنها ماوەیەکی کەم نەبێت"بونی دوو مەزهەبی کێشە گەلێکی زۆری بۆ نەتەوەی عەرەب دروست کردووەو بەم هۆیەوە مێژوەکەیان پڕە لە کارەساتی خوێناوی، بەڵام ئەوەی جێگەی دڵخۆشیە دوو مەزهەبی بۆ کورد ئەو کارەساتانەی لێنەکەوتۆتەوە ، هەر چەندە نکۆڵی لەوە ناکرێت کە هەندێك جار دوژمنان سودیان لێوەرگرتوەو تا هەنوکەش پلان وبەرنامە هەیە کە هەستی کوردبونیان نەهێڵن.

بەڵام تا ئێستا کوردی فەیلی شانازیی بە کورد بونی خۆیانەوە دەکەن و لە نیو سەدەی ڕابردودا لە شۆڕشەکانی ئەم بەشەی کوردستاندا بەشداری بەرچاویان کردووەو بە جۆرێك حكومەتی عێراق بە تەواوی لەم ڕۆڵەیان نیگەران بووبوو.

هەر بۆیە بە چەندین شێوەی جیاواز تۆڵەی لێکردنەوەو ڕقی خۆی ڕشت بە سەریاندا. دەوڵەتی عێراق بێهیچ زیانێك پیلانی لە ناوبردنی فەیلێکانی جێبەجێکرد . چونکە بە هۆی هەڵکەوتەی جوگرافی ناوچەو شوێنی نیشتەجێبونیان ، بە ئاسانی دەستی گەیشتنێ و ئەوەی ویستی دەرحەقیان ئەنجامیدا. یەکەمین پێکهاتەی کوردبون کە ناوچەکانیان ڕوبەڕوی ڕاگواستن وبە عەرەبکردن بونەوە.یەکەم





پرۆسەی بێسەرو شوێنکردنیش هەر دژی ئەوان پیادە کرا.بەڵام زۆر بە داخەوە لە چەند ساڵی ڕابردودا کارێك نەکرا کە زۆرترین زانیاریمان لە سەر ناوچەکانی کوردی فەیلی و ئەو کارەساتانەی بە سەریاندا هاتوە هەبێت. من بۆ خۆم وەك گەنجێك کاتێك لە قۆناغی ئامادەیی بوم ئەو وتارانەی بۆ یادەکانی هەڵەبجەو ئەنفال دەمنوسین، تەنها ئاماژەم بۆ ئەوە دەکرد کە حەوت هەزاری کوردی فەیلی لە سەرەتای هەشتەکاندا بێسەرو شوێن کراوە. بەڵام لەم ماوەیەی دوایدا تایبەتی دوای دەست پێکردنی دادگایکردنی سەرانی ڕژێمی بەعس لە سەر کەیسی لە ناوبردنو دەربەدەرکردنی کوردە فەیلیەکان و چەند بەرنامەیەکی تایبەتی کوردسات زانیم چی بە کوردی فەیلی کراوەو ئەوەی ئێمە لە سەر ئەو مەرگە ساتانەی ئەوان هەمانبوە. تەنها مشتێك بوە لە خەروارێك ئەگینا ئەو ڕوداو بە سەرهاتانەی لەو دادگایکردنەدا گوێبستی بوین زۆر ویژدان هەژێن بون،چەند بە بەرنامە هەوڵی لە ناوبردنو سڕینەوەیان دراوە. کە چەندین مانگ بەر لەو پرۆسە دوژمنكارییەو وەك ئامادەکارییەك فۆرمی زانیارییان ر پێرکراوەتەوە دواتر دەست دەکرێت بەگرتنو بێسەرو شوێنکردنی گەنجەکانیان و ڕاگواستنی ژن ومنداڵ و بە تەمەنەکانیان بۆ ئێرا ن.ئەوانەشی ئێستا گەڕاونەتەوە بەغداد لەوپەڕی نەهامەتیدا ژیان دەگوزەرێنن.

بۆیە لە کۆتایدا داوا دەکەم بۆ بە زیندو هێشتنەوەو لە بیرنەکردنی قوربانیانی کوردی فەیلی ڕۆژێك دابنرێت وساڵانە چۆن لە ڕۆژی ١٤-٤ ولە ١٦-٣ ولە ٣١-٧ یادی ئەنفال وهەڵەبجەو بارزانییەکان

دەكەینەوە ئاواش یادی قوربانیانی فەیلی بكەینەوە. چونكە ئەگەر دەوڵەتی عێراق هەر شتێكی كردبێت بە پاساو بۆ لە ناوبردنی كوردانی فەیلی دەبێت دواجار ئەوەمان لە بیرنەچێت كە مەبەستی یەكەمی حكومەتی عێراق ،مەبەستی نەهیشتن و كەمكردنەوەی كورد بوە لە بەغدادو ئەو شوێنو پێگەییەی لە بوارە جیاجیاكاندا لە پایتەخت هەیان بو. هەر وەك یەكێك لە سكالا كارەكانی دەیوت كاتێك پیاوانی ڕژێم هاتون بۆ دەستگیركردنمان وتویانە نابێت كورد لە بەغداد بمێنێت كە بەدڵنیاییەوە ئەگەر كورد نەبونایەو ئەو ڕۆڵە گرنگو بەرچاوەیان نەبوایە لە بەغداد هەرگیز ئەوەیان بەسەردا نەدەهات.





## هەڵەبجەیی وفەیلیكان كورد نەبوون؟
## (ڕەخنەیەك لە كەناڵە ئاسمانیەكان)

بەر لە چوار ساڵ لە یادی ئەنفالدا بینیم كەناڵی كوردستان ڤیستیڤاڵی پەروەردەیی لە هەولێر ڕاستەو خۆ پەخش دەكرد، تەلەفزیۆنی یەكێتی ئاهەنگی كۆمیتەی یەكێتی لە دەربەندی بازیان كە بە هۆی بونی مام جەلال بە سەرۆك كۆمار پەخش دەكرد.

دوو ساڵ لەمەوبەریش لە پەنجاو شەشەمین دانیشتنی دادگایكردنی سەرانی ڕژێمی بەعسدا لە سەر دۆسیەی ئەنفال كەناڵی زاگرۆس بەرنامەی چۆنێتی دروستكردنی گەزۆی لە سلێمانی پەخش دەكرد.

بەر لەساڵێكیش كە هێرشەكانی توركیا دەستیپێكر هەمان كەناڵ هونەرمەندێكی میللی هێنابو لە یەكێك لە بەرنامەكانیدا كە سەدان كچی ئامادەییەكانی هەولێر ئامادە بون كردبوی بە چەپڵەڕێزان هەندێك جاریش خانمی پێشكەشكاریش داوای دەكرد چەپڵەیەك بۆ ڕیكلام.

لە چوارەم ڕۆژی جەژنی قوربانیشدا کە خوێنی سەدان کەرکوکی تێکەڵ بە یەك کرا شەوەکەی بینیم کوردسات شای لۆخانێتی.

دوو ساڵ لەمەوبەریش لە بری یادی ئەنفال لە شەوی ١٥/١٤دا تەلەفزیۆنی یەککرتو کەناڵی کەرکوك ڕۆشنبیرێکی ئاینیان هێنابوە سەر شاشەو دورو نزیك بە لای ئەنفالدا نەچوو.

بەر لە سێ ساڵیش کاتێك سەدان کەرکوکی لە بەردەم دادگای کەرکوکدا لە کردەوەیەکی خۆکوژیدا بونە قوربانی بۆ شەوەکەی تەلەفزیۆنی کۆمەڵ کەناڵی کەرکوك مامۆستایەکی ئاینی هێنابوە سەر شاشەو باسی غەیبەتی دەکرد.ئەمەو زۆر شتی تر ڕۆژانە لە کاتی سەیرکردنی کەناڵە کوردییەکاندا دەبنە جێگەی سەرنجم و زۆر جار ئەو پرسیارە لە خۆم دەکەم ڕاگەیاندنی بینراوی کوردی چی سودێك لەم مەهزەلەیە دەبینێ؟.

هەر چۆنێك بێت کەناڵە لۆکاڵییەکان کەموکورییەکانیان بۆ خۆمانەو کەمتر ناحەزان ودۆستان ودوژمنانمان ئاگایان لێیانە. بۆیە ئەوەی من مەبەستمەو دەمەوێ تیشکی بخەمە سەر ڕەخنە گرتنمە لە کەناڵە ئاسمانیەکان،بە تایبەتی لە هەر دوو دۆسییەی دادگایکردنی سەرانی ڕژێمی بەعس لە سەر دەربەدەرکردنی کوردە فەیلێکان و کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە کە لە ماوەیەك لە مەوبەر دەستی پێکرد. کە زۆر بە داخەوە ئەم کەناڵانە وەك ئەوەی هەڵەبجەیی و فەیلێکان کورد نەبن مامەڵە لە گەڵ ئەو دوو دۆسیەدا دەکەن.





هەر چەندە لە کەیسی هەڵەبجەدا تاڕادەیەك کەناڵی کوردسات ئەم ڕەخنەییەی لە سەرخۆی کەم کردۆتەوەو کەم تا زۆرێك دانیشتنەکانی ئەو دادگاییە پەخش دەکاتەوە .

بەڵام هەر چوار کەناڵی ئاسمانی زاگرۆس و کوردستان و گەلی کوردستان و حوڕییە بە ڕاستی شایستەی ئەوەن ڕەخنەیان لێبگیردرێت ، چونکە پەخشنەکردنەوەی دانیشتنەکانی هەر دوو کەیسی فەیلێکان و هەڵەبجە هیچ پاساوێك هەڵناگرێت، ئایا ئەو بەرنامانەی لە کاتی ئەو دانیشتنانەدا پەخشی دەکەن لە ڕووی سیاسی ونەتەوەییەوە لەو دانیشتنانە گرنگترن؟. ئایا هۆی چیە ئەم کەناڵانە نایانەوێت نەوەی نوێ ئەو ڕووداوە تراژیدانەی گوێ لێبێت کە لەو دادگاییەدا باس دەکرێن؟.

ئایا بەرنامەی یاری وشادی وشێوازێکی نوێ وچەلەك وفەلەك ومیڤان شۆو من جیاوازم و بە تام و سۆزو ومیلۆدی وزوم و نازانم چی پێویستن یان با یەخدان بە دۆسیەکانی ئەنفال وهەڵەبجەو فەیلێکان و کارەساتە نەتەوەییەکانی تر؟. باشە مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکێتی کەناڵی حوڕییەی بۆچی داناوە ؟. دەیەوێت چی پەیامێك بە عەرەب بگەیەنێت لە کاتێکدا دانیشتنەکانی دادگایکردنی سەرانی ڕژێمی بەعس لە دۆسیەی هەڵەبجەو ئەنفال و فەیلی و سبەی ڕاپەڕین و بارزانییەکان پەخش نەکاتەوە؟. باشە ئەگەر کەناڵی عێراقیە نەبوایە ئێمەی گەنج بێئاگا دەبوین لەوەی کە چی لەو دادگایەدا دەوترێت ؟بە ڕاستی شایەتحاڵەکانی کەیسی هەڵەبجە ئەوەندە دیمەنی تراژیدییان لەو دادگایەدا خستە ڕوو کە

دەبوو هەرچی ڕاگەیاندنی بیستراو بینراو هەیە ئەو دانیشتنانەی بۆ ڕای گشتی كوردو جیهانی پەخش بكردایەتەوە.

هەر وەكو چۆن لە كەیسی ئەنفالیشدا گەوایدەرەكان باسی زۆرشتی تراژیدییان كرد كە هەست ونەست وبیروهۆشی هەموانی هەژاند.ئایا ئەم كەناڵە ئاسمانیانە بۆ ئەم كارە نەتەوەییانە بە ئەركی سەرشانی خۆیان نازانن؟. باشە چۆن لە ڕوومان بێت سبەی بە ڕاگەیاندنی عەرەبی وجیهانی بڵێین ئێوە بایەختان بە كارەساتەكانی ئێمە نەداوەو نادەن؟. ئێستا كە ئەم وتارە دەنوسم لە كەناڵی ئاسمانی زاگرۆس بەرنامەیەك پەخش دەكرێت كە هەر جارەی ژمارەیەك لاوی كوڕو كچ دەهێنن وهەڵدەپەڕن و دواتر هەڵسەنگاندنیان بۆ دەكەن، من نازانم كام نەتەوەی تر لەم جیهانەدا هێندەی كورد هەڵپەڕكی ̌دەكات؟ . بیٚ هیچ بۆنەیەك ئامادەیە چەندین كاتژمێر هەڵپەركیٚ بكات .توخوا هیچ لەو گەنجانە دەزانن ئەنفال چیە؟. كەی ئەنجام دراوە؟. بە چەند قۆناغ بوە؟.قوربانیەكانی چەندبون؟. كام ناوچەی كورد زۆرترین مەرگەساتی ئەنفالی بەركەوت؟. كەی هەڵەبجە كیمیاباران كرا؟. كەی فەیلیێكان دەربەدەركران؟. ئەمانەو چەندین پرسیاری تر كە دڵنیام لە سایەی ڕاگەیاندنی بینراوی كوردیدا نەوەیەك گۆشكراوە كە وەڵامی ئەم پرسیارانەی هەر گیز لا دەست ناكەوێت؟.

لە كۆتایدا دەمەوێت ئەوە بڵێم ئەوەی لە ڕاگەیاندنی كوردیدا دەبینرێت جگە لە هەستنەكردن بە بەرپرسیاری ئەخلاقی ومێژویی





هیچی تر نیە، بە نەیا رو دۆستەكانمان دەڵێین ئێمە كەم بەها لە قوربانیەكانی خۆمان دەڕوانین تكایە ئێوەش چاومان لێبكەن.

تێبینی:ئەم وتارە كاتێك نوسراوە ئەو كەناڵانە دانیشتنی دادگایكردنی سەرانی بەعس لە سەر دۆسیەی هەڵەبجەو فەیلیێكانیان پەخش نەدەكرد.

* ڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە (٥٠٥) یەك شەممە ٨-٣-٢٠٠٩

## خۆزگە کەرکوك و ئەنفال چەند یەکی هەبوایە (عارف قوربانی)

سەرەتای دەستپێکردنم بە خوێندنەوە دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی نەوەدەکان کە لە پۆلی یەکەمی ناوەندی بووم لەو کاتەوە ئاشنایەتیم لەگەڵ نوسینەکانی نووسەرو ڕۆژنامە نووس کاك عارف قوربانیدا پەیدا کردووە لە بیرمە یەکەم بابەتی کە خوێندمەوە لەیەکێ لە دوا گۆشەکانی کوردستانی نوێدا بوو بە ناونیشانی "یاریگای چەمچەماڵ دەکێڵێرێت " .

کە باسی ئەوەی کردبوو چۆن بە بیانوی باری خراپی ئابورییەوە ئەو یاریگایە کێڵراوەو بە شێوازێکی زۆر جوان و بە زمانێکی ئەدەبی ڕەخنەی لەو لایەنەش گرتبوو کە بەو کارە هەڵساون . لەو ساتەوە و تا هەنوکە خوێنەری بەردەوامی نووسین و کتێبەکانی ئەو بەڕێزەم هەرچەندە دواتر زانیم کە یەکەم بەرهەمی چاپکراوی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩١ هێندەش پێمکرابێت هەوڵی کڕین و کۆکردنەوەی هەموو یان زۆرێ لە بەرهەم و کتێبەکانیم داوە.





لە کتێبخانە خنجیلانەکەمدا بەشێکم تەرخانکردووە بۆ هەموو ئەو بەرهەم و کتێبانەی لەسەر ئەنفال نوسراون خۆشبەختانە زۆرترین ئەو بەشەی کتێبەکانم بەرهەمەکانی کاك عارفە.

کە لە ڕێگەی بەرهەمەکانیەوە بووە بە کەسێکی زۆر بەڕێزو خۆشەویستم و کەم هاوڕێ و خزم و ناسیاوم هەیە هەستیان بە خۆشەویستی من نەکردبێت بۆ ئەو نووسەرە .هەرچەندە هاو ئایدۆلۆژی نیم و ئەندام و دۆست و لایەنگری ئەو حیزبەش نیم کە کاك عارفی تێدا ئەندامە.

چونکە زۆرجار هاو ئایدۆلۆژی بوون کراوە بە پێوەرو و بنەما بۆ ڕێزگرتن و دانان بە کارە باشەکانی کەسی بەرامبەردا کە بە ڕای من ئەمە گەورەترین نەخۆشیە ئەمڕۆ تاکی کورد گیرۆدەی بووە بە هۆی هەڵەی حیزبەکانەوە، تا بەم لۆژیکەش بیر بکەینەوە ناتوانین جوانیەکانی بەرامبەرەکەمان ببینین و لەبڕی گەشەکردنی لایەنی هزرو عەقڵمان هێندەی دیکە چەق بەستوو دەبێت .

هەر بۆیە خۆشەویستی من بۆ کارە جوان و باشەکانی عارف قوربانی و دەست خۆشی و ستایشکردنی ئەوە نیە کە هەڵگری چی ئایدۆلۆژییەکە و ئەندامی کام حیزبی سیاسییە خەڵکی چی شارو ناوچەیەکەو سەر بە چی عەشیرەت و بنەماڵەو خێڵێکە ، بەڵکو دوو خاڵی زۆر گرنگە ئەویش کارکردنی ئەم نوسەرەیە لەسەر هەردوو مەسەلەی ئەنفال و کەرکوك.

هەرچەندە ئەرکی ئەخلاقی و نەتەوەیی و مێژوویی و مرۆڤایەتی و ئایینی هەموو کوردێکە بە تایبەتی نوسەران و ڕۆشنبیران و

**سیاسیەكان كە كاری جدی بۆ كەركوك و تراژیدیاو كارەساتێكی گەورەی وەك ئەنفال بكەن.**

**بەلاَم بەداخەوە لە پانزە ساڵی رابردودا دەسەلاَتی سیاسی كوردی لە بڕی ئەوەی ئەنفال وەك تاوانێكی جینۆساید دژ بە گەلی كورد بردایەتە ناو دامودەزگا نێودەوڵەتییەكانەوە و بەشێكی دیاریكراو لە داهاتی كوردستان بۆ كار لەسەركردنی ئەنفال تەرخانبكەن .**

**بەلاَم كەمترین بایەخیان بە كارەساتی ئەنفالدا و كەس و كاری ئەنفالكراوەكانیان پشت گوێخست و نەك ئاسان كاریان بۆ ئێمەی كەس و كاری ئەنفالكراوەكان نەكرد تاوەكو بتوانین موستەشارو ئەنفالچییەكان پەلكێشی دادگا بكەین، بەڵكو هەرزو ئەو كەسانە بوونە بەرپرس و خاوەن پلەو پایە لەناو حیزبەكاندا، بەمەش ئەو كاریگەرییە خراپەی ئەنفال لە رووی كۆمەلاَیەتی و دەروونیەوە لەدوای خۆی بەجێهێشت هێندەی دیكە زیادی كردو ئەنفالكردنێكی دیكەی ئێمە بوو. بەلاَم بە شێوازێكی تر دڵنیام ئەگەر هەوڵە بەردەوامە تاكە كەسیەكانی چەند نوسەرو رۆژنامە نوسێك نەبوایە لەوانەش كارە دڵسوزانەو خەمخۆرییەكانی عارف قوربانی ئەوا بێ هیچ دوو دڵییەك نەوەیەك دروست دەبوو نەیدەزانی ئەنفال چییەو بە تەواوی لە زاكیرەماندا بەرەو كاڵبوونەوە و نەمان دەچوو.**

**لێرەدا بە پێویستی دەزانم نموونەیەك لە دڵسوزی و هەستكردنی بە بەرپرسیارێتی ئەخلاقیانەی نوسەر عارف قوربانی بگێڕمەوە كە دەیسەلمێنێ ئەم بەڕێزە چەند بە پەرۆشە بۆ مەسەلەی ئەنفال لە ساڵی ٢٠٠٥ ژمارەیەك خوێندكاری كەس وكاری ئەنفال لە زانكۆی**





**سلێمانی بەرنامەیەكمان دانا بو یادكردنەوەی كارەساتی ئەنفال. چەند رۆژێك بەر لە هاتنی رۆژی (١٤/٤) بە نوێنەرایەتی ئەو خوێندكارانە سەردانی بەڕێز كاك عارفم كرد لە بارەگای تەلەفزیۆنی كەركوك دوای ئەوەی هەموو ئەو هاوكاریانەی پێویستمان بوو بۆی دابینكردین ، شتێكی دیكە لەوانەی دەمانویست لە رێگەی بەڕێزێیەوە دەستە بەری بكەین و بۆمان داوا بكات ئالاَیەكی گەورەی كوردستان بوو كە پێشتر لە نەورۆزدا دەزگایەكی حیزبی لە كەركوك بەكاریهێنابوو، دوای ئەوەی لە رێگەی تەلەفۆنەوە پەیوەندی بەو شوێنەوە كردو داوای لێكردن .**

**بەلاَم ئەوان ئامادە نەبوون هاوكاریمان بكەن یەكسەرو دەست بەجێ كاك عارف پێیوتم لە فلاَن شوێنی كەركوك ئالاَ دروست دەكرێت و لەسەر ئەركی خۆم بۆتان دروست دەكەم .**

**ئەم هەڵوێستە جوانە هێندە سەرنجی راكێشام لە دوو ساڵی رابردودا لە هەموو شوێن و جێگایەك باسمكردووە و بە نموونە هێناومەتەوە هەرچەندە دەبوایە و زوریش پێویست بوو بمخستایەتە سەر رووپەڕی رۆژنامەكان تاوەكو هەموو لایەك راستگۆیی و عیشق بوونی ئەم بەریزەی بۆ دەربكەوتایە لە بەرامبەر مەسەلەی ئەنفال .**

**چونكە هەندێ جار كەسانێ تەنها ئیشیان "ئاو لە دنگدا كوتانە و هیچ شتێكیان لەباردا نیە" ویستوویانە كەسانی وەك كاك عارف لەكەدار بكەن و رق و قینی رەشیان زۆری بۆ هێناون خامەكانیان لە دژی ئەم جۆرە كەسانە بەكار بهێنن .**

هەرچەندە بڕوای تەواوم بە ڕەخنە گرتن و دەرخستنی کەم کوڕییەکان هەیە (چونکە مرۆڤیَ نەبوەو نییە و نابێت لەم سەر زەوییدا کە لە هەموو ڕوویەکەوە تەواو بیَ کەم و کوڕی نەبێت ).

هەروەها نووسەر عارف قوربانی لە هەرسیَ بەرگی کتێبی شایەتحاڵەکانی ئەنفال و لە کتێبی ئوم ڕێحانەوە بۆ تۆبزاوە ، لە تۆپخانەوە بۆ عەرعەر و لەو چاوپێکەوتنانەی دیکەی لەگەڵ کەسانی ڕزگار بووی ئەنفال لە ڕێگەی ئاراستە کردنی سیَ سەد پرسیار لە هەندێکیان و چوارسەد و پێنج سەد و هەندیَ جار زیاتر لە هەندیَ کەسی دیکەی ڕزگاربووی ئەنفال ، توانویێتی گەورەترین خزمەت بە ئێستاو ئایندەی مەسەلەی ئەنفال بکات و کەسانی ئەکادیمی زانکۆ لە ئاستی دکتۆرادا باسیان لە لێهاتوویی و بە توانایی نووسەرکردووە لەم بوارەدا .

چونکە ئەگەر لە ڕێگەی ئەم هەوڵە خۆبەخشانەی کاک عارفەوە نەبوایە ئەوە هەموو نهێنیانەی ئەنفالمان نەدەزانی و ئەو کەسانەش لەگەڵ خۆیاندا دەیانبردە ناو گۆڕەوە .

بەمەش نەوەکانی ئایندە نەفرەتیان لێدەکردین باوەڕی تەواوم بەوە هەیە ئەگە ئەو بەرهەمانەی نووسەر بۆ سەر زمانە گەورەو زیندوەکانی جیهان وەربگێڕدرێت ئەوا مرۆڤایەتیو جیهانی عەرەب عارەقەی شەرم دەڕێژن کە بێدەنگیان هەڵبژارد لەبەرامبەر تاوانی ئەنفال .

هەروەها چالاکییەکانی نووسەر لە گرنگیدان بە ئەنفال تەنها تایبەت نەبووە بە ئەنفالی سیَ کە ناوچەکانی گەرمیان و کەرکوکە. بەڵکو





ناوچەکانی دیکەشی گرتۆتەوەو بە سەرهاتی ئەنفالکراوەکانی هەڵەبجەشی کردووە بە کتێب و بڵاوی کردۆتەوە .

ئەمانەی لە سەرەوە باسمکردن تەنها مشتیَ بوو لە خەروارێك لە هەوڵەکانی نووسەر بۆ ئەنفال.

خاڵێکی دیکە دەمەویَ باسی بکەم و تیشکی بخەمە سەر کارکردنی نووسەر لە سەر کەرکوك و مەسەلە ڕەواکەی بوە، لە دوای پرۆسەی ئازادییەوە ڕۆڵی نووسەر لەم بوارەدا زیاتر بە دیارکەوت لە چەند ڕێگەیەکەوە نووسەر توانویێتی ئەسپی خۆی لەم مەسەلە نەتەوەییە ئەخلاقییەدا تاو بدات وتارو نوسینەکانی و کتێبە لە چاپدراوەکانی باشترین بەڵگەی قسەکانمن.

ئەمە جگە لەوەی کەسی یەکەمی دامەزرێنەری تەلەفزیونی کەرکوکە، جوانترین و سەرکەوتوترین وێنەی ڕاگەیاندنی کوردو یەکێتی لەو شارەدا پیشاندەدات کە باشترین جۆری خەباتی ئەمرۆیەو ناحەزانی بێزار کردووەو هەڕەشە بەردەوامەکان لەسەر ئەم تەلەفزیۆنەو شەهید کردنی کادرێکی دیاری تەلەفزیۆنەکە گەوایی دەری ئەو ڕاستیەن .

هەروەها ئەو تەلەفزیۆنەی کە عارف قوربانی کەسی یەکەمێتی لەم تەمەنە کورتەیدا کە نزیکەی سیَ ساڵ دەبێت توانیویەتی زۆرترین بینەر لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە ئەم جۆرە بەرەو پێشچوونەی تەلەفزیۆنی کەرکوك ئەگەر کەسێکی کارامەو بە توانای وەك کاك عارفی لە پشتەوە نەبوایە هەرگیز نەیدەتوانی ببیَ بە جێگەی

ڕەزامەنـــدی زۆرینــــەی خـــەڵكی شــــارێك كــــە جیــــاوازترین شــــاری كوردستان و عیراقە.

تەنانەت هیچ تەلەفزیۆنێكی یەكێتی لە هیچ شارێكی كوردستان و عیراقدا نەیتوانیوە ئەم سەركەوتنە لە بواری ڕاگەیاندندا بە دەست بهێنێت .

ئەم ڕاستیانەی سەرەوە وایكردووە ئەمڕۆ عارف قوربانی ببێ بە نوسەرێكی دیاری كوردستان لەو دوو بوارەدا و خەڵكی كەركوك و كەس و كاری ئەنفالكراوەكان گەورەترین شانازی پێوە دەكەن.

ئەوەی ماوەتەوە بڵێم ئەوەیە كە بە ڕاستی جێگەی ڕامان و هەڵوێستە لەسەر كردنە ئەگەر یەكێتی هەستی بە گرنگی ئەم كادرەی خۆی نەكردبێت . چونكە بە لەدەستدانی ئەم نوسەرە تەنها زیان بە خێزانێك یان بنەماڵەو شارو حیزبێك ناگات بەڵكو زیان بە گەلێك دەگات كە خاوەنی هەردو مەسەلەی ئەنفال و كەركوكە چونكە تیرۆر كردن و ڕفاندنی عارف قوربانی لە لایەن هەر كەس و ڕێكخراوێكەوە بێت لەژێر پەردەی هەر پاساو بیانوییەكدا بێت بەدیهێنانی گەورەترین ئامانج و ئاواتی خۆفرۆشان و دوژمنانی كوردە و لە سادەترین واتایدا تیرۆر كردن و ڕفاندنی هەردوو مەسەلەی كەركوك و ئەنفالە .

* سایتی كوردستان پۆست ساڵی٢٠٠٧





## من عارف قوربانی نیم
## وەڵامێك بۆكاك مۆفەق ئەكرەم ڕەفیق

نزیكەی دوو مانگ لە مەوبەر لە سایتی كوردستان پۆستدا وتارێكم بڵاوكردەوە لە ژێر ناونیشانی "خۆزگە كەركوك وئەنفال چەند عارف قوربانیەكی هەبوایە". ئەگەر هەر كەسێك بابەتیانەوبە ویژدانەوە خوێندبێتیەوە لە مەبەستی وتارەكەم تێدەگات.

بەڵام ئەوەی هەرگیز بە خەیاڵ و یادگەو بیرمدا نەهاتوە ئەو وەڵامەی كاك مۆفەقە بۆ وتارەكەی من كە لە ڕۆژی (٢٥/٢/٢٠٠٧)دا لە سایتی كوردستان نێت دا بڵاویكردۆتەوە بەناونیشانی "عارف قوربانی بە تەڵەدا تەقیەوەو گیرا.." . هەرچەندە لە ڕووی ئەخلاق و یاساو عورفی ڕۆژنامەنووسیەوە جوانترو باشترو دروستر وابوو وتارەكەی لە هەمان ئەو سایتەدا بڵاوبكردایەتەوە كەمن تیایدا بڵاومكردبۆوەوە.

مەبەستی ئەم بەڕێزە ئەوەیە گوایە ئەو وتارە كاك عارف خۆی نوسیۆیەتی و كەسێك نیە بە ناوی "هێمن كامیل".

لە كاتێكدا وێنەی خۆم و ئیمێڵی خۆم لە گەڵ وتارەكەدا داگرتوبو بە پێچەوانەوە ئەو برا بەڕێزە نە وێنەی خۆی و نە ئیمێڵێكی لە گەڵ وتارەكەدا نیە ئەمە جگە لەوەش من چەندین وتاری دیكەم بە هەمان ناوو بە وێنەی خۆمەوە لە كوردستان پۆستدا بڵاو كرۆتەوە.

بەلاّم لە ئەرشیفی كوردستان نێتدا ناوێكم نەبینیەوە بە ناوی كاك مۆفەق ئەكرەم ڕەفیق.بۆیە بەلامەوە گرنگ نیە ئەو ناوە ڕاستی بێت یان خوازراو كەركوكی بێت یان نا مەبەستێكی تایبەتیو سیاسی هەبێت یان نا. لە چی پلەو ئاستێكی سیاسی و كۆمەلاّیەتی و ڕۆشنیری و زانستیو مەعریفیدا بێت.ئەوەی بە لامەوە گرنگە چەند ڕاستییەكە و بە باشیان دەزانم بیانخەمە ڕوو .

چونكە كاك مۆفەق چەند نمونەیەكی لە وتارەكەی من هێناوەتەوە تاوەكو بڕوا بە خوێنەر بهێنێت بەوەی كە ئەوە نووسینی كاك عارف خۆیەتیو بە مەبەستی وەسفكردنی خۆی ئەو كارەی كردووە.

بەلاّم نەك خوێنەر بەڵكو خۆیشی لە نیوەی وتارەكەیدا ئەوە دەسەلمێنێ كە نەیتوانیوە بڕوا بە خۆی بهێنێت كە ئەو وتارە لە نوسینی كاك عارفەو هی كەسێك نیە بە ناوی هێمن.

بۆ خۆ دەرباز كردنیش یەكسەر دەست دەبات بۆ تۆمەتێك و دەیدەتە پاڵم بەڕێزت كاك مۆفەق باسی ئەوەت كردووە ئەگەر من (هێمن) كەسێكم و خاوەنی ئەو وتارەم ئەوا دەبوو دوو ساڵ لە مەوبەر خوێندنی زانكۆم تەواو بكردایە بەلاّم بەڕێزت ئەوەت لە بیر كردووە هەزاران فێرخوازی ئەم ولاّتە هەیە بە هۆی بارودۆخی نالەباری كوردستانەوە نەیتوانیوە خوێندن لە كات و تەمەنی ئاسایی خۆیدا تەواو بكات.

بۆیە حەز ئەكەم بزانی ئێستاش خوێندكارم لە زانكۆ دواتر بەڕێزت باس لەوە دەكەیت ئەگەر من لەو تەمەنە دا بم چۆن توانیومە ئەو پەندە بهێنمەوە "ئاو لە دنگدا كوتان" لە كاتێكدا ئەمە پەندێكی





كۆنی فۆلكلۆرییە، لە مەشدا بە هەڵەدا چووی چونكە ئەو وتەیە لە كتێبی زانایەكی دەروونناسی ئەمریكی و جیهانییەوە وەرمگرتبوو نەك فۆلكلۆری كوردی.

دواتر برای بەڕێزم ئەگەر كەسێك وتەیەك یان ڕووداوێك یا خود هەر شتێكی دیكە كە هی سەردەمانی پێش خۆی بێت لە نووسیندا بەكاریبهێنێت چی پەیوەندییەكی بە تەمەنەوە هەیە. ئەگەر وابێت ئیتر حیكمەتی خوێندەوە چیە بوونی زانیاری لە سەر ڕابردوو هێندەی پەیوەندی بەخوێندنەوەو ئاستی فكری و مەعریفی مرۆڤەكانەوە هەیە هێندە پەیوەندی بە تەمەنەوە نیە

.نموونەیەكی زۆر سادەو ئاسایی دەهێنمەوە تاوەكو بەڕێزت بەرچاو ڕوونیەكی زیاترت هەبێت، لە هاوینی ڕابردودا هەزاران لاپەڕەی كتێبەكانی دكتۆرو زانای كۆمەڵناسی عێراقی مامۆستا عەلی وەردیم خوێندەوە ئێستا كەم تا زۆرێك توانیومە شارەزاییەك لە سەر ناكۆكی شوێنكەوتوانی ئیمامی عەلی و مەعاویە و سونەو شیعە ومێژووی ئەمەوی و عەباسی و عوسمانی و هاتنی ئینگلیز بۆ عێراق و شۆڕشی بیست و ڕووداوەكانی ئەو سەر دەمە و كۆمەڵگەی عێراقی بە گشتی پەیدا بكەم من لە تۆ دەپرسم ئەگەر سبەی لە وتارێكدا نمونەیەك لە و ڕوودانە باس بكەم دەبێ بڵێیت ئەگەر تۆ تەمەنێكی كەمت هەیە چۆن توانیوتە باس لە سەدان ساڵ لە مەوبەر بكەیت.

بۆیە دەمەوێت بڵێم ئەگەر ئەو پەندەی كەمن لە وتارەكەمدا هێناومەتەوە نەك لە فۆلكلۆری كوردی بە ڵكو لەفۆلكلۆری هەر نەتەوەیەك بوایە نەدەبوو ئەو قسەیە بكەیت.

لە شوێنێكی دیكەدا ناوی چەند نووسەرو رۆژنامە نووسێكت هێناوەو دەتەوێت بڵێیت كە كاك عارف وا دەزانێت هەر خۆی خزمەتی بە مەسەلەی ئەنفال كردووە.

بەڕێزم ئەگەر تۆ بەر لە خوێندنەوەی بابەتەكەم بڕیاری پێشوەختەت نە دابایە كە چۆن لە وتارەكە تێبگەیت ئەوا دەتزانی كە من لە وتارەكەمدا كارم بۆ ئەوە نەكردووە كە هەوڵ وچالاكی و دڵسۆزی هیچ كەسێك بۆ ئەنفال بە ذا دیدە بگرم.

برام من پێنج ساڵ پێش ئێستا رێزو پێزانینی خۆم بۆ هەوڵە خەمخۆرییەكانی كاك لەتیف دەربڕیوە كە ئەو كات ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ئەنفال بوو.

چوار ساڵ پێش ئێستا دەست خۆشیم لە كاك یوسف دزەیی كردووە بۆ ئەو بەرهەمە زانستییەی كە لەسەر ئەنفال نوسیویێتی كە ئەو كاتە لێپرسراوی تۆمارگەی كۆلێژی ئاداب بوو.

هەر لەو ساڵەدا دەستخۆشیم لە پرۆفیسۆر دكتۆر ناهیدە تاڵەبانی كرد كە بە هاوكاری كاك جاسم توێژینەوەیەكیان لە سەر ئەنفالی گەرمیان كردبوو.دوو ساڵ لە مەوبەریش لە كۆڕێكدا كە بۆ قسە لە سەركردنی پرۆژەییەكی مامۆستا رێبوار سە عید تەرخانكرابوو .

كاك گۆرانی بابا عەلیم بینی و دەست خۆشی ئەوەم لێكرد كە توێژینەوەكەی لە وڵاتی فەرەنسا و لە زانكۆیەكی بە ناوبانگ تایبەت كردووە بە ئەنفال.

لە ڤیستیڤاڵی گەلاوێژی ئەمساڵدا دەستخۆشیم لە ئەندام پەرلەمانی كوردستان كاك ئاریز كرد كە لە رۆژی (١٤_ ٤_٢٠٠٦) داو لە





دانیشتنی پەرلەمانداو تایبەت بە ئەنفال هەڵوێستێكی بوێرانەی هەبوو لە بەرامبەر ئەنفالچیان.

برام كاك مۆفەق دەستخۆشیو ستایشكردنی من بۆ ئەو بەڕێزانە تەنها مەبەستم خزمەت كردن بووە بە مەسەلەی ئەنفال تاوەكو هەر هیچ نەبێت بۆ ئە و كەسانەی دەربخەم كە ئێمەی كەس وكاری ئەنفال ئاگاداری هەوڵەكانیانین سەبارەت بە ئەنفال و هەروەها هاندەرو پاڵپێوەنەریان بێت بۆ خزمەت كردنی زیاتر بە ئەنفال.

ئیتر ئەو كەسانە بیركردنەوەی ئێستا و ڕابردوویان چۆن بووەوچۆنە كەی كێشەی منە.

لە ئایندەشدا رێكەوتی بینینی هەر كەسێك بكەم كە بچوكترین خزمەتی بە مەسەلەی ئە نفال كردبێت خۆم بە بچوكی دەزانم و دەستەكانی دەگوشم.

چونكە ئەوە ئێمەی كەسوكاری ئەنفالین دەزانین بایەخدان بە ئەنفال چی كاریگەرییەكی پۆزەتیفی هەیە لە سەر لایەنی سایكۆلۆژی و كۆمەلایەتیمان و چەند ئاسودە دەبین.

بە پێچەوانەوە بایەخنەدان بە ئەنفال و فەرامۆشكردنی خراپترین گاریگەری لە سەر دڵو دەرونمان هەیە.برای بەڕێز كاك مۆفەق چۆن رێگەت بە خۆتدا دەستەواژەی بە كرێگرتە بخەیتە پاڵم لە تۆ دەپرسم و دەتكەم بە دادوەرو بڕیار بدە چۆن بێ هەڵوێست بم لە بەرامبەر هەواڵی پیلاندانان بۆ ڕفاندن و تیرۆركردنی" بێ ئەوەی پێویستم بە وردە كاری ئەو پیلانە بێت".

نووسەر و ڕۆژنامەنووسێك كە خاوەنی دەیان وتارو پانزە كتێب بێت لە سەر ئەنفال برام كاك مۆفەق من جگە لە باوك و تەنها مامەكەم حەفتا كەسی هەرە نزیكم لە كارەساتی ئەنفالدا بێ سەروشوێنكراون یان ڕوونتر بڵێم زیندە بە چاڵكراون ." ئەتوانی بگەڕێیتەوە بۆ كتێبی نهێنیەكانی ئەنفال". دەزانی ئەو تۆمەتەی بەڕێزت لە بەرامبەر مندا بە كارتهێناوە هەمان ئەو تۆمەتەیە كە بیست ساڵ پێش ئێستا بەعس خستیە پاڵ كەسوكارەكەم و دواجار بەو چارەنووسە بران كە مێژووی مۆڤایەتی دڕندەیی و واحشیەتی وای بە خۆوە نەبینیوە.

بەڵام زۆر بە داخەوە پاش بیست ساڵ لە ئەنفال و چوار ساڵ دوای لە ناوچوونی دەسەڵاتی بەعسییەكان كاك مۆفەق هەمان دەستەواژەو تۆمەتمان دەخاتە پاڵ .

بەڵام ئەو كات بەعس فیزیكی كەسوكارەكەمی بە تۆمەتی بە كرێگیراو لە ناو برد.بەڵام بەڕێزت دەتەوێت فكرمان ئەنفال بكەیت و هەر هیچ نەبێت بە هەڵبەستنی ئەو تۆمەتە ناڕەواییەی بەڕێزت خامەكەم فرێبدەم. "هیوادارم هەڵەبم لەم بۆچوونەمدا".

بەڕێز كاك مۆفەق ئەكرەم ئەوە تەنها منی كەسوكار ئەنفال نیم باسم لە ڕۆڵ و لێهاتوویی و بە توانایی و دڵسۆزی و خەمخۆری و هەوڵ و چالاكییەكانی كاك عارف كردووە.

هەرچەندە من بە ئەركی ئاكاری (ئەخلاقی)و سەرشانی خۆمم زانیووە بەڵام بەڕێزم كەسانی ئەكادیمی و دكتۆری زانكۆش باسیان لە هەوڵ و بەرهەمەكانی كاك عارف قوربانی كردووە .





بەرێزت ئەتوانی بگەڕێیتەوە بۆ ژمارە دوی گۆڤاری "هاواری ئەنفال" كە سەنتەری ئەنفال لە هەولێر دەریدەكات. نە من و نە ئەو دكتۆرە بەڕێزە كە بە شانازییەوە هەڵسەنگاندنێكمان كردووە بۆ ئەو خزمەتانەی نووسەر كاك عارف بە ئەنفالی كردووە لەپەرۆشیمانەوە بۆ ئەنفال سەرچاوەی گرتووە نەك شتێكی تر .

چونكە هیچ كەسێكمان پەیوەندییەكی تایبەتیمان لە گەڵ كاك عارفدا نیە هەروەكو لە وتارەكانماندا ئاماژەمان بۆ كردووە. من بۆ خۆم لە هەموو تەمەنمدا تەنها یەك جار سەردانی كاك عارفم كردووە ئەویش بۆ مەبەستی ئامادەسازیكردنی هەژدەهەمین ساڵیادی ئەنفال كە پێویستمان بە هاوكاری كاك عارف بوو.(هەروەك لە وتارەكەمدا ڕوونم كردۆتەوە).هەروەها كاك مۆفەق ئەگەر پێتخۆش بێت یان پێتناخۆش بێت دڵخۆش بیت یان دڵتەنگ .

دەبێت ئەو ڕاستیە بزانی كاك عارف زیاتر لە هەر كەسێكی دیكە ئەسپی خۆی لەم بوارەدا تاو داوەو ئەگەر هەوڵی ناوەند و سەنتەرو كەسایەتییەكانی دیكە توانیبێتیان تەكانێ بە مەسەلە و بردنە پێشەوەی ئەنفالبدەن لە سەر ئاستی دەرەوە.

ئەوا لەسەر ئاستی ناوخۆ بەرهەمەكانی كاك عارف و چەند دڵسۆزێكی دیكە بە تایبەتی لەم ساڵانەی دوایدا كاریگەری بەر چاویان هەبوە بۆ لە بیرنەكردنی ئەنفال.

بەڕێزم كاك مۆفەق دووبارە من لە تۆ دەپرسم كە بەرهەم و هەوڵی ئەو چەند نووسەرە نەبوایە لە سەرووی هەمویانەوە كاك عارف،منی

گەنج كە لە سەردەمی ئەنفالدا تەمەنم شەش ساڵبووە چۆن زانیاریم لە سەر ئەو هەموو ڕووداو نهێنیانەی ئەنفال دەبوو.

كە مرۆڤ تووشی ڕامان وسەرسام بوون و ڕاچەڵەكین دەكەن. تەنها مەگەر مرۆڤە بێ هەستەكان بە لایەنەوە ئاسایی بێت. بەڕێزم كاك مۆفەق با نموونەیەكت بۆ بهێنمەوە. لەهەژدەهەمین ساڵیادی ئەنفالدا كە لە زانكۆی سلێمانی ڕێكمان خست.

تەنها دوو ڕووداوی ئەنفالم لە كتێبەكانی كاك عارف دەرهێناو لە یادەكەدا گێڕامەوە بۆ خوێندكارە ئامادەبووەكان، كە ژمارەیان سێ هەزار دەبوو .

ویژدان وناخیانی هەژاندبەڕێزم دەزانی لە كتێبەكانی كاك عارفدا دەیان ڕووداو بەسەرهاتی لەو شێوەیەی تێدایە بەڕێزم كاك مۆفەق ڕەخنەكانی تۆو هەندێك بەرێزی تر هەمیشە دەتانئەوێت بە گەڕانەوە بۆ رابردوی كاك عارف ئەوە بڵێن كە كاك عارف با واز لە نووسین بهێنێت.

ئەمەش هیچ خزمەتێك نە مەسەلەی ئەنفال دەكات نە هیچ مەسەلەیەكی دیكە.من بۆ ئەمساڵ كە دوا هەمین ساڵی خوێندنی زانكۆمە توێژینەوەكەم لە سەر كارەساتی ئەنفالە، لاپەڕە هەیە لە توێژینەوەكەمدا سێ جار وەكو سەرچاوە سوودم لە كتێبەكانی كاك عارف وەرگرتووە.خۆزگە كاك مۆفەق زۆر زیاترت لە كاك عارف بۆ ئەنفال بكردایەو تاوەكو ئێمەی خوێندكارو نەوەی نوێ شارەزایەكی زیاترمان لە سەر ئەنفال دەبوو لە بری بە كارهێنانی ئەو





سەرچاوانەی ئێستا بە كارمان هێناوە لە توێژینەوەكانماندا دوو هێندە سەرچاوەمان بە كار بهێنایە.

هەروەها بە كاك مۆفەق دەڵێم بەڕێزم ئەگەر ڕەخنەت لە هەر كەسێكیش گرت كە مافی سروشتی و ئاسایی هەموو مرۆڤێكە كە دووربێت لە هەر شتێكی تایبەتی و بەرپرسیارانە گوزارشتی لێبكەیت، چونكە ئەو نووسینە شوناسی تۆ لەلای خوێنەر دیاری دەكات و هەستت كردبێت شتێكی نوێ بە خوێنەر دەڵێیت، نەك تەنها خۆڵ لە بێژنگ دان بێت.

بەڕێزم كاك مۆفەق تۆ شایەتییەكی چاك لە سەر خۆت دەدەیت و هەر كەسێك ئەگەر بە سەرپێییانەش نوسینەكەت بخوێنێتەوە ئەوەی لە لا فۆرمەلە دەبێت كە بەڕێزت كەسێكی خوێنەر نیت یان زۆر بە كەمی دەخوێنیتەوە.

چونكە ئەگەر خوێنەر بوویتایە دەتزانی كە من جگە لە سایتی كوردستان پۆست لە هەر یەك لە ڕۆژنامەكانی" كەركوكی ئەمڕۆ_هەواڵ_ئاوێنە_داهێنان". وتارو نووسینم هەیە و ئەگەر بەڕێزت كەسێك بوویتایە كەمترین دڵسۆزیت بۆ ئەنفال هەبووایە ئەوە دەتزانی كە ساڵی ڕابردوو بە بۆنەی نۆزدەهەمین ساڵیادی ئەنفالەوە چەند خوێندكارێكی كەس وكار ئەنفال ڕۆژنامەیەكمان بۆ ئەو یادە دەركردوو لە هەر یەك لە شارەكانی كەركوك وكەلار وخانەقین و زانكۆی سلێمانی بڵاومان كردەوە چەندین كەناڵی ڕاگەیاندنیش باسی ئەم چالاكییەی ئێمەی كرد.

بەلاّم بلّێم چی بەڕێزت ئاگادارنیت هەروەها كاك مۆفەق دەبێت ئەوەت لە لاڕوون بێت منی كەسوكاری ئەنفال مافی خۆمە خوێندنەوەم بۆ كاك عارف هەمان خوێندنەوەی تۆ یان هەر كەسێكی تر نەبێت هەروەك شاعیر دەلّێت

دنیا بە بالاّی ئەم كۆستەی
خۆم ئەپێوم
لە هەر كوێوە،یان هەر كەسیّ
فرمێسكێكی بۆ ناردبم
ئەیخەمە چاوی ڕوحمەوەو
تا هەتایە هەلّیئەگرم
ئەوەی یەك قسەی كردبیّ
بۆ ئەم هۆلّۆكۆستی غەدرە
من سەد پەیڤی خۆشەویستی
بۆ ئەنێرم.(لە گۆڕستانی چراكانی،شاعیر شێركۆ بێكەسەوە).

هەروەها بەڕێزت ئەو پرسیارەت لە وتارەكەی مندا دروستتكردووە ئەگەر لە ناوەڕاستی نەوەدەكاندا لە پۆلی یەكەمی ناوەندی بووبێتم چۆن توانیومە ئەو وتارە بەو شێوەیە بنووسم.ئەی برای بەڕێزم بۆ نووسینی ئەم بابەتەم ئەلّێیت چی.

بۆیە بە پێویستی دەزانم كۆتایی ئەم نووسینەم بە شیعرێكی شاعیر شێركۆ بێكەس بهێنم.





من ئەم داستانە تازەیەم
بە ڕەنگی قاوەیی كالّی
ئەو مەرەكەبە نووسیوە
كە خۆلّەكەیم لە گۆڕی بە كۆمەلّ و
ئاوەكەیم لە فرمێسكی تازەو گەرمی
چاوی ژن دەرهێناوە.
خەم و تەمی گیراوەیە
ئاخر ئەم مەرەكەبەی من
ئەم قوڕاوە
نە لە شێوەی مەرەكەب و
نە لە جاف ونە لە سۆفت و
نە تەباشیری ئێوەیە
وشككات و بڕێتەوەو
یا خود لە پڕ نووكی بشكیّ

لەم مەرەكەبە تازەیە هێندەم هەیە
گۆمەكانی ناژمێردرێن
بەم مەرەكەبە تازەیە
ئەگەر هەموو داری ولاّت
ببنە نووسەرو شاعیرو پێی بنووسن
هەلّگورد ببیّ بە ڕۆمان نووس

پێی بنووسیٚ
وشكناكاو دوایی نایە و
خەفەتێكە نووكی ناشكیٚ
لە نووسیندا قەت ناوەستیٚ!

* سایتی كوردستان پۆست ساڵی ٢٠٠٧





## با یادی كارەساتەكان نەكرێنە پشو
## لله پێشنیازێك بۆ پەرلەمان و حكومەتی هەرێم لله

دوای ئەوەی لە ماوەی ڕابردودا لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستانەوە، ڕۆژانی پشو دیاریكراو ڕۆژی "١٦-٣" ی تێدا نەبوو، ئەمەش جۆرێك لە ڕەخنەی بە دوای خۆیدا هێناو لە چەند ڕۆژنامەیەكیش كاری زیاتری لە سەركرا.

هەڵەیەكی گەورەیە ڕاگەیاندن هەوڵبدات كار لە سەر سۆزی خەڵكی بكات بیٚ بیركردنەوە دەر ئەنجامەكەی . وەك وروژاندنی ئەوەی حكومەت ڕۆژی ١٦-٣ ی نەكردووە بە پشو كە ئەمەش وەك نەنگیەكی گەورەی حكومەت پیشاندرا.

بێگوێدانە لایەنە نێگەتیڤەكانی بە پشوكردنی ساڵڕۆژی كارەساتەكان چونكە ئەوەی تۆزقاڵێك لە خەمی یادكردنەوەو بە زیندو هێشتنەوەو لە بیرنەكردنی كارەساتە گەورەكانی وەك ئەنفال و بارزانییەكان و كوردانی فەیلی و هەڵەبجەدا بێت.

هەرگیز داوایەكی لەم جۆرە ناكات كە ساڵیادی ئەو كارەساتانە بكرێت بە پشو چونكە ئەگەر كارێكی لەم جۆرە بكرێت ئەوە بە

دڵنیاییەوە چەند ساڵێكی تر تەنانەت یادە نەریتیەكانیش لە بیری خەڵكی دەچێتەوە،

بۆ نمونە ئێستا لە كوردستان ئەگەر هەڵە نەبم نزیكەی ملیۆنێكو دوو سەدو پەنجاهەزار خوێندكاری قۆناغە جیاوازەكانمان هەیەو زیاتر لەو ژمارەیەش فەرمانبەرمان هەیە،ئەگەر بە شێوەیەكی فەرمی حكومەت لە ڕێگەی وەزارەتەكانەوە داوا بكات لە ساڵیادی كارەساتەكانداو لە كاتی دەوامی ئاسایدا ڕێز لەو ڕۆژانە بگیرێت و یادی كارەساتەكان بكرێتەوە، ئەوە باشترین ڕێگەیە كە نەهێڵردرێت ئەو تاوانە گەورانەی دەوڵەتی عێراق لە بیربچێتەوە .

چەند گرنگە ساڵانە نزیكەی نیوەی كورد لەم بەشەی كوردستاندا بەشداری یادكردنەوەی كارەساتەكان بكات ،بەڵام ئەگەر ئەو ڕۆژانە بكرێن بە پشو تەنها شت ئەوەیە لەوانەیە خەڵكی بزانن بۆ كراوە بە پشو"ئەمساڵ لە یانزەی ئازاردا لە مامۆستایەكی ناوەندییان پرسیبو بۆ دەوام نیە وتوبوی یانزەی ئازارە كە پێیان وتبو ئەو ڕۆژە چیە لە وەڵامدا وتبوی نازانم ئەوەندە دەزانم دەوام نیە لەو ڕۆژەدا"بەڵام ئەگەر پشو نەبێت منداڵانی كورد لە قوتابخانەو خوێندنگەكان و گەنجانی كوردیش لە زانكۆو پەیمانگەكاندا یادی تاوانە گەورەكانی دەوڵەتی عێراق بكەنەوە. ئەوا زانیاری زۆر رلە سەر ئەو تاوانانە پەیدا دەكەن، بۆ بەڵگە كاتێك لە ئامادەیی بوین هەموو ساڵێك یادی هەڵەبجەو ئەنفالمان دەكردەوە.

دواتریش لە قۆناغی زانكۆ ئەو یادانەمان بەرز ڕادەگرت و كاریگەری زۆرباشی هەبو بە تایبەتی لە یادكردنەوەی كارەساتێكی





وەك ئەنفالدا . چونكە جگە لە خەڵكی ناوچە زۆر زیان لێكەوتوەكانی ئەنفال ، ئەوا خوێندكارانی ناوچەكانی دیكە تەنانەت نەیاندەزانی ١٤-٤ یادی ئەنفالە.

بەڵام لە ڕێگەی ئەو یادكردنەوانەوە وامان لە چەندین خوێندكاركرد كە لێكۆڵینەوەی دەرچونەكانیان لە سەر ئەنفال بكەن"لە زانكۆی سلێمانی".

دەپرسم ئەگەر ڕۆژێكی وەك ئەنفال پشو بوایە دەمانتوانی ئەو شتانە بكەین یان "مەحاڵ بوو منی گەنج ببومایە بە ڕۆژنامەنوسێكو بتوانم لەم بوارەدا خزمەتێك بكەم".

نمونەیەكی تر ئەمساڵ كاتێك لە پەیمانگەكەمان لە كەركوك یادی هەڵەبجەمان كردەوە كە هەژدە چالاكی جۆراوجۆرمان هەبو تایبەت بەو یادەو بە هەر دوو زمانی عەرەبیو كوردی وچەندین وتارخوێندرایەوە لە سەر مێژوی شاری هەڵەبجەو گەورەیی ئەو كارەساتە، كە بوە جێگەی سەرسامی بۆ خوێندكاران و مامۆستایانی عەرەب وتوركمان و ئەو خوێندكارە كوردانەش كە زانیاری كەمیان لە سەر هەڵەبجە هەبو.

لە كۆتایدا ئەمەوێت بڵێم ئەم وتارە بۆ ئەوە نیە شەرعیەت بدەم بەوەی كە ڕۆژی لە دایك بون و كۆچی دوایی هیچ سەركردەو كەسایەتیەك بكرێت بە ڕۆژی پشو یان نەكرێت. "لە شوێن وكاتێكی تردا قسە لە سەر ئەمە دەكەم".

بەڵكو وەك كەسێك كە حەفتاو پێنج كەسی بنەماڵەكەم لە كارەساتی ئەنفالدا بوە بە قوربانی و وەكو گەنجێكیش كە نۆ ساڵە ئامادەكار

یان بەشداریكاری یادی ئەنفالم زیانی زۆر دەبینم لە بە پشوكردنی یادی كارەساتەكان. چونكە هەر یەكە لە یادی هەڵەبجەو ئەنفال دەكەونە وەرزی گەشتوسەیرانەوە كە ئەگەر بكرێت بە پشو دڵنیام خەڵكی لەو ڕۆژانەدا لە بری ڕێزگرتن و یادكردنەوەی قوربانیەكان دەچن بۆ سەیرانو بەوەش بە دەستی خۆمان ڕۆژە ماتەم و كارەساتبارەكان دەكەینە ڕۆژی گەشت و سەیرانو هەڵپەركێ بەمەش دوژمنانمان پێكەنینیان بە كورد دێت .

ئەمە جگە لە ئازاردانی دەرونی كەسوكاری قوربانیەكان لەم ڕوەوە ئەزمونمان هەیە بۆ نمونە لە دوای ڕاپەڕینەوە ئەگەر یادی هەڵەبجەو ئەنفال كەوتبێتە ڕۆژی هەینیەوە ئەوە لە بری ڕێزگرتن لەو ڕۆژانە خەڵكی دەچونە گەشت وسەیران .

بۆیە پێشنیاز دەكەم بۆحكومەت و پەرلەمانی هەرێمی كوردستان ئەو هەڵەیە نەكەنو ڕۆژی هیچ كارەساتێك نەكەن بە پشو. بەڵكو لە بری ئەوە بكرێت بە یاساو هەموو ساڵێك لە سەرجەم دامو دەزگاكانی حكومەتی هەرێمدا ڕێز لەو ڕۆژانە بنرێت و ئەم داوایەش لە حكومەتی ناوەندی بكرێت، چونكە ئێستا لە بەر ئەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بڕیاری داوە لە دامودەزگاكاندا یادی هەڵەبجە بكرێتەوە ساڵانە سەرەڕای ئاستەنگی هەندێك لایەن لە كەركوك دەتوانین یادی هەڵەبجە بكەینەوە .

بەڵام سەرەڕای ئەوەی لە پەرلەمانی عێراقدا ئەنفال وەك تاوانی جینۆساید ناسێنرا ، بەڵام چونكە بڕیارێك نیە بۆ یادكردنەوەی





ئەنفال زۆر بە زاحمەت دەتوانرێت یادی ئەنفال بكرێتەوە بە تایبەتی لەو شوێنانەی كە بەڕێوەبەرەكەی یان بەرپرسەكەی كورد نەبێت.

* ڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە ٥١٣ یەك شەممە ٥-٤-٢٠٠٩

## ئەنفال لە بەرنامەیەكی كەركوك تیڤیدا

مەحاڵە گۆڤارو كتێبێك یاخود وتارێك هەبێت لە ڕۆژنامە و سایتەكان لە سەر ئەنفال بەرچاوم كەوتبێت و نەمخوێندبێتەوە.

هەندێك جار خۆزگەم خواستوە خوێندەواریم نەبوایە بۆ ئەوەی منیش وەك هەر گەنجێكی تر خەم وئازارەكانی ئەنفال تێكەڵ بە هەست و ناخ ودڵ ودەروون ومێشكم نەبوایە.

چونكە زۆر جار چاوپێكەوتنی دایكێكی چەند كوڕی ئەنفالكراو دەخوێنیتەوە كە باس لە نەهامەتیەكانی ژیانی دەكات ، یان كاتێك چاوپێكەوتنی ڕزگاربویەكی ئەنفال دەخوێنیتەوە كە چۆن گوللە بارانكراون و دیمەنەكانی ئەو ساتە بە شێوەیەك دەگێڕێتەوە،كە وەكو ئەوەی بە چاوی خۆت بینیبێتت بە ڕادەیەك وێنەیەكی بەردەوامت لە لادروست دەكات،ئازارێكی زۆر دەچێژم و بە بێویستی خۆم كاریگەری و ڕەنگدانەوەی لە سەر ژیانی ڕۆژانەم بە جێدەهێڵێت.

بە تایبەتی لەو چاوپێكەوتنانەی "عارف قوربانی" ئەنجامی داوە ئەمە بە ڕوونی هەست پێدەكرێت ، ئەمەش لایەنێكی شاراوەو بەهێزی چاوپێكەوتنەكانی نوسەرە كە من بۆخۆم ئەم خاڵە بە هێزەم لە نوسینەكانی ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپیەكانی "بەختیار عەلی"و نوسەری عێراقی " كەنعان مەكیە"دا هەستپێكردووە.





بەڵام ئەوەی مەبەستمە دەمەوێت قسەی لە سەر بكەم بەرنامەیەكی تایبەتی تەلەفزیۆنی كەركوكە ، كە ماوەیەك بەر لە ئێستا لەو تەلەفزیۆنەوە پێشكەشكرا، كە لە سەر ژیانی ڕۆژانەی دایكێكی سێ كوڕ ئەنفال بوو كە تیایدا ئەو پیرە ژنە چەند كوڕ ئەنفالكراوە بە شێوەیەك بە سەرهاتەكانی خۆی و كوڕەكانی دەگێڕایەوە لە ناخەوە دەیهەژاندی.

لە ئەنفالدا چەندین دیمەنم دێتەوە یاد كە پڕاوپڕ بوو لە دڕندەیی‌و خوێندنەوەی سەدان لاپەڕەلە سەر ئەنفال هەرگیز بەو شێوەیە كاریان لێنەكردوم .

چونكە نەك من بەڵكو ئەو كەسانەش كە هیچ كەسێكیان لە ئەنفالدا نەبوە بە قوربانی بە بینینی ئەو بەرنامەیە بەشێوەیەك كاریلێكردبون كە ئەستەمە بتوانرێت گوزارشتی لێبكرێت.

ئەگەر كەسێك خوێندنەوەیەكی سەرپێیانە بۆ قسەی ئەو دایكە جەرگ سوتاوو سێ كوڕ ئەنفالكراوە بكات، ئەوا چەندین نەهامەتی و كاریگەری سایكۆلۆژی و كۆمەڵایەتی دەتوانرێت دەست نیشان بكرێت كە ئەنفال بە جێی هێشتوە و تا هەنوكە و بۆ دەیان ساڵی دیكە بە دەستیەوە دەناڵێنن

---

.بۆ نموونە لە قسەی ئەو پیرە ژنەوە ئەوەت بۆ دەردەكەوت كە تا ئێستا چاوەڕوانی هاتنەوەی كوڕەكانیێتی و چاو لە دەرگایە ئەمە لە كاتێكدا لە قسەكانیدا كە بە شێوەی شیعر دەریدەبڕی ئەوە

دەردەكەوت كە ئەم دایكە ئەزانێت ئەنفالكراوەكان لە خوارووی عێراقدا زیندە بەچاڵكراون .

لێرەوە ئازارێكی قوڵ و بەردەوامی ئەنفالت بۆ ڕوون دەبێتەوە چونكە تا ئێستا كەسوكاری ئەنفالكراوەكان لە ڕووی دەروونیەوە نەیانتوانیوە ئەو بڕوایە لای خۆیان دروست بكەن كە جارێكی دیكە كەسە بێسەروشوێنەكانیان نایەنەوە.

هەروەها ڕازیبونی ئەو دایكە سێ كوڕ ئەنفالكراوە بە ژیانی تەنهایی گوندەكەی خۆی و ڕەتكردنەوەی ژیانی ئۆردوگا ئەمەش ئەوە دەردەخات كە ئەو ژینگەیەی لە دوای ئەنفالەوە تێدا نیشتە جێكراوە بە هیچ شێوەیەك لەو ژینگەیە ناچێت و تەواو جیاوازە كە پێش ئەنفال تیایدا ژیاون.

چونكە لە ئۆردوگای زۆرە ملێدا ئەم جۆرە كەسانە هەست بەوە دەكەن هیچ یادگارییەك نیە بەم شوێنەیانەوە پەیوەست بكات و ناتوانن لە ڕووی دەروونیەوە خۆیان لە گەڵ ئەم شوێنەدا ڕابێنن و دووبارە ژیانێكی نوێ دروست بكەن.

چونكە لە قسەی ئەو دایكە جەرگ سوتاوەدا بۆت دەردەكەوت كە چۆن ئاماژەی بۆ ئەو جێگایانە دەكرد كە شوێنی دەستی یادگاری كوڕە ئەنفالكراوەكانی لێ بەجێماوەو ئەوەی دوپات دەكردەوە كە بەردەوام ئەم جێگایە بە سەردەكاتەوە.

هەروەها باسی ئەو شوێنانەی دەكرد كە گۆڕی كەسوكارەكەی لێیەو دەیوت حەز دەكەم هەر لە تەنیشت ئەوانەوە بنێژرێم.





دیارە ئەمەش ئەو پەیوەستیە ڕوحی و دەرونیە دەردەخات كە كەسوكاری ئەنفالكراوەكان بۆ شوێنی ڕەسەنی خۆیان كە بەر لە ئەنفال تێدا ژیاون هەیانە و پاش نۆزدە ساڵ لە ئەنفال تا ئێستا ژیانی ئۆردوگا بە نائاسایی ونالەبار دەزانن .

هەروەها گرفتێكی تر كە لەم بەرنامەیەدا بە ڕوونی هەست پێدەكرا ئەوەبوو كە بۆ كەسانێك كە بەشێكی زۆری تەمەنی لە لادێكەیدا بە سەر بردبێت زۆر قورس و گرانە لە گەڵ ژینگەیەكدا خۆی بگونجێنێت كە بەبێویستی خۆی تێدا نیشتە جێكراوە.

ئەمە جگە لەوەی یەكێك لە خەسڵەت و تایبەتمەندییەكانی خەڵكی لادێ ئەوەیە كە جگە لە لادێكەی خۆی و ئەو شێوە ژیانەی خۆی دەیەوێت وهەڵیبژاردوە مەحاڵە بتوانێت بە ئاسانی خۆی لەگەڵ هەلومەرجێكدا ڕابهێنێت كە جیاواز لەوەی خۆی دەیەوێت و بەشێك بوە لە كلتوری.

بەڵام بۆ خەڵكی شارنیشن تا ڕادەیەك ئەمە پێچەوانەیە چونكە خەڵكی شار بە ئاسانی دەتوانێت لە جێگەیەكەوە بڕوات بۆ جێگەیەكی ترو بە پێی بەرژەوەندییەكانی شوێنی نیشتە جێبونەكەی هەڵدەبژرێت وئەگەر بە هۆی بارودۆخە چاوەڕوان نەكراوەكانەوە لە شوێنەكەی خۆی هەڵكەنراو چوە شوێنێكی دیكە زووترو باشترو ئاسانتر بە بەراود لە گەڵ خەڵكی لادێ دەتوانێت كارلێك لە گەڵ ژینگە نوێكەیدا بكات.

هەروەها خاڵێكی تر كە دەمەوێت ئاماژەی بۆ بكەم ئەو قسەیە بوو كە ئەو دایكە زۆر دووبارەی دەكردەوە ئەویش ئەوە بوو كە دەیوت

موستەشار كوڕەكانمی فرۆشت بمزانیایە لە شوێنێكدا ئەیانمشاردەوە. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت كە گوندنشینەكان بە قسەی موستەشارەكان فریودراون و ئەو بڕوایەیان لە لا دروست كردون كە كەسە دەستگیركراوەكانیان هیچ چارەنوسێكی خراپیان نابێت.

---

* ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە (٢٧٦) ٢٦ی نیسانی ٢٠٠٨





## بێباكی شار لە ئەنفالدا

لە هەموو وڵاتانی جیهاندا یەك پێناسە نیە بۆ شار چونكە لە كۆمەڵناسیدا كە باسی شار دەكەین پێوەری جۆراو جۆر هەیە .بۆ نمونە لە ئەمریكادا ژمارەی دانیشتوان پێوەرە بۆ ئەوەی بە شوێنێك بوترێت شار ئەم ژمارەیەش لە دەوڵەتێكەوە بۆ دەوڵەتێكی تر جیاوازە، لە هەندێك وڵاتدا ٥٠٠٠ كەسو لە هەندێك وڵات ٢٥٠٠ كەس بە پێوەری شاربونی ئەو شوێنە دادەنرێت."بەڵام لە ڕووی فیكریـو فەلسەفییەوە لەوانەیە تا ئێستا ئێمەی كورد شارمان نەبێت" .

لە عێراقدا بەو شوێنە دەوترێت شار كە یەكەی ئیداری هەیەو شارەوانی هەبێت واتە لە پارێزگاوە دەست پێدەكات تا دەگاتە ناحیە.كەواتە لێرەوە بۆ مان دەردەكەوێت كە ئەنفال تاوانێكە لەو ناوچانەدا ئەنجام دراوە كە پێی ناوترێت شار .واتە ناوچەی گوند نشینن.

كاتێك بەعس نەخشەو پلان دادەڕێژێت بۆ لە ناوبردنی ئەو مرۆڤانەی لەم ناوچانەدا نیشتەجێن و سەر ئەنجام ئەم پلانەی جێبەجێكرد ، دیارە مەبەستی بەعس ئەوەبوە بە یەكجاری ژیان لە ناوچەیەك بسڕێتەوە.

كە لە دەرەوەی دەسەڵاتەكەی خۆی كەسانێكی تێدا دەژین كە وەك ئەوەی خۆیان دەیان ئەوێت بژین نەك بەعس.

هەر چەندە بەعس لە دواجاردا مەبەستێتی نەتەوەیەك لە ناوببات و بۆ ئەم كارەش پێویستە یەكەم جار شۆڕشەكەی لە ناوببات و قۆناغی یەكەمی پرۆسەی سرینەوەكە دەبێت لە و كۆمەڵە خەڵكەوە دەست پێبكات كە ئەو بە یاخی ناویان دەبات.

بەڵام ئەوەی تا ئێستا جێگەی پرسیارەو تا هەنوكەش وەڵامێكی تەواوم بەردەستنەكەوتوە لە بەرامبەر ئەو بێباكیەی شارە لە بەرامبەر لە ناوبردنی بەشێك لە جەستەی خاك ونەتەوەكەی، چونكە بۆ چەندین مانگ بەشێك لە هاونیشتمانیەكانی بۆ مەرگ دەبرێن ،بەڵام ئەمی شار نشین هیچ هەستێكی ناجوڵێت شتێك كە ناوی كۆ ویژدانیە نەبینرا.

ڕۆژانە گوندییەكانی وڵاتەكەی بە بەرچاوییەوە بەرەو شوێنی نادیار دەبرێت بەڵام شارنشینان نەك بێدەنگن بەڵكو ئەو ڕووداو كارەساتە گەورەیە هیچ كار لە ڕەوتی ژیانیان ناكات ، وەك ئەوەی هیچ نەبوبێت.





ڕامواییە ئەم هاوخەمی نەبونەی شار لە ئەنفالدا لە گەڵ گوندییەكانی وڵاتەكەی پێویستی بە دەیان توێژینەوەی دەروونناسی و كۆمەڵناسیانە هەیەو تاوەكو وەڵامێكی شیاومان دەست بكەوێت.

بۆ نمونە دەوترێت كاتێك لە مانگی نیسانی ١٩٨٨دا هەزاران گەنجی كورد لە ناحیەی لیلاندا كۆكرابونەوەو هەر ڕۆژەی دەستەكەیان لێدەبرا بەرەو شوێنی چارەنوس نەزانراو بە دوری سەد مەترێك خەڵكی كەركوك دەچونە سەیران و ئاهەنگیان دەگێرا.

ئەم بێبەها سەیركردنەی خەڵكی گوند لە لایەن خەڵكی شارەوە جێگەی ڕامانێكی یەكجار قوڵەو نەجوڵانی هاوسۆزی شارنشینان بەرانبەر ئەو مەرگەساتەی دژی خەڵكانی وڵاتەكەی كە لە دەرەوەی شار دەژیان شتێك نیە هەروا بە سانا سەیر بكرێت ئەوە باكگراوندو ڕەهەندی جۆراوجۆری هەیە و بۆ مێژوییەكی دورتر دەگەڕێتەوەو تەنها ئەوەیە لە ئەنفالدا ئەم بێباكیو بێخەمیەی شارو هاوخەمی نەبونەی شار لە ئەنفالدا گەیشتە چڵە پۆپە و مایەی نیگەرانیشە تا ئێستا ئەم بابەتە لە فەرهەنگو هزرو نوسینی ئێمەدا نەبوە بە مایەی قسە لە سەر كردن وخوێندنەوەیەكی زانسیانەی بۆ نەكراوە .

كە لە هەموو بارێكدا ئەگەری دووبارە بونەوەی هەیە هەر وەك لە هێرشەكانی ئەمساڵی توركیادا بۆ سەر گوندەكان بینیمان كە جگە لە ماودایەكی سنورداری كەم نەبێت دیسانەوە خەڵكی شار زۆر بێباك بوون لە بەرانبەر ئەو كارەساتەی بە سەر گوندییەكانیدا دێت.

ئەگەر چی دوای بیست ساڵ لە ئەنفال واقیعەكە تەواو گۆڕاوە و ڕۆژانە بە هۆی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنەوە نەهامەتی خەڵكی ئەو

گوندانە دەهاتە ناو ماڵەكانمان ، بەڵام هەر نەبوو بەهۆی دروست بونی هاوخەمی خەڵكی شار بۆ گوندییەكان.
هەر چەندە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی ئەنفال لە هەموو كوردستانی عێراقدا دوو شار نەیانتوانی بێدەنگ بن لە بەرامبەر لە ناوبردنی خەڵكی گوندییەكان ئەویش هەر دوو شارۆچكەی چەمچەماڵو دووز خورماتوە ئەمەشبە هەمان شێوە پێویستی بە قسە لە سەركردن هەیە ئەوە چیە وا دەكات ئەم دوو شارە لە ئەنفالدا ڕادەپەڕن وخۆیان دەكەنە دەرەوەی ئەو بازنەییەی كە لەو كاتەدا شاری تێدا بوو.
ئەمە جگە لەوەی ئەگەر بەو واتایەی ئەمڕۆبێت كە تەنها بە چوار شارە گەورەكەی كورستان دەوترێت شار ئەوا بێخەمی ئەم بەشەی شار زۆر زیاتر بوو لە شارو شارۆچكەكان.

* ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی ژمارە (٧٦٢) دوو شەممە ١٦ی حوزەیرانی ٢٠٠٨





## بارزانییەكان ئەنفالكراونین

بیست وپێنج ساڵ لەمەوبەر و لە ڕۆژی٣١ی تەموزی ساڵی ١٩٨٣ ڕژێمی بەعس تاوانێكی گەورەو دڕندانەی دەرحەق گەلەكەمان ئەنجامدا. ئەویش بێسەروشوێنكردنی زیاتر لە هەشت هەزار كوردی بارزانی بوو كە تا ئەو كاتە گەورەترین پرۆسەی لە ناوبردنی گەلی كورد بوو.
بەڵام بە داخەوە سەرەڕای گەورەیی تاوانەكەو ئەو شوێنەوارو كاریگەرییە نێگەتیڤانەی ئەم كارەساتە لە دوای خۆی دروستیكرد كە تا هەنوكەش كەسوكاری قوربانییەكان پێوەی دەناڵێنن.
نەمانتوانیوە بە شێوەیەك كار لە سەر ئەم تراژیدیایە بكەین كە لە ئاستی پێویستدا بێت.
لە كاتێكدا دەبوایە زانكۆو ناوەندە ئەكادیمیەكان خاوەنی چەندین توێژینەوەی بە نرخ بونایە لە سەر ئەو شوێنەوارانەی ئەم كارەساتە لە ڕووی كۆمەڵایەتی و ئابوریو سایكۆلۆژییەوە لە سەر زیانلێكەوتوانی ئەم كارەساتە دروستی كردووە.

هەوەها دەبوایە باشترین ئامارو داتامان دەربارەی قوربانییەکان لە بەردەستدا بوایە چونکە قوربانییەکانی ئەم تاوانە خەڵکی ناوچەیەکی دیاریکراو بوون، ئەم کارە زۆر قورس وزاحمەت نەدەبوو ئەگەر دڵسۆزانە کاری بۆ بکرایەو دەتوانرا ئەو کەموکوڕیانەی ئەمڕۆ لە دۆزی ئەنفالدا هەمانە لە تاوانی سەرنگومکردنی کوردانی بارزانیدا نەمانبوایەو لە شانزە ساڵی ڕابردوودا فایلێکی پوخت و تەواومان لەم بارەیەوە هەبوایە.

دوای ئەم پێشەکیە دەمەوێت بڕۆمە سەر مەبەستی وتارەکەم کە قسە کردنە لە سەر هەڵەی بەکارهێنانی زاراوەی ئەنفال و ئەنفالکردنە بۆ تاوانی سەرنگومکردنی بارزانییەکان.

لە کاتێکدا ئەنفال تاوانێکە لە کاتێکی دیاریکراودا ئەنجامدرا بە هەشت قۆناغی یەك لە دوای یەك و لە ماوەی چەند مانگێکدا لە شوبات تا ئەیلولی هەمان ساڵی خایاند لە زاخۆ تا خانەقینی گرتەوە.

کەواتە ئەگەر تاوانێك لە دەرەوەی ئەو هەشت قۆناغەدا ئەنجامدرابێت ئەوا نابێت بە ئەنفال ناوببرێت.تەنانەت ئەگەر لە هەمان ساڵیشدا دژ بە کورد ئەنجامدرابێت. بۆیە ئەڵێم ناونانی تاوانێکی وەك سەرنگومکردنی بارزانییەکان لە ساڵی ١٩٨٣ بە ئەنفال هەڵەیەکی گەورەیە نە خزمەت بە دۆزی سەرنگومکردنی بارزانییەکان نە کارەساتی ئەنفالیش دەکات.

بەڵکو بە پێچەوانەوە لە ڕووی یاسایی و نەتەوەیی‌و سیاسیەوە زیان بە هەردوو مەسەلەکە دەگەیەنێت، بۆ نموونە ئەو تاوانەی لە ساڵی





١٩٨٣ دژی گەلەکەمان ئەنجامدرا بە هەموو پێوەرێك دەچێتە چوارچێوەی تاوانی جینۆسایدەوە کەوابوو کەی پێویست دەکات ئێمە بێ ئەوەی بیر لە لایەنە خراپیەکانی بکەینەوە بێین ناوی تاوانێکی تری جینۆسایدی بۆ بە کاربهێنین کە لە کات و سەردەمێکی جیاواز تردا دژ بە گەلەکەمان ئەنجامدراوە.

ئەگەر ئێمە هەموو پرۆسەیەکی لە ناوبردنی کورد بە ئەنفال ناوببەین ئەوکاتە دەبێت بڵێین بەعس لە ڕۆژی هاتنە سەر حکوم تا ئەو ڕۆژەی لە سەر دەسەڵات لادرا یەك تاوانی دژ بە گەلەکەمان ئەنجامداوە ئەویش ئەنفالە. ئەمەش زیانی بۆ گەلەکەمان هەیەو ئەگەر سبەی لە هەر ڕوویەکەوە باس ئەنفال بکرێت خەڵکی نازانێت مەبەست کام پرۆسەی لە ناوبردنی گەلاکەمانە . هەروەها لە کاتی دادگایکردنی سەرانی ڕژێمی بەعسدا لە سەر تاوانی ئەنفال کاتێك یەکێك لە سکالاکارەکان ویستی باسی کوشتنی باوکی بکات لە لایەن فڕۆکەکانی بەعسەوە لە پێش پرۆسەی ئەنفال، دەست بە جێ دادوەرەکە ئاگاداری کردەوە کە ئەو ڕووداوە پەیوەندی بە ئەنفالەوە نیە.

ئەوەی لە کۆتاییدا بە پێویستی دەزانم ئاماژەی بۆ بکەم ئەوەیە کە نابێت هیچ کەس و دەزگایەکی ڕاگەیاندن بە هەر مەبەستێك بێت، زاراوەو دەستەواژەی ئەنفالکردن بە کاربهێنێت، تەنها لە بەرامبەر ئەو کەسانە نەبێت کە لە چوارچێوەی شالاوەکانی ئەنفالدا بێسەرو شوێنکران و جگە لە هەشت قۆناغەکەی ئەنفال نابێت هیچ تاوانێکی تر بە ئەنفال ناو ببرێت.

* ڕۆژنامەی ئاوێنە (١٣٥) سێشەممە ١٩-٨-٢٠٠٨

## هەژدە كچەكەی گەرمیان

لە دوای كارەساتی ئەنفال قسەو باسی زۆر دەكرا لە سەر ئەوەی كە ئەنفالكراوەكان چیانلیكراوەو چۆن لە ناوبراون وتەنانەت لە كچان و ژنانی ئەنفالكراو بە عەشیرەتە عەرەبەكانی ناو عێراقودەوڵەتانی عەرەبیش فرۆشراون، زۆر كەس بڕوای بەم جۆرە قسانە نەبو، تاوەكو ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ڕویداو بەشێك لە ڕاستی ئەو قسانە لە ڕێگەی بەڵگەنامە نهێنییەكانی دامودەزگاكانی دەوڵەتی عێراقەوە بو بە ڕاستی و ئیتر هیچ گومانێك نەما لە سەر ڕاستی ئەو قسانە.

لە یەكێك لەو بەڵگەنامانەدا كە لە ساڵی ١٩٩١ لە شاری كەركوك لە بەڕێوەبەرایەتی موخابەرات دەستی بە سەردا گیرا ، باس لە فرۆشتنی هەژدە كچی كورد دەكات بە یانە شەوانەكانی وڵاتی میسر، ئەم بەڵگە نامەیە لە بەرواری ١٠-١٢-١٩٨٩ دەرچوە بە ژمارە ١٦٠١ كە دە ڕۆژ دوای دەرچونی بەڕێوەبەرایەتی موخابەراتی پارێزگای كەركوك واژۆی ئەم نوسراوەی كردووەو ئاڕاستەی بەڕێوەبەرایەتی موخابەراتی گشتی كردووە.





هەموو ئەو كچانەش كە لەو بەڵگەنامانەدا ناویان هاتوە هەمو ناسراون وخەڵكی گوندەكانی ناوچەی گەرمیانن.

بەڵام ئەوەی جێگەی داخە بۆ ئێمەی گەرمیانی و كەسوكاری ئەنفالكراوەكان لە بری ئەوەی دەسەڵاتی كوردیو سەركردایەتیەكەی بە دوای ئەو بەڵگەنامانەدا بچونایە لە دوای ساڵی ١٩٩١ەوە چارەنوسی ئەو كچە پاكیزانەی گەرمیانیان ئاشكرا بكردایە.

كەچی بە پێچەوانەوە بەر لە سێ ساڵ لە بەرنامەی چاوی سێهەمی كەناڵی كوردسات ئەندام سەركردایەتیەكی یەكێتی گومانی ڕاستی خستە سەر ئەو بەڵگەنامەیەو لە دیدارێكی مام جەلالیشدا لە شارۆچكەی دوكان لە گەڵ ژمارەیەك لە كەسوكاری ئەنفالكراوەكان، فرۆشتنی كچانی كورد لە ئەنفالدا بە میسر بە پڕوپاگەندە ناوبردو وتی ئەگەر ڕاست بوایە ڕاگەیاندنەكان بڵاویان ئەكردەوە .

نازانم جەنابی تاڵەبانی مەبەستی لەم قسەیە چی بو ئایا ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ كە زمانحاڵی حیزبەكەی خۆیەتی بە ڕاگەیاندن نازانێت كە لە ژمارە ٣١٠٠ی ساڵی ٢٠٠٣ بڵاوكراوەتەوە، لە كتێبی ڕەشەبای ژەهرو ئەنفال بڵاوكراوەتەوە كە بە كتێبی ساڵ ناسرا و لە بە ناوبانگترین گۆڤاری ئەم هەرێمەدا كە گۆڤاری لڤینە لە ژمارە ٨٩ لە ١٥-٤-٢٠٠٩ بڵاوكراوەتەوە.

ئەمە جگە لە چەندین دەزگای ڕاگەیاندنی تر لە كوردستان، ئایا ئەمانە كەناڵی ڕاگەیاندن نین؟. ئەگەریش تاڵەبانی مەبەستی ڕاگەیاندنی عەرەبی ومیسرە كە تا ئێستا باسی ئەم ڕوودوایان نەكردووە بەڵام ئەوان تا ئێستا باسی هەڵەبجەو ئەنفالیش ناكەن چی

جا ئەوەی باسکردنی تاوانێکی لەم جۆرە، تاڵەبانی ئەڵێت پەیوەندیم بە لایەنەکانی میسرەوە کردووە نکۆڵیان لەمە کردووە ئایا ئەم قسەیە دەکرێت ببێ بە بەڵگەی ناوەڕاستی ئەم مەسەلەیە؟.

ئایا تاڵەبانی ئەو بەڵگەنامەیەی بینیوە کە باس لە فرۆشتنی هەژدە کچی کوردی ئەنفالکراو ئەکات بە یانە شەوانەکانی میسر بە چی بەڵگەیەك ئەو نوسراوەی موخابەرات بە درۆ دەزانێت؟. ئێمەش حەزمان دەکرد بۆمان بسەلمێنرایە کە ئەو بەڵگەنامەیە تەزویرکراوە، بەڵام تا ئێستا ئەوە شەش ساڵە کە ئەم بەڵگەنامەیە کەوتۆتە بەردەستی خەڵکی کوردستان تا ئێستا هیچ کەسێك نەیتوانیوە تەزویربونی‌و ناڕاستی ئەو بەڵگەنامەیە بسەلمێنێت.

نەك هەر ئەمەش تاڵەبانی داوا دەکات لە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان کە سەردانی بەغداد بکەن بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکات و قەرەبوی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بکاتەوەو چەندین شتی تر ، توخوا نەنگی نیە داوا لە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بکرێت بچنە بەغداو خۆیان بە دوای ئەم مەسەلە نەتەوەیە بکەون.

ئەرێ تاڵەبانی پێم ناڵێت بەڕێزیان لە بەغداد ئەرکیان چیە ئەی ئەوان نوێنەرانی ئێمەنین لە بەغداد ئەی دەنگمان پێنەدان بۆ ئەوەی بەو پلەو پۆستە بگات.

ئەی بەڕێزیان بۆ ئەو داواکاریانەی کەسوکاری ئەنفال هەیانە نایخاتە بەردەستی حکومەتی عێراق.ئایا ڕەوایە ئێمەی مەرگەساتبارو کارەساتبارو کچو کوڕ ئەنفالکراو ، بەم جەرگ سوتاوییەی





خۆمانەوە بێنە بەغداد لە گەڵ عەرەبی عێراق دابنیشین وداوایان لێبکەین داواکانمان جێبەجێبکەن.ئایا تاڵەبانی بۆ ئەم ئەرکە ئەخاتە سەرشانی ئێمە ؟. باشە ئەگەر هەموو چین و توێژێکی خەڵکی کوردستان خۆیان بچنە بەغداد بۆ دوادا چونی کێشەکانیان ئەی تر بۆ ئێمە نوێنەرمان نارد بۆ بەغدادو دەنگمان پێدان.

لە کۆتایدا دەمەوێت بڵێم چەند شەرمەزارییە بۆ دەوڵەتی میسر کە لە پرۆسەی ئەنفالدا بەو شێوەیە بەشداربوە لەو تاوانەی بەعس و دەوڵەتی عێراقدا ئەوا بە هەمان شێوەش شەرمەزارییەکی گەورەیە بۆ سەرکردەکانمان کە لە بەرامبەر ئەم مەسەلەیە زۆر شەرمن و بێدەنگن لە پێناوی بەرژەوەندی کەسی و تایبەتی‌و حیزبیان ناتوانن هیچ هەڵوێستێکی نەتەوەییان هەبێت.

* بڵاْنەکراوەتەوە

## ئەنفال و كاریگەرییەكانی لەسەر گەنج
## لە توێژینەوەیەكی زانستیدا

ئەوەی ئەنفال جیا دەكاتەوە لە زۆرێك لە تاوانەكانی دیكە تەنها ژمارە زۆری قوربانیەكان نیە بەڵكو زۆری ئەو كاریگەرییە قوڵ و جۆر بە جۆرانەیە كە لە دوای خۆی لە سەر رزگاربوانی ئەوتاوانە بە جێیهێشت.

كە تەنانەت هەر چەند ە وەكو كات دور دەكەوینەوە لە مێژوی ئەنجامدانی تاوانەكە ئەوە زیاتر پەی بە و شوێنەوارە خراپانە دەبەین و هەستی پێدەكەین و تێبینی دەكەین.

هەرگیزیش ناتوانین ئەنفال وەكو خۆی تێبگەیت و بیخوێنیتەوە تاوەكو بە كردەوە نەبیتە بەشێك لە كەسوكاری ئەنفالكراوەكان و نزیك نەبیتەوە لە هەست و ناخو ئازارەكانیان.

چونكە بە چەند جۆرێك كار دەكرێت لە سەر ئەنفال بۆ نمونە جۆری تیۆری كە ئەم جۆرەیان پێویستی بە چونە ناو ژینگەی قوربانیەكان نیە هەروەك چۆن دەكرێت كوردێك قسە لە سەر هۆلۆكۆستی جولەكەكانیش بكات بێئەوەی پێویستی بە چونە ناو كەسوكاری قوربانیەكان بێت. شێوەیەكی دیكە بۆ كاركردن لە سەر



خەمێك بۆ ئەنفال ........................ هێمن كامیل

ئەنفال چونە ناو مەیدان و تێگەیشتنە لە ئەنفال لە واقیعی ژیانی قوربانیەكانەوە ئەو كات دەزانرێت ئەو دەرئەنجامەی بە دەست دێت زۆرجیاوازە لەوەی كە لە دورەوە قسە لە سەر ئازارەكانی ئەنفال بكرێت.

بۆیە بە پێویستی دەزانم چەند ئازارێكی كەم لەو ئازارانەی ئەنفال لە سەر قوربانیەكان بە جێیهێشتوە و لە توێژینەوە زانستیەكەمدا بە دەستمهێناوە لێرەدا بیخەمە روو .

ئەنفال بوە هۆی راگواستنی هەمو ئەوانەی كە لە كارەساتە كە دەربازبون و لە ئۆردوگا زۆرە ملێكاندا نیشتەجێكران لەو ٤٤ پرسیارەی لە بەشی مەیدانی تویژینەوەكەمدا ئاراستەی گەنجی كەسوكار ئەنفالمان كردووە كە ئایا تا چەند هەست بە ئاسودەیی دەكات لەو شوێنەی لە دوای ئەنفالەوە تیایدا نیشتەجێیە لە ٧٧٪ یان ئەڵێن هەست بە ئاسودەیی ناكەین.

هەروەها تا ساڵی ٢٠٠٣ لە ٨١٪ی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان چاوەروانی هاتنەوەی ئەنفالكراوەكانیان كردووە ئەمەش ئازارێكی سەختە بۆ ماوەی ئەوەندە ساڵ مرۆڤ لە چاوەروانیدا ژیانی گوزەراندبێت. چونكە چاوەروانی كاریگەری دەرونی خراپی هەیە لە سەر مرۆڤ دەیكاتە كەسێكی هەمیشە دو دڵ و راراو تەنانەت بونی خۆی لە دەست ئەدات.

تا هەنوكەش لە ٤٤٪ی خێزانی ئەنفالكراوەكان ئەندامێكی خێزانەكەیان چاوەروانی هاتنەوەی ئەنفالكراوەكانە بە زیندویی واتە

نەیتوانیوە بروا بە خۆی بهێنێ کە ئەنفالکراوەکان نەماون. ئەمانەش بە زۆری کەسانی بە تەمەنن بە تایبەتی ئەوانەی لە رەگەزی مێن.

هەروەها لە ٧٥٪ی گەنجی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان چاوەروانی هێنانەوەی روفاتی ئەنفالکراوەکانە. بە واتە بە هەر جۆرێك بوبێت لە دوای سالّی ١٩٨٨ەوە کەسوکاری ئەنفال لە چاوەروانیدا دەژی.سالانێك هاتنەوەی ئەنفالکراوەکان و لە ئێستاشدا هاتنەوەی روفاتەکانیان.

لە ٧٥٪ی گەنجی کەسوکاری ئەنفال ئەڵێن کاتێك بەشداری بۆنەو ئاهەنگێکی خۆش دەکەین وەکو خەڵکانی تر ناتوانین چێژو خۆشی لێببینین.

لە ٩٤،٥٪ ی گەنجی کەسوکاری ئەنفال پێیوایە بایەخنەدان و گرنگینەدان بە ئەنفال بوە بە هۆی رێزنەگرتنێکی تایبەت لە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان.

ئەمانەو دەیان جۆری خەمو ئازاری دیکە کە ئەنفال لە دوای خۆی دروستیکردووەو زیاتر لە نەوەیەکیش کاریگەر ئەبن بەو شوێنەوارانەو بە داخەوەش حکومەت بەرنامەو پلانی نەبوە بۆ کەمکردنەوەی بەشێك لەو ئازارانەی ئەنفال.چونکە هەر یەکە لەو رێژانەی لە سەرەوە خستومانەتە روو دەکرێت خوێندنەوەو شرۆڤەی زیاتر هەڵبگرنو لە فاکتەرو پاڵنەرەکانی بکۆڵرێتەوەو بەمەش گەورەیی و ترسناکی ئەنفال و کاریگەرییەکانیمان بۆ دەردەکەوێت.

* رۆژنامەی هەواڵ ژمارە (٥٠٣) ٥ی کانونی دووەمی ٢٠١٣





## ئایا ئەنفال کارەساتێکی نەتەوەییە؟

زۆرێك لە گەلانو نەتەوە جیاجیاکانی جیهان خاوەنی کارەساتی نەتەوەیین کە لەسەر دەستی دوژمنەکانیان دەرحەقیان ئەنجامدراوە. هەر بۆیە کارکردنی دەسەڵاتی سیاسیان لەسەر ئەو کارەساتانە نەتەوەیی دەبێتو بەشێوەیەك کە هەموو تاکێکی ئەو کۆمەڵگەیە هەست بە بەرپرسیاری ئەخلاقیو نیشتیمانیو نەتەوەیی دەکات لە بەرامبەر زیندوهێشتنەوەو لە بیرنەکردنی.

هەر بۆیە نوسەران و سینەماکاران و هونەرمەندان شاکاری گەورەو گرنگ بەرهەمدەهێنن لە پێناوی مانەوەی کارەساتەکە بە زیندویی لە خەیاڵدان و بیروهۆشی خەڵکیدا.

زۆرجاریش ئەو کارەساتانە لە سنوری دەوڵەتان و تەنانەت کیشوەرەکانیش دەبڕێت و بە جیهانی دەکرێت بۆ ئەم مەبەستەش رێگەی سەردەمیانە بە کاردەهێنن.

ئێمەی کوردیش خاوەنی چەندین کارەساتی نەتەوەین لەوانە کارەساتی گەورەی ئەنفال کە مێژووی مرۆڤایەتی کارەساتی وا گەورەی بە خۆوە نەبینیووە.

بەلام زۆر بە داخەوە دەسەلاتی كوردی نەك كە مەترخەم بوو لە ناساندنی ئەم تاوانە بە جیهان وەك تاوانێكی جینۆساید .بەڵكو نەیتوانی نەتەوەییانەش مامەڵە لە گەڵ ئەم تراژیدیایەدا بكات.

هەر بۆیە ئێستا ئەنفال وەك تاوانێكی ناوچەیی و گەرمیانی دەناسرێت و ناودەبرێت و سەیر دەكرێت لە كاتێدا دەبوایە هەموو تاكێكی كورد خۆی بە بەرپرس بزانیبایە لە بەرامبەر لە بیرنەكردنی ئەنفال لە هەموو شارو ناوچەیەكی ئەم كوردستانە دا ساڵیادی ئەنفال بەرز ڕابگیرایە و بە تەواوی بوایە بە خەمێكی نەتەوەیی و بەشێك لە ئەخلاقمان.

زۆرجار لە ساڵڕۆژی كارەساتی ئەنفالدا كە /٤/١٤/ە هەندێ شت دەبینیت و سەرەنجت ڕادەكێشێت و دواجاریش ئازارێكی قوڵی دەرونت دەدات بۆ نموونە چوونی خوێندكارانی زانكۆ بۆ گەشت و سەیران یا خود زۆرجار ئەگەر بۆنەیەكی حیزبی كەوتبێتە ئەو ساڵیادەوە ئەوا ئاهەنگی جەماوەری بۆ ڕێكخراوەو لەو ڕۆژەدا خەڵكیان هەڵپەڕاندوە بێ ئاگا لەوەی كە ئەوە چی سوكایەتی كردنێكە بەو ساڵیادە، یاخود ئەوە چی ئازاردانێكی سایكۆلۆژی ئەو كەسانەیە كە لەو كارەساتەدا زیانییان پێگەیشتووە.

هەروەها ڕاگەیاندنی كوردی پشكی گەورەی لەو كەمتەرخەمیەی دەكەوێتە ئەستۆ چونكە ڕاگەیاندنی كوردی دەیتوانی زۆر زیاتر لەوەی تا هەنوكە بۆ ئەنفالی كردووە بیكات ئەو كاتەش ئەنفال نەدەبوو بە كارەساتێك كە نەوەی نوێ كەمترین زانیاریان دەربارەی





هەبێتو خوێندنەوەیان بۆ ئەنفال هەرگیز بەو شێوەیە نەدەبو كە لە ئاستی گەورەیی كارەساتەكە نەبێت.

* ساڵنامەی مانەوە ساڵی ٢٠٠٦

## ئەنفال لە نێوان بە جیهانی بون و گەرمیانی بووندا

هیچ دەسەلاَتێكی سیاسی نیە لە م جیهانەدا هێندەی دەسەلاَتی سیاسی كورد بە شەرمەوە باس لە كارەساتەكانی بكات ، یاخود هێندەی سیاسیەكانی كورد هەستی خۆ بە كەمزانینی تێدا زاڵبێت و هێندە بێ بە ها لە قوربانیەكانی بروانێت و هێندە بێ پلان و بێ بەرنامە و كەم تەرخەم و بێباك بێت لە بەرانبەر زیندو هێشتنەوەو لە بیرنەكردنی كارەساتە نەتەوەییەكانی.

ئێمەی كورد خاوەنی كارەساتێكی گەورەی وەك ئەنفالین ، بەلاَم چونكە دەسەلاَتی سیاسی بە شێوەیەك كاری لە سەر نەكردووە كە لە ئاستی گەورەیی كارەساتەكەدا بێت .

نەك ئەنفال بە نێو نەتەوەیی و بە جیهانی نەكراوە، بەڵكو ئەم كارەساتە خەریكە لە سەر ئاستی ناوخۆ مۆركێكی ناوچەیی وەردەگرێت و لە چەند ساڵی رابردودا ئەنفال هێندەی وەك كارەساتێكی گەرمیانی باسی لێوە كراوە هێندە وەك كارەساتێكی نەتەوەیی پیشان نەدراوە .





ساڵانە زۆرترین چالاكیەكانی ساڵیادی ئەم كارەساتە لە و ناوچانە ئەنجام دەدرێت كە پشكی زۆری ئەنفالیان بەر كەوتوە،

هۆكاری ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ بایەخنەدانی پێویست بە ئەنفال لە ناوچەكانی دیكە.

چونكە كەسوكاری ئەنفالەكان كاتێك گەیشتون بەو راستەیەی كە ئەگەر بێت و خۆیان هەوڵی بەرز راگرتنی ئەم ساڵیادە نەدەن و بە بیری نەوەی نوێ نەهێننەوە ، ئەوە كەسانی دیكە بەم كارەساتە هەڵناسن و سەر ئەنجام زیان بە ئەنفال و دۆزەكەی دەگات ئەگینا ئەگەر توێژینەوەیەكی سایكۆلۆژی لە سەر كەسوكاری ئەنفالكراوەكان بكرێت ئەو راستیەت بۆ روون دەبێتەوە كە دەرونیەن كەسوكاری ئەنفالكراوەكان ئەو كاتە زیاتر ئاسودە دەبن كە كەسانی تر باس لە خەم و ئازارەكانیان بكات نەك خۆیان .

بەلاَم بە داخەوە نەخوێندنەوەی ئەنفال وەكو كارەساتێكی نەتەوەیی و پەراوێزخستنی زیانلێكەوتوانی كارەساتە كە بوە بە فاكتەرێك كە ئەمرۆ خەمی ئەنفال نەك بە جیهانی نەكراوەو وەكو تاوانێكی جینۆسایدو دژ بە مرۆڤایەتی لە ناوەندو دەزگا سیاسی و نێو دەوڵەتییەكاندا بە فەرمی نەناسێنراوەو دانییێدا نەنراوە.

بەڵكو نەتوانراوە وەك كارەساتێكی نەتەوەیی و كوردستانیش مامەڵەی لە گەڵ بكرێت لە كاتێكدا دەبوایە لە پێناوی بە نێو دەوڵەتی كردنی ئەنفالدا هەمو هەوڵەكان یەكبخرانایە و بەشێك لە داهاتی نەتەوەیمان بۆ ئەم مەبەستە تەرخانبكرایە و سودمان لە ئەزمونی ئەو گەلو نەتوانە وەربگرتایە كە بەردەوام لە خەبات و

كۆششی بەردەوامدان بۆ لە بیرنەكردنی كارەساتە نەتەوەییەكانیان توانیویانە بە جیهانییان بكەن .

چونكە ئەگەر ئێمەی كورد بمانتوانییایە ئەنفال بە جیهانی بكەین ئەوە نەك دوژمنەكانمان جارێكی دیكە نەیانئەتوانی تاوانێكی وەك ئەنفالمان دەرحەق ئەنجامبدەن بەڵكو لە رووی سیاسیەوە سودێكی زۆرمان لێوەر دەگرێت و لە دوا رۆژدا بە كارمان دەهێنا بۆ دروستكردنی كیانێكی سەربەخۆ. چونكە ئەگەر گەلێك بتوانێت بیسەلمێنێت كە جینۆساید كراوە ئەوا لە رووی یاسای نێو دەوڵەتییەوە كاریگەری خۆی هەیە لەم بوارەدا .

بەڵام ساڵانەو لە گەڵ هاتنی رۆژی ١٤-٤ دا كە ساڵرۆژی كارەساتی ئەنفالە جگە لە ناوچەی گەرمیان و چەند شوێنێكی دیكە.ئیتر لە شارو شارۆچكەكانی كوردستاندا هەست ناكەی ئەنفال كارەساتێكە دەرحەق بە كورد ئەنجامدراوە. لە ساڵیادی ئەنفالدا لە هەر یەك لە شارەكانی هەولێرو سلێمانیدا كەمترین رێز لە ئەنفال دەگیردرێت وەك كارەساتێكی نەتەوەیی.

تەنانەت ساڵ هەیە ژمارەی ئەو لافیتانەی بۆ ئەم یادە نوسراون نەگەیشتۆتە ژمارەی پەنجەكانی دەست.

* رۆژنامەی ئازادی ژمارە (٤٦٧) سێشەممە ٢٤-٤-٢٠٠٧





## مۆنۆمێنتی ئەنفال و سەرۆكی حكومەت

ئەنفال پرۆسەیەكی سەربازی وئابوری وكۆمەڵایەتی ودەروونی رژێمی بە عس بوو لە ساڵی ١٩٨٨ولە چوار چێوەی هەشت قۆناغی یەك لە دوای یەكدا ولە ماوەی چەند مانگێكدا لە ٢٢ی شوبات تا ئەیلولی هەمان ساڵی خایاند.

ناوچەكانی كەركوك وگەرمیان كە ئەنفالی سێو چواری تێدا ئەنجامدرا ئەم دوو قۆناغە بە بە پلەی یەكەم و دووەم دێن بەوەی زۆرترین زیانی گیانی ومالی لێكەوتەوەو ئەو كاریگەری و شوێنەوارە ترسناكانەی ئەنفال لەم ناوچەیە دروستیكرد لە هیچ ناوچەیەكی تری كوردستان دروستینەكردووە.

زۆر دڵنیام كە سێ بەشی قوربانیەكانی ئەنفال دەكەوێتە سنورەكانی ئەم دوو قۆناغەوە نوێترین ئامارو سەرژمێری و رووپێویكردن كە وەزارەتی كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان پێی هەستاوە ئەو راستییە دەسەلمێنێت .

هەر بۆیە كاتێك خەڵكی كوردستان بە گشتی وگەرمیان بە تایبەتی گو ێبیستی ئەوە بوون كە حكومەت مۆنۆمێنتی سەرەكی ئەنفال لە هەولێر دروست دەكات سەریان سوڕما لەوەی كە حكومەت بڕیاری لەم جۆرە لە سەر چی بنەمایەك دەدات.

ئەوەندەی ئاگادارم سەرۆكی حكومەت لە هەموو كەس زیاتر پێداگری دەكات لە دروستكردنی مۆنۆمێنتی سەرەكی ئەنفال لە هەولێر .

هەر بۆیە ئێستا لە هەولێر مۆزەخانەو مۆنۆمێنتی ئەنفال لە هەولێر دروست دەكرێت، بێ ئەوەی حكومەت ئەوە لە بەرچاو بگرێت كە بەم كارەی هەستی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان بریندار دەكات .

چونكە ئەمساڵ كاتێك توێژینەوەكەم لە هەردوو ناحیەی شۆڕش و تەكیە ئەنجامدا و سەرجەم نموونەی توێژینەوەكەم گەنجانی كەسوكاری ئەنفالكراو بوون كاتێك ئەو پرسیارەم ئاراستە كردن . ئایا لە گەڵ ئەوەن مۆنۆمێنتی سەرەكی ئەنفال لە هەولێر دروست بكرێت ڕێژەی لە ٩٧ ٪ نموونەكە وەڵامەكانیان بە نەخێر بوو بەوەی كە نارازین لەم كارەی حكومەت .(توێژینەوەی دەرچوونەكەم لە سەر ئەنفالی چوارو كاریگەرییە كۆمەڵایەتییەكانی لە سەر گەنجی كەسوكاری ئەنفال) بوو.

ئەگەر ئەمە ڕای كەسوكاری ئەنفالكراوەكان بێت لە سەر ئەم كارەی سەرۆكی حكومەت . كەواتە حكومەت بەم كارەی نەك هیچ خزمەتێك بە ئەنفال ناكات بەڵكو ئەوە دەردەخات كە تا ئێستا دەسەڵات ئامادە نیە هیچ ئیعتیبارێك بۆ ڕاوبۆچوونی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان دابنێت لە پرۆژەیەكدا كە پەیوەندی تەواوی بەوانەوە هەیە.

بۆیە پێشنیازێك دەكەم بۆ سەرۆكی حكومەت كە كاركردن لە دروستكردنی مۆنۆمێنتی ئەنفال لە هەولێر ڕابگرێت تاوەكو ئەنجامی ئاماركردنی قوربانیانی ئەنفال و كیمیابارانی





ڕادەگەیەنرێت ئەو كاتەش بە شێوەیەكی زانستی زۆرترین زانیاریمان دەست دەكەوێت لە سەر زیانە گیانی وماڵییەكانی ئەنفال لە ناوچە جیاجیاكانی كوردستان و ئەوەشمان بۆ دەردەكەوێت كە ئایا كام ناوچەی كوردستان مافی لە پێشتری هەیە تاوەكو مۆنۆمێنتی سەرەكی ئەنفالی لێدروست بكرێت.

هەرچەندە ڕامواییە ئەگەر بە هەر بیانوو پاساوێك بێت جگە لە ناوچەكانی كەركوك و گەرمیان مۆنۆمێنت ومۆزەخانە و گۆڕستانی سەرەكی ئەنفالكراوەكان لە هەر شوێنێكی تر دروست بكرێت ئەوا زیانێكی گەورە بە دۆزی ئەنفال دەگات و غەدرێكیشە لە كەسوكاری ئەنفالكراوەكان و بێبەشكردنی گەرمیانیەكانە لەو مافە سەرەتاییەی خۆیان.

چونكە گەورەیی ئەنفال و درندەیی بەعس و مەزلۆمیتی كورد لە ئەنفالدا تەنها لە گەرمیاندا دەتوانرێت ببینرێت. لە دوای ڕاپەڕینەوە هەر كەسێك و وەفدێكی ناوخۆیی و بیانی تاسەردانی گەرمیان بە تایبەتی هەردوو ناحیەی شۆڕش و ڕزگاری نەكردبێت لەو خەمو ئازارە تێنەگەیشتون كە كەسوكاری ئەنفالكراوەكان تا هەنوكەش بە دەستیەوە دەناڵێنن.

هەروەها ڕاستیەك هەیە بە پێویستی دەزانم بیری سەرۆكی حكومەتی بهێنمەوە ئەوەیش ئەوەیە كە یەكێك لە ئامانجەكانی پشت دروست كردنی مۆنۆمێنت بۆ ئەنفال جگە لە زیندو ڕاگرتنی كارەساتەكە خزمەتكردنی كەسوكاری قوربانیەكانە.

بەڵام ئەگەر مۆنۆمێنتی ئەنفال لە هەولێر بێت ئەوا بە هەمان شێوەی ساڵانی ڕابردوو كەسوكاری ئەنفالكراوەكان و ناوچە زیان لێكەوتوەكانی ئەنفال پشتگوێ دەخرێتو ئەو مۆنۆمێنتە نابێتە فاكتەرێك بۆ باشكردنی ژیانی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان .

ئەمە جگە لەوەی ئەم كارەی حكومەت دەرئەنجامە خراپەكانی لە ئایندەدا دەردەكەوێت ، چونكە دەبێت ئەوەمان لە بیر نەچێت كە هەڵەبجەییەكان ڕەخنەیان لەوە هەبوو كە مۆنۆمێنتی قوربانیەكانیان چەند سەد مەترێك لە دەرەوەی شارەكەیان بوو چی جا ئەوەی ئەگەر مۆنۆمێنتی سەرەكی ئەنفال سەدان كیلۆ مەتر لە و شوێنەوە دوور بێت كە بە مەڵبەندی كارەساتەكە دادەنرێت.

* ڕۆژنامەی هاولاتی ژمارە(٣٥١) یەكشەممە ٢-٩-٢٠٠٧





## مۆنۆمێنتی ئەنفال لە هەولێر،
## غەدرێكی دیكەی حكومەت

هەرچەندە ئەنفال گەورەترینو بێ وێنەترین تاوانە كە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە دەرحەق گەلەكەمان ئەنجامدراوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتی كوردی نەیویستوە بە شێوەیەك كار لە سەر ئەنفال بكات كە لە ئاستی گەورەیی كارەساتەكەو كاریگەریو شوێنەوارە نێگەتیڤە ئابوریو دەرونیو كۆمەڵایەتەكانیدا بێت.

لە پانزە ساڵی ڕابردودا هێندەی كار بۆ لە بیركردنی ئەم كارەساتەو فەرامۆشكردنی ناوچە زۆر زیان لێكەوتووەكانی ئەنفالو ئاوڕنەدانەوە لە بارودۆخی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان كراوە. هێندە هەوڵنەدراوە ئەنفال وەكو كارەساتێكی نەتەوەیی مامەڵەی لەگەڵدا بكرێتو خوێندنەوەی بۆ بكرێت، تا هەنوكەش حكومەت خاوەنی پلان و بەرنامەیەكی زانستیو سیاسی نیە بۆ ئەنفال كە كردبێتی بە ستراتیژی خۆیو كاری لە سەر بكات.

لە كاتێكدا دەبوایە دەسەڵاتی كوردی بە لێپرسراوێتیەوە كاری لەسەر ئەنفال بكردایەو لە بەرامبەر ئەم ئەركە ئەخلاقیو مێژوییەدا هێندە كەمتەرخەمو بێباك نەبوایە. چونكە بەم شێوە كاركردنەیان

لەسەر ئەنفال زیانیان بە دۆزی ئەنفال گەیاندو بە شێوەیەك لە شێوەكان بچوكردنەوەی ئەنفال بو، ئەمە جگە لەوەش كەسوكاری ئەنفالكراوەكان لە خراپترین ئاستی ژیانو گوزەراندانو بە پێچەوانەوە بارودۆخی ژیانی موستەشارەكان لەو پەڕی باشیدایەو بەشێك لە موستەشارەكان ئێستا لە ناو حیزبەكاندا لە پلەی بەرزی سەربازیدان كە هەرگیز لە ناو حیزبی بەعسدا نەدەگەیشتن بەو پلەو پۆستانە. تائێستاش ناوچەكانی گەرمیان كە پشكی گەورەیان لە ئەنفال بەركەوت فەرامۆشكراوترین ناوچەن لە ڕوی پرۆژەی خزمەتگوزارییەوە، بۆ نمونە ناحیەی شۆڕش كە ژمارەی دانیشتوانی نزیكەی پەنجا هەزار كەس دەبێت و هەموی كەسوكاری ئەنفالن لە پێش ڕاپەڕین ژمارەی قوتابخانەكانی زیاتر بوە وەك لە ئێستا!.

تائێستاش دەسەڵاتی كوردی ئامادەنیە ئەنفالكراوەكان لە ڕیزی شەهیدانی حیزب دابنێتو هەمان ئیمتیازی شەهیدیان پێبدرێت لە كاتێكدا ئەنفالكراوەكان لە پێناوی پشتیوانی لە شۆڕشو كوردبونو ڕەتكردنەوەی ژێر دەستەیی ئەنفالكران، بەڵام بەشێك لە شەهیدانی حیزب لە شەهیدانی شەڕەكانی كورد بە كوردن هەموو ئەم ڕاستیانەی سەرەوە درێژەدانە بە ئەنفال بەڵام بە شێوازێكی دی.

كەیو چۆن حكومەت كاریكرد بۆ ئاشتكرنەوەی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان لە گەڵ ژینگەكەیان؟. كامەیە بەرنامەی حكومەت بۆ دوبارە دروستكرنەوەی ژیانێكی گونجاو بۆ كەسوكاری ئەنفالو كردنی ناوچەكەیان بە سیمبوڵی چەوساندنەوەو قوربانیدان؟ .

كامەیە پلانی حكومەت بۆ سازكردنی كۆنفراسێكی نێودەوڵەتی





تایبەت بە ئەنفال؟ . ئایا حكومەت بیری لەوە كردۆتەوە پەیمانگەیەكی تایبەت بە لێكۆڵینەوە لەسەر ئەنفال دابمەزرێنێت؟.

حكومەت نەك بێ وەڵامە لە بەرامبەر ئەم پرسیارانە بەڵكو لەم ڕۆژانەدا لە ڕێگەی بڕیارێكەوە غەدرێكی دیكەی لە ئەنفالو گەرمیان كرد ئەویش دروستكردنی مۆنۆمێنتی ئەنفالە لە هەولێر یاخود كاركردنە لەو مۆنۆمێنتەدا كە لە هەولێر بۆ ئەم مەبەستە بونیادنراوە.

لەگەڵ ڕێزی زۆرم بۆ هەولێر وەك پایتەختی كوردستانو خاوەن مێژوویەكی گەش، بەڵام هەر كەسێكی خاوەن عەقڵو هەست بێت ئەو ڕاستیە باش دەزانێت كە دروستكردنی مۆنۆمێنتی ئەنفال لە هەولێر لە دڵسۆزی و خەمخۆرییەوە نیە بۆ ئەنفال.

ڕاستە كارەساتی ئەنفال سەرتاپای باشوری كوردستانی گرتەوەو كە لە هەشت قۆناغی یەك لە دوای یەك و لە چوارچێوەی پرۆسەیەكی سەربازیدا ئەنجامدرا.

بەڵام ناوچەكانی گەرمیان پشكی گەورەی ئەو كارەساتەیان بەركەوتو زۆربەی هەرە زۆری ژمارەی قوربانییەكان خەڵكی ئەم ناوچەیەن، ئەو كاریگەریو شوێنەوارەی ئەنفال لە گەرمیاندا بەجێیهێشتو دروستیكرد لە هیچ ناوچەیەكی دیكەی كوردستان هاوتای نیە.

ئیتر حكومەت لە سەر چی بنچینەیەك ئەو مافە بە خۆی دەدات مۆنۆمێنتی ئەنفال لە گەرمیان دروستنەكاتو لە شوێنێكی تر دروستی بكات؟. ئایا ئەمە دڵسۆزیە بۆ ئەنفالو گەرمیان یان

ئەنفالكردنێكی دیكەی ناوچەكەیە؟. ئەمە ڕێزگرتنە لە ناوچەیەك كە دەیان هەزار مرۆڤی لە ئەنفالدا زیندە بەچاڵكران، گوللەبارانكران، بێسەرو شوێن كران..... هتد؟. ئایا حكومەت دەزانێت بەم كارەی گەورەترین ئازاری دەرونی كەسوكاری ئەنفالەكان دەدات؟ . ئایا حكومەت دەزانێت بەشی زۆری كەسوكاری ئەنفالەكان بەم بڕیارەی حكومەت نیگەران بونو ناڕازین جگە لە گەرمیان لەشوێنێكی تر مۆنۆمێنتی ئەنفال دروست بكرێت؟. ئایا حكومەت ئاگادارە گوند هەیە لە گەرمیان زیاتر لە سێسەد كەسی ئەنفالەو بە دەیان گوند لە گەرمیاندا بە یەكجاری لە ئەنفالدا لە ناوبران؟.

بۆیە لە كۆتایدا پێشنیاز دەكەم حكومەت مۆنۆمێنتی سەرەكی ئەنفال لە گەرمیان دروست بكاتو بەڕای منو كەسانی دیكە بانی مەقان لە چەمچەماڵ شوێنێكی گونجاو لەبارە لەبەر زۆر هۆ كە لێرەدا دەرفەتی باسكردنیم نیە، دواتر ئەگەر لە ناوچە جیاجیاكانیش بەپێی قۆناغەكانی ئەنفال چەند مۆنۆمێنتێكی تر دروست بكرێت خزمەتێكی زیاترە بە ئەنفال دەكرێت كە لەبیركردنو كاڵبونەوە دەیپارێزێت.

* ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە (٢١٠)١٦ ی كانونی یەكەمی ٢٠٠٦





## هەوڵێكی دیكە بۆ لە بیركردنی ئەنفال

سەرجەم خەم و ئازارەكانی ئەنفال تەنها لە خودی تاوانەكەدا بەرجەستە نابێت بەڵكو بەشێكی پەیوەندی بەو جۆرە مامەڵەیەوە هەیە كە لە دوای ڕاپەرینەوە لە گەڵ دۆسیەی ئەنفال و كەسوكاری قوربانیانی ئەنفالدا كراوە ،چونكە ئەو كاتەی كە مرۆڤ ئەو هەستەی لا دروست بوو كە ڕێز لە قوربانییەكانی ناگیرێت ئەوە هێندەی دیكە ئازارەكەی بە سوێتر دەبێت.

هەر بۆیە ساڵانێكە ئەوانەی كە لە بواری ئەنفالدا كار دەكەن زۆریان بە لاوە گرنگبوە كە دەبێت پلان و بەرنامەی زانستی و هەمە جۆر دابنرێت بۆ بایەخدان و گرنیدان بە ئەنفال و لە بیرنەكردنی ئەو تاوانە تاوەكو ئەنفال ئامادەگییەكی هەمیشەیی لە هۆشیاری و بیركردنەوەو یادگەو كۆنەستی تاكی كوردا هەبێت.

بەڵام ئەوەی مایەی نیگەرانیە نەك لە رابردودا ئەمە نەكرا بەڵكو تەنانەت ڕێز لە ڕۆژی ١٤-٤ یش ناگیردرێت كە بچوكترین وەفایە بۆ قوربانیانی ئەنفال و سادەترین و سەرەتایترین ڕێگایە بۆ یادهێنانەوەی ئەنفال.

بۆ نمونە لە ساڵی ٢٠٠٥داو لە بری ئەوەی لە رۆژی ١٤-٤دا چالاكی جۆراو جۆری تایبەت بە ئەنفال رێكبخرێت كەچی كەناڵی كوردستان تیڤی ڤیستیڤاڵی وەرزشی شاری هەولێری راستەوخۆ پەخش دەكرد زۆر بە داخەوە لەم ساڵەشدا بە هەمان شێوە لە چەندین ناوچەی دهۆك و هەولێر لە رۆژی ١٤-٤ ڤیستیڤاڵی پەروەردەیی ئەنجامدرا ئەمەش جگە لە بێرێزی كردن بە مێژوی ئەم نەتەوەیەو كۆستێكی گەورەی وەك ئەنفال و هەوڵێكی تر بۆ لە بیر كردنی ئەنفال هیچی دیكە نیە.

بەر لە چەند ساڵێك لە وتارێكمدا داوام كردبو كە ساڵانەو لە یادی ئەنفالدا بۆ ماوەی چەند رۆژێك هیچ چالاكی و بۆنەیەكی حكومی و حیزبی و جەماوەری ساز نەكرێت ، جگە لەو چالاكیانەی كە تایبەتن بە ئەنفال ئەمەش لە روانگەی تێگەیشتنمان بوە لە ئەنفال.

بەڵام لە كاتێكدا كە دەبوو وەزارەتی پەروەردە رۆڵێكی یەكجار گەورە بگێرێت بۆ بە زیندو هێشتنەوەی ئەنفال و ئاشناكردنی نەوەی نوێ بەو كارەساتە و رەهەندە جیاوازەكانی ئەنفال و تەرخانكردنی زۆرترین پەنتایی لە پرۆگرامەكانی خوێندن بۆ ئەم تاوانە گەورەیە كەچی نەك ئەمەی نەكردووە بەڵكو بۆ بە لادا رێبردنی نەوەی نوێ و بۆ لە بیركردنی ئەنفال لە رۆژی ١٤-٤دا ڤیستیڤاڵی پەروەردەیی روتر بڵێم وەرزشی ساز دەكات ئەگەر چی قسە كردن لە سەر ئەم جۆرە چالاكیەی پەروەردە قسەی زۆر هەڵدەگرێت لە كات و شوێنی دیكەدا هەڵوێستەی لە سەر دەكەین .





بەڵام ئەنجامدانی ڤیستیڤاڵێكی لەم جۆرەو لەم یادەدا جگە لە بێنرخكردنی قوربانیانی ئەنفال هیچ خوێندنەوەیەكی دیكە هەڵناگرێت نازانم وەزیری پەروەردە چۆن رێگە بە مە ئەدات و نەك هەر ئەوەش خودی بەرێزیان لە رۆژی ١٤-٤دا بەشداری چالاكیەكی لەم جۆرە دەكەن ئەمەش هەم رەخنەو هەم پرسیارێكیشە لە بەرێزیان كە ئەمە بۆ ؟.

* رۆژنامەی ئاسۆ ژمارە ١٤٤٦ یەك شەممە ١٧-٤-٢٠١١

## شانزه ساڵه له شۆڕش بینای خوێندنگا دروستنه كراوه

بەرپرسانی پەروەردەو فێركردن تەنانەت سەركردە سیاسیەكانیش بەردەوام ئەوە دووبارە دەكەنەوە كە لە دوای ڕاپەرینەوە ژمارەی قوتابخانەو خوێندنگاكان چەند هێندەی بەر لە ڕاپەرین زیادیكردووەو بۆئەمەش داتاو ئامارێكمان دەخەنە بەردەست .

بۆیە ئەگەر كەسێك بێ ئاگابێت لە واقیع ئەوا زۆر دڵخۆش دەبێت بەو ئامارانەو ئەو زیادبوونەی بەسەر ژمارەی قوتابخانەوخوێندنگاكاندا هاتوە .

بەڵام زیادبوونی ژمارەی قوتابخانەو خوێندنگاكان نەك نەبووە بەهۆی پێشكەوتن و گەشەكردنی بواری پەروەردەو فێركردن وبەرزبوونەوەی ئاستی زانست و زانیاری .

بەڵكو بە پێچەوانەوە كاریگەری نیگەتێڤی هەبووە بۆ سەر ئەم بوارە، چونكە زیادبوونی ژمارەی قوتابخانەو خوێندنگا هێندە لە ڕووی چەندێتییەوە بووە ئەوەندە لە ڕووی چۆنێتیەوە نەبوە.

ئەوەی لێرەدا دەمەوێت باسی بكەم ئەوەیە لەم ڕۆژانەدا بۆ ئەنجامگەیاندنی بەشی مەیدانی توێژینەوەكەم سەردانی ناحیەی شرۆشم كرد زۆر شت بوە جێگەی سەرنج و تێبینیم كە ئەوەندەی





بۆم بگونجێت لە ئایندەدا هەڵوێستەیان لە سەر دەكەم و لە بارەیانەوە دەدوێم و تیشكیان دەخەمە سەر.

یەكێك لەوانەی بوە جێگەی سەرنجم ، بونی چوار تابلۆ بو بە بینای یەك قوتابخانەوە كە ناوی چوار خوێندنگەو و قوتابخانەیان بە سەرەوە بو ئەوانیش قوتابخانەكانی " سەرباز ، نەوجوانان، دواناوەندی نیشتمان، ڕێباز" بوو. بە ڕاستی كارەساتە ئەمە حاڵەتی پەروەردەی وڵاتێك بێت و لە گەڵ ئەوەشدا بەرپرسان و سەركردەكانی شانازی پێوە بكەن. لە كام وڵاتی زۆر دواكەوتودا لە یەك بینانەدا چوار خوێندنگەو قوتابخانە دەوام دەكات ؟ .بە مەرجێك بە هەر چوار دەوامەكە هە شت بۆ نۆ كاتژمێر بخایەنێت .

ئایا وەزارەتی پەروەردە دەزانێت تەنها بە ناو زیاد كردنی قوتابخانەكان بواری پەروەردە پێشناكەوێت ؟ ئایا دەست پێكردنی دەوامی خوێندن لە دوای كاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ بە كام سیستمی پەروەردەیی بە گونجاو دەزانرێت؟ .ئایا بەرپرسانی ئەم بوارە سایكۆلۆژی ئەو قوتابیانەیان لە بەرچاو گرتوە ؟ لە كاتێكدا لە شوێنێكی وەك شۆڕشدا كە سەرجەم دانیشتوانەكەی كەسوكاری ئەنفال بن دەبوایە كاری جدی بكرایە بۆ ڕەخساندنی هەلێكی لە بارو گونجاوی دەرونی ئەو بارودۆخە نالەبارەی ئەنفال بۆی دروست كردن بە هەند وەربگیردرایە نەك بەو شێوەیە پشتگوێ بخرانایە . ئەوەی من بینیم زیندان بو نەك قوتابخانە كارەساتە ڕژێمی بەعس بەو درندەییەی خۆیەوە لە ماوەی تەنها دو ساڵدا ١٧ قوتابخانەو خوێندنگەی لە شۆڕشدا دروست كردبێت. بەڵام شانزە ساڵە

دەسەلاَتی كوردی یەك قوتابخانەی بۆ ئەم ناحیە دروست نەكردووەو هەموو دەستكەوتەكانی وەزارەتی پەروەردەی حكومەتی هەرێم تەنها بە ناو زیاد كردنی قوتابخانەكان بوە تەنانەت ژمارەی بینای قوتابخانەكانی شۆڕش لە پێش راپەرین زیاتر بوو. چونكە لە سالاَنی رابردودا چەندین بینا تەخت كرا نو چۆلكران.

ماوەتەوە بلێم دەست خۆش وەزارەتی پەروەردە بۆ داتاو ئامارانەی سالاَنە دەیخەیتە روو لە زیاد بونی ژمارەی قوتابخانەو خوێندنگاكاندا ئەو هەموو خزمەتەی بە نەوەی نوێی كەسوكاری ئەنفالكراوەكانت كردووە .

* رۆژنامەی ئاوێنە ژمارە (٧٦) سێشەممە ٣-٧-٢٠٠٧





## رەخنەیەك لەبەرنامەی لیستەكانی مامۆستایان

یەكێك لەو رەخنەو تێبینیانەی كە لە سالاَنی پێشودا هەمانبوە و چەند جارێكیش هەلوێستەمان لە سەر كردووە، ئەو بابەتە زۆر كەمەیە كە لە پرۆگرامەكانی خوێندندا بە كارەساتێكی گەورەی وەك ئەنفال دراوە.

لە ئێستادا كە بانگەشە ی هەلبژاردنە بۆ یەكێتی مامۆستایان و سازدانی كۆنگرە هەر یەكە لە لیستەكان چەندین خالَ و تەوەریان دارشتوە و كردویانە بە بەرنامەی خۆیان بۆ گەیشتن بە كۆنگرەو نزیكەی دوو هەفتەیە بانگەشەی بۆ دەكەن.

بەلاَم ئەوەی بوە مایەی سەرنج و نیگەرانی ئەوەیە كە هیچ یەك لە لیستەكان سودیان لەو رەخنەو گلەییانە وەرنەگرتوە كە لە رابردودا دژ بە فەرامۆشكردنی ئەنفال لە پرۆگرامی سەرجەم قۆناغەكانی خوێندندا هەبوە .

كە دەبو بیانكردایە بە یەكێك لە و تەوەرو دروشم و پەیامانەی كە لە ئایندەدا كاری لە سەر دەكەن.راموایە ئەمە یەكێكە لە كەموكورییە گەورەو سەرەكییەكانی سەرجەم لیستەكان.

چونكە ئەو بابەتە ی ئێستا بە ئەنفال دراوە لە پرۆگرامەكانی خوێندندا نەك لە ئاست گەورەیی ئەو تاوانەدا نیە بەلكو لە

یادەوەری نەوەی نوێی كوردا وەك كارەساتێكی زۆر بچوك و ئاسایی سەیر دەكرێت.

لە كاتێكدا دەبو ساڵانە و لە هەموو قۆناغێكدا دوبارە بكرایەتەوە و بە ئەندازەی گەورەیی ئەنفال قسەی لە سەر بكرایە.

بۆیە لە كۆتایدا بە گرنگی ئەزانم پێشنیاز بكەم كە كۆنگرەی ئەم جارەی مامۆستایان لە سەر دوو خاڵ قسەی خۆی بكات ئیتر گرنگ نیە كام لیست دەنگی زۆرینە بە دەست دەهێنێت.

یەكەم: ئەوەیە ئەو لیستە لە ئایندەدا بە هاوكاری وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا كاری جدی بكات بۆ ئەوەی لە سەرجەم قۆناغەكاندا بایەخی پێویست بە ئەنفال بدرێت.

دووەم: ساڵانە لە رۆژی ١٤-٤دا كە یادی ئەنفالە سەرجەم قوتابخانەوخوێندنگە و زانكۆكان لەسەرتاسەری هەرێمی كوردستاندا بە فەرمیی ئەو یادە بەرز رابگرن ، تەنانەت ئەگەر ئەو یادە كەوتە رۆژانی پشووی فەرمیشەوە ئەوا دەبێت رۆژی پێشووتر یان دوای پشووەكە یادی ئەنفال بكرێتەوەو ئەمەش ببێت بە بڕیار لە ئێستاشەوە دەنگی من وەكو مامۆستایەك بۆئەو لیستەیە كە بەڵێن دەدات كار لە سەر ئەم دوو پێشنیازە بكات.

* رۆژنامەی رۆژانە ژمارە (٦١٠) سێشەممە ٣٠-١١-٢٠١٠





## ئەنفال وجینۆسایدو ئاهەنگێڕان

هیچ گەلێك نیە هێندەی كورد مێژوەكەی پڕ بێت لە كارەسات وخاك داگیركردن و قوربانیدان و چەوساندنەوەی نەتەوەیی . لە گەڵ ئەوەشدا هیچ نەتەوەو گەلێك نیە وەكو كورد زوو ڕابردووی خۆی لە بیربكات ، ئەگەر سەیری كەناڵە تەلەفزیۆنیەكان بكەیت وا هەست دەكەیت كورد گەلێكە جگە لە هەڵپەركێ و ئاهەنگێڕان هیچی تر بە مافی خۆی نازانێت.

دەسەڵاتیش زۆر باش كاری بۆ ئەمە كردووەو دەیەوێت ئەوە پیشان بدات كە ئەوەتە خەڵكی ئەوەندە بێ كێشەن و هیچ كەموكوڕییەكیان نیە ، بۆیە زۆر بە ئاسانی دەتوانرێ بهێنرێنە سەر جادەو هەڵپەركێو ڕەقسیان پێ بكرێت.

هەر بۆیە كاتێك دادگای باڵای تاوانەكان سزای لە سێدارەدانی سەپاند بە سەر عەلی كیمیاوی و چەند هاوكارێكیدا و دادگا ئەنفالی وەكو تاوانێكی جینۆساید ناساند دەسەڵاتی كوردی زۆر بە پەلە كەوتە خۆ تاوەكو بۆ ئەم بڕیارەی دادگاو بە جینۆساید ناساندنی ئەنفال خەڵكی بهێنێتە سەر شەقام ودەست بكەن بە ئاهەنگ گێران دەزگا حیزبیەكانی هەر دوو حیزبەكە وەكو چالاكی حیزبی لە چەند

شوێنێك ئاهەنگیان بۆ خەڵكی ڕێكخست و زۆر بێ شەرمانەش ڕاگەیاندنی حیزبەكانیان ئەمەیان پیشان دەدا.

بەڵام خۆشبەختانە بۆ یەكەم جار لە دوای ڕاپەڕینەوە ئەم جارە دەسەڵات نەیتوانی یاری بە عەقڵی خە ڵكی بكات"بەو شێوە فراوانەی دەیویست".ئەوە بوو كەمترین خەڵك بە قسەی حیزب كەوتنە هەڵپەڕكێ وئاهەنگێران ئەمەش گۆڕانێكی چۆنایەتی بوو لە بیركردنەوەی خەڵكیدا.

چونكە لە دونیادا دەسەڵاتێك نیە ئەگەر دادگا بیسەلمێنێت جینۆسایدكراوە ئاهەنگی بۆ بگێردرێت. ئێمەی كورد هەژدە ساڵ هاوار دەكەین لە ئەنفالدا سەدان هەزار مرۆڤمان زیندە بە چاڵ كراوە ، هەزاران گوند لە گەڵ زەویدا تەخت كراوە لە ئەنفالدا سەدان لە كچان و ژنان فرۆشراون یان لە زینداندا دەست درێژی كراوەتە سەریان، كەس گوێی لێنەگرتین بەڵام ئەمڕۆ بە هۆی ئەو بارودۆخە نوێیانەی هاتنە كایەوە دادگا بۆی سەلماندین و بە فەرمی ددانی بەوە دا نا كە بەڵێ كورد لە ئەنفالدا ئەمانەی بە سەر دا هاتوە.

بۆیە ئەنفال دەچێتە چوارچێوەی تاوانی جینۆسایدەوە ئایا ئەمە چوونە سەر جادەو ئاهەنگێرانی دەوێت؟ .ئایا تاوانێك تیایدا گەورەترین سوكایەتیمان پێ كرابێت و كەرامەتی نەتەوەیی وشەرەفمانی تێدا لە كە دار كرابێت وخۆشەویسترین كەسەكانمانی تێدا گولە بارانكرابێت یان بە زیندویی خرابێتە ژێر لمی بیابانەوە ئەگەر دادگا بە جینۆسایدی بناسێنێت ،ئەمە خۆشی وچوونە سەرجادەی دەوێت.





دەسەڵات ویستی لە ڕێگەی ئاهەنگ گێرانی خەڵكیەوە پێمان بڵێت دوای ناساندنی ئەنفال بە جینۆساید ئەركی دەسەڵات تەنها ئاهەنگێرانی جەماوەرییە و لەوە بترازێت هیچ ئەركێكی تری نیە.

* ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە( ٢٤٣) ١٨ی ئابی ٢٠٠٧

## ئەگەر عەلی كیمیاوی بهێنرایەتە گەرمیان

لە دوای دەرچوونی بڕیاری لە سێدارەدانی عەلی كیمیاوی لە لایەن دادگای بالاّی تاوانەكانی عێراقەوە، لە هەموو كات زیاتر قسە لە سەر ئەوە كرا، كە حكومی  لە سێدارەدانەكەی بهێنرێتە كوردستان و لە هەڵەبجە یاخود گەرمیان لە سێدارە بدرێت.

ئەوەبوو هەڵەبجەییەكان ڕەتیانكردەوە كە عەلی كیمیاوی بهێنرێتە شارەكەیان و گەرمیانیەكانیش  بە هەمان شێوەی هەڵەبجەییەكان ڕەتیانكردەوە.

منیش وەك گەرمیانییەك هەر لە سەرەتاوە لە گەڵ ئەو كەسانەدا هاوڕابوم و دەنگم خستە پاڵدەنگیان و لە دژی هێنانی عەلی كیمیاوی بووم بۆ گەرمیانو لە سێدارە دانی لە ناو كەسوكاری ئەنفالكراوەكان.

چونكە زۆر دڵنیام لەوەی كە ئەگەر عەلی حەسەن مەجید بهێنرایەتە گەرمیان نەك ئارەقی شەرمەزاری نە دەرشت و پەشیمانی دەرنەدەبڕی، بەڵكو لە دواساتەكانی ژیانیدا بە ئاسودەیی دەچوە بەردەم پەتی سێدارە و شانازی بە ئەنجامدانی ئەنفالەوە دەكرد.

بۆ نموونە گریمان لە سێدارە دانەكەی لە ناحیەی شۆڕش دەبوو لە بەرئەوەی زۆرترین لە كەسوكاری ئەنفالكراوەكانی تێدا نیشتە جێە، تاوانبارو ئەنجامدەری ئەنفال تەنها بە بینینی ئەم ناحیە ئەوەی بۆ





دەردەكەوت كە دەسەڵاتی كوردی لە دوای ڕاپەڕینەوە چۆن كەسوكاری ئەنفالكراوەكانی پشتگوێخستوەو شوێنی نیشتەجێبوونی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان جگە لە زیندانیەكی گەورە لە هیچی تر ناچێت.

هەروەها عەلی كیمیاوی ئەوەی بۆ دەردەكەوت لەسەردەمی حكومەتەكەی ئەودا بە دوو ساڵ حەڤدە قوتابخانە لەم ئۆدوگایەدا بۆ كەسوكاری ئەنفالكراوەكان دروست كرا.

بەلاّم شانزە ساڵە حكومەتی هەرێم نەك یەك قوتابخانەی بۆ ئەم خەڵكە دروست نەكردووە، بەڵكو ژمارەكەیشیان كەمی كردووە.

هەروەها عەلی كیمیاوی ئەگەر بهێنرایەتە گەرمیان ئەوەی دەزانی كە ئەو كەسانەی ئەو لە پێناوی پشتیوانی كردنی شۆڕش و پێشمەرگەدا لە بیابانەكانی خواروی عێراق كردنی بە ژێر لمەوە .

حكومەتی هەرێم ئامادە نەبوە بە شەهیدیان دابنێت لە كاتێكدا چەندین لەو موستەشارانەی  لە ئەنفالدا هاوكاری ئەو بوونە بە شەهید دانراون.هەروەها عەلی كیمیاوی ئەگەر بهێنرایەتە گەرمیان ئەوەشی دەزانی كە سەدان لەو گەنجانەی بە ڕێكەوت لە ئەنفالدا لە چنگی ئەو تاوانبارە ڕزگاریان بوو ، هەمان چارەنوسی كەسوكارەكانیان نەبو لە ئەنفالدا، ئەوا لە شەڕی ناوخۆدا دران بە كوشت وكران بە ئاگری ئەو شەڕە.

هەروەها ئەوەشی دەزانی كە تا ئەو ڕۆژەی پەیكەرەكەی دیكتاتۆر لە بەغداد ڕووخێنرا دایك وخوشكی ئەنفالكراوەكان بۆ دابینكردنی بژێوی ژیانیان ڕۆژانە دەچونە شارەكانی ژێر دەسەڵاتی بەعس.

كە هەموو ڕۆژێكیان ئەنفالكردنێك بوو. ئەمانە وچەندین ڕاستی تر بۆ عەلی كیمیاوی دەردەكەوت و شادی وخۆشی بە و تاوانبارە دەبەخشی، بۆیە ئەڵێم لە سێدارەدانی ئەو تاوانبارە با هەر لە بەغداد بێت و هەرگیز نەهێنرێتە كوردستان و گەرمیان .

چونكە كەسوكاری ئەنفالكراوەكان كاتێك لە گەڵ لە سێدارەدانی عەلی كیمیاویدا بوون لە گەرمیان لە ژیان و باردۆخێكی باشدا بوونایەو شانازیان بكردایە بە قوربانیەكانیانەوە و بایەخدانی دەسەلآت وحكومەتی هەرێم بە ئەنفال وكەسوكاری قوربانیەكان لە ئاستێكدا بوایە ئەنجامدەرانی ئەنفال و لە سەروی هەموویانەوە عەلی حەسەن مەجیدی شەرمەزار بكردایە.

---

* ڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە (٣٧٥) یەك شەممە ٢٣-٩-٢٠٠٧





## بەر لە هاتنی یادی ئەنفال پەیامێك بۆ ڕاگەیاندنەكان

نەتەوەیەك نیە لەم جیهانەدا ڕوبەڕوی جینۆساید بوبێتەوە و بە ڕێگەی جۆراو جۆر كار لە سەر بە زیندو هێشتنەوەی نەكەن . تەنانەت ئەگەر ئەو نەتەوەیە لە ئێستادا خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ بێت و هاوڵاتیانی ولآتەكەشی لەو پەری خوشگوزەرانیدا بژین.

كەواتە هەڵەیەكی گەورەیە ئێمە یادی كارەساتەكان بۆ ئەوە بكەینەوە گیانی مەرگدۆستیو دژە ژیان زاڵبكەین بە سەر بیركردنەوەی تاكی كوردا و هەمیشە لە خەمو پەژارەدا بیانهێڵینەوە.

بەڵكو پێویستە هەوڵی ئێمە بۆ لە بیرنەكردنی كارەساتەكان لەوانەش ئەنفال خەون و ئامانجی گەورەتری لە پێشتەوە بێت، ئەویش لە جوانكردنی ژیانی قوربانیەكانی ئەو تاوانە و دواتر كۆمەڵگەی كوردی بە شێوەیەكی گشتی وە هەنگاونان بۆ بە دەستهێنانی خەونی زیاترو زۆرتر لەوەی ئێستا لە روی سیاسیو نەتەوەییەوە.

بەلآم ئەوەی جێگەی نیگەرانی بەشێكی زۆری ئەو كەسانەیە كە سالآنێكە كار لە سەر ئەنفال دەكەن و تەنانەت خودی كەسوكاری ئەنفالكراوەكانیش .

لە بەر چاونەگرتنی باری دەرونی و كۆمەڵایەتی كەسوكاری ئەنفالكراوەكانە. هەر بۆیە زۆرجار هەستدەكرێت راگەیاندنەكان زۆر بێ هەستانە لە رۆژانی ١٤و١٥ی نیساندا كار لە سەر ئەنفال دەكەن.

بۆیە پێشنیاز دەكەم راگەیاندنەكان بە تایبەتی كەناڵە تەلەفزیۆنیەكان زۆر هەستیارانە مامەڵە لە گەڵ ئەم یادەدا بكەن. ئەویش بە رەچاوكردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

یەكەم: ئەوەندە ئێسك و پروسكی روفاتی ئەنفالكراوەكان پیشاننەدەن. چونكە لە توێژینەوەیەكی زانستیمدا كە پێشكەشی بەشی كۆمەڵناسی زانكۆی سلێمانیم كردووە لە یەكێك لەو پرسیارانەی كە لە كەسوكاری ئەنفالكراوەكانم كردووە ئەوەیە " كە هەستان چۆن دەبێت كاتێك تەلەفزیۆن گۆڕێكی بە كۆمەڵی ئەنفالكراوەكان نیشان ئەدات " لە٧٧٪ی بەشداربوانی راپرسیەكە ئەڵێن ئازارمان ئەدات و لە ١٨٪یان ئەڵێن ناتوانین سەیری بكەین و تەنها لە ٥٪ی بەشداربوان ئەڵێن ئەتوانین سەیری بكەین و لامان ئاساییە.

كەواتە بۆچی راگەیانەكان دێن لە ڕێگەی نیشاندانی دیمەنی لەو جۆرەوە ئازاری لە ٩٥٪ی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان ئەدەن؟. كە دەكرێت خۆیان لابدەن لە هەڵەكانی ساڵانی رابردو وە دوبارەی نەكەنەوە.

دووەم: كاتێك باس لە كەسوكاری ئەنفالكراوەكان دەكرێت بە هیچ شێوەیەك چەمكو دەستەواژە و زاراوەی بریندارکەر بە كارنەهێنن. بۆ نمونە خۆیان دور بگرن لە بەركارهێنانی دەستەواژەی پاشماوەی





ئەنفال .چونكە ئەم وشەیە لە روی دەرونی و كۆمەڵایەتیەوە كاریگەری خراپی لە سەر كەسوكاری ئەنفالكراوەكان هەیە و بێ ڕێزیكردنە بەو مرۆڤانەی كە شایستەی ئەوەن جوانترین وشەیان بۆ بە كاربهێنرێت. "چونكە هەر ئەو شتانەی كە گەشتیاران لە كاتی چونە سەیران و گەشتدا بە جێی دەهێڵن لە دوای خۆیان پێیاندەوترێت پاشماوە".بۆیە پێشنیاز دەكەم لە بری پاشماوەی ئەنفال كەسوكاری ئەنفالكراوەكان بە كاربهێنرێت كە دەستەواژەیەكی گونجاو و شیاوە.

سێیەم: هەوڵبدەن گۆرانی و لاواندنەوەی هونەرمەندان دانەگرن یان زۆر بە كەمی دایبەزێنن لە تەلەفزیۆن و رادیۆكانیانەوە. چونكە ساڵانە ژمارەیەك كەسوكاری ئەنفالكراوەكان بەتایبەت ئەوانەی بە تەمەنن بەرگەی ئەو لاواندنەوەیە ناگرن و چەندان كەس جەڵتە لێیان دەدات یان باری دەرونیان دەشێوێت لە یادی ئەنفالدا.

چوارەم: كار لە سەر دیوێكی دیكەی كەسوكاری ئەنفال بكەن بە تایبەتی ئەوانەی ئەمرۆ توانیویانە نەهامەتیەكانی ئەنفال لە رەوتی ژیان دوایان نەخات و پلەكانی ژیان ببرنو زیاتر لە بوارێكدا خزمەتی كۆمەڵگە دەكەن، بۆ نمونە كوری باوك ئەنفال هەیە مامۆستای زانكۆیە. خوێندكاری دكتۆرایە.نوسەرو رۆژنامەنوسی ناسراوە.ئەندازیارو پزیشكە......هتد.

پێنجەم:حكومەت بەر پرسیار بكەن لە وەی كە دەیتوانی بەشێك لە خەم و ئازاری كەسوكاری ئەنفالكراوەكانی لە ساڵانی رابردودا كەمبكردایەتەوە.

شەشەم: كەسانی ئەكادیمی و پسپۆر لە بوارەكانی ئابوری و كۆمەڵایەتی و دەرونی و راگەیاندنو یاسا و هونەر یدا كە شارەزان یان زانیاریان لە سەر كارەساتی ئەنفال هەیە چاوپێكەوتن و بەرنامەیان لە گەڵ ساز بكرێت بۆ قسە كردن دەربارەی رەهەندە جیاوازەكانی ئەنفال.بۆ ئەوەی تەنها بە شێوەیەكی عاتیفی یادی ئەنفال نەكرێتەوە.





## ئەنفال لە راگەیاندنی كوردیدا

ئەنفال گەورەترین و پڕ زیانترین كارەساتە لە مێژوی كۆن و نوێی گەلەكەماندا كە پاش دەیان ساڵی دیكە كاریگەرییە نێگەتیڤەكانی لە رووی دەرونی و كۆمەڵایەتی و ئابورییەوە دەمێنیٚ.ئەگەر بە بەرنامە و پلانی زانستی كار لە سەر ئەنفال نەكەین ناتوانین بەشێك لە برینەكانی ئەنفال سارێژ بكەین تەنانەت نەوەیەك پێدەگات نازانێت ئەنفال چیە.

بەڵام ئەوەی من مەبەستمە قسە كردنە لە ئەنفال لە راگەیاندنی كوردیدا رونتر بڵێم بایەخ پێنەدانی راگەیاندنە بەم كارەساتە نەتەوەییە ئەگەر ساڵانی رابردو بارودۆخی سیاسی و ئابوری و چەندین هۆكاری تر پاساو یان رێگر بوبێت بۆ ئەوەی كە نەتوانراوە بە پێی گەورەیی كارەساتەكان بایەخ وگرنگیان پێبدرێت.

بەڵام دەبوو لەم ساڵانەی دوایدا راگەیاندنی كوردی بە شێوەیەك كاری لە سەر ئەنفال بكردایە كە لە هەموو دامو دەزگا و رێكخراوە نێو دەوڵەتیەكاندا بە فەرمی دانی پێدا بنرایە و وەكو جینۆساید بناسرایە.

بەڵام بە داخەوە هەرگیز ڕاگەیاندنی كوردی "بیستراو بینراو" بە بەرپرسیارێتیەوە كاری لە سەر ئەم تاوانە نەكردووەو ئەو گرنگیە كەمەی بە ئەنفالیش دراوە نەك هەر نەیتوانیوە ئەنفال لە بیرو هزرو هۆشی نەوەی نوێدا بە زیندویی بمێنێتەوە.

بەڵكو ئەنفالی بچوكردۆتەوە چونكە ناكرێ تاوانێكی هێندە گەورەو پڕ مەرگەسات تەنها لە ڕۆژی ١٤-٤دا باسبكرێت و ئەویش بە شێوەیەك كە لە ئاستی پێویستدا نیە و شێوەیەكی تەقلیدی و كلاسیكی بووە لە كاتێكدا دەبوو ڕاگەیاندنی كوردی بە خوێندنەوەیەكی نوێ و سەردەمیانە كاریان لە سەر بكردایە.

هەر چەندە هەندێ هەنگاوی كەم نراوە لەوانە ئەو بەرنامە تایبەتەی كە لە تەلەفزیۆنی كوردسات لە سەر ئەنفال پێشكەشی دەكرد.ئەوە جگە لە هەوڵێكی ڕەهەندییەكان بەلا م ئەگەر هەر گەل و نەتەوەیەكی دیكەی ئەم جیهانە خاوەنی ئەنفال بوایە ئەوا بە دەیان ڕێگەی جۆراو جۆر كاریان لە سەر دەكردو چەندین سەنتەری نەتەوەییان بۆ دادەمەزراند و چەندین گۆڤارو ڕۆژنامەو بەرنامەی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆییان تایبەت دەكرد بۆ خوێندنەوەو قسە لە سەركردن لە سەر ڕەهەندە جیاوازییەكانی ئەنفال و سەدان فلمی بەڵگەنامەیی و سینەماییان لە سەر دەردەكردو شاكارە هونەرییە گەورەكانیان لە سەر ئەم كارەساتە دەبوو.

ئەوەی ماوە بڵێم پێویستە ڕاگەیاندنی كوردی وەك ئەركێكی ئەخلاقی و مێژویی و نەتەوەیی گرنگی تەواو بە ئەنفال بدات و سود لە ڕاگەیاندنی دەوڵەتانو گەلانی دیكەی جیهان وەربگرن لە بایەخدان





بە كارەساتەكانیان بەوەش دەتوانین ئەركی سەر شانی نەوەكانی ئایندەش زۆر قورس نەكەین لە ناساندنی ئەنفال بە جیهان.

* ڕۆژنامەی كەركوكی ئەمرۆ ژمارە (١١١)١٨-٤-٢٠٠٦

## ئەنفال لە ڕاگەیاندنی كوردیدا
## زاگرۆس تیڤی وەك نموونە

ئەو كەسانەی لە مەسەلەی ئەنفالدا كار دەكەن و لەو بوارەدا دەنوسن یان دەخوێننەوە، دەگەنە ئەو بڕوایە كە ئەنفال نەك لە مێژووی كۆن وهاوچەرخ ونوێی گەلاكەماندا بێوێنەیە بەڵكو بە هۆی ئەو جیاوازیانەی كە ئەنفال هەیەتی لە گەڵ هەر تاوانێكی تردا ئەوا مێژووی مرۆڤایەتیش كارەساتی لەم شێوەیەی بە خۆوە نەبینیوە.
بەڵام ئەگەر گەلان كارەساتی زۆر لە ئەنفال بچوكتریشیان بە سەر هاتبێت ئەوا بە دەیان ڕێگەی جۆراوجۆر هەوڵی بە زیندوهێشتنەوەی دەدەن وبە شێوەیەك كە نەوە لە دوای نەوە ئەو كارەساتە لە بیر ناكەن.
دیارە یەكێك لەو ڕێگایانە كە بە كاریدەهێنن بۆ زیندوو ڕاگرتنی كارەساتەكانیان ڕاگەیاندنە.بەڵام ئەگەر كەسێك سەیری ڕاگەیاندنەكانی"مەبەست هەر سێ جۆرەكەی ڕاگەیاندنە" ئێمە بكات ئەوا مرۆڤ وا هەست دەكات كورد گەلێكە كە مێژوەكەی خاڵیە لە كارەسات و بچوكترین كێشەی سیاسیمان نیە . بە تایبەتی ڕاگەیاندنی پارتی كە لە دوای ڕاپەڕینەوە یەكێكە لەو ڕاگەیاندنانەی





كەمترین بایەخی بە مەسەلەی ئەنفال داوە تا هەنوكەش لە ڕاگەیاندنی ئەم حیزبەدا بەرنامەیەك نیە تایبەت بێت بە كارەساتی ئەنفال.
هەرچەندە ڕاگەیاندنی یەكێتیش لەم كەمتەرخەمیە لە بەرامبەر ئەنفال بە دەر نەبووە .
بەڵام ویژدانم ڕێگەم نادات ئەگەر ددان بەو ڕاستیەدا نەنێم كە ڕاگەیاندنی یەكێتی بایەخێكی زیاتری داوە بە ئەنفال ئەگەر بەراودی ڕاگەیاندنە هاوتەكەی بكەی "هەر چەندە ئەم گرنگیو بایەخدانەی ڕاگەیاندنی یەكێتی بە ئەنفال لە ئاستی پێویستدا نەبووە".
بەڵام ئەوەی هانیدام بۆ نوسینی ئەم وتارەو هەڵبژاردنی ئەو ناونیشانەی سەرەوە بایەخنەدانی تەلەفزیۆنی زاگرۆسە بە كارەساتێكی نەتەوەیی وەك ئەنفال، تەنانەت كاتێك سەیری ئەم تەلەفزیۆنە دەكەیت هەست ناكەیت ئەنفال تاوانێكە لە دژی كورد ئەنجامدراوە.بۆ نموونە كاتێك دادگایی كردنی سەرانی ڕژێمی بوعس لە دۆسیەی ئەنفال بۆ دواجار دەستی پێكردەوە كە لە دانیشتنی ژمارە پەنجاو شەشەوە بوو.
كاتێك چەندین كەناڵی عێراقی وعەرەبی گرنگیان بە م دادگایكردنە دەداو پەخشیان دەكرد.بەڵام زاگرۆس تیڤی بەرنامەی دووبارەی پەخشی دەكردەوەو وەك ئەوەی ئەنفال لە دژی گەلێكی ئەفریقی یان ئەمریكای لاتینی ئەنجام درابێت نەك دژی گەلەكەی زاگرۆز تیڤی .
من دەپرسم پەخشكردنی دادگایكردنی سەرانی بەعس گرنگترە یان زانینی چۆنێتی دروستكردنی گەزۆ لە سلێمانی كە ئەم كەناڵە لەو

ڕۆژەدا لە بری هێنانی کەسانی شارەزاو شیکردنەوەی لایەنەکانی دادگایی کردنەکە ئەم کەناڵە خەمی ئەوەی بوو کە گەزۆ چۆن دروست دەکرێت.

بۆیە لە کۆتایدا بە پێویستی دەزانم پێشنیاز بکەم بۆ کەناڵی ئاسمانی زاگرۆس کە لە پاڵ ئەو چەندین بەرنامە تەرفیهیەی دا کە هەیەتی و بوونیان بۆ ئەمڕۆ لەوانە هەر پێویست نەبێت بایەخ بە لایەنی نەتەوەیی بدات و لە ڕێگەی بەرنامەیەکی تایبەت بە ئەنفال هەم نەوەی نویٚ ئاشنا بکات بە ئەنفال و هەم خەم وئازارەکانی کەسوکاری ئەنفالەکانیش بگەیەنێت بە دەسەڵاتداران.





## کارەساتی ئەنفال و رەخنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە

ئەگەر هەر نەتەوەیەکی دیکەی ئەم جیهانە خاوەنی کارەساتی گەورەی وەك ئەنفال بوایە ئەوا بە دەیان ڕێگەی جۆراو جۆر و شێوەی زانستیانە کاریان لە سەر دەکرد و هەوڵی لە بیرنەکردن و زیندو هێشتنەوەیاندەدا.

بەڵام بە داخەوە ئێمەی کورد ئەگەر لە زۆر شتی لاوەکیدا لاسایی دەوڵەتان و نەتەوەکانی دیکەی جیهان بکەینەوە وچاویان لێبکەین ئەوا نەمانتوانیوە لە بایەخدان و لێکۆڵینەوە لە ئەنفال کەمترین سود لە ئەزمونی هیچ نەتەوەو دەوڵەتێك وەربگرین. بەڵام ئەوەی مەبەستی منەو دەمەویٚ قسەی لە سەر بکەم لەم ڕۆژانەدا سەردانی مامۆستایەکی ئامادەییم کرد کە وانەی مێژو ئەڵێتەوە کتێبی شەشەمی ئامادەیی پیشاندام . کە تەنها لە شەش دێرو نیو باسی لە گەورەترین و بیٚ وێنەترین کارەساتی نەتەوەکەمان کرابوو کە ئەویش تاوانی ئەنفالە.

بە راستی زۆر نیگەران بووم کە وەزارەتی حکومەتێکی کوردی کە بەرهەمی ئەنفال بێت بەو شێوەیە گرنگی بە ئەنفال بدات و بە نەوەکانی ئایندەی بناسێنێت. لە کاتێکدا دەبوایە لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندندا گرنگی و بایەخی تەواوی پێبدرایە بە شێوەیەك کە لە ئاست گەورەیی ئەنفالدا بوایە.

چونكە ئەنفال هێندە كارەسات و تاوانێكی گەورەیە بە شێوەیەك هاوشێوەی كەمە لە مێژوی مرۆڤایەتیدا.

بۆیە پێویست بوو وەزارەتی پەروەردە لێپرسراویەتی و دڵسۆزانە لە پرۆگرامەكانی خوێندندا باسی ئەنفال بكردایە نەك بە شێوەی ئێستا كە بە رای من ئەوە بجوككردنەوەی ئەنفالە.

چونكە ئەگەر وەزارەتی پەروەردەی حكومەتی هەرێمی كوردستان بەو شێوەیە باسی ئەنفال كردبێت ئەی چۆن سبەی دەتوانین داوا بكەین كە وەزارەتی پەروەردەی عێراق لە پرۆگرامەكانی خوێندنی باڵای سەرجەم قۆناغەكاندا باس لە كارەساتەكانی ئێمە بكات بە تراژیدیای ئەنفالیشەوە.

ماوەتەوە بڵێم پێویستە وەزارەتی پەروەردە لە حكومەتی هەرێم پلان و بەرنامەی نوێ دابرێژێ بۆ خوێندنی كارەساتێكی گەورەی وەك ئەنفال لە پرۆگرامی سەرجەم قۆناغەكاندا. تەنانەت وەزارەتی خوێندنی باڵا دەبێت لەم بوارەدا كاری جدی بكات بۆ ئەوەی لە زانكۆكاندا ئەنفال بخوێنرێت و ساڵانەش چەندین ماستەرو دكتۆرای لە سەر بنوسرێت. چونكە ئەگەر بە خۆدا نەچینەوە بۆ كاركردن لە سەر ئەنفال ئەوا لە ئایندەیەكی نزیكدا ئەنفال بیردەچێتەوە و نەوەیەك پێدەگات كە نازانێت ئەنفال چیە.

* رۆژنامەی ئازادی ژمارە ( ٤٥٩ ) سێشەممە ٢٠-٢-٢٠٠٧





## ئەگەر سوڵتان هاشم لە سێدارە نەدرێت

هەر چەندە ماوەیەكی زۆر تێپەڕبوە بە سەر لە سێدارەدانی تاوانبارانی ئەنفالداو چەند هۆكارێك لە ڕاگەیاندنەكانەوە باسدەكرێت بۆ دواكەوتنی جێبەجێكردنی ئەم سزایە، لەوانە لای ئەمریكیەكانەو تەسلیمی عێراقیەكانی ناكەنەوەو یاخود بۆ ڕازیكردنی دڵی سوننە جارێك زاحمەتە ئەم سزایە جێبە جێبكرێت ، یاخود هەندێكی تر دەڵێن هیچ كەسێك لە سەرۆكایەتی كۆمار ئامادە نیە واژۆ لە سەر ئەم سزایە بكات و هەندێك دەڵێن پێویستی بە مەرسومی كۆماری نیە.

هۆكارەكان هەرچی بێت ڕامواية ئەمڕۆ بێت یاخود سبەی تاوانبار و جەلادێكی وەك عەلی كیمیاوی هەر لە سێدارە دەدرێت.

بەلام ئەوەی نیگەرانی لای ئێمە دروست كردووە ئەوەیە بە هەر پاساو بیانویەك بێت تاوانبارو ئەنفالچیەكی گەورەی وەك سوڵتان هاشم لە سێدارە نەدرێتو ڕۆژێك بێت ئازاد بكرێت ئەوەش ئەنفالكردنێكی تری لایەنی دەرونیمانە.

لە هەمووی مەرگە ساتتر ئەو بەرگریكردنەیە كە سەرۆك كۆمار لەم تاوانبارەی دەكات دەكرا تارق هاشمی ئەمەی بكردایە بەڵام هەرگیز لە گەڵ ئەو بەرگریكردنەی سەرۆك كۆماردا نیم و رەتیدەكەمەوە لە بەر ئەم پێنج هۆكارەی خوارەوە:

یەكەم: لە ڕووی مرۆڤایەتیەوە نەئەبوو سەرۆك كۆمار بەرگری لە سوڵتان هاشم بكات چونكە ئەو تاوانی دژی مرۆڤایەتی ئەنجامداوە جا ئەگەر ئەو مرۆڤانە كورد بن یان هەر نەتەوەیەكی تربن.

دووەم : لە ڕووی یاساییەوە تاڵەبانی نەدەبوو ڕێگە بەو بەرگریكردنەی خۆی بدات.چونكە لە دادگادا سەلمێنرا كە سوڵتان هاشم تاوانبارەو شانازیشی دەكرد بە تاوانەكانیەوەو بجوكترین پەشیمانی دەرنەبڕی، لە بەر ئەوەی تاڵەبانی داوای سەربەخۆیی دادگا دەكات وخۆشی كەسێكی پارێزەرە نەدەبوو ئەمەی بكردایە.

سێیەم: لە ڕووی نەتەوەییەوە چونكە سەرجەم ئەو مرۆڤانەی سوڵتان هاشم لە ئەنفالدا لە ناوی بردن لە نەتەوەكەی تاڵەبانی بوون و كورد بون.

چوارەم: لە ڕووی حیزبیەوە چونكە زۆربەی ئەوانەی كە لە ئەنفالدا لە ناوبران لە سنوری دەسەلاتی حیزبەكەی تاڵەبانیدابو لە كۆی هەشت قۆناغ حەوتیان كەوتە ئەو سنورەوە، بە دڵنیاییەوە زۆربەی ئەوانەی ئەنفالكران ئەندام و دۆست و لایەنگری یەكێتی بوون و لەو ناوچانەی كە بە چڕی ئەنفالی تێدا ئەنجامدرا ، یەكێتی لە و كاتەو ئێستاشدا گەورەترین و زۆرترین پێگەی جەماوەری تێدا هەبوو.ئەمە





جگە لەوەی سەدان پێشمەرگەی حیزبەكەی تاڵەبانی لە ئەنفالدا یان بێسەروشوێنكران یان شەهید بوون.

پێنجەم: لە ڕووی كۆمەڵایەتیەوە چونكە نزیكەی حەفتاو یەك كەس لە بنەماڵەی تاڵەبانی لە كارەساتی ئەنفالدا بێسەروشوێنكران كە بریتیبون لە منداڵی چەند مانگەو جوتیارو خاوەن بڕوانامەی بەرزو پێشمەرگەو كچ و ژن.

ماوەتەوە بڵێم ئەگەر بێت وسوڵتان هاشم لە سێدارە نەدرێت ئەوە هەر هۆیەكی هەبێت ئەوا تاڵەبانی بە یەكێك لە هۆكارەكان و ڕێگرییەكان دادەنرێت و ئەمەش تەواو پێچەوانەی خەباتی سیاسیە كە زیاتر لە شەست ساڵە بۆ نەتەوەكەی تێدەكۆشێت.

* ڕۆژنامەی چەرمۆ ژمارە (٩) ١٠-٣-٢٠٠٨

## بۆ ئەوەی یادی ئەنفال شایستە بێت، چەند پێشنیازێك بۆ وەزیری كاروباری شەهیدان وئەنفالكراوەكان

سالآنەو لە گەڵ هاتنی ڕۆژی ١٤-٤ .دا لە چەند ناوچەیەكی دیاریكراو یادی كارەساتی ئەنفال دەكرێتەوە، لە كاتێكدا دەبوایە یادكردنەوەی ئەنفال بە بەرنامەو پلانێك بوایە كە سالآنە ببوایە بە باسی زۆربەی ڕاگەیاندنەكانی جیهان و بودجەیەكی تایبەتی بۆ تەرخان بكرایە.

بەلآم بە داخەوە نەك ئەمە نەكرا بەڵكو ئەنفال بە گەرمیانی كراو سالآنە گەرمیانیەكان زۆرجاریش بیٰ هاوكاری حكومەت خۆیان ڕێز لەم یادە دەگرن، بە جۆرێك لە شارە گەورەكانی وەك هەولێرو سلێمانیدا بە نوسینی چەند لافیتەكیش ڕێز لەم یادە ناگیرێت.

هەرچەندە لەم دوو سێ ساڵەی دوایدا لە شاری سلێمانی بۆ ئەم یادە چەند چالاكیەك ئەنجام دراوە.ئەتوانم بڵێم بەندە وەك كەسێك كە جگە لە باوك ومامم كە حەفتا كەسی هەرە نزیكم لەو كارەساتەدا بوە بە قوربانی زۆرجار بایەخنەدان بە ئەنفال و بە ئاسایی تێپەڕبونی ئەو یادە هێندەی لە دەستدانی كەسوكارەكەم ئازاری داوم، دیارە ئەگەر خوێندنەوەیەكی سایكۆلۆژی بۆ تاكی كەسوكاری ئەنفال





بكەین ئەمە بە ڕوونی بە دیاردەكەوێت، هیچ شتێك هێندەی ئەوە ئازاری ویژدانی ودەرونی ناخی مرۆڤ نادات كە هەست بكات قوربانیەكانی لە لایەن دەوروبەرەكەیەوە بە بێبەها سەیر دەكرێت.

چەندین ساڵ هەبوە لە ١٤-٤دا جگە لە خوێندنەوەی چەند دروشمێك لە تەلەفزیۆنی یەكێك لە دوو حیزبە كەوە ئیتر بە هیچ شێوەیەك یادی ئەنفال بەرز ڕانەگیراوە. بۆیە بە پێویستی دەزانم ئەم پێشنیازانەی خوارەوە ئاڕاستەی خودی وەزیری كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان بكەم تاوەكو بتوانرێت لە ساڵیادی ئەنفالدا سودی لێوەربگیردرێت.

یەكەم: وەزارەتی كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان لە ڕێگەی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە داوا لە وەزارەتی پەروەردە بكرێت كە لە سەرجەم قۆناغەكانی خوێندندا ڕێز لەم یادە بگیرێت . بە شێوەیەك ئەمە بكرێت بە نەریتی سالآنەو تەنها بۆ یەك ساڵ نەبێت، چونكە بەمە نەوەی نویٰ دەزانێت ١٤-٤ یادی چی كارەساتێكە، لە چوار ساڵی ڕابردومدا لە زانكۆی سلێمانی دەیان جار خوێندكار ئەو پرسیارەی لێكردوم ئەنفال چیە بە ڕاستی ئەمە كارەساتێكی گەورەیە نەوەیەك لە كوردستان پێگەیشتوە كەمترین مەعریفەی دەربارەی ئەم كارەساتە هەبێت.

دووەم: وەزارەتی كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان لە ڕێگەی وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە داوا لە كەناڵەكانی ڕاگەیاندن بكات یان لە هەر ڕێگەیەكی ترەوە بێت، كە لە ڕۆژانی ١٣-١٤-١٥-٤ ڕێز لەم یادە بگرن و بەرنامەی جۆراوجۆریان هەبێت بۆ ئەم یادە.

سێیەم: وەزارەت هاوكاری تەواوی ئەو كۆمەڵەو ڕێكخراوانە بكات كە ئەیانئەوێت لە ناوچەكانی خۆیان ڕێز لەم یادە بگرن.

چوارەم: وەزارەت داوا لە سەرجەم كەناڵەكانی ڕاگەیاندن بكات كە لەم یادەدا لایەنی هەست و دەرونی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان لە بەرچاوبگیردرێت بە تایبەتی لە پیشاندانی ئێسكو پروسكی قوربانیانی ئەنفالدا.

پێنجەم:وەزارەت لەم یادەدا وەك وەفایەك بۆ قوربانیەكان و ڕێزێك بۆ كەسوكارەكانیان چەند بڕیارێك دەربكات چی بۆ هێنانەوەی ڕووفاتی ئەنفالكراوەكان بێت یان خرمەتكردن بە كەسوكاری ئەنفالكراوەكان.

شەشەم: وەزارەت داوا لە خەڵكی بكات وەك ڕێزێك بۆ ئەو یادە لەو سێ ڕۆژدا خەڵكی گەشت و سەیران نەكەن بە داخەوە چەندین جار لەم ڕۆژەدا خوێندكارانی زانكۆ براون بۆ گەشت وسەیران.

حەوتەم:وەزارەتی كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان داوا لە وەزارەتە پەیوەندیدارەكان بكات بۆ ڕێزگرتن لە یادەكەو كەسوكاری ئەنفالكراوەكان لەم ڕۆژدا بەردی بناغەی چەند پرۆژەیەكی خزمەتگوزاری لە ناوچەكانی گەرمیان دابنێن.

هەشتەم:بۆ ئەوەی بە هەمیشەیی ئەنفال لە بیروهۆشی خەڵكیدا بە زیندویی بمێنێتەوە پێویستە وەزارەت سیمبۆڵی ئەنفال لە زۆربەی شوێنە گشتیەكانی شاروشارۆچكەو ناحیەكان دابنێت.

نۆیەم:داوا لە وەزارەتەكان بكرێت وەكو بۆنەو یادەكانی ڕاپەڕین و نەورۆزو بۆنە حیزبەكان لەم یادەشدا بە نوسینی لافیتە لە دامودەزگای سەر بە وەزارەتەكانیان ڕێز لەم یادە بگرن.





دەیەم:داوا لە سەرۆكی حكومەت بكرێت كە لە ناوچەكانی گەرمیان بەشداری ئەم یادە بكات.

یانزەیەم: چیدیكە یادی ئەنفال لە حیزبی بون دەربكرێت و هیچ حیزبێكی سیاسی خۆی نەكات بە میراتگرو لەو ناوچەیەی ئەو تیایدا دەسەڵاتدارە یادەكە بكاتەوە بەمەش ئەنفال بەرەو بجوككردنەوە دەچێت هەروەكو لە ڕابردودا وامانكردو زیانی زۆرمان لە دۆزی ئەنفالدا.

دوانزەیەم:وەزارەتی كاروباری شەهیدن و ئەنفالكراوەكان بە فەرمی داوا لە حكومەتی عێراقی بكات كە بە فەرمی داوای لێبوردن لە گەلی كورد بكات و ئەگەر حكومەتی هەرێم و وەزارەتی شەهیدان ئەم كارە نەكەن ئەوە غەدرێكی مێژویی لە گەلەكەیان دەكەن.

سیانزەیەم:وەزارەتی كاروباری شەهیدان وئەنفالكراوەكان داوا لە وەزارەتی خوێندنی باڵا بكات تاوەكو لە سەرجەم زانكۆكانی كوردستان ڕێز لەم یادە بگیردرێت.

چواردەهەم:لەم یادەدا وەزارەتی شەهیدان داوا لە حكومەتی هەرێم بكات كە ڕێژەیەك لە بودجەی ئەمساڵ بۆ ناوچە زیانلێكەوتوەكانی ئەنفال تەرخانبكرێت.

* ڕێگای كوردستان ژمارە ٧٨١ چوارشەممە ١٩ی ئاداری ٢٠٠٨

## گەڕەكی ئەنفال یان ژیان و ژیانەوە

ڕژێمی بەعس ناوی دڕندانەترین پرۆسەی بۆ لە ناوبردنی بەشێك لە خەڵك وخاكی ئەم بەشەی كوردستان ناونا ئەنفال، ئەم وشەیەش لە قورئانی پیرۆزەوە وەرگیراوەو ناوی یەكێكە لە سورەتەكانی قورئان كە بە واتای دەستكەوت یان غەنیمە دێت.

ئێمەی كوردیش بە ناچاری بۆ ئەوەی قوربانیەكانی ئەم تاوانە گەورەیەی ڕژێمی بەعس دژ بە گەلەكەمان بناسرێنەوە ئەم دەستەواژەیە بە كاردەهێنینەوە ، هەر لەگەڵ بە كارهێنانەكەیشیدا دەست بە جێ كوشتن وگوند وێرانكردن وبێسەروشوێنكردنی خەڵكی بێتاوان و بیابان و گۆڕی بە كۆمەڵو نەهامەتیەكانی ساڵی ١٩٨٨مان دێتەوە بیر.

بەڵام دەبێت هەمیشە كار بۆ ئەوە بكەین كە ئەم كارەساتەمان لە بیر نەچێت بەڵام بە مەرجێك ئەم لە بیرنەكردنە ژیانی قوربانیەكان دۆزەخیتر نەكات.

لێرەوە دەمەوێت بڕۆمە سەر مەبەستی وتارەكەم ئەویش ئەوەیە حكومەتی هەرێم لە یادی بیستەم ساڵوەگەڕی كارەساتی ئەنفالداو





جیاواز لە ساڵانی پێشوو بە پێشكەشكردنی پرۆژەیەك ئەم یادەی بەرز ڕاگرت ئەویش دانانی بەردی بناغەی چەند سەد خانویەك بوو لە چەمچەماڵو كفریو ڕزگاری هەرچەندە دەبوو حكومەتی هەرێم چەند ساڵێك بەر لە ئێستا كاری لەم جۆرەی بكردایە .

بە هەر حاڵ پرۆژەیەكی لەم جۆرە سەرەڕای كەموكوڕییەكانی وەفایەكی بچوكی حكومەتە بۆ ئەم توێژە قوربانیەی كۆمەڵگاكەمان.

بەڵام ئەوەی مایەی نیگەرانیمە لێرەو لەوێ قسە لە سەر ئەوە دەكرێ كە ناوی ئەو گەڕەكانە بنرێت ئەنفال تەنانەت كەسانێك هەن لە ناو ڕێكخراوەكانی تایبەت بە ئەنفالیش پێشنیاری لەم جۆرەیان كردووە بۆ نمونە بەندە لەم ڕۆژانەدا لە شارۆچكەی دوكان لە كۆبونەوەیەكدا كە بۆ ڕێكخراوەكانی تایبەت بە ئەنفال ڕێكخراوبوو ئامادەبووم، بەڕێزێك ئەم پێشنیازەی كرد هەر چەندە ئەو كەسانەی پێیان باشە ناوی ئەنفال بنرێت لەو گەڕەكانە لە پەرۆشیانەوەیە بۆ دۆزی ئەنفال.

بەڵام بە حكومی ئەوەی دەرچوی بەشی كۆمەڵناسیم و زیاتر لە هەر كەسێكی تر درك بە كاریگەرییە سۆسیۆلۆجی وسایكۆلۆژییەكانی شتەكان دەكەم.

بۆیە بە پێچەوانەی ئەو بەڕێزانەوە پێشنیاز دەكەم وەزارەتی كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان داوا لە شارەوانیەكانی ئەو شوێنانە بكات كە بە هیچ شێوەیەك ناوی ئەنفال بۆ ئەو گەڕەكانە بە كار نەهێنرێت، چونكە ئەمە دەبێتە هۆی زیادكردنی ئازارەكانی ئەم خەڵكانە ، چونكە وەك لە سەرەوە ئاماژەمان پێداوە هەر بە بیستنی

و به كارهێنانی ئەنفال مەرگ و له ناوبردنی كەسەئازیزەكانمان بیر دەكەوێتەوە .

بەڵكو ئەو گەڕەكانە بە جۆرێك ناوبنرێن كە ژیان دۆستی بێت و هێمایەك بێت بۆ دووبارە ئاشتكردنەوەی ئەو كەسانە بە ژیان و بەخشینەوەی جوانیەكانی ژیان وكەمكردنەوەی ئازارەكانیان كە ئەمە ئەركی سەرەكی ئێمەو حكومەتیشە لە بەرامبەر كەسوكاری ئەنفالكراوەكان.

بۆیە بە شیاوی دەزانم چەند ناوێك بخەمە ڕوو ئەگەر بكرێت بنرێت لەو گەڕەكانە لەوانە " ژیانەوە، ژیان، هیوا، سەروەری، كامەرانی،ئاسودە" .یاخود هەر ناوێكی تر كە زیاتر گەڕانەوەیەك بێت بۆبەخشینەوەی ژیان بە كەسوكاری ئەنفال ، جگە لەوەش تەنانەت ئەگەر بكرێت ڕەنگی خانوەكانیش ڕەنگێك بێت ژیان دۆستی بێت وحكومەت لە ڕێگەی پرۆژە خزمەت گوزارییەكانیەوە كارێك بكات سیمایەكی شارستانی ببەخشێت بەو گەڕەكانەو دوور بێت لە شێوە ژیانی ئۆردوگا.

هیوادارم لایەنی پەیوەندیدار ئەم بۆچونەمان بە هەند وەربگرن و پاش چەند مانگێكی تر كە ئەو خانوانە تەواو دەبن و لە بری بە كارهێنانی گەڕەكی ئەنفال بڵێین گەڕەكی ژیان و ژیانەوە.

* ڕۆژنامەی كوردستان راپۆرت ژمارە (٤٨٤) ٧ی ئابی ٢٠٠٨





## ئەنفال دوای بیست ساڵ

بیست ساڵ لە مەو بەر ڕژێمی لە ناوچوی بەعس بە پێی بەرنامەیەكی پێش وەخت نەخشە بۆ كێشراو لە چوار چێوەی هەشت قۆناغی یەك لە دوای یەك و لە ماوەی كە متر لە لە حەوت مانگدا تاوانی دڕندانەی ئەنفالی دژ بە گەلەكەمان ئەنجامدا.

ئەم تاوانە گەورەو نامرۆڤایەتیەی بەعس كە دوور لە هەموو بەهایەكی مرۆیی وئاینی دژی بە گەلەكەمان ئەنجامیدا بە مەبەستی سڕینەوەو لە ناوبردنی یەكجاری نەتەوەكەمان بوو، كە بە داخەوە كۆمەڵگەی نێودەوڵەتیو دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی لە بەرامبەر ئەم تاوانە گەورەیە بێدەنگیان هەڵبژاردو بەرژەوەندییەكانیان لە گەڵ ڕژێمی بەعسدا خستە پێش هەموو بەها مرۆیی وئەخلاقی وئاینیەكانەوە.

كە جگە لە بێسەرو شوێنكردنی ١٨٢ هەزار مرۆڤی بێتاوان ودواتریش زیندە بە چاڵكردنیان لە بیابانەكانی خوارو ناوەڕاستی عێراق گەورەترین و بێوێنەترین زیانی بە ژێرخانی ئابوری و دەروونی وكلتوری وكۆمەڵایەتی وسروشتی جوانی كوردستان گەیاندو بۆ دەیان ساڵی تر كاریگەریو شوێنەوارە خراپیەكانی دەمێنێتەوە.

بۆیــه ئــەركی ســەرشــانی حكومــەتی نــوێی عێــراق و هــەرێمی كوردستانه كه به بەرنامەو پلانی زانستی كار بۆ له ڕەگەوه له ناوبردنی هەموو ئەو شوێنەواره نێگەتیڤانه بكات كه ئەنفال له كۆی بوارەكــانی ژیانــدا جێیهێــشت و تــا هەنوكــەش كەســوكاری ئەنفالكراوەكان به دەستیەوه دەناڵێننو بوه به بەشێك له ژیانیان و خەمو ناخۆشی وبێ هیوایی به تەواوی ڕەنگیداوەتەوه له ژیاندا وله هەموو مەرگەساتر ئەوەیه كه تا ئێستا كەسوكاری ئەنفالكراوەكان پیــشتگوێ خراوتــرین توێــژی كۆمەڵگــەی كــوردین و تــا ئێــستا دەسەڵاتی كوردی بەو شێوەیەی پێویسته ئاماده نیه گوێ له خەمو ئازارەكانیــان بگرێــت و بێخزمــەتی ناوچــه زۆر زیــان لێكــەوتوەكانی ئەنفال بەڵگەی ڕاستی قسەكانمانن.

كه دەبوایه له دوای ڕاپەڕینەوه حكومەت و دەسەڵاتی كوردی به شێوەیەك كــاری لــه ســەر ئــەنفال بكردایــه كــه لــه ئاســتی گــەورەیی تاوانەكەدا بوایه.

بەڵام به داخەوه ئەگەر هەوڵی خۆبەخشانه و ئەخلاقیانەی چەند نوســەرو ڕۆژنامــه نوســێك نەبوایــه ئــەوا بــه دڵنیاییــەوه ئــەنفال بــه تەواوی له یادگەی نەوەی نوێدا له بیر دەچووەوه.

بۆیه به پێویستی دەزانم پێشنیار بكەم بایەخ و گرنگی پێویست بــەم كارەســاته بــدرێت وبــەرنامو پــلان دابنرێــت بــۆ خزمــەتكردنی قوربانیانی ئەنفال بۆ ئەم مەبەستەش داوا دەكەین سود له ئــەزمونی گەلانی تر وەربگێردرێت و هەوڵی جدی بدرێت بۆ باشــكردنی ژیــان و گوزەرانی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان .





حكومــەتی نــوێی عێــراقیش بــه فــەرمی داوای لێبــوردن لــه گــەلی كــورد بكــات و ســەرانی ڕژێمــی بــەعس بــه ســزای داد پەروەرانــەی خۆیــان بگەن.

## چیمان كردووه بۆ له بیرنه كردنی ئه‌نفال؟

بیست سالْ لـه مەوبـەر ڕژێمـی بـەعس گـەورەترین تاوانـەكانی دژی گەلەكەمان ئەنجامدا كە بێوێنە ترین كارەساتە لە مێژوی كۆن ونـوێی مرۆڤایەتیدا ،
كە تیایدا زیاتر لە ١٨٢ مرۆڤی بێتاوان كە ژن وپیرو ومندالْ و گەنج بـوون بێسەروشوێن كـران و لـە بیابانـەكانی ناوەڕاسـت و خـواروی عێراقدا زیندە بە چاڵكران. بە هەزاران گوند لە گەڵ زەویـدا تـەخت كران و ئەوانەشی لەو تاوانە ڕزگاریان بوو ڕاگوێزران بـەرەو ئۆردوگا زۆرە ملێكان .
كە دوور بو لـە هەموو پرۆژەیەكی خزمەتگوزاری و بە ئێستاشەوە كەسـوكاری ئـەنفالكراوەكان لـە خـراپترین ژیـان و گوزەرانـدان لـە كاتێكدا دەبوایە لـە دوای ڕاپەرینـەوە حكومـەتی هـەرێم پێش هـەموو شتێك كاری بكردایە بۆ باشكردنی ژیانی ئەم توێژەی كۆمەڵگاكـەمان كە لە پێناوی ئازادی ولاتەكەیاندا زۆرترین قوربانیان بە خشیوە.
بـۆ ئـەم مەبەسـتەش دەبوایـە بەشـێكی دیـاریكراو لـە بودجـەی حكومـەتی هـەرێم سـاڵانە بـۆ خزمـەتكردنی دۆزی ئـەنفال تایبـەت





بكرایـە و لـە سـەر ئاسـتی نـاخۆو دەرەوە ئـەنفال زۆر لـە ئێـستا ناسراوترو بوایە خوێندنەوەیـەكی تـر بۆ كارەساتە بكرایـەو هـەوڵی جدی بدرایـە بۆ كەمكردنـەوەی كاریگەرییـە نێگەتیڤـەكانی لـە بواری دەروونی وكۆمەلآیـەتی و كلتوری و ئابوری كە ئەنفال لـە دوای خـۆی لە سەر تاك وكۆمەڵگەی كوردی دروستی كردووە.

بۆیـە بـە گرنگـی دەزانم پێـشنیاز بكـەم چـیتر ناوچـە زیـان لێكـەوتوەكانی ئـەنفال و كەسـوكاری ئـەنفالكراوەكان بـەم شـێوەیە پشتگوێ نەخرین و ئاوڕیی پێویستیان لێبدرێتەوە و كار بكرێت بۆ دووبارە دروستكرنەوەی ژیـان لـە ناوچانەداو كاری بە پەلە بكرێت بـۆ هێنانـەوەی ڕوفـاتی ئـەنفالكراوەكان و بـۆ ئـەوەی بتوانیرێـت كەسـوكاری ئـەنفالكراوەكان لـەو ناخۆشـیو ئـازارە دەرونیـە ڕزگـار بكـرێن و ئەمـەش ئـەركی ئـەخلاقی ومرۆیـی هـەر دوو حكومـەتی ناوەندی و هەرێمی كوردستانە.
پێویستە لـەم ڕووەوە كەمتەرخـەمی نەكـەن .هـەروەها داوا دەكـەین كـار بكرێـت بـۆ بـە جیهـانیكردنی كارەسـاتی ئـەنفال وەكـو تـاوانی جینۆسـاید لـە سـەرجەم دامودەزگـا نێودەوڵەتیەكانـدا بـە فـەرمی دانیپێدا بنرێت وئەنجامدەرانی ئەنفالیش بە سزای یاسایی خۆیان بگەن و لە پێناوی هیچ بەرژەوەندییەكدا سەرانی ڕژێمی بـەعس لـەم سزایە نەبوردرێن.

* ڕۆژنامەی ئاسۆ ژمارە (٧٤٧) دوو شەممە ١٨ی شوباتی ٢٠٠٨

## سەرۆكی حكومەت گەرمیانی پڕ لە نەوت وێرانە

گەرمیان ناوچەیەكی پان و بەرینەو  بە ناوچەی هاوسنور دادەنرێت لە گەڵ عێراقی عەرەبیداو بە كاریگەری چەندین فاكتەریش لە هەشتا ساڵی ڕابردودا زۆرترین سیاسەتی دوژمنكارانەی لە بەرامبەردا بە كارهاتوە وپشكی شێری لە مەرگەسات و كارەسات و قوربانی دان بەركەوتوە.

بۆ نمونە دڕەندەیی دوژمن لە بەرامبەر ئەم ناوچەیە لە ئەنفالەدا گەیشتە لوتكە تەنانەت  بەعس ئەنفالی بە جۆرێك لەم ناوچەیە پیادەكرد زۆر مەحاڵە بۆ دەیان ساڵی تر بتوانرێت ڕەوتی ژیان لەم ناوچەیەدا ببرێتەوە بەر لەسەردەمی ئەنفال، چونكە لە دوای ڕاپەڕینەوە ئەم ناوچەیە بە شێوەو جۆری جیاواز تر ئەنفال كرایەوە.

ئەگەر كەسێك ڕۆژێك ژیانی بۆ ئەم ناوچەیە تەرخان بكات و سەردانی بكات ئەو كاتە ئەوەی بۆ ڕوون دەبێتەوە ئەم حكومەتەی خۆمان چۆن بێباكە لە بەرامبەر ئاوڕدانەوەو ئاوەدانكردنەوەی وێرانترین وكارەساتبارترین ناوچەی وڵات.





بەندە لەم ڕۆژانەدا بۆ چەند ئیش وكارێك سەردانی ئەو ناوچەیەم كرد هەر چەندە زێدی خۆمە بەڵام ئەگەر ناچار نەبم حەزناكەم سەردانی بكەم چونكە ئەو كاتە هێندەی تر بێ هیوا دەبم لە دەسەڵات وحكومەتی كوردی .

دیارە لێرەدا زیاتر مەبەستم گوندەكانی گەرمیانە نەك شاروشاروچكەكان. "هەر چەندە بارودۆخیان لە گوندەكان باشتر نیە".

ئێستا لە چەند ناوچەیەكی گوندنشینی گەرمیان چەند كۆمپانیایەك خەریكی گەڕان و پشكنین و دۆزینەوەو دەرهێنانی نەوتن ، یەكێك لەو ناوچانە ناحیەی  قادركەرەمە كە لە كەركوكەوە نزیكەی یەك كاتژمێر بە ئۆتۆمبیل دورەو لە چەمچەماڵەوەش هەندێك زیاتر ، بەڵام ئێمە كە چوین لە كەركوكەوە بە ڕێگایەكی زۆر خراپی قیرتاوكراودا ڕۆیشتین كە تەمەنی نزیكەی ٣٠ساڵ دەبێت و ئەگەر لە چەمچەماڵیشەوە بڕۆیت لەمە باشتر نیە.

تەنها تا تەكیەی جەباری نۆژەنكراوەتەوە، ئیتر ئەوەی دەمێنێتەوە لە ڕێگایەك دەكات كە لە سەردەمی عەباسەكاندا قیرتاوكرابێت.

هەر كە دەگەیتە گوندەكانی سەر بە ناحیەی قادركەرەم ناوچەیەكی تەواو وێران و فەرمۆشكراوت بەرچاو دەكەوێت .

بەڵام لە چەندین شوێن چاوت بەو كۆمپانیانە دەكەوێت كە حكومەتی هەرێم هێناونی بۆ دۆشینی ناوچەكە بە بێئەوەی  ئەو نەوتەی لە ئایندەییەكی نزیكدا بەرهەم دێت حكومەت هیچ بەڵێنێكی دابێت كە ڕێژەیەكی كەمی دهاتەكەی تەرخان بكات بۆ خزمەتكردنی ناوچەكە.

چونكە ئەگەر حكومەت خەمی ئێستای گەرمیانیە گوندنشینەكانی نەبێت سبەی چۆن خەمیانی دەبێت ، گەرمیان لە دایكێكی جەرگ سوتاو ڕەشپۆش دەكات وكەسیش نەبێت هاوخەمی ئەو دایكە بێت توخوا شەرم نیە بۆ حكومەتی هەرێم لە یادی بیست ساڵەی كارەساتی ئەنفالدا گوندنشینێكی گەرمیانی باوك ئەنفال لە كەناڵی كوردساتدا لە بری داواكردنی هەر پرۆژەیەكی خزمەتگوزاری داوای ئاوی خواردنەوە بكات.

نازانم سەرۆكی حكومەت ئاگای لەم ڕاستیانە هەیە.

هەر بۆیە منیش لە خوارەوەی ناونیشانی وتارەكەمدا نوسیومە نامەیەكی كراوە بۆ سەرۆكی حكومەت چونكە ئەوەندەی ئاگاداربم و زانیاریم هەبێت خودی بەڕێزیان یەكێكە لەو كەسانەی كە ڕۆژنامەكان دەخوێنێتەوەو ئاگاداری ڕەخنەو گلیەكانی هاوڵاتیانە.

بۆیە منیش هیواخوازم سەرۆكی حكومەت دوای خوێندنەوەی ئەم وتارە تەنها لە خەمی ئەوەدا نەبێت كام ناوچە نەوتی هەیە كۆمپانیا بهێنێت و گرێبەستی لەگەڵ بكات بۆ دەرهێنانی.

بەڵكو بیریش لەوە بكاتەوە كە بونی نەوت لە هەر ناوچەیەكدا بە تایبەتی شوێنێكی وەك گەرمیان لە هەشتا ساڵی ڕابردودا نەوت بۆی بوە مایەی وێران بونی ناوچەكە و زیندەبەچاڵكردنی دانیشتوانەكەی. مایەی شەرمەزارییە ئێستا حكومەتی هەرێم بێت و نەوتەكەی دەربهێنێت و ئەوەی سودی لێوەرناگرێت گوندەكانی گەرمیانە پێشنیاز دەكەم نێچیرڤان بارزانی وەفدێك بنیرێتە گوندەكانی گەرمیان و ڕاستگۆیانە بارودۆخ و ژیانی ئم ناوچەیەی بۆ بگوازنەوە





ئەو كاتە دەزانێت ئەوەی لەم وتارە كورتەدا باسكراوە شتێكی زۆر كەمی ئەو واقیعەیە كە لە گوندەكانی گەرمیاندا هەیە و پێشنیازیش دەكەم چیدیكە گەرمیانیەكان ڕێگە نەدەن نەوتی ناوچەكەیان دەربهێنرێت و ناوچەكەی خۆیان تا دێت وێرانترو فەرامۆشتر دەبێت. تاوەكو حكومەت بەڵێن نەدات ڕێژەیەك لە داهاتی نەوتی ناوچەكەیان بۆ پرۆژەی خزمەتگوزاری ناوچەكەیان تەرخان دەكات.

* ڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە (٤٢٨) چوار شەممە ٤-٦-٢٠٠٨

## ئەنفال وچەند پرسیارێك لە لیستە سەرەكییەكانی پەرلەمان

یەكێك لەو پرسانەی لە چەند ساڵی ڕابردودا مایەی ڕامانم بوەو ئەتوانم بڵێم زۆریش ئازار بەخش بوە بۆم، بایەخ پێنەدانی پێویست بوە بە كارەساتی ئەنفالو قوربانیەكانی.

ئەگەرچی چەند هەوڵێكی كەم هەبوە لە لایەن ڕۆشنبیران یان كەسانی ناو ئیدارەی كوردی بەڵام هەوڵەكان تاكە كەسیو حەزێكی تایبەتی بوە نەك پلان و بەرنامەیەك بوبێت و جێبەجێكرابێت ، لە كاتی خۆیدا بەڕێزەوە لەو هەوڵانەمان ڕوانیوەو قسەمان لە سەر كردووە.

بەڵام ئەوەی لەم نوسینەمدا دەمەوێت لێی بدوێم و بیخەمەڕو چەند پرسیارێكە لە وتەبێژەكانی لیستی گۆڕان و كوردستانیو چاكسازی وخزمەتگوزاری. چونكە لە كۆی سەرجەم ئەو قەوارە سیاسی و لیستانەی پێشبڕكێ دەكەن بۆ بە دەستهێنانی زۆرترین كورسیەكانی پەرلەمان ئەم سێ لیستە بە هێزترینیانن و دڵنیام





زۆربەی هەرە زۆری خەڵكی گەرمیان و كەسوكاری ئەنفالكراوەكان دەنگیان بۆ ئەم سێ لیستەیە .

كە لە پەرلەمانو حكومەتی ئایندەدا پشكی شێر بۆ ئەم لیستانەیەو خاوەنی پێگەی بەهێز دەبن لە ناو پەرلەماندا. وەك ڕۆژنامەنوسێك كە بەشێك لە وتارو نوسینەكانم لە ڕۆژنامەو گۆڤارەكاندا تایبەت كردووە بە كەیسی ئەنفال.

بۆیە هەڵسەنگاندنی ئێمە بۆ لێهاتویی و سەركەوتنی لیستەكان ئەوەیە تا چەند لە بەرنامەكانیاندا گرنگی بە ئەنفال ئەدەن. هەروەك چۆن جوتیارێك یان ئابوریناسێك یان دادوەرێك یان وەرزشوانێك لە ڕوانگەیەكی ترەوە لە بەرنامەی حیزب وقەوارە سیاسیەكان دەڕوانن و خوێندنەوەیان بۆدەكەن.

هەروەها هیوادارم ئەو بەڕێزانە وەڵامم بدەنەوە تاوەكو لە چوار ساڵی ئایندەدا بتوانین لە بەر ڕۆشنایی وەڵامەكانیان چاودێریان بكەین و بزانین چەندی لە بەڵێنەكانیان لە بەرانبەر ئەم ئەركە ئەخلاقی و نەتەوەیی و نیشتمانیە جێبەجێدەكەن.

چونكە ئەگەر ئێمە هێندەی گەورەیی تاوانەكە كارمان لە سەر بكردایەو وەكو جینۆساید بناسرایەو ئێستا لە دەستەبەركردنی زۆرێك لە مافە نەتەوەییەكاندا فاكتەرێكی باش دەبو.

ئەمە جگە لە لایەنە دەروونیو كۆمەڵایەتیەكانی بایەخدان بە ئەنفال .

**ئەمانەی خوارەوەش پرسیارەكانە:**

یەكەم:بەرنامەتان چیە بۆ هێنانەوەی ڕوفاتی ئەنفالكراوەكان چونكە هەمو كەسوكارتان كۆچی دواییان كردووەو دەزانن بونی گۆڕو گۆڕستان چەند پێویستن.

دووەم: ئەگەر ئێوە هەر یەكە ڕێژەیەك لە كورسیەكانی پەرلەمانتان بە دەستهێنا بەرنامەو پلانتان چیە بۆ بە جینۆساید ناساندنی ئەنفال لە ناوەندە جیهانیەكاندا.

سێیەم:بەرنامەتان چیە بۆ بە سزا گەیاندنی سەرجەم ئەو بەرپرسانەی دەوڵەتی عێراق لە ئاستی سەربازی و ئیداری و سیاسی بەشداری تاوانی ئەنفالیان كردووە .

چوارەم:ئایا ئێوە بەرنامەتان هەیە لە ئایندەدا كۆلێژو پەیمانگەی تایبەت دابمەزرێنن بۆ لێكۆڵینەوە لە ڕەهەندە سۆسیۆلۆژی و سایكۆلۆژی و ئابورییەكانی ئەنفال.

پێنجەم:ئایا ئێوە بەرنامەتان هەیە لە چوار ساڵی ئایندەدا بودجەیەكی تایبەت بۆ ناوچەكانی گەرمیان تەرخان بكەن هەروەك چۆن حكومەتی عێراق بۆ ناوچەی زۆنگاوەكان كردی.

شەشەم:ئایا ئێوە بەرنامەتان هەیە جیاوازی موچە لە نێوان شەهیدانی ئەنفالو شەهیدانی حیزبدا نەهێڵن

حەوتەم:ئایا بەرنامەتان هەیە ساڵانە لە زانكۆكانی ناوخۆو دەرەوە كورسی خوێندن بۆ كەسوكاری ئەنفالكراوەكان دابین بكەن.

هەشتەم:بەرنامەتان چیە بۆ بوژاندنەوەی گوندەكانی گەرمیان.





نۆیەم: بەرنامەتان چیە بۆ ئەوەی لە ڕاگەیاندنەكاندا بایەخ بە ئەنفال بدرێت.

دەیەم:بەرنامەتان هەیە ساڵانە لە ٤/١٤ یادی شایستە بۆ ئەنفال ڕێكبخەن یان وەكو ڕابردو ئاهەنگو بۆنەی دیكە ڕێك دەخرێت تاوەكو ئەنفال لە بیربچێتەوە.

یانزەیەم: بەرنامەتان هەیە كە لە قۆناغەكانی خوێندندا بایەخ بە ئەنفال بدەن.

دوانزەیەم: ئامادەن لە ئایندەدا باس لە هەڵەكانی سەركردایەتی كورد بكەن لە ئەنفالدا تا نەوەكانی ئایندە دوبارەی نەكەنەوە.

سیانزەیەم:ئایا ئەو بەرپرسە ئیداریانەی لە چەند ساڵی ڕابردودا كەم تەرخەم بونە لە بەرانبەر كەسوكاری ئەنفالكراوەكان لە شوێنەكانی خۆیان دەمێننەوە یا دوردەخرێنەوە.

چواردەیەم:بەرنامەتان هەیە ئەو پرۆژانەی بۆ شارەكانی دهۆك و هەولێرو سلێمانی كراون وەكو پارك و شاری یاری و باخچەی ساوایانو پرۆژەكانی تر بۆ ناحیەكانی ڕزگاری و شۆڕش بكرێت كە ژمارەی دانیشتوانەكانیان نزیكەی ٩٠ هەزار كەس دەبێت و هەموو كەسوكاری ئەنفالن

شانزەیەم:بەرنامەتان هەیە كە شوێنی نیشتە جێبون بۆ گەنجانی كەسوكار ئەنفال دابین بكەن بە تایبەت كاتێك ژیانی هاوسەری پێكدەهێنن.

حەڤدەیەم :بەرنامەتان چیە بۆ دابینكردنی هەلی كاركردن لەو ناحیانەی زۆربەی كەسوكاری ئەنفالن.

هەژدەیەم :بەرنامەتان چیە بۆ كردنەوەی سەنتەرو نەخۆشخانەی دەرونی لەو شوێنانەی زۆربەی كەسوكاری ئەنفالن.

نۆزدەیەم:ئایا لەو كورسیانەی لە پەرلەمان بە دەستی دەهێنن كەسی نزیك لە كەسوكاری ئەنفالكراوەكانی تێدایە كە زیاتر لە خەمو ئازارەكانی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان بگات.

بیستەم:ئایا بەرنامەتان هەیە گەورەترین مۆنۆمێنت تایبەت بە ئەنفال لە گەرمیان دروست بكەن؟.

بیست ویەك:بەرنامەتان چیە بۆ بەسزا گەیاندنی ئەو موستەشارانەی كە لە ئەنفالدا رۆڵی خراپیان هەبوە و بە سەدان وهەزاران كەس بە هۆی ئەوانەوە لە ئەنفالدا شوێنبزركران؟.

بیست وسیّ:بەرنامەتان چیە بۆ بە دواداچونی ئەو كچە كوردانەی لە ئەنفالدا بە وڵاتانی عەرەبی و بە تایبەت بە میسر فرۆشراون؟.

* گۆڤاری مانەوە ٣





## كەسوكاری ئەنفال نەك پاشماوەی ئەنفال

دەوڵەتی عێراق لە ئەنفالدا تەنها ژمارەیەك لە خەڵكی لە ناونەبردو بەشێكی كوردستانەكەمانی سوتماك نەكرد ،بەڵكو تا لێیورد بیتەوە ئەوا بچوكترین خاڵی ناو ئەم پرۆسە یە، بۆ خۆی كارەساتێكەو پڕ لە غەمو ئازارە تەنانەت بە جۆرێك رۆژانە هەر بە ناوهێنانی دەستەواژەكانی ناو پرۆسەكەو ئەو دەستەواژانەشی لە دوای ئەو پرۆسەیەوە بە كاردەهێنرێت بۆ خۆی ئازار دانێكی دەرونی كەسوكاری ئەنفالكراوەكانە،

هەر بۆیە چەند جارێكیش وتومە تەنها و تەنها مەگەر كەسوكاری ئەنفالكراوەكان هەست بە هەموو ئەو نەهامەتیانە بكەن كە ئەنفال بۆی بە جێهشتن و هەر گیز كەسێكی دیكە هەست بە هەموو ئەو كاریگەرییە نێگەتیڤانە ناكات،چونكە بەشێك لەو غەمانە ناتوانرێت گوزارشتی لێبكرێت .

ئەگەر ئێمەش لە بەشێك لە نوسین و توێژینەوەكانماندا ئاماژە بە بەشێك لەو ئازارانە بكەین ئەوا هۆكارەكەی ئەوەیە كە كەسانێكین زۆر لە نزیكەوە رۆژانە تێبینی وردی ئەو كەسانە دەكەین كە ئازارو غەمەكانی ئەنفال بوە بە بەشێك لە ژیانیان.

هـەروەها شـارەزا بونمـان لـە بـواری سـایكۆلۆژیو سۆسـیۆلۆژی هۆكارێكی دیكەیە بۆ قسە كردنمان لە سەر ڕەهەندە جیاجیاكانی كاریگەرییەكانی ئەنفال .

یەكێك لەو چەمكانەی دەمەوێت قسەی لە سەر بكەم كە بێ ئەوەی هەستی پێبكرێت هەر لە بەر كارهێنانەكەیدا ئازارێكی دەرونی گەورەی كەسوكاری ئەنفالكراوەكانی پێدەدرێت كە ئەویش زاراوەی پاشماوەی ئەنفالە و لە بیست ویەك ساڵی ڕابردودا بە شێوەیەكی بەرفراوان بە كارهێنراوە وەك ئاماژەیەك بۆ ئەو كەسانەی لە ئەنفال ڕزگاریان بوە یان ئەو كەسانەی كە ئەندامێك یان زیاتری خێزانەكەیان لە و تاوانەدا بوە بە قوربانی.

هەر چەندە لەم سێ ساڵەی دوایدا كام تا زۆر هەوڵمانداوە" وەكو ئەو كەسانەی بەشێك لە نوسین ووتارەكانمان تایبەتە بەم بوارە" چی دیكە خەڵكی ئەم چەمكە بە كارنەهێنن و تا ڕادەیەكیش جێگەی خۆی گرتوە لە فەرهەنگی كوردیداو بۆیە هەست دەكرێت كەمتر بوەتەوە بە بەراود لە گەڵ ئەو شێوە بەرفراوانەی لە ساڵانی پێشودا بە كاردەهات.

بەڵام ئەوەی مایەی نیگەرانیە تا هەنوكە نەمانتوانیوە بە یەكجاری خۆمان لە بە كارهێنانی دەستەواژەی پاشماوەی ئەنفال ڕزگاربكەین " هەروەك یەكێك لە ڕۆژنامەكان لە ماوەی پێشودا لە هەواڵێكیدا باسی ئەوەی كردبو كە ژنێكی پاشماوەی ئەنفال سكاڵا لە سەرنوسەرێك دەكات" و چی دیكە ئەوەندە ئازاری ئەو خەڵكانە زیاد نەكەین كە بەو چەمكە دەیانناسێنین،چونكە ڕۆژانە لە





ڕاگەیاندنەكانەوە گوێبیستی ئەوە دەبین كە پاشماوە بۆ شتی زۆر بێنرخ بە كاردەهێنرێت بۆ نمونە لە تەلەفزیۆنەكانەوە بەردەوام ئەم ڕستەیە دوبارە دەكرێتەوە."هاوڵاتی بەڕێز لە كاتی چونت بۆ گەشت وسەیران پاشماوەی خواردنەكەت بە جێمەهێڵە".

كەواتە پاشماوە زیاتر بۆ شتە مادییەكان بە كاردەهێنرێت نەك لە بەرانبەر خەڵكانێك كە دەبێت زۆر بە ئاگایی ووریاییەوە مامەڵەیان لە گەڵ بكرێت ولە بەكارهێنانی سادەترین وساناترین وشەدا، زۆر پێویستە هەموو لایەنە دەرونی وكۆمەڵایەتیەكان لە بەرچاو بگرین .

بۆیە لە كۆتایدا داوا لە هەموو خەڵكی و بە تایبەت ڕۆژنامەنوسان و نوسەران دەكەم كە لە بری پاشماوەی ئەنفال كەسوكاری ئەنفال و ئەنفالكراوەكان بە كاربهێنن و خۆ دور بگرن لە بەكارهێنانی چەمكی پاشماوەی ئەنفال كە كاریگەری نێگەتیڤی هەیە لە سەر لایەنی دەرونی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان .

* ڕۆژنامەی ئاوێنە

## ئەوان دەڵێن دایكانی ئەستێرەی ئاڵتونی
## ئێمەش دەڵێین ژنانی پاشماوەی ئەنفال

لە یەكێك لە تەلەفزیۆنە ئاسمانیەكانەوە باسی ئەوە دەكرا كە پاشماوەی زبڵو خۆڵو خاشاكی سلێمانی لە ناوچەی تانجەرۆ فڕێدەدرێتو دەسوتێنرێت .ئەمەش زیان بە ژینگەی ناوچەكە دەگەیەنێت،

یان لە تەلەفزیۆنێكی دیكەوە بینیم راپۆرتێكی لە سەر زبڵو خۆڵو خاشاكی هەڵەبجە ئامادەكردبو بەوەی شوێنی فڕێدانی نەشیاوەو زیان بە ژینگەی ناحیەی سیروان دەگەیەنێت و ئەوەشی بە پاشماوە ناوبرد.

یان زۆرجار لە راگەیاندنەكانەوە رەخنە لەوە دەگیردرێت كە پاشماوەی نەخۆشخانەكان شێوەی لە ناوبردنیان مەترسی لە سەر تەندروستی هاوڵاتیان هەیە.

یان ئەگەر لە یەكێك لە شارەكانی عێراقدا تەقینەوەیەك روبدات سبەی لە رۆژنامەكان وێنەو شوێنی تەقینەوەكە بڵاودەكرێتەوە بۆ نمونە ئەگەر بینایەكی روخاندبێت لە ژێر وێنەكەوە دەنوسرێت پاشماوەی تەقینەوەیەك.





یان ئەگەر چەند تیرۆریستێكی داواكراو دەستگیربكرێن كە دەستیان بە خوێنی هاوڵاتیانی عێراقی سورە دەوترێت سەر بە پاشماوەكانی بەعس بون.

یان كاتێك باس لە كەوتنە خوارەوەی فڕۆكەیەك دەكرێت دەوترێت پاشماوەی فڕۆكەكە دۆزرایەوە .

یان لە وەرزی گەشتو سەیراندا كاتێك گلەیی ئەوە لە هاوڵاتیان دەكرێت كە ژینگە پیس دەكەن ، دەوترێت هاوڵاتیان پاشماوەكانی خۆیان پاك ناكەنەوە كە ئەوەی پیشان دەدرێت هەندێك قوتوی خواردنەوە گازیو كحولیەكانەو هەندێك جار حەفازەی پاكردنەوەی منداڵە، یان هەرشتێكی دیكەی لەو جۆرانە.

ئەم نمونانەم بۆیە هێنایەوە تاكو بزانرێت لە راگەیاندنو فەرهەنگی كوردیدا بە چی دەوترێت پاشماوە، كەواتە لە یادەوەری تاكی كوردا زۆرتر بە شتی بێنرخو بێبەهاو بێسودو زیان بەخش دەوتریت پاشماوە.

هەر بۆیە چەند جارێك لە نوسینەكانمدا داوامكردووە كە خۆ بپارێزین لە بە كارهێنانی دەستەواژەی پاشماوەی ئەنفال، چونكە لە روی دەرونیەوە ناوهێنانی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان بە پاشماوە كاریگەری خراپی هەیە.

هەر چەندە تاڕادەیەك ئەم داوایەی ئێمە لە لایەن بەشێكی كەم لە راگەیاندنەكانەوە بە هەند وەرگیراو ئەوەندەی زانیاریم هەبێت و ئاگاداریم، خۆیان لە بەكارهێنانی ئەم دەستەواژەیە پاراستوە، بەڵكو لە بری ئەوە كەسوكاری ئەنفالیان بە كارهێناوە.

بەڵام زۆر بە داخەوە تا ئێستاش بەشێكی زۆر لە راگەیاندنەكان بێ لەبەرچاوگرتنی لایەنی هەستو نەستی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان، بەردەوام ئەم چەمكە دوبارە دەكەنەوە كە كاتێك باس لە كەسوكاری ئەنفالكراوەكان دەكرێت. بە تایبەتی لەم ماوەیەی پێشودا ئەویش دوای ئەوەی هاولاتیەكی كەسوكار ئەنفالكراو بە هۆی كێشەیەكی یاساییەوە زیندانی كرا كە لە راگەیاندنی كوردیدا بە شێوەیەكی بەرچاوو بەرفراوان پاشماوەی ئەنفالیان بە كاردەهێناو ئەم هەڵەیەمان زیاتر بە دیكرد.

كەچی بە پێچەوانەی ئێمەی كوردەوە لە چەند هەفتەی پێشودا كاتێك ژمارەیەك لە دایكی ئەو سەربازە ئەمەریكیەیانەی لە عێراق كوژراون سەردانی هەرێمی كوردستانیان كرد بینیمان كە جوانترینو شایستە ترین ناویان لێنرابو ئەویش دایكانی ئەستێرەی ئاڵتونی بو.

ئەگەر لەو ناونانە سەرنج بدەین ئەوە جگە لەوەی رێزگرتنێكی گەورەیە ، پاداشتێكی مەعنەوی و دەرونیە بۆ ئەو دایكانە.

كە دەبوایە ئێمەی كوردیش لە چەند ساڵی رابردودا شایستەترین ناومان بۆ ژنانو دایكانی ئەنفالكراو هەڵبژاردایە نەك ناوهێنانیان بە پاشماوە كە هێندەی دیكە كۆستو خەمو ئازارەكەیان زیاتر بكەین.

چۆن نیگەران نابن لە هەواڵێكدا راگەیاندن خۆڵوخاشاكو زبڵی شارەكان بە پاشماوە ناوبباتو لە هەواڵی دواتردا كاتێك باسی ئەوان دەكرێت هەمان دەستەواژەیان بۆ بە كاربهێنرێت.





ئەمەریكیەكان چی ناوێكیان لە دایكانی قوربانیانی خۆیان ناوە لە كاتێكدا ئەوان بە یاسای داگیركاری كوڕەكانیان لە عێراقدا كوژراون، بەڵام ئەنفالكراوەكان لە سەر بەرگری لە خاكو ناسنامەی كوردبونیان جینۆسایدكران.

لە كۆتایدا پێشنیاز دەكەم چیتر راگەیاندنەكان بە هەموو جۆرەكانیەوە بە هیچ جۆرێك پاشماوەی ئەنفال بە كارنەهێنن، بەڵكو بڵێن كەسوكاری ئەنفال. هەروەها داوا لە وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالكراوەكان دەكەم هاوشێوەی دایكانی ئەستێرەی ئاڵتونی ناوێكی شایستەش بۆ ژنانو دایكانی كەسوكار ئەنفالیش دەستنیشان بكات، بەمەش هەم رێز لە قوربانیەكانیان دەیگرێتو هەم لە خۆیان وەك كەسوكاری قوربانیەكان.

نەك لە كاتی هێنانەوەی روفاتی منداڵە ئەنفالكراوەكاندا لە چەمچەماڵ بەرێز وەزیری شەهیدانو ئەنفالكراوەكان لە كاتی چاوپێكەوتنێكی تەلەفزیۆنیدا بێئاگا لە لایەنە نیگەتیڤەكانی دەستەواژەی پاشماوەی ئەنفالی بە كارهێنا.

---

* رۆژنامەی هەواڵ ساڵی ٢٠١٠

## بۆ مامۆستا چنار وەزیری كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان

چەند ڕۆژێك پێش ئیستا كوڕێكی باوك ئەنفال باسی ئەوەی بۆ كردم ، كە موچەی ئەنفالانەی باوكیان ڕاگرتوە، بە بیانوی ئەوەی كە بەرواری كۆچی دوایی باوكی ساڵی ١٩٩٣ یە.
لە كاتێكدا هەموو بەڵگەیەكیان هەیە كە باوكی لە شاڵاوەكانی ئەنفالدا بێسەروشوێنكراوە، كە لێمپرسی هۆی چیە بەرواری كۆچی باوكت ساڵی ١٩٩٣یە لە وەڵامدا وتی ئێمە دەیان خێزانی كەسوكاری ئەنفال كە دانیشتوی شاری كەركوك بوین،حكومەتی عێراقی لە دامودەزگاكانی خۆیدا هیچ كارێكی یاسایی بۆ ئەنجام نەدەداین ولە قوتابخانە وەریان نەدەگرتین،ئەوەبو بڕیارێكی تایبەتی دەركرد بۆ چارەسەركردنی ئەم كێشەیە بە پێی بڕیارەكە نەدەبو بەرواری كۆچی دوایی هیچ كەسێك پێش ساڵی نەوەت بێت.
ئەوەبو پارێزەرێك هەموو ئیشوكارەكانی كەسوكار ئەنفالكراوەكانی شاری كەركوكی ئەنجام دەدا كە ئەو پارێزەرە ئێستا دادوەری شاری چەمچەماڵە و لە نزیكەوە ئاگاداری وردەكارییەكانە، بۆیە ئێمەش بە





ناچاری وبە پێی ئەو بڕیارەی ڕژێمی بەعس بەرواری كۆچی دوایی كەسە ئەنفالكراوەكانمان كرد بە ساڵی نەوەدەكان،
بۆیە دەمەوێت بەڕێز مامۆستا چنار سەعدی وەزیری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان لەم بڕیارەی ڕژێمی پێشوی بەعس ئاگادار بكەمەوە كە مەبەستی زۆری هەبوە كە بۆچی نابێت خەڵكی بڵێن كەسوكارەكانمان لە ساڵی ١٩٨٨ بێسەروشوێن كراوە چونكە ئەو كاتە دەزانرا كە لە ئەنفالدا لە ناو براون .
بۆیە ئەو مەرجەی دانابو كە دەبێت بڵێن دوای ساڵی نەوەت بێسەروشوێنكراون یان كۆچی دواییان كردووە،بەڵام مەرگەساتە ئێستا وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالكراوەكان موچەی ئەم خەڵكانەی ڕاگرتوەو دەیەوێت ببنە قوربانە ئەو سیاسەت و بڕیارە شۆڤێنیەی بەعس .
چونكە هەموو ئەو خێزانانە لە ساڵی ١٩٩٢ەوە لە هەموو ئامارەكاندا بە ئەنفال تۆماركراون و هەموو بەڵگەیەكیان هەیە كە كەسەكانیان لە ئەنفالدا بوەتە قوربانی، بۆیە زۆر پێویستە مامۆستا چناری پارێزەری كەسوكاری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان كاری جدی بكات بۆ گێڕانەوەی موچەی ئەم خێزانانە لە گەڵ حكومەتی عێراقی كار بۆ هەڵوەشانەوەی ئەو بڕیارە بكەن وبە بە ڕێگەی یاسایی بەرواری كۆچی دوایی ئەو كەسانە بكرێتەوە بە ساڵی ١٩٨٨ كە ئێستا دادوەری باری شارستانی شاری كەركوك كە سەر بە نەتەوەی توركمانە خۆی دانی بەو ڕاستیەدا ناوە كە دەزانێت ئەم كەسانە ئەنفالكراوەكان.

بەڵام وتویێتی دەسەڵاتی گۆڕینی بەرواری كۆچی دوایی هیچ كەسێكم نیە بەڵام ئەگەر حكومەتی هەرێم نوسراوم بۆ بكات و بڵێت ئەمانە ئەنفالكراون ئەوە دەتوانم بەرواری كۆچكردنەكەیان ڕاست بكەمەوە یا خود حكومەتی هەرێم دەتوانێت لە ڕێگەی بەغداوە ئەم كارە بكات .

چونكە ڕژێمی بەعس لەم بڕیاردا بیری لە ئایندەكردۆتەوە هەروەك چۆن ئەمڕۆ دەرئەنجامەكەی دەبینین، خەریكە حكومەتی شەهیدان و ئەنفالكراوەكان گومان لە ئەنفالكردنی ئەو كەسانە دەكات و بەمەش زیانی گەورە لە دۆزی ئەنفال دەكەوێت وكێشەو گرفتەكانی كەسوكاری ئەنفالكراوەكانیش ئەوەندەی دیكە زیاد دەكات .

چونكە بەشی زۆری ئەو خێزانانە جگە لەو موچەیە هیچ داهاتێكی تریان نیە،ئەمە جگە لە ئاڵۆزكردنی لایەنی دەرونیان چونكە زۆر ئازاراوییە كەسوكارەكەت زیندەبەچاڵ كرابێت لە پێناوی ئەم ڕۆژەدا و ئێستاش بە پیلانێكی ئەنجامدەری ئەنفال ئەم كەسانە بەم شێوەیە مامەڵەیان لە گەڵ بكرێت وپاداشتیان بدرێتەوە.

لە كۆتایدا هیواخوازم مامۆستا چنار لە نزیكەوە لەم گرفتە بكۆڵێتەوەو چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە چونكە دڵنیام بەڕێزیان لەم كێشەیە ئاگادارنەكراونەتەوە.

* ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە (٣٠٣) ٨ی تشرینی دوەمی ٢٠٠٨





## بۆ ئەنفالمان دەكەنەوە

چەند ڕۆژی ڕابردوو ناخۆشترین هەواڵم پێدرا كە ئەویش ئەوەبوو كە هەوڵێك لە ئارادایە بۆ گواستنەوەی ئێسكو پروسكی ئەنفالكراوەكان بۆ شاری نەجەف، ئەمەش بە ڕەزامەندی ژێراو ژێری وەزارەتی كاروباری شەهیدان وئەنفالكراوەكانە(هیوادارم وا نە بێت).

بە ڕاستی ئەم هەواڵە توشی شۆكی كردم و زۆریش بەزیم بە خۆماندا هاتەوە وەكو كەسوكاری ئەنفال بیرم لەوە كردەوە هۆی چیە دوای بیست ساڵ لە بری ساڕێژكردنی برینەكانمان كەچی بە سوێتر دەكرێت.

لە بری ئەوەی پووفاتی باوك ومام وخاڵ وكەسەكانمان بهێنرێنەوە تا چیتر بە ئازارەوە ڕۆژەكانی ژیانمان نەگوزەرێنین تا دایكو باپیرەو نەنكو پورەكانمان خەم بۆ بێ گۆڕی كەسەكانیان نەخۆن.

نازانم هۆی چیە ئەم غەدرە گەورەیە لە ئێمە دەكرێت و ئەگەر دوێنێ كەسە ئەنفالكراوەكانمان بە دەستی بەعس زیندە بەچاڵ كرابن ئەوا ئەمڕۆ لە سایەی حكومەتی هەرێمدا جگە لەوەی گەورەترین بێ وەفایی لە بەرانبەر قوربانیەكانمان دەكرێت هەر بە زیندویش ئێمە ئەنفال دەكرێین و ژیانمان لا دەكەن بە دۆزەخ.

هەموو چاوەڕوانی ئەوەبوین بە ماوەیەكی كەم دوای لە دەسەڵات خستنی بەعس یەكەم كاری سەركردایەتی سیاسی كورد و حكومەتی هەرێم هێنانەوەی ڕووفاتی ئەنفالكراوەكان بێت بەڵام دوای پێنج ساڵ هیچ پلان و بەرنامەیەك هەست پێ ناكرێت لەم بارەیەوە.

هەر چەندە هەندێك جار بڕو بیانوی جۆراو جۆر دەكرێتە فاكتەری نەهێنانەوەی ڕووفاتی ئەنفالكراوەكان .بەڵام ئەوەی لە نزیكەوە ئاگای لە بارودۆخە كە بێت دەزانێت ئەو بیانو پاساوانە بێ بنەمانەن، ئەگەر بارودۆخی ئەمنی و نەبونی لیژنەی پسپۆڕو دەكرێتە پاساو، ئەی بۆچی سەرەڕای ئەو ئاستەنگانە ڕووفاتی بارزانییەكان هێنرانەوە كە پێنج ساڵ پێش ئەنفالكراوەكان بێ سەروشوێن كران و دۆزینەوەیان زۆر زاحمەت تر بوو لە ئەنفالكراوەكان و لە دورترین ناوچەش زیندە بە چاڵ كرابون كە دەكەوێتە نێوان سعودیەو عێراق وكوێت.

ئەمە لە كاتێكدا بە شێك لە ئەنفالكراوەكان لە ناوچەكانی باكورو ناوەڕاستی عێراق زیندە بە چاڵكراون كە دۆزینەوەو هێنانەوەیان كارێكی زۆر ئەستەم نەبوو، بەڵام چونكە دۆزی ئەنفال و ئەنفالكراوەكان كەسی خەمخۆرو دڵسۆزی نیەو كەس خۆی بە خاوەنی مەسەلەكە نازانێت بۆیە بەو شێوەیە مامەڵەی لە گەڵ دەكرێت.





## یەكێتی و كەسوكاری ئەنفالكراوەكان

ئەنفال پرۆسەیەكی سەربازی و سیاسی و ئابوری و دەرونی و كۆمەڵایەتی ڕژێمی بەعس بوو دەرحەق بە گەلی كورد لە باشوری كوردستان ئەنجامدرا.

سەرجەم پرۆسەكەش بە هەشت قۆناغ بو كە لە نێوان ٢٢ی شوباتی ١٩٨٨ تا ئەیلولی هەمان ساڵی خایاند سەر ئەنجام ئەم پرۆسەیە جگە لە زۆرترین زیانی ئابوری بوە هۆی بێسەرو شوێنكردنی دەیان هەزار مرۆڤی بێتاوان كە دواتر لە بیابانەكانی خوارو و ناوەڕاستی عێراق زیندە بە چاڵكران.

هەموو ئەو كەسانەی لەم تاوانەدا بونە قوربانی لە پێناوی كوردبونیان و پشتیوانی كردنی لە خەباتی گەلەكەمان بوو بۆ ئازادی و ڕزگاری بۆیە دەبێت مامەڵەكردنی هەر كەس و ڕێكخراوێكو حیزبێك لە گەڵ ئەنفال و كەسوكاری ئەنفال مامەڵەیەكی نەتەوەییانە بێت و دوربێت لە هەر ئایدۆلۆژیایەك .

چونكە ئەگەر خوێندنەوەمان بۆ ئەنفال بەم لۆژیكە نەبێت ئەوە بەر لە هەمو شتێك زیان بە ئەنفالو دۆزەكەی دەگەیەنین و لە و نێوەندەشدا كەسوكاری ئەنفالكراوەكان دەبنە زەرەرمەندی یەكەم و ئەو بارە نا

لەبارەی ئەنفال بۆی دروست كردن هێندەی دیكە زیاتر دەبێت و
خەم و ئازارەكانیان بە سوێتر دەبێت.

هەروەك چۆن لە رابردودا بە جۆرێك لە جۆرەكان ئەنفال و مەسەلەی
حیزبایەتی تێكەڵی یەكترکراون و لە روانگەی بەرژەوەندییەكانی
حیزبەوە كار لە سەر ئەم دۆزە نەتەوەییە كراو دەر ئەنجامەكەشی
بەو شێوەیە بوو كە بینیمان كە چۆن ئەنفال بەرەو كاڵبونەوەو لە
بیرچونەوە چو.

ئەگەر هەوڵی خەمخۆرانەو دڵسۆزانەو ئەخلاقیانەو خۆبەخشانەی
چەند نوسەرو رۆژنامەنوسێكی كەم نەبوایە كە ژمارەیان لە
پەنجەكانی دەست كەمتر بو.ئەوا بە دڵنیاییەوە نەوەیە دروست دەبو
كە نەیدەزانی ئەنفال چییە.

ئەوەی لێرەدا مەبەستی سەرەكی منەو دەمەوێت تیشكی بخەمە
سەر كەم تەرخەمی حكومەتەكەی یەكێتیە لە چەند ساڵی رابردودا لە
بەرانبەر كەسوكاری ئەنفال.

ئەمە لە كاتێكدا هەرگیز نەدەبو حكومەتێك كە یەكێتی لێی
بەرپرسیار بێت بەم شێوەیە مامەڵەی بكردایە .

چونكە خراپی بارودۆخی ژیانی كەسوكاری ئەنفال و
خزمەتنەكردنی بەرچاوی ناوچە نیشتەجێبوكانی كەسوكاری ئەنفال
كە زیاتر مەبەستم گەرمیانە تا چەند مانگێك بەر لە ئێستا ئیدارەی
یەكێتی بەر پرسیاری یەكەم بوو.

هەروەها ئەگەر بگەرێینەوە بۆ مێژوی ئەنفال لە كۆی هەشت قۆناغی
پرۆسەی ئەنفال حەوتیان لەو ناوچانە ئەنجامدران كە یەكێتی تیایدا





باڵا دەست بو یاخود حیزبی حاكم بوو واتە دانیشتوانی ئەم ناوچانە
زیاتر لە هەر لایەنێكی سیاسی تر خزمەتی یەكێتیان كردووە یاخود
بە گوزارشتێكی دیكە یەكێتی زۆر لە حیزبەكانی تر ئەركی خستۆتە
سەر خەڵكی ئەم ناوچانە.

ئەمە جگە لەو ئاوێتە بونە سەیرەی جەماوەرو یەكێتی لە سنوری
ئەم حەوت قۆناغەی ئەنفالدا دۆڵی "جافایەتی ،ئەنفالی یەك –
ناوچەی قەرەداغ ئەنفالی دوو، ناوچەكانی گەرمیان– ئەنفالی سێ،
دۆڵی زێی بجوك ئەنفالی چوار. ناوچەی رواندوزو شەقلاوە ئەنفالی
پێنجو شەش و حەوت ". لە دوای راپەرینیش بەشێكی زۆری
ناوچە زیانلێكەتوەكانی ئەنفال و كەسوكاری ئەنفالەكان كەوتنە ئەو
ناوچانەی كە بە بەشی یەكێتی ناودەبران بە تایبەتی ناوچەی
گەرمیان كە لە دوای ساڵی ١٩٩٦ەوە یەكێتی تەنها حیزبی حاكم بوە
لە ئیدارەكردنی ناوچەكەدا.

كەواتە خزمەتكردنی ئەم ناوچەیە بە پلەی یەك لە ئەستۆی یەكێتی
و حكومەتەكەی بوە كە دەبوایە ئەو شوێنانەی زۆرترین
دانیشتوانەكەی كەسوكاری ئەنفالن ئیدارەكەی یەكێتی زۆرترین
بایەخ و گرنگی پێبدایە بۆ نمونە هەر دوو ناحیەی شۆڕش و رزگاری
كە سەرجەم دانیشتوانەكەی زیان لێكەوتوی كارەساتی ئەنفالن.

بە هەر نرخێك بوایە نەدەبوو ئیدارەكەی یەكێتی بەو شێوەیە
پشتگوی بخات و كەمترین پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ بكات چونكە
خەڵكانی كەسوكاری ئەنفال رۆژانێك زۆرترین هیوایان بە یەكێتی

هەبو خۆیان بە قەرزار باری یەكێتی دەزانی چاوەڕوانی زۆرترین پاداشتی مادی و ماعنەویان دەكرد.

لە هەڵبژاردنەكەی ساڵی ١٩٩٢دا دەنگەكانی یەكێتی لەم دوو ئۆردوگا زۆرەملێیەدا بە جۆرێك بوو حیزبەكانی دیكەی سەرسام كرد.

بەڵام بێوەفایی یەكێتی لە بەرانبەر ئەم خەڵكە مایەی رامانو قسە لەسەركردنە ئایا نەدەبوو ئیدارەكەی یەكێتی پێش شارە گەورەكان پاركی بۆ ئەم دوو شوێنە دروست بكردایە ؟. ئایا منداڵەكانی ئەم دوو شوێنە تاوانیان چیبو بێبەش كران لە خۆشیەكانی قۆناغەكەیان؟. ئایا نەدەبو ئیدارەی یەكێتی هەمان ئیمتیازی شەهیدی بدایە بە كەسوكاری ئەنفال؟. ئایا ئیدارەی یەكێتی نەیدەتوانی چەند هەزار خانویەك بۆ ئەم چەند هەزارە خێزانەی ئەنفالكراوەكان كە لە هەر دوو ناحیەی شۆڕش و رزگارین لە نزمترین ئاستی ژیاندان ؟. ئایا ئیدارەكەی یەكێتی نەیدەتوانی گەورەترین و بێوێنەترین مۆنۆمێنتی بۆ قوربانیانی ئەنفال دروست بكردایە ؟. بەمەش گەرمیانی مەڵبەندی ئەنفال و قوربانیدان و سیمبوڵی چەوساندنەوە بێبەش نەدەكرا لە مۆنۆمێنتی ئەنفال و لەم مافەی بێبەش نەدەكرا و لە هەولێر دروست نەدەكرا كە ئەمەش دەرئەنجام و بەرهەمی كەم تەرخەمی و خەمساردی ئیدارەكەی یەكێتی بو لە بەرانبەر ئەم ئەركە ئەخلاقی و مێژوییەدا ؟.





ئایا حكومەتەكە یەكێتی نەیدەتوانی لە چەند ساڵی رابردودا ئەنفال بخاتە ناو پرۆگرامەكانی سەرجەم قۆناغەكانی خوێندنەوە. هەروەك چۆن لەم رۆژانەدا بریاری لە سەر درا. ئایا حكومەتەكەی یەكێتی نەیدەتوانی لە چەند ساڵی رابردودا دەیان كۆنفراسی زانستی و نێودەوڵەتی بۆ لێكۆڵینەوە لە رەهەندە جیاوازەكانی ئەنفال ساز بكات؟. ئایا حكومەتەكەی یەكێتی نەیدەتوانی هەوڵی جدی بدات بۆ هێنانەوەی رووفاتی ئەنفالكراوەكان بدات تاوەكو كۆتایی بە ئازارە دەرونیەكانی ئەنفال بهاتایە ؟.

ئایا حكومەتە كەی یەكێتی نەیدەتوانی لە رێگەی رێكخراوە نێودەوڵەتیەكانەوە دەوڵەتی میسر ناچار بكات تاوەكو چارەنوسی ئەو كچە ئەنفالكراوانەی ئاشكرا بكردایە كە بەعس لە ئەنفالدا بەو دەوڵەتەی فرۆشتوە؟.

ئایا حكومەتەكەی یەكێتی نەیدەتوانی لە بری وەزیری پێشوی مافی مرۆڤ و ئاوارەو ئەنفال كەسێكی دابنایە لە و پۆستەدا كە هەڵقوڵاوی ناوخەم و ئازارەكانی ناو كەسوكاری ئەنفال بوایە؟. هەمو ئەم راستیانەی سەرەوە وایكردووە كە ئەمرۆ لە ناو كەسوكاری ئەنفالكراوەكاندا یەكێتی پێگە جەماوەرییەكەی بەردەوام روو لە داكشانە ئەمەش باجی ئەو هەڵە مامەڵەكردنەیەتی لە بەرانبەر كەسوكاری ئەنفالكراوەكان لە رابردودا.

## ئەنفال و پلەی شەهیدبوون لاي حیزب

زاراوەی شەهید هەرچەندە لە دینەوە وەرگیراوە بەڵام حیزبە نەتەوەییەكانیش لە زۆریٚ لە دەوڵەتانی جیهاندا بەكاریدەهێنن و دەبێتە پێناسی ئەو كەسانەی كە لە پێناوی ئازادیو ڕزگاری وڵاتەكەیاندا خۆیان دەكەنە قوربانی.

شەهید كەسێكە كە ئامادە نەبووە لە پێناوی هیچ پاداشتێكدا دەست لە خۆشەویستی خاك و نیشتمانەكەی هەڵبگرێت، تەنانەت شەهید بوون شەرەفێكە یان مەدالیایەكە كەم كەس ئامادەی ببیٚ بەهەڵگری چونكە خۆ بەخت كردنە لە پێناوی ئازادی و جوانیەكانی ژیانی كەسانی پاش خۆت.

بەڵام بەداخەوە دوای ڕاپەڕینەوە بەهۆی ململانیٚ نادروستەكانەوە زۆر كەس خرایە ڕیزی پیرۆزترین مرۆڤەكانی ئەم گەلەوە كە شەهیدانن.

كەس و كارە ئەنفالكراوەكانی ئێمە كە بە پاكترین و ڕاستگۆیانەترین شێوە بوون بە قوربانی نەكران بە شەهیدو حیزب ئامادە نەبوو ئەو مەدالیایە بەو كەسانە بدرێت. زۆرجار حیزبی كوردی بە بیانووی





دیارینەكردنی چارەنووسیانەوە خۆی لەم ئەركە ئەخلاقی و مێژووییە دزیوەتەوە .

هەمیشە هەوڵیانداوە ئێمە لە دوو دڵیدا بهێڵنەوە بەمەش درێژەیان بەو چاوەڕوانیەدا كە پازدە ساڵ بوو ئێمەی ئازار دەدا هەموو خۆشیەكانی ژیانی لێسەندین.

نازانم بۆچی ئێمەیان فریوودا چونكە بەرپرسێكی سیاسی دەڵێت لە گفتوگۆكانی ساڵی ١٩٩١ كە لە نێوان بەرەی كوردستانی و ڕژێمی عێراقدا ، تاوانبار عەلی حەسەن مەجید بە ڕاشكاوانە پێیوتین كە ئەنفالكراوەكان نەماون، ئەمە جگە لە دەست بەسەرادا گرتنی ملیۆنان بەڵگەنامە لە دامو دەزگاكانی ڕژێمی بەعسدا كە ئەم ڕاستیانەی دەسەلماند.

بۆیە دەبوو لە دوای ڕاپەڕینەوە بە فەرمی چارەنووسی قوربانیانی ئەنفالیان دیاری بكردایە.

هەمان گرنگی كەسوكاری شەهیدانیشیان بە ئێمە بدایە.

بەڵام من دەپرسم باوك و براو كەسەكانی ئێمە لە ئەنفالدا زیندە بەچاڵكران هەمان ڕۆڵەی ئەم خاكە نەبوون ؟. ئایا كوردو كوردستانی نەبوون؟. ئایا بەدەستی دڕندەترین دوژمن لە ناونەبران؟. ئایا لە پێناوی پشتیوانی كردنی شۆڕش و پێشمەرگەدا نەبوونە قوربانی ؟.

ئەمانەو دەیان پرسیاری تر وەڵامەكانی تەنها لای حیزبی كوردییە .

بۆیە بەبێهیچ داواكارییەك كۆتایی بە بابەتەكەم دەهێنم، چونكە ئەوانە تا ئێستاش ئامادە نین ڕووبەرێك زەوی تەرخان بكەن بۆ كۆتایهێنان بە بیٚ نازی ڕووفاتی ئەنفالكراوەكان لە بیاباندا.

## ئەنفال، زانكۆی سلێمانی

له سیٰ ساڵی ڕابردوداو خوێندنم له زانكۆی سلێمانی زۆر ڕاستیم بۆ ڕوون بوەتەوە كه دڵنیام ئەگەر خوێندكاری زانكۆ نەبومایه هەرگیز درکم پیٰ نەدەكرد، یەكیٰ لەو شتانەی كه مایەی سەرنجو تێبینیو پرسیارم بوە، بایەخ نەدانی ئەم زانكۆیە بووە بەكارەساتێكی گەورەی وەك ئەنفال.

لەكاتێكدا دەبوایە لە چەند ساڵی ڕابردودا دەیان لێكۆڵینەوەی ماستەرو دكتۆرای پێشكەش بە كتێبخانەی كوردی بكردایە.

بەڵام بەداخەوە نەبوو بە خاوەنی تەنها یەك بەرهەمی زانستی هەروەها دەبوایە ساڵانە چەندین كۆنفرانسی زانستی سازبكرایەو بەخوێندنەوەیەكی نویٰو زانستیانە كاریان بۆ شیكردنەوەو خستنەڕووی ڕەهەندە جیاوازەكانی ئەنفال بكردایەو بەرنامەو پلانی هەبوایە بۆ بەجیهان ناساندنی دۆزی ئەنفالو بەزیندوو هێشتنەوەی.

بەڵام وەكو ئەوەی زانكۆیەك بێت لە ئەفریقیا یان لە ئەمریكای لاتین نەك زانكۆیەك بێت لەكوردستان هیچ كام لەو كارانەی نەكردووە كه





دەبوو بكردایە، كە ئەمەش جێگەی نیگەرانیە كە مەڵبەندێكی ڕۆشنبیریو زانستی وەك زانكۆی سلێمانی كەمتەرخەم بێت لەبەرامبەر مەرگەساتی ئەنفالدا.

چونكە زانكۆكانی دەوڵەتانی جیهان ڕۆڵی بەرچاو دیاریان هەیە لە پێشكەشكردنی پرۆژەی زانستیو یاسایی لەسەر كارەساتە نەتەوەییەكان.

لەكۆتاییدا هیوادارم سەرۆكایەتی زانكۆی سلێمانی دان بە كەمتەرخەمی خۆیدا بنێت لەم بوارەدا لەداهاتوودا كاری زانستیو جدی گرنگ بكەن لەسەر هەموو كارەساتە نەتەوەییەكان لەوانە ئەنفال.

---

* سایتی كوردستان پۆست ساڵی ٢٠٠٧

## پرۆژەكانی چەمچەماڵ- شۆڕش، به لێنەكانی لێپرسراوان

چەند ڕۆژێك دوای حەڤدەهەمین ساڵرۆژی كارەساتی كیمیاوی بارانكردنی هەڵەبجە خوێندكارە هەڵەبجەییەكانی هاوڕێم باسی ئەوەیان بۆ كردم كە بۆ ساڵی داهاتوی ئەو كارەساتە هەموو دەچنە دەروازەی شارەكەو ڕێگە بەهیچ بەرپرس و میوانێك نادەین بێتە هەڵەبجە بۆ یادكردنەوەی مەرگەساتی هەڵەبجە.

ئەوەبو ڕۆژی (١٦ –٣) هات و ئەوەی پێشتر بیریان لێكردبوە پێی هەستان و ئەنجامەكەشی بە جۆرێك كەوتەوە كە نەك بەرپرسان چاوەڕێیان ئەوەیان نەدەكرد، بەڵكو ئەوانەشی كە ڕێكخەرو ڕێبەری ئەو ناڕەزاییە دەربڕینە بون ئەو ئەنجامەیان بەبیردا نەهاتبو.

ئەمە ڕێگەی خۆشكرد تاوەكو كەسوكاری ئەنفالكراوەكانیش كار بۆ ئەوە بكەن كە ئەمانیش بە هەمان شێوەی خەڵكی هەڵەبجە یادی كارەساتی ئەنفال بەكاربهێنن بۆ دەربڕینی ناڕەزایی لە بەرامبەر بایەخنەدان بە تاوانی ئەنفال و ئاوڕنەدانەوەی پێویست لە





كەسوكاری قوربانیانی ئەنفال و پشتگوێخستنی ناوچەكەیان لە لایەن حكومەتی هەرێمەوە.

بۆ ئەم مەبەستەش خوێندكارانی زانكۆی سلێمانی خەڵكی چەمچەماڵ و شۆڕش باسی ئەوەیان دەكرد كە چی دیكە بێدەنگ نابن بەو شێوە ڕەمزییە تەقلیدییەی ساڵان یادی ئەنفال بكرێتەوە كە نە خزمەت بە مەسەلەی ئەنفال و نە ئێمەی كەسوكار ئەنفال دەكات.

بەڵام ئەمجارە بەرپرسانی حیزبی و حكومی كەوتنە خۆو دەنگۆی ناڕەزایی خەڵكیان بەهەند وەرگرتو بە هەموو شێوەیەك كەوتنە هێوركردنەوەی خەڵكەكە تا لەو ڕۆژەدا ئەو ناڕەزاییە جەماوەرییەی چاوەڕێ دەكرا دروست نەبێت.

لەم پێناوەدا ڕێگەی جۆراوجۆر گیرایە بەر هەر لە هەڕەشەو ترساندن و دواتر یادنەكردنەوەی كارەساتەكەو بردنی خوێندكارانی چەمچەماڵ و شۆڕش لە ڕۆژی (١٤–٤) بۆ گەشت و سەیران كە ئەمە گەورەترین ئازاردانی دەرونی كەسوكاری ئەنفالەكان بوو.

لە هەمان ڕۆژدا نزیكەی سێ هەزار خوێندكاری زانكۆی سلێمانی لە لایەن یەكێتی قوتابیانەوە بران بۆ سەر مەزاری نەمران بێ لە بەر چاو گرتنی ڕۆژی ٤,١٤ كە ساڵیادی كارەساتی ئەنفالە. یەكێكی دیكە لەو ڕێگەیانەی بەكارهێنرا بۆ ڕێگەگرتن لە خەڵكی كۆبونەوەی بەرپرسان بو لەگەڵ خەڵكی ناوچەكە بۆ گوێگرتن و گفتوگۆكردنی داواو پێشنیازەكانی دانیشتوانی ئەو شوێنانە.

دەرئەنجامەكەی بە دەیان بەڵێنی لێپرسراوان كۆتایی هات.

یەكێك لەو بەرپرسە دیارانەی چەند ڕۆژێك بەر لەوەی ساڵڕۆژی جینۆسایدی ئەنفال بێت لەگەڵ ژمارەیەك گەنج و خوێندكاردا كۆبوونەوەی سازدابو، كاك كۆسرەت بو كە بەڵێنی جێبەجێكردنی داواكانیانی دابوو. یەكێك لەو پرۆژانەی كە داواكرابو پەلە بكرێت لە تەواوكردنی پردی یەكتربڕی نێوان چەمچەماڵ-شۆڕش بوو.

چونكە بە لای خەڵكی ناوچەكەوە ئەم پرۆژەیە بە ستراتیژیو گرنگ دادەنرێت، لەبەرئەوەی بە تەواوبونی ئەم پردە خەڵكی لەو ڕووداوە دڵتەزێنانە ڕزگاری دەبێت كە ساڵانێكە بە هۆی هێڵی خێرای نێوان "سلێمانی-كەركوك" هوە لەو شوێنەدا ڕوودەدات.

بەڵام بە داخەوە وا نزیكەی ساڵێك تێپەڕ دەبێت بەسەر بەڵێنی تەواوكردنی ئەو پرۆژەیەدا، كەچی تائێستا وەكو خۆیەتیو ئەوەش ئەوپەڕی توڕەییو بێزاری لای خەڵكی دروست كردووەو بوە بە زەحمەتێكی زۆر بۆ هاتوچۆی ڕۆژانەی هاولاتیانو دیمەنێكی زۆر ناشرینو ناخۆشی دروستكردووە.

تەنانەت خەڵكی چەندین ناوناتۆرەیان بەسەردا بڕیوەو بوە بە ناسنامەی ئەو پردە كە گوزارشتە لە خەمساردیو كەمتەرخەمی لایەنە پەیوەندیدارەكانو لە سەرو هەموویانەوە حكومەت.

لە كۆتایدا ئەوەی گرنگەو بە پێویستی دەزانم ئاماژەی بۆبكەم ئەوەیە كە حەقوایە بەرپرسانو بە تایبەت كاك كۆسرەت لە دوای نووسینی ئەم وتارە لە ڕێگەی لایەنە پەیوەندیدارەكانەوە كاری جدی بكات بۆ زانین یاخود لابردنی ئەو ئاستەنگو بەربەستو ڕێگریو





بیانوانەی بونەتە هۆی وەستاندن و تەواونەبونی ئەم پرۆژەیەو لێپرسینەوەو لێ پێچینەوەی یاسایی لە جێبەجێكارانی.

چونكە خەڵكی كارەساتباری ئەم ناوچەیە شایستەی هەموو خزمەتگوزاریەكانو پێویستە لە پلانی نوێی حكومەتدا ناوچە هاوشێوەكانی شۆڕشو چەمچەماڵ لە ڕیزی هەرە پێشەوەدابن لە پێشكەشكردنی خزمەتگوزارید.

هەروەك چۆن دەبوایە لە ڕابردودا بەم شێوەیە كاربكرایە چونكە لە هەمو دونیادا بەم لۆژیكە كاردەكرێت كاتێك ناوچەیەكی ولات لە قۆناغی خەباتو شۆڕشدا توشی ماڵوێرانیو كارەساتی زۆرتر دەبێت بەلام لەدوای ڕزگاریو ئازادی ولات ئەو شوێنانە دەبنە جێگەی بایەخپێدانی زیاتری ئەو دەسەلاتو حكومەتە.

* ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە (٢٢٣) ٣١ی ئاداری ٢٠٠٧

## سوكایەتیكردن بە كەسوكاری ئەنفال
## للەڕەخنەیەك لە وەزارەتی ناوخۆی حكومەتی هەرێملله

ئەگەر ئەنفال لە لایەن دەوڵەتی عێراقەوە دژ بە نەتەوەكەمان ئەنجامدرابێت و بەمەش ئازارێك و نەهامەتیەكی زۆری بۆ كەسوكار ئەنفال دروستكردبێت. ئەوا دەسەڵاتی كوردی لە نۆزدە ساڵی رابردودا نەك هاوكار نەبوە لە كەمكردنەوەی ئەو ئازارە.

بەڵكو زۆر جار بە شێوەو جۆری جیاواز خەمو ئازارەكانی ئەم كۆستەی گەورە تر كردووە.

"هەر چەندە كەسانێكی كەم هەبوە لە دەسەڵاتی كوردی هەوڵیانداوە بەشێك لە ئازارەكانی ئەنفال كەمبكەنەوە ئەگەر چی ئەو كەسانە لە پەنجەكانی یەك دەست كەمترن".

ئەوەی لێرەدا دەمەوێت قسەی لە سەر بكەم سوكایەتیەكی گەورەی چەند پۆلیسێكی وەزارەتی ناوخۆی حكومەتی هەرێمە لە ناوچەی گەرمیان كە بە پیاوێكی بە ساڵاچوی كەسوكار ئەنفالی دەكەن ، كە بە لێكدانەوەی خۆیان پێی ڕادەبێرن و زۆر بێشەرمانەو نا بەرپرسیارانە سوكایەتی پێدەكەن و بێگوێدانە هیچ بەهایەك گاڵتە بە هەست و نەستی ئەو پیاوە دەكەن. رۆژانە ئەم گرتەیە كە لە ڕێگەی مۆبایلەوە





دەستاو دەست دەكات ئازاری دەرونی سەدان كەسوكاری ئەنفالی پێدەدرێت.

ئەم گرتەیە رووداوێكە لە گوندی تەپەسپی ناوچەی گەرمیان ڕوویداوە كە پێدەچێت بنكەیەكی پۆلیس لەو شوێنەدا هەبێت. وەك لە گرتەكەا دەردەكەوێت پیاوێكی ریشسپی كە وەك خۆی دەڵێت لە بنەماڵەكەیدا تەنها خۆی لە كارەساتی ئەنفال رزگاری بوەو سەرجەم ئەندامانی خێزانەكەی كە نۆ كەسە لە شاڵاوەكانی ئەنفالدا بێسەرو شوێنكراون.

ئەو پرسیارو قسانەی ئەو چەند پۆلیسە بەو پیرەمێردەی كەسوكار ئەنفالكراو وجەرگ سوتاوەی دەڵێن هەڵوێستێكی زۆر نامرۆڤانەیە كە بەو شێوەیە سوكایەتی بە كەسوكارێكی ئەنفالكراو دەكەن.

هەر چەند ماوەیەك دەبو ئەم ڕووداوەیان بۆ گێرابومەوەو لە ناخەوە ئازاری دابوم بەڵام چونكە بە چاوی خۆم ئەو ڕووداوە قێزەونەی ئەو كارمەندانەی سەر بە وەزارەتی ناوخۆم نەبینیبو نەمتوانی بڕوای تەواو بە خۆم بكەم كە خەڵكانێك كارمەندی وەزارتێك بن بەو شێوەیە مامەڵەیان لە گەڵ كەسوكاری ئەنفالكراوێك كردبێت.

بەڵام كاتێك گرتەی مۆبایلەكەم بینی ئینجا هەستم كرد كە ئەمە چی تاوانێكی گەورەیە لە بەرانبەر ئەو كەسوكار ئەنفالكراوەی گەرمیان و سەرجەم كەسوكاری ئەنفالكراوەكان.

بەمە ئەو تاوانانەی نوگرەسەلمانم بیركەوتەوە كە كەسوكارەكانمان بۆیان دەگێڕاینەوە كە چۆن پاسەوانو بەرپرسەكانی ئەو زیندانیە لە ساڵی ١٩٨٨ سوكایەتیان بە ئەنفالكراوەكان كردووە.

لە كۆتایدا دەمەوێت بڵێم لە دوای ئەم بێڕێزی وسوكایەتیەی ئەو پۆلیسانە بە هاوڵاتیەك كە زۆرترین قوربانی داوە لە پێناوی بە دیهێنانی ئەم رۆژەدا .

دەبو خودی وەزیری ناوخۆو جێگرەكەی و بەڕێوەبەری پۆلیسی گەرمیان جگە لە گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی توند لە بەرانبەر ئەو پۆلیسانە، دەستیان لە كار بكێشایەتەوەو داوای لێبوردنیان لە كەسوكاری ئەنفالكراوەكان بكردایە.

هەروەها نەدەبو وەزارەتی ناوخۆ كەسانێكی ئاوا نا بەرپرسیار بكەنە پۆلیس وەك لە گرتەكەدا دەردەكەوێت ئەو پۆلیسەی كە سوكایەتی بەو كەسوكار ئەنفالكراوە دەكات خوێندەواری نیە.

ئەم وەزارەتە چۆن ڕێگە بە خۆی دەدات كەسی هێندە ناهۆشیار بكات بە پۆلیس تەنانەت ئەگەر پۆلیسی دارستانیش بێت .

چونكە مامەڵە كردن لە گەڵ مرۆڤ و ژینگەش كەسانێكی گەرەكە كە ئاستی رۆشنبیریان وەكو كەسانی ئاسایی نەبن و هەڵگری بروانامەی خوێندن بن یان لایەنی كەم چەند قۆناغێكی خوێندنیان تەواوكردبێت .

* رۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە (٦١٠) یەك شەممە ١٤-٣-٢٠١٠





## كەسوكاری ئەنفالكراوەكان ئاوی خواردنەوەیان نیە!

ماوەیەك لە مەوبەر لە یەكێك لە گۆڤارە كوردییەكاندا بابەتێكی رۆژنامەوانیم خوێندەوە كە لە سەر لوبنان ئامادە كرابوو، لە بەشێك لەو ڕیپۆرتاژەدا باسی ئەو هاوكاریو قەرەبوكردنەوەیە كرابو كە حیزبوڵڵای لوبنان لە دوای شەڕی تەموزی نێوان ئیسرایل و ئەو حیزبە لە باشوری لوبنان پێشكەشی هاوڵاتیە زیانلێكەوتوەكانی خۆی كردووە.

كە بە بڕی دەیان هەزار دۆلار پێویستی ئەو خێزانانەی دابین كردووە،بە ڕاستی لام سەیربوو چۆن ئەو حیزبە لە ماوەی كەمتر لە دوو ساڵدا بەو شێوەیە پاداشتی مادی هاوڵاتیانی خۆی كردووە و ڕێزی لێناون،لە كاتێكدا ئەو حیزبە بەشێكە لە حكومەت نەك هەموو حكومەت بێت "وەك ئەمانەی لای خۆمان كە هەموو حكومەت خۆیانن" .

بەڵام بە پێچەوانەی ئەو هەوڵای حیزبوڵا لەم رۆژانەدا لە كەناڵی كوردسات هەواڵێكم بینی كە چۆن كەسوكاری ئەنفالكراوەكانی ناحیەی شۆڕش و بە تایبەتی گەڕەكی پیریادییەكان كە تا ئەم ساتەش ئاوی خواردنەوەیان نیە هەر چەندە حەوت ساڵ تۆڕی ئاویان بۆ دانراوە بەڵام كەموكوڕی لە پرۆژەكەدا وایكردووە ئاوی

خواردنەوەیان بۆ دابین نەكراوە، دوای بیست ساڵ لە ئەنفال و حەڤدە ساڵ لە حكومڕانی كورد لە بری هەموو خزمەتكردن و پاداشتكردنێك كەچی قوربانیترین توێژی ئەم كۆمەڵگەیە ئاوی خواردنەوەی بۆ دابیننەكراوە.

توخوا هەواڵێكی لەم جۆرە كاتێك گوێبیست دەبین بەرپرسان چی بە خۆیان دەڵێن؟. ئەریٚ چۆن بەرێوەبەری ناحیەو قائیمقام و پاریزگارو چەندین وەزارەت لە بەرانبەر كەمتەرخەمیەكی لەم جۆرەدا شەرم نایانگرێو دەست بەرداری پۆستەكانیان نابن؟. ئایا هۆی چیە كەم تەرخەمی لەم جۆرە بەرانبەر كەسوكاری ئەنفالكراوەكان دەكرێت؟ . هەر لە بەر ئەوەی بە هەموو خراپیەكی ئەم حكومەتە ڕازین؟. چونكە قوربانی زۆریان داوە بۆ ئەم ڕۆژە؟ . هەر لە بەر ئەوەی زۆربەی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان كەسانی نەخوێندەوارو داماون و كەسێك نیە گویٚ لە خەمەكانیان بگرێت؟ . یاخود ناتوانن لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە هاوار بۆ ژیانیان بكەن؟. ئایا ئەگەر پەیامنێری كەناڵی كوردستات خۆی خەڵكی ناوچەكە نەبوایە بە هەواڵێكیش بە فەرامۆشكراوی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان دەزانرا؟. ئایا بەرپرسان دەزانن كەسوكاری ئەنفالكراوەكان خاوەن كێشەو گرفت گەلێكی زۆرن بەڵام ڕێگەیەك یان كەناڵێك نیە لێوەی بتوانن گوزارشتی لێبكەن؟. ئایا بەرپرسان ناترسن لەوەی ئەم هەموو نادادپەروەری وپشتگوێخراوییەی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان لە دواجاردا لە شێوە تورەبونێكدا دەتەقێتەوە كە هیچ كەسێك نە چاوەڕوانی دەكات نە بەری پیٚ دەگیرێت؟ .





ڕۆژانە حكومەت و حیزب گوێیان پڕكردوین لەوەی پرۆژەی ئاوی ئیفرازی پایتەخت تەواو بووەو هێڵی دووەمی ئاوی دووكان _سلێمانی تەواوبوە تا چەند ساڵی تر سلێمانی كێشەی كەم ئاوی نابێت .بەڵام حكومەت بێباكە لەوەی بە دوری شەست كیلۆ مەتر لە سلێمانیەوە دەیان هەزار مرۆڤ بێبەشن لە ئاوی خواردنەوە، ئایا حكومەت دەزانێت بە هۆی ئاوی بیرەوە لە بیست ساڵی ڕابردودا كەسوكاری ئەنفالكراوەكان توشی چەندین جۆر نەخۆشی هاتن؟. ئایا حكومەت دەزانێت هەموو ئەو كچانەی لە دوای ئەنفال پێگەیشتن بە هۆی زۆر ئاو كێشانەوە چەند دەردەسەرییان توش بوو ؟. من بۆ خۆم شەرم دەكەم كە ئێستا ئەم وتارەم تەرخانكردووە بۆ نەبونی پێویستیەك كە دەبوو هەفتەیەك دوای ڕاپەڕین بۆ كەسوكاری ئەنفالكراوەكان پڕ بكرایەتەوە. چونكە هەموو خەڵك دەزانن بەعس بەو هەموودڕندەییەی خۆیەوە هەفتانە دەیان تانكەری تەرخاندەكرد بۆ دابەشكردنی ئاو بە سەركەسوكاری ئەنفالكراوەكاندا.

بەڵام تا ئەم چركە ساتەش ئۆردوگا زۆرە ملێكان كە دواتر بون بە ناحیە ژیان تیایدا لە زیندانیەكی گەورە دەچێت، بەر لە سیٚ ساڵ لە ڕۆژی ١٤-٣-٢٠٠٦ واتە دوو ڕۆژ بەر لە سوتاندنی مۆنۆمێنتی هەڵەبجە سەدان خوێندكاری زانكۆ لە هۆڵی شازاد سائیب لە ئەنجومەنی وەزیران لە گەڵ سەرۆكی حكومەتی ئەو كاتەی ئیدارەی سلێمانی كۆبوینەوە من بۆ خۆم بە دوورو درێژی باسی نەهامەتیەكانی ژیانی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان وپشتگوێخستنی ناوچەكە لە ڕووی پرۆژەی خزمەتگوزارەییەوە بۆ سەرۆكی حكومەت

ڕوونكـردەوە كـە بـە داتـاو ئامـاریش ژمـارەی پـارك وباخـچەكانی سلێمانی و بودجەكانیانم خستە ڕوو.

بەڵام دیارە دوای سێ ساڵ نەك ئەو داواكاریانەی ئێمە كاری لە سەر نـەكراوە ، بـەڵكو تـا هەنوكـە دەیـان هـەزار مرۆڤـی ناحیـەی شـۆڕش بێبەشن لە ئاوی خواردنەوە.

بۆیـە لـە كۆتایـدا دەپرسـم كـەی كەسـوكاری ئـەنفالكراوەكان لـە نوگرەسەلمانی حكومەتی هەرێم ڕزگاریان دەبێت؟.

* ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە (٣٢٠) ١٤ی ئاداری ٢٠٠٩





## ئەو بەیاننامە و پێشنیازانەی كە نوسیومن

**چی بۆ ئەنفال وقوربانیەكانی بكرێت**

ئـەنفال تـاوانێكی گـەورەی ڕژێمـی بـەعس بـوو دژ بـە خـەڵكی كوردسـتان، بە بەرنامەیـەكی لـە پێشوەخت نەخشە بۆ كێشراو بە دڕاندانە ترین شێوەو بە هەشت قۆنـاغی یـەك لـە دوای یـەك بەشـێكی زۆری خـاكی كوردسـتانی كـرد بـە سـوتماك و دانیـشتوانەكەی ڕاگواسـت بـۆ ئۆردوگـا زۆرە ملێكـان و زیـاتر لـە ١٨٢هـەزار مرۆڤـی بێتـاوانی لـە بیابانـەكانی باشـورو ناوەڕاسـتی عێراقـدا زینـدە بەچاڵكرد.

هـەر چـەندە بیـست سـاڵ پـێش ئێـستا ئـەم تاوانـە گەورەیـە ئەنجامـدراوە، بـەڵام كەسـوكاری قوربانیـانی ئـەنفال تـا ئـەمڕۆ بـە دەسـت شـوێنەوارو كاریگەرییـە خراپـەكانی ئـەو مەرگـە سـاتەوە دەناڵێنن و بە جۆرێك هـەموو ڕۆژێك لە ژیانیاندا ئەنفال بە شێوەو جۆری تر دووبارە دەبێتەوە.

چونکە زۆر دژوارە بۆ خەڵکانێك بەشێك لە ئەندامانی خێزانەکەی زیندە چاڵکرابێت لە گەڵ ئەوەشدا ڕاگوازرابێت بۆ ئۆردوگای زۆرەملێ، کە بە هەموو واتایەك کوشتنی لە سەر خۆی ئەو کەسانەیە کە لەو کارەساتە ڕزگاریان بوە.

بەڵام ڕاستیەك هەیە پێویستە هەموان بیزانین ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر لە دوای ڕاپەڕینەوە دەسەڵاتی کوردی پلان و بەرنامەیەکی هەبوایە بۆ ئاوڕدانەوە لە ژیانی ئەم خەڵکانە. ئەوە بە دڵنیاییەوە دەتوانرا بەشێك لە خەم و کۆست وئازارەکانیان کەم بکرایەتەوە. بە تایبەتی ناوچەکانی کەرکوك و گەرمیان کە بە مەڵبەندی قوربانیانی ئەنفال دادەنرێت و تا هەنوکەش ئازارەکانی ئەنفال بە ڕووخساری قوربانیەکانی ئەنفالەوە دیارە.

هەر بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە چەند پێشنیازێك بخەمە ڕوو تاوەکو بتوانرێت سودی لێوەربگیردرێت هەم بۆ زیندوهێشتنەوەی ئەنفال و هەم بۆ باشکردنی ژیان وگوزەرانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان.

بە هیوای بە هەند وەرگرتنیان کە ئەمانەن:

یەکەم: بۆ ئەوەی ئەنفال لە بیری نەوەی ئێستاو ئایندەمان نەچێتەوە پێویستە پلانو بەرنامەیەکی سیاسی و زانستیو نەتەوەیی دابڕێژین و لە سەر گشت ئاستەکان کاری بۆ بکەین. بە رای من ئەم چەند خاڵەی خوارەوە لە گرنگترینیانە:

١- لە ڕێگەی پێشبڕکێیەکی هونەرییەوە هێماو سیمبولێکی شایستە بە ئەنفال دەست نیشان بکرێت ئەم هێمایەش لە زۆربەی





شوێنە گشتیەکانی شارو شاروچکەکانی کوردستان دابنرێت و هێماکەش گوزارشت لە گەورەیی کارەساتەکە بکات.

٢- ئەنفال بخرێتە ناو پرۆگرامی سەرجەم قۆناغەکانی خوێندنەوە ، چونکە تا ئێستا تەنها بە شەش دێڕ باس لە ئەنفالکراوە لە پەرتوکی پۆلی شەشەمی ئامادەیدا.

٣- ساڵانە لە هەر سێ ڕۆژی ١٣-١٤-١٥-٤- جگە لە یادی ئەنفال ڕێگە بە هیچ کۆڕو کۆنفراسێکی تر نەدرێت کە تایبەت نەبێت بە ئەنفال ، چونکە ئەوە سەرنجی خەڵکی لە گەورەیی ئەنفالەوە ڕادەکێشێت بۆ شتی تر .

٤- ساڵانەو لە ساڵڕۆژی ئەنفالدا لە سەرجەم شارو شاروچکەکانی کوردستان چالاکی جۆراو جۆر ئەنجامبدرێت و بکرێت بە کلتورو تەنها ناوچەکانی گەرمیان نەبن بە شوێنی ئەو چالاکیانە.

٥- ساڵانە حکومەت کۆڕو کۆنفراسی زانستی لە سەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بۆ ئەنفال ساز بکات.

٦- دروستکردنی مۆنۆمێنتی گەورەی ئەنفال لە ناوچەکانی کەرکوك و گەرمیان.

٧- داوا لە حکومەتی عێراق بکرێت کە بە فەرمی داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکات، چونکە ئەم حکومەتە میراتگری حکومەتی پێشوە.

٨- دروستکردنی پەیمانگایەك یاخود سەنتەرێکی زانستی بۆ توێژینەوە لە سەر ئەنفال.

دووەم: حکومەت دەتوانێت لە رێگەی چەند پرۆژەیەکەوە خزمەت بە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بکات .وەك

*- ساڵانە لە بودجەی دەوڵەت بودجەیەکی دیاریکراو جیاواز لە ناوچەکانی تر بۆ ناوچە زۆر زیان لێکەوتوەکانی ئەنفال دابین بکرێت.بەمەش دەتوانرێت ئەم پرۆژانە ئەنجام بدرێت:

١- دروست کردنی پارك و باخچەو شاری یاری کە تا ئێستا ئەو ناوچـانەی کـە دانیـشتوانەکەی زۆرینـەی لـە کەسـوکاری ئەنفالکراوەکانن لێی بێبەشن.لە کاتێکدا پرۆژەی لەم جۆرە بۆ ئەو خەڵکانە گرنگی خۆی هەیە چونکە بەشی زۆریان باری دەرونیان جێگیرنیەو بەم پرۆژانە دەتوانرێت تا رادەیەك ئاسودەیی بە لایەنی دەرونیان ببەخشرێت.

٢- دروست کردنی نەخۆشخانەی دەرونی کە زۆر بە داخەوە ئەڵێم ئەگەر حکومەت کەمترین دڵسۆزی بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوەکان هەبوایە ئەوا پرۆژەی لەم جۆرەی ساڵانێك بوو ئەنجامدابو چونکە هیچ ناوچەیەکی تری کوردستان ئەوەندەی ئەم شوێنانە ئەو نەخۆشخانانەی پێویست نیە.

٣- رەخساندنی هەلی کارکردن کە تا ئێستا بێکاری رێژەیەکی بەرزی هەیە لە ناو کەسوکاری ئەنفالکراوەکاندا ،حکومەت دەتوانێت چەند کارگەیەکی جۆراو جۆر لەم ناوچانە دابمەزرێنێت و قازانجەکەی بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بێت و کارمەند و کرێکارەکانشی هە ر لە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بێت. یاخود هانی کەرتی تایبەت بدرێت





تاوەکو چەند پرۆژەیەکی وە بەرهێنان بهێننە شوێنیکی وەکو ناحیەی شۆرش کە زۆرترین دانیشتوانەکەی کەسوکاری ئەنفالە.

٤- حکومەت دەتوانێت ئامێری کشتوکاڵی بۆ هەر خێزانێکی کەسوکار ئەنفالکراو دابین بکات کە دەیان ئەوێت بگەرێنەوە بۆ شوێنی بەر لە ئەنفالیان.

٥- دروست کردنی سەنتەری رۆشنبیری کە بە داخەوە تا ئێستا کەسوکاری ئەنفالکراوەکان لێی بێبەشن.

٦- پێدانی مانگانەیەکی گونجاو بە و کورو کچە ئەنفال کراوانەی کە لە زانکۆو پەیمانگاکان دەخوێنن.

٧- دروست کردنی خانوو بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوەکان کە بە پێی ئامارەکان وارسی قوربانیانی ئەنفال هێندە زۆر نیە کە نەتوانرێت ئەم کارە بکرێت.

٨- پێدانی موچەیەك بە وارسی ئەنفالکراوەکان کە لە گەڵ بارو دۆخی ئەمرۆدا بگونجێت.

٩- ناردنە دەرەوەی کەسوکاری ئەو ئەنفالکراوانەی کە چارەسەریان لە دەرەوەیە و نەخۆشی گەورەیان هەیە.

١٠- دروستکردنی خەڵوەتگەی پیری چونکە ژمارەیەکی زۆر لە دایك و باوکی ئەنفالکراوەکان هەیە کە تا ئێستا زۆر بە نەهامەتی دەژین وهیچ بە خێوکەرێکیان نیە.

١١- دروست کردنی چاودێری کۆمەڵایەتی وخانەی نەوجوانان تاوەکو ئەو منداڵانەی کە دایك و باوکیان لە دەست ئەدەن لەو شوێنانە سەرپەرشتی بکرێن.

## دروشمەكانی یادی بیست ساڵەی كارەساتی ئەنفال

یەكەم: باشكردنی ژیان و گوزەرانی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان ئەركی هەنوكەیی حكومەتی هەرێم وعێراقە.

دووەم: خراپی ژیان و گوزەرانی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان،بەردەوامی كارەساتی ئەنفالە.

سێیەم: داوا دەكەین لە یادی بیست ساڵەی كارەساتی ئەنفالدا حكومەتی عێراق بە فەرمی داوای لێبوردن لە گەلی كورد بكات.

چوارەم: داوا دەكەین هەموو ئەنفالچیەك سزای یاسایی بدرێت.

پێنجەم: بێدەنگی جیهان لە بەرامبەر كارەساتی ئەنفال ، شەرمەزارییەكی گەورەیە بە نێو تەوێڵی مرۆڤایەتیەوە.

شەشەم:زیندە چاڵكردنی ١٨٢ هەزار مرۆڤی كوردو ڕووخاندنی ٤٠٠٠ مزگەوت لە ئەنفالدا، لوتكەی دڕندەیی بەعس بوو دەرحەق بە كوردو ئاینەكەی.

حەوتەم:هەوڵدان بۆ لە بیرنەكردنی كارەساتی ئەنفال ئەركی ئەخلاقی و نەتەوەیی هەموو كوردێكی دڵسۆزە.

هەشتەم:لە ئەنفالدا دەوڵەتانی جیهان بەرژەوەندیان لە گەڵ بەعس خستە پێش هەموو بەها ئاینی و ئەخلاقی و مرۆڤایەتیەكانەوە.

نۆیەم: ئەنفال لوتكەی دڕندەیی بەعس بوو دژ بە گەلی كورد





دەیەم: داوا دەكەین حكومەتی هەرێم و عێراق بودجەیەكی تایبەت تەرخان بكەن بۆ ناوچە زیان لێكەوتوەكانی ئەنفال.

* ڕۆژنامەی ڕێگای كوردستان

## ڕاپۆرتێك دەربارەی ڕووپێـوكردنی خێزانـە ئـەنفالكراوكیمیابارانكراوەكانی كوردسـتان بـە شـێوەیەكی گـشتی وسـنوری كـەركوك چەمچەماڵ بە تایبەتی.

دیارە یـەكێك لـەو كـەموكوڕیو نەنگیانـەی لـە چەندسالی ڕابـردودا هـەمانبوە نـەبوونی داتـاو زانیـاری بوە لـە سـەر قوربانیـەكانمان بـە تایبەتی قوربانیانی ئەنفال .
چونكە ئەنفال لە ناوچەیەكی بەرفراواندا ئەنجامدراو ڕژێمـی بـەعس بە هەشت قۆناغی یەك لە دوای یەك و لە ٢٢ی شوباتی ساڵی ١٩٨٨ تا ئەیلولی هەمان ساڵ زۆربەی هەرە زۆری ناوچە گوند نشینەكانی لە زاخۆ تا خانەقین لە گەڵ زەویدا تەخت كرد.
ئەم فراوانیەی تـاوانی ئـەنفال وایكـرد زۆرتـرین ژمـارەی كـوردی تێدا ببێ بە قوربانی ، بەڵام زۆر بـە داخـەوە ئێمـەی كـورد لـە چـەند ساڵی ڕابـردودا هـەرگیز بـە قـەد گـەورەیی تاوانەكـە مامەڵـەمان لـە تەكیـدا نـەكردووەو لــە پـێش هەمویــەوە نـەبوونی سـەرژمێرییەكی وردو زانـستی وسەرتاسـەری بـووە لــە سـەر قوربانیــەكانی و زیـان لێكەوتوانی.





هەرچەندە دەتوانرا سەرەڕای ئەم ئاستەنگە گەورەیەش خزمـەتی زۆر زیاتر لە ئێستا بە كەسوكاری ئەنفالكراوەكان بكرایە . بەڵام ئـەوەی جێگــەی دەستخۆشــی لێكردنــە وەزارەتــی كاروبــاری شــەهێدان وئـەنفالكراوەكان دوای تەمـەنێكی كـورت لـە دروسـت بـونی كەوتـە هــەوڵی ڕووپێــوكردنی خێزانــە ئــەنفالكراوەكان و قوربــانی كارەساتەكانی دیكە لە سەرتاسەری كوردستاندا.
كـە سـەرەڕای كەموكوڕییـەكانی سـەروەرییەكی گـەورەی بۆخـۆی تۆماركردو بەم كارەی ئەركی سەر شانی نەوەكانی ئایندەی سوك و ئاسانكرد بۆ كاركردن لەم بوارەدا.
لێرەوە دەمـەوێت بڕۆمـە سـەر مەبەستەكەم لـە بەرئـەوەی بەنـدە لـە نزیكـەوە ئاگـاداری پرۆسـەكە بومـە وەك نوێنـەی ڕێكخـراوی ژیـان كـارمكردووە بـۆ ئامادەكارییـەكانی پرۆژەكـە لـە سـنورەكەدا و لـە ماوەی ئەنجامدانی پرۆسەكەدا كە بەرپرسی ئۆفیسی قەرەهەنجیربوم بـۆ ناوچـەكانی "شـوان- پـردێ- سـەرگەڕان- دووبـز- حەویجـە- ڕەشـاد- ڕیـاز- زاب - تـازە- داقـوق- لـەیلان - قەرەهـەنجیر- نـاو شاری كەركوك ودەووروبەری".
چەند سەرنج وتێبینیەكم لە لا دروست بوەو بە پێویستمزانی لە بەر گرنگــی و هەســتاری پرۆســەكە بیانخەمــە ڕوو تــاوەكو لایــەنی پەیوەندیـداریش ئاگـادارین و ئـەخلاق و ویـژدانی خـۆمیش ئاسـودە بكەم.

**کۆی سەرنجەکانم لە سەر پرۆسەکە :**

یەکەم: دەبوایە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان بە هیچ شێوەیەك پەلەی لە پرۆژەکە نەکردایەو بودجەو کاتێکی زۆرتری بۆ تەرخانبکردایە بۆ ڕاهێنانی ڕوو پێوکارەکان لە هەموو ڕوویەوە :

ا- دەبوایە لە بارەی هەر چوار جۆرە کارەساتەکەوە "فەیلیەکان – بارزانییەکان –کیمیاییباران و ئەنفال "وە چەندین محازەرە بۆ ڕوو پێوکارەکان بوترایەتەوە تاوەکو ئەو ڕوو پێوکارانە هەر هیچ نەبوایە مەعریفەیەکی کەمیان لە بارەی ئەو تاوانانەوە هەبوایە کە ئەمان ڕووپێوی قوربانیەکانی دەکەن. بەمەش گەورەیی کارەساتەکانیان بۆ دەردەکەوت و زیاتر هەستی بەرپرسیاری نەتەوەیی ومێژوویان لە ناخەدا دروست دەبو لە بەرامبەر پرۆسەیەکی گرنکی نەتەوەیی وسیاسی وکۆمەلأیەتی و دەرونی لەم شێوەیە.

ب- دەبوایە دوو هەفتە تا مانگێك فۆرمەکە بۆ ڕووپێوکارەکان شیبکرایەتەوە و لە لایەن کەسانی شارەزاو پسپۆڕەوە ئەم کارە بکرایە .

دووەم: وەزارەتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوەکان دەبوایە بە بەرنامەو پلان، لە پێش دەستپێکردنی پرۆژەکەوە پرۆسەیەکی گەورەی ڕاگەیاندنی بۆ پرۆژەکە بکردایە و ژمارەیەك زۆر دروشمی ئامادە بکردایە تایبەت بە پرۆژەکە و کە نالەکانی ڕاگەیاندنیش





بەردەوام کاریان لە سەر بکردایە ئەمە جگە لە چەندین بڕگەی درامی بۆ سەر کەوتنی پرۆژەکە"بەر لە دەست پێکردنی پرۆسەکە ئەم پێشنیارەم لە ڕیگەی بەرپرسی سنورەوە ئاراستەی ستافی بالأی پرۆژەکە کرد لە گەلْ چەندین دروشم تایبەت بە هاندانی خەلْکی و گرنگی پرۆژەکە". ئەمەش ئەم سودانەی دەبوو:

ا- خەلْکی بە شێوەیەکی گشی و کەسوکاری قوربانیەکان بە تایبەتی هۆشیارییەکی باشیان لە سەر پرۆژەکە پەیدا دەکرد.

ب- هاندەرێکی باش دەبوو تاوەکو کەسوکاری قوربانیەکان بە پیری پرۆژەکەوە بچن وپێشوازی لێبکەن.

ج- کاریگەری بێزاری و گلەیی کەسوکاری قوربانیەکانی کەمدەکردەوە لە سەر پرۆسەکە چونکە کەسوکاری قوربانیەکان بە تایبەتی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان لە بەر ئەوەی لە سالأنی ڕابردودا بە پێی پێویست خزمەت نەکراون بە دلْنیاییەوە زۆر بە باشی هاوکاری حکومەت نابن لە کارێکی لەم جۆرەدا.

د- ڕووپێوکارەکان ڕوژانە توشی چەندین گرفت دەبوون لە گەلْ کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بۆ نمونە چەند شەهیدێکی خێزانێك زیاد لە وارسێکیان هەبوو. بەلأم چونکە لە مەهامی پرۆژەکە تێنەگەیشتبوون ئامادە نەبوون ناوی سەرجەم قوربانیەکانیان لە یەك فۆرمدا تۆمار بکرێت بەمەش دەبو بە ناچاری لە چەند فۆرمێکدا قوربانیەکانیان تۆماربکریت. ئەمە جگە لە چەندین جۆری تر لەو کێشانەی بەردەوام دەهاتە بەردەم ڕووپێوکارەکان.

و- وەزارەتی كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەكانەوە دەیتوانی بڕواو متمانە لە لای كەسوكاری ئەو ئەنفالانە دروست بكات كە كراون بە شەهید و موچەی شەهیدانە وەردەگرن كە ئەگەر لەم پرۆسەیەدا بەشداری بكەن و ناوی شەهیدەكانیان تۆمار بكرێت هیچ مەترسیەكی بۆ سەر موچەكەیان نابێت ،چونكە دڵنیام سەدان خێزانی لەم جۆرە نەیانتوانی قوربانیەكانیان تۆماربكەن.هەروەها وەزارەت لە ڕۆژی ٩-٩-٢٠٠٧دا نوسراوی فەرمی بۆ هێناوین كە سەرژمێریكردنی شەهیدانی ئەنفالكراو هیچ كاریگەرییەكی خراپی نابێت بۆ سەر موچەكەی بەڵام ئەمە لە كاتێكدا بوو ٪٩٠پرۆسەكە تەواو ئەنجامدرابوو.

سێیەم: كاتێك پرۆژەكە بە پراكتیكی دەستی پێكرد،ئەوكاتە دەركەوت كە لە چۆنێتی داڕشتنی فۆرمەكەدا چەندین كەم وكوڕی هەیە، بۆ نموونە ئەگەر پیاوێك كە هاوسەرەكەی ئەنفالكرابوو ئەگەر لە دوای ئەنفال چەند ژنێكی دیكەشی هێنابێت ئەوا لە فۆرمەكەدا تەنها دەتوانرا ناوی یەك هاوسەری تۆمار بكرێت .چەندینی تر كە لێرەدا دەرفەتی باسكردنیم نیە.

چوارەم: ماوەی مانگێك بۆ سەرژمێرییەكی لەم جۆرە بە هیچ شێوەیەك بە پێی پێویست نیە، هەرچەندە لەوانەیە بۆ هەندێك ناوچە ماوەی مانگێك زۆر بێت بەڵام بە ڕای من دەبوایە ناوچەكانی كەركوك-گەرمیان ماوەیەكی زیاتری بۆ دابنرایە.چونكە ئێمە لە سییەمین ڕۆژدا كە دوا ڕۆژی پرۆسەكە بوو چەندین فۆرم لە سنورەكەماندا پڕ كراوەتەوە ئەمەش ئەوەدەسەلمێنێت كە پرۆسەكە لەم ناوچەیەدا بە كۆتا نەهاتبو.





## سەرنج و تێبینیەكانم لە سەر پرۆژەكە لە سنوری كەركوك – چەمچەماڵ

یەكەم: نەدەبوو بەرپرسی سنور كەسێك بێت كە جگە لە لێپرسراوێتی پرۆژەكە لێپرسراوێتیەكی تری هەبێت.چونكە ئەمە وایكرد بەرپرسی سنور ڕۆژانە تەنها نیوكاتژمێر لە ئۆفیسی پرۆژەكە بێت.

هەروەها ئەگەر بەرپرسی سنور كەسێك بوایە خۆی بە تەواوی بۆ ئەم كارە تەرخانبكردایە ئەوا بە دڵنیاییەوە پرۆژەكە سەر كەوتوتر دەبوو ئەمە جگە لەوەی دەتوانرا چاودێری و بە دواداچون بۆ تیمەكان بكرێت.

چونكە بە درێژایی ماوەی ئەنجامدانی پرۆژەكە بۆ تەنها یەك جاریش بە دواداچون بۆ شوێنی كاری تیمەكان نەكرا بە بڕوای من لەوانەیە كەسانێك هەبووبن كەمتەرخەمیان لە ئەركەكەیان كردبێت كاتێك بۆیان دەركەوتوە كە بە دواداچون بۆ كارەكانیان ناكرێت لە مەیدانی كاركردندا.

دووەم: دەبوایە كەسانی بێلایەن بكرانایە بە بەرپرسی سنور چونكە كەسانی سەر بە حیزبی دەسەڵاتدار، بووە هۆی ئەوەی چەندین ڕەخنە لە چۆنێتی بەڕێوەچونی پرۆژەكە بگیرێت لە ناوچەكەداو بوو بە بابەتی چەندین ڕۆژنامە .

سێیەم: دانانی چەندین فەرمانبەر لە لایەن بەرپرسی سنورەوە لە ناوپرۆژەکەدا بە بیٚ ئەوەی مۆڵەتیان بۆ بکات لە دەزگاکەی خۆی کە بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤە . چونکە ئەو فەرمانبەرانە تەنها یەك تاق واتە بەیانیان یان ئێواران بەشداریان لە پرۆسەکە دەکرد یان ڕۆژ نە ڕۆژێك ئەمەش جۆرێك لە ئیفلیج بونی توشی پرۆسەکە کرد بۆ نموونە

ا- کاریگەرییەکی نیگەتیڤی هەبوو لە سەر لایەنی مەعنەوی سەرجەم ڕووپێوکارە دڵسۆزەکان چونکە کاتێك دەبینێت ڕووپێوکارێك کە هەمان ئیمتیازی ئەوی هەیەو وەکو ئەو دەوام ناکات بوە هۆی ئەوەی بە هەمان ڕوحێتی سەرەتا ئەرکەکەی ڕانەپەڕێنێت.

ب- بە پێی گرێبەستەکە مۆڵەتپێدان لە حاڵەتی زۆر پێوستدا دەدرێت و ئەویش موچەی ڕۆژانەی دەبڕدرێت و نەهاتنی هەر ڕۆژێك بە دوو ڕۆژو دوای ووبارە بونەوەی نەهاتنی ئەو کەسە دووردەخرێتەوە لە پرۆژەکە بەڵام بە هۆی جێبەجێنەکردنی بەندوخاڵەکانی گرێبەستەکە بە سەر فەرمانبەرەکانی "مافی مرۆڤدا "کە بەرپرسی سنورەکە " فەرمان عوسمان"بەڕیوەبەرێتی ئەمە وایکرد ڕوو پێوکارەکان هەر زوو بڕوایان بە جێبەجێکردنی گرێبەستە لاواز بوو.

ج- ئەم کارەی بەرپرسی سنوور توڕەییەکی زۆری لای زۆربەی ڕوپێوکارەکان دروست کرد، چونکە بەشی زۆریان کەسوکاری ئەنفال بون و پێیان ناخۆش بوو لە پرۆژەیەکی لەم جۆرەدا کە پەیوەندی





تەواوی بە ئەوانەوە هەیە ئەو نا یەکسانی و نادادپەروەریانە دەکرێت و کاریگەری خراپی دەبێت بۆ سە ر پرۆژەکە.

د- هەڵەی بەردەوامی ئەو فەرمانبەرانە لە پڕکردنەوەی فۆرمەکاندا وایکردبوو توڕەیی و بێزاری لای سەرۆك تیمەکان دروست بێت چونکە کەسانێکی زۆر بێتوانا بوون بۆ بەجێهێنانی کارێکی لەم جۆرە کە بە هەر بیانوو پاساو هۆکارێك بێت نە دەبوو بەرپرسی سنور لە بەر پیرۆزی پرۆسەکە کارێکی لەم جۆرەبکات.

و- بوونی ئەم فەرمانبەرانە لە ناو پرۆسەکەدا وایکرد نەتوانرێت ڕێوشوێنی یاسایی و پێویست لە بەرامبەر کەسانێکدا بیگیردرێتەبەر کە لێهاتو نەبوون و بە باشی ڕوپیوکردنەکەیان ئەنجام نەئەدا. بۆیە بە ناچاری چاوپۆشیان لێکراو ت اکۆتایی پرۆسەکە لە ناوپرۆژەکەدا هێڵرانەوە کە تەنانەت تا ڕۆژانی کۆتایی هەڵەی زۆر دیارو ئاشکرایان هەبوو.

چوارەم : لە دابینکردنی کۆمپیوتەرەکاندا نەدەبوو هانا بۆ دەزگایەکی حیزبی ببرێت و نەبونی کۆمپیوتەر بکرێتە پاساو بۆ ئەم کارە چونکە ئەمە لە چەندین ڕۆژنامەدا وەکو خاڵێکی لاوازی پرۆژەکە باسی لێوەکرا بەڵکو دەبوایە وەزارەتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوەکان لە ڕیگەی وەزارەتی پەروەردەوە ئەمەی چارەسەر بکردایە چونکە چەندین خوێندنگەی چەمچەماڵ کۆمپیوتەری هەیە و دەکرا سودیان لێوەربگیرایە.

پێنجەم: سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراو زانیاری ئەوەی پێداین کە لە تۆمارکردنی فۆرمەکاندا لە کۆمپیوتەر چەندین جۆری گەندەڵی

ڕوویداوە .بۆ نمونە بۆ ئەوەی زوو فۆرمەكان پڕبكرێتەوە كەسی وا هەبوە لە وازی لە نوسینی زەروزیانەكان هێناوە یاخود ئەگەر لە فۆرمێكدا ناوی نزیكەی بیست ئەنفالكراو یان كەسوكاری ئەنفالكراو نوسرابێت ئەوا تەنها ناوی چەند كەسێكیان تۆماركراوە.

پێنجەم: بەرپرسی سنور بە هیچ شێوەیەك نوێنەری ڕێكخراوی ژیانی لەوە ئاگادار نەكردۆتەوە كە كەموكوڕی كۆمپیوتەر هەیە لە شاری چەمچەماڵ و بۆ چارەسەركردنی دەبێت هانا ببەین بۆ دەزگایەكی حیزبی . بەڵكو دوای پانزە ڕۆژ لە ئەنجامدانی پرۆسەكە زانراوە بەرپرسی سنور ئەمەی كردووە،چونكە ئەگەر بەرپرسی سنور ئاگاداریبكردایەنەتەوە لەوەی كە كۆمپیوتەری ئەهلی لە چەمچەماڵ دەست ناكەوێت ئەوا بە ئاسانی دەمانتوانی لە كەركوك چارەسەری بكەین .چونكە بە دەیان سەنتەری كۆمپیوتەر لەم شارەدا هەیە ولە سنوری دەسەلاتی لیژنەی ڕووپێوكردنی خێزانە ئەنفالكراو كیمیابارانكراوەكانی كەركوك – چەمچەماڵدا بوو.

شەشەم: جیاوازی كردن لەو پارەیەدا كە دەدرێت بە ئەو كەسانەی لە سەر كۆمپیوتەرەكە بوون" داتا ئینترییەكان" ئەمەش لادانی ئاشكرایە لە ڕێنماییەكانی وەزارەت چونكە سەرجەم كارمەندان لەم پرۆژەیەدا لە سەرتاسەری كوردستان بڕی ٦٤٠ هەزار دینار وەردەگرن.

حەوتەم: كاتێك ڕۆژنامەی چەمچەماڵ هەندێك گەندەڵی پرۆژەكەی ئاشكراكردو بڵاوی كردەوە بەرپرسی سنور بەڵێنی ئەوەیدا كە سكالا لە دژی ئەو ڕۆژنامەیە تۆمار دەكات وتی ئەمە شەڕی





كوتلەكانی ناو یەكێتییە لە بەرامبەرمان دەكرێت. بەلام دوایی دەركەوت كە ئەوە هەر قسەبوە، هیچ ڕێوشوێنێك لە دژی ئەو ڕۆژنامەیە نەگیرایە بەر كەواتە ١٠٠ ٪ی ئەو قسانەی ڕۆژانەمەكە ڕاست بوون.

حەوتەم: سەردانی نەكردنی لایەنی پەیوەندیدار بۆ سنورەكەمان و لە نزیكەوە ئاشنا بون بە كێشەو كەموڕی وگەندەڵیەكان چونكە تاكۆتایی تەواوبونی پرۆژەكە تەنها یەك جار بەڕێوەبەری پرۆژەكە بەڕێز "نادر ڕۆستی"سەردانی كردین ئەوەیش لە كاتێكدا لە ٩٥ ٪ی پرۆسە كۆتایی هاتبوو.

ئەوەی لە كۆتایدا بە پێویستی دەزانم ئاماژەی بۆ بكەم ئەوەیە كە سەرەڕای بوونی ئەم كەموكوڕیانە كە خۆزگە نەبوایە پرۆسەكە هێندە پرۆژەیەكی گرنگ و پیرۆزە كە تەنها ئەوانەی بە خەمی ئێستای و ئایندەی نەتەوەكەیانەوەن بزانن كاری لەم جۆرە چەند پێویست بوو.

بریا چەندین ساڵ بەر لە ئێستا ئەم ڕووپێوكردنە ئەنجام بدرایە، چونكە تا لە مێژوی كارەساتەكانمان دور بكەوینەوە كۆكردنەوەی داتاو زانیاری لە سەر قوربانی و زەرو زیانەكانی كارێكی قورسو گران دەبێت و هەروەك چۆن ئەگەر لە بری ئەوەی لە ٢٠٠٧دا ئەمە كرابێت ئەگەر لە نەوەدەكاندا بكرایە زۆر لە ئێستا سەركەوتوتردەبوو.

چونکە دوای نۆزدە ساڵ لە کارەساتێکی وەک ئەنفال چەندین ئاستەنگ و ڕێگری دێنە بەردەم کۆکردنەوەی زانیاری لە سەر قوربانیانی ئەنفال و کەسوکاری پلە یەکیان.

بەڵام چونکە ئەمە یەکەمین جارە لە ڕێگەی فۆرمێکەوە کە پێکهاتوە لە چواردە لاپەڕەو چەندین خشتەو ١٢٠ پرسیارو ٤٠٣ هەڵبژاردە دڵنیام وەزارەتی کاروباری شەهیدان و حکومەتی هەرێم دەتوانن لە ئایندەدا کاری باشی لە سەر بکەن و ئەو وەزارەتە دوای تەمەنێکی کەم لە دامەزراندنی گەورەترین سەروەری و شانازی بۆ خۆی تۆمارکردو گەورەترین ئەرکی مێژوویی خۆی بە جێهێنا. بوە یەکەمین وەزارەت کە زۆرترین داتاو زانیاری لە بەر دەستدا بێت لە بوارەکەی خۆیدا .

تێبینی :لە ڕۆژی ٢٠٠٧/٩/٩و لە کاتی سەردانی بەڕێوەبەری پرۆژەکە بۆ سنورەکەمان ئاگادارکراوەتەوە لە بەشی زۆری ئەم خاڵانەی لە سەرەوە تیشکیان خراوەتە سەر.

* لە پایزی ٢٠٠٧ درا بە بەرپرسی پرۆژەکە





## چەند پێشنیازێکی ڕاگەیاندن بۆ پرۆسەی ئامارکردنی قوربانیانی ئەنفال وکیمیاباران

ئاشکرایە پرۆسەی ئامارکردنی قوربانیانی ئەنفال و کیمیاباران ،پرۆسەیەکی سەرتاسەرییە ولە زاخۆ تا خانەقین دەگرێتەوە.بێگومان پرۆسەیەکی لەم جۆرە پێویستی بە ئامادەکردنێکی تەواو هەیە لە سەرجەم بوارەکاندا ،یەکێک لەو بوارانە ڕاگەیاندنە، چونکە بە هاوکاریکردنی ڕاگەیاندنەکان پرۆسەکە شێوەیەکی دیکە بە خۆوە دەگرێت و دڵنیام کاریگەری پۆزەتیڤی دەبێت بۆ سەر کەوتنی پرۆسەکە.

بۆیە بە باشمزانی ئەم پرۆژەیە ئامادەبکەم .

یەکەم: لە ڕۆژی پێش دەستپێکردنی پرۆسەکە وەزیری کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوەکان.یاخود بەرپرسی بەشی ئامارو توێژینەوە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی ناوخۆو دەرەوە سازبکات.

دووەم: لیژنەکان لە ناوچە جیاوازەکان هەمان کاربکەن بە تایبەتی بۆ کەناڵە ناوچەییەکانی سنوری دەسەڵاتی ئەو لیژنەیە.

سێیەم: لە بەر ئەوەی حكومەت خاوەنی كەناڵی سەربەخۆی خۆی نیە ئەوەی هەیە كەناڵی حیزبەكانە بۆیە داوا دەكەم لە وەزارەت كە بە فەرمی داوا لە حیزبەكان بكات كە كەناڵەكانی ڕاگەیاندن هاوكاری پرۆسە بكەن.
چوارەم: دەكرێت وەزارەت چەند بڕگەیەكی تەلەفزیۆنی ئامادە بكات و ڕۆژانە لە كەناڵە تەلەفزیۆنیەكانەوە دووبارە بكرێتەوە كە تیایدا لە ڕێگەی چەند ئەكتەرێكەوە باس لە گرنگی پرۆسەكە بكرێت.
پێنجەم:چەند دروشمێك بنوسرێت و لە كەناڵەكانی ڕاگەیاندنەوە بە درێژایی ماوەی پرۆسەكە دوبارە بكرێتەوە.ئەمە جگە لەوەی ئەو دروشمانە بە شێوەی پۆستەر لەو ناوچانەی پرۆسەكەی تێدا ئەنجام دەدرێت لە شوێنە گشتییەكان دابنرێت.

لە خوارەوە چەند دروشمێك دەخەمە ڕوو بەو هیوایەی سودی لێوەربگیرێت كە ئەمانەن:

١- هاوڵاتی بەڕێز هاوكاریكردنت لە گەڵ تیمەكانی پرۆسەی ئاماركردنی قوربانیانی ئەنفال و كیمیایباران نیشانەی دڵسۆزیتە بۆ نەتەوەكەت.
٢- هاوڵاتی بەڕێز هاوكاری كردنت لەگەڵ تیمەكانی ئاماركردن وەفای تۆیە بۆ قوربانیانی ئەنفال و كیمیایباران.
٣- هاوڵاتی بەڕێز ئامارنەكردنی كەسە ئەنفالكراوەكەت بە هەر هۆیەك بێت زیان گەیاندنە بە پرۆسەی ئاماركردنەكە.





٤- هاوڵاتی بەڕێز كەسە ئەنفالكراوەكانت قوربانی نەتەوەیەكە بۆیە ئاماركردنی ئەركێكی پیرۆزە.
٥- هاوڵاتی بەڕێز زانیاری ڕاست ودروستی تۆ لە سەر قوربانی وزیانەكانت لە ئەنفالدا هۆكاری سەركەوتنی پرۆسەكەیە.
٦- ئاماركردنی قوربانیانی ئەنفال وكیمیایباران یارمەتی دەردەبێت لە بە جیهانی بوونی كارەساتەكانماندا.
٧- ئەنجامدانی پرۆسەی ئاماركردنی قوربانیانی ئەنفال هۆكارێكی كاریگەردەبێت بۆ قەرەبووكردنەوەی كەسوكارەكانیان.

---
دراوە بە بەرپرسانی پرۆژەكە

## وتاری كەسوكاری ئەنفالكراوەكانی كەركوك لە یادی ٢٤ ساڵەی تاوانی ئەنفالدا

ئـەنفال پرۆسـەی سـڕینەوەی نەتەوەیـەك بـو لـە سـەر خـاك و نیشتمانەكەی، گرنگیدانمان بە ئەنفال پێویستە بۆ جوانتركردنی ژیـانی زینـدوەكان بێـت، گرنگیـدانمان بـە ئـەنفال پێویـستە بـۆ دادگایكردنی ئەو بیرو ئایدۆلۆژیانە بێت كە مرۆڤایەتی بیٚ نرخ و بێبەها دەكەن.

گرنگیدانمان بە ئەنفال بۆ تێگەیشتنە لە پەیامەكانی بەعس لە ئەنفالدا، بەعس لە ئەنفالدا پێیوتین ئێوە یەك نەتەوەن، بەعس لە ئەنفال پێیوتین ئێوە شایستەی ژیانین لە سایەی عێراقی زۆرینە عەرەبدا، پێویستە یادەكانی ئەنفال لە قۆناغی گریان و پرسەوە بگوازینەوە بۆ قۆناغی هۆشیاری نەتەوەیمان، بۆ ئەخلاق و فیكرو مەعریفەمان. پێویستە ئەنفال دنیابینی ئێمە بۆ ژیان و سیاسەت و ئەخلاق بگۆڕێت.

پێویستە یادی ئەنفال گیانی لێبوردەیی و خۆشەویستیمان تیا بەهێزتر بكات .پێویست بو ئەنفال پرسیاری گەورەمان تیا دروست بكات، پێویست بو ئەنفال خەونی گەورەمان تیا بچێنێت، پێویست و ئەنفال شۆكی گەورەمان بۆ دروست بكات، دەبو ئەنفال هۆكارێك





بێت بۆ ئەوەی دنیایەكی نویٚ دروست بكەین. پێویست بو دنیای دوای ئەنفالمان لە دوای پێش ئەنفال نەچێت.

بۆ یە ئێمە وەكو كەسوكاری ئەنفالكراوەكان بە پێویستی دەزانین لەم ساڵیادەدا ئەم پێشنیازو راسپاردانەی خوارەوە بخەینە بەر دیدی لایەنە پەیوەندارەكان تاوەكو ببێتە كارنامەیان لە دۆزی ئەنفالد:

یەكەم: پێویستە ئەنفال وەكو كارەساتێكی نەتەوەیی مامەڵەی لە گەڵدا بكرێت و بچوك نەكرێتەوە بۆ كارەساتێكی ناوچەیی.

دووەم: داوا دەكەین ئەنفال لە قۆناغی تراژیدیاو پرسەو گریانەوە بگوازرێتەوە بۆ پرسێكی مرۆڤانەو بە جیهانی بكرێت و لێرەوەش ویژانی مرۆڤایەتی پێدادگایی بكەین كە چۆن ڕێگەیان بە خۆیاندا بێدەنگ بون لە ئاست ئەم بێرێزی كردنە بە نەتەوەكەمانو دواجاریش بە مرۆڤایەتی.

سێیەم:داوا ئەكەین نوێنەرانی كورد لە پەرلەمانی عێراق داوا بكەن بۆ ئەوەی حكومەتی عێراق بە فەرمی داوای لێبوردن لە گەلی كورد بكات ئەمەش لە روی سیاسی و یاساییەوە دواجاریش لە سەر باری دەرونی كەسوكاری قوربانیانی ئەنفال كاریگەری و سەنگی خۆی هەیە.

چوارەم:داوا دەكەین كە لە هەر سیٚ ڕۆژی ١٣ و ١٤و ١٥ی نیسانی هەمو ساڵێكدا ئاڵای ڕەش لە سەر بانی سەرجەم دامو دەزگاكانی سەر بە حكومەتی هەرێم هەڵبكرێت.

پێنجەم: داوا دەكەین نوێنەرانی كورد لە پەرلەمانی عێراق كار بكەن بۆ دەركردنی یاسایەك بۆ ئەوەی ئەنفال بخرێتە ناو پرۆگرامەكانی خوێندنەوە لە هەر دو وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی بالاَی عێراقدا.

شەشەم: داوا دەكەین فشار بخرێتە سەر حكومەتی عێراق بۆ دەستنیشانكردنی ئەو ئەفسەرانەی ناو سوپای عێراق كە بەشدارییان لە شالاَوەكانی ئەنفالیدا كردووە بۆ ئەوەی دادگایی بكرێن و سزا بدرێن و جاریكی دیكە ڕێگە نەدرێت هیچ پلەو پۆستێك وەربگرن.

حەوتەم: داوا لە پەرلەمانی كوردستان دەكەین یاسایەك دەربكات تاوەكو هیچ كەسو لایەنێك نە لە ئێستاو لە نە لە ئایندەدا مافی ئەوەی نەبێت بەناوی نەتەوەی كوردەوە داوای لێخۆشبون لە ئەنفالچیەكان بكات.

هەشتەم:داوا لە پەرلەمانی كوردستان دەكەین كە كار بكات بۆ دەركردنی یاسایەك بۆ بە سزا گەیاندنی هەر كەسو لایەنێك كە بێرێزی بە ئەنفالو قوربانی ئەو كارەساتە بكات.

نۆیەم: داوا لە حكومەتی هەرێمی كوردستان دەكەین كاری بە پەلەو خێرا بكات بۆ هێنانەوەی سەرجەم روفاتی ئەنفالكراوەكان تاوەكو چیدی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان لە ئازاری چاوەڕوانیو نەبونی گۆری خۆشەویستەكانیاندا ژیان نەگوزەرێنن

دەیەم: داوا دەكەین حكومەتی هەرێمی كوردستان لە هیچ نوسراوێكی فەرمی خۆیدا زاراوەی پاشماوەی ئەنفال بە كار نەهێنێت، بەڵكو لە بری ئەوە كەسوكاری ئەنفال یان قوربانیانی





ئەنفال یان هەر چەمكو زاراوەیەك كە شایستەی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان بێت بە كار بهێنێت.

دەیەم:لە ژێر هیچ پاساو بیانو هۆكارێكدا كەم تەرخەمی نەكرێت لە دادگایكردنی ئەو سەرۆك جاشو موستەشارانەی كە لە ئەنفالدا بەشداریانكردووە.

یانزەیەم: لە گوندی تۆپزاوەی شاری كەركوكدا شایستەترین مۆنۆمێنت و یادگاری بۆ زیندو راگرتنی تاوانی ئەنفال دروست بكرێت.

دوانزەیەم: گۆرانكاری بنەرەتی لە یادكردنەوەی ئەنفالدا بكرێت و ساڵانە بۆ ماوەی چەند هەفتەیەك لە ڕێگەی كۆرو كۆنفراسی زانستی و چەندین ڕێگەی جۆراو جۆر ئەم یادە بەرز رابگیردرێت.

سیانزەیەم:داوا دەكەین وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی بالاَی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە پرۆگرامەكانی خوێندندا بایەخی و گرنگی پێویست بە تاوانی ئەنفال بدەن.

چواردەهەم: داوا لە حكومەتی هەرێم دەكەین كە بریارێك دەربكات تاوەكو ساڵانە لە سەرجەم قوتابخانەو خوێندنگەو پەیمانگەو زانكۆكانی كوردستاندا بە فەرمی یادی ئەنفال بكرێتەوە.

پانزەیەم:داوا لە حكومەتی هەرێم دەكەین ساڵانە بودجەیەكی تایبەت تەرخان بكات بۆ ئەو بەرهەمانەی لە بوارە جۆر بە جۆرەكاندا لە سەر ئەنفال بەرهەم دەهێنرێن.

شانزەیەم: نەهێشتنی هیچ جیاوازییەك لە نێوان موچەو ئیمتیازاتی شەهیدانو ئەنفالكراوەكاندا

حەڤدەیەم:داوا لە وەزارەتی شەهیدانی حكومەتی هەرێم دەكەین جگە لە تاوانی ئەنفال هیچ تاوانێكی دیكەی رژێمی بەعس دژ بە نەتەوەكەمان بە ئەنفال ناو نەبات. چونكە ناونانی هەر تاوانێكی دیكە بە ئەنفالو ناو بردنی هەر قوربانیەكی دیكەی دەستی رژێمی بەعس بە ئەنفالكراو ئەوە لە روی سیاسیو یاسایی و مێژیی و زانستیەوە كاریگەری خراپی لە سەر دۆزی ئەنفال هەیەو شێواندنی چەمكی ئەنفال و تاوانی ئەنفالە.

هەژدەیەم: داوا دەكەین لە شوێنێكی گونجاوی شاری كەركوكدا شوێنی نیشتەجێبونی شایستە بۆ وارسی ئەنفالكراوەكان دابینكرێت.

نۆزدەیەم: داوا دەكەین حكومەتی هەرێم لە رێگەی حكومەتی عێراقەوە كار بكات بۆ ئەوەی رۆژی ١٤-٤- بكرێت بە رۆژی قەدەغەكردنی جینۆساید لە جیهاندا.

بیست. داوا لە حكومەتی هەرێمی كوردستانی دەكەین سەنتەرو ناوەندی توێژینەوەی زانستی دابمەزرێنێت بۆ لێكۆڵینەوەو كاركردن لە سەر رەهەندە جیاوازەكانی ئەنفال.

بیستو یەك . داوا لە وەزارەتی شەهیدانو كاروباری ئەنفالكراوەكان دەكەین ناوەندێكی وەرگێران دروست بكات بۆ وەرگێرانی ئەو بەرهەمانەی لە سەر ئەنفال نوسراون بۆ زمانە زیندوەكان لە سەر ئاستی جیهان.





بیستو دوو :داوا لە وەزارەتی شەهیدانو كاروباری ئەنفالكراوەكان دەكەین. هێماو سیمبولێك دابنێت كە گوزارشت بێت لە گەورەیی ئەنفال و ئەم هێمایەش لە دەروازەی هەمو شارو شاروچكەو شارە دێیەك دابنرێت تاوەكو بە هەمیشەیی ئەنفال لە یادگەماندا بمێنێتەوە.

بیستو سێ: داوا دەكەین لە بەرانبەر ئەنفالكردنی نەتەوەكەماندا جگە لە زاراوەی حیزبی بەعس دەستەواژەی دەوڵەتی عێراقیش بە كار بهێنرێت ئەمەش لە روی سیاسیو یاساییەوە بەرپرسیارێتی زیاتر دەخاتە ئەستۆی حكەمەتی نوێی عێراق چونكە دامەزراوە فەرمیەكانی دەوڵەتی عێراق هەستان بە ئەنجامدانی شاڵاوەكانی ئەنفال.

بیستوچوار: داوا دەكەین رۆژی ١٤-٤ بكرێت بە رۆژی ماتەم لە سەرتاسەری عێراقدا.

بیستوپێنج: داوا دەكەین حكومەتی هەرێم بودجەیەكی تایبەت تەرخان بكات بۆ ئەوەی ساڵانە ژمارەیەك كەسوكاری ئەنفال بنێدرێنە دەرەوە بە مەبەستی تەواوكردنی خوێندنی باڵا.

وتاری كەسوكاری ئەنفالكراوەكانی كەركوك

١٩ی نیسانی ٢٠١٢

"كەركوك. تۆپزاو

## بەیاننامەی رۆشنبیرانو رێكخراوەكانی شاری كەركوك دەربارەی دانانی كەسێك بۆ وەزیری شەهیدان و كاروباری ئەنفالكراوەكان.

پاش سڵاو رێز:

هەروەك دەزانرێت دوای ئەوەی دكتور مەجید وەزیری شەهیدانو كاروباری ئەنفالكراوەكان كرایە وەزیری تەندروستی لە حكومەتی عێراقی فیدراڵ.
ئێستا پۆستی وەزیری شەهیدانو كاروباری ئەنفالكراوەكان بە چۆڵی ماوەتەوەو ئێستا گفتوگۆ لە سەر ئەوە دەكرێت كە كێ دابنرێت لەو پۆستەدا.
بۆیە ئێمەش وەكو رێكخراوەكانی سنوری كەركوك تایبەت بە ئەنفال و ئەو چالاكوانو نوسەرو رۆشنبیرانەی كە لە بواری ئەنفالدا كار دەكەین.داوا دەكەین كەسێكی خەڵكی ناوچەی كەركوك و گەرمیان و لەوەش زیاتر كەسوكاری شەهیدو ئەنفال بێت بكرێتە وەزیری شەهیدان و كاروباری ئەنفالكراوەكان. ئەمەش مافێكی سروشتی ناوچەكەمانە.





چونكە لە روی قوربانیدانەوە ناوچەكەمان خاوەنی زۆرترین قوربانیەو هەروەها ئەزمونی رابردو پێیوتین كە ئەگەر كەسێك لەو پۆستەدا بنرێت و كەسوكاری ئەنفال و شەهید نەبێت .ئەوا لە نەهامەتیی و ئازارەكانی كەسوكاری شەهیدانو ئەنفالكراوەكان تێناگات چونكە لە ئیدارەی پێشوی سلێمانیدا ئەو ئەزمونەمان هەبو.
بۆیە داوا لە پەرلەمانتارانی سەرجەم لیستەكان دەكەین دەنگ نەدەن بە كەسێك كە ئەم مەرجانەی سەرەوەی تێدا نیە.

## بەیاننامەی ڕێكخراوی كارا دەربارەی گواستنەوەی ڕووفاتی ئەنفالكراوەكان بۆ شاری نەجەف

جەماوەری خەڵكی كوردستان

كەسوكاری ئەنفالكراوەكان

چەند ڕۆژێكە دەنگۆی ئەوە لە ئارادایە كە ڕووفاتی كەسوكارە ئەنفالكراوەكانمان كە لە گۆڕەكانی ناوچەی نەجەف دۆزرانەوەو ژمارەیان سەدان كەس دەبێت،بە ڕەزامەندی وەزارەتی كاروباری شەهیدان وئەنفالكراوەكان دەگوازرێنەوە بۆ شاری نەجەف ولەوێ بە خاك دەسپێدرێن.

بۆیە ئێمە وەكو ڕێكخراوی كارا بۆ داكۆكیكردن لە مافی قوربانیانی ئەنفال بە توندی دژی ئەم پیلانە دەوەستین و ڕامانوایە ئەمە ئەنفالكردنێكی تری ئێمەیە، بەلام ئەم جارە لە سەر دەستی حكومەت و سەرۆكایەتی هەرێم و وەزارەتی شەهیدان ،چونكە كەسوكاری ئەنفالكراوەكان سالانێكە چاوەڕوانی ئەوەن ڕووفاتی كەسە ئەنفالكراوەكانیان بهێنرێنەوە خاكی نیشتمان و شایستە ترین مۆنۆمێنت و مەزاریان بۆ دروست بكرێت و لە سەرتاسەری جیهانەوە خەڵكی سەردانی بكات و كەسوكاری ئەنفالكراوەكانیش لە





چاوەڕوانی و نەبونی گۆڕی خۆشەویستەكانیان ڕزگاربكرێن كە بیست ساڵ بوە بە ئازارێكی گەورە بۆیان.

بۆیە بە پێویستی دەزانین داوا لە سەرۆكایەتیەكانی حكومەت و هەرێم و پەرلەمان بكەین كە ڕوونكردنەوە لەم بارەیەوە بدەن و ڕازی نەبن بەم كارە كە دەبێتە یەكێك لە گەورەترین خیانەتی نەتەوەیی و نیشتیمانی، ئەمە جگە لەوەی ئێمەی كەسوكاری ئەنفالیش بە هیچ جۆرێك بێدەنگ نابین و ئامادەی هەموو جۆرە هەڵوێست وەرگرتنێكین و كاردانەوەكانیش لە ڕۆژانی ئایندەدا دەردەكەون.

ئایا هۆی چیە سەرۆكی هەرێم لە بەرانبەر ئەم كارە بێدەنگەو هیچ گوێ بە هەستی ئێمەی كەسوكاری ئەنفالكراو نادات ؟. هۆی چیە لە دورترین شوێنی عێراقەوە ڕووفاتی بارزانییەكان دەهێنرێنەوە .

بەلام كەسوكارەكانی ئێمە لە ناوەڕاست و باشوری عێراق ناهێنرێنەوە ئەم جیاوازییە گەورەیە بۆچی؟. ئایا سەرۆكی هەرێم و سەرۆكی حكومەت و وەزیری شەهیدان بۆ ئامادەن ئەم بەرپرسیارییە گەورەیە هەڵبگرن كە ناشتنی ئێسكو پروسكی ئەنفالكراوەكانە لە باشوری عێراق كە جگە لە زیان هیچ بەرژەوەندییەكی كورد بە گشتی و كەسوكاری ئەنفلكراوەكان بە تایبەتی تێدا نیە.

ڕێكخراوی كارا

بۆ داكۆكی كردن لە قوربانیای ئەنفال

٢٠٠٨-١٠-٦

ناحیەی شۆڕش

## بەياننامەيەك بۆ پشتگيريكردن لە دانيشتوانى ناوچەى كۆيە لله

ئەنفال پرۆسەی لە ناوبردنی نەتەوەکەمان بو لە لایەن دەوڵەتی ئەو کاتەی عێراقەوە.

بەڵام لای هەموان رون و ئاشکرایە ئەگەر بەشداری دەیان هەزار جاشو سەدان سەرۆك جاش نەبوایە ئەوا هەرگیز سوپای عێراق نەیدەتوانی شاڵاوەکانی ئەنفال بەو فراوانیە ئەنجامبدات و زۆرترین قوربانی لێبکەوێتەوە.

دەبوایە لە دوای راپەرینەوە سەرجەم ئەو جاشو سەرۆك جاشانەمان بدایە بە دادگاو لە پای ئەو تاوانە گەورەیەیان کە بەشداریکردن بو لە ئەنفال بە سزای یاسایی خۆیان بگەیەنرانایە.

بەڵام ئەوەی جێگەی داخو ئازارێکی زۆرە بۆ ئێمەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان ئەوەیە کە هەر زوو حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان بونە شوێنی داڵدەدانی ئەو تاوانبارو نەتەوە فرۆشانە.

نوێترین نمونە کە نیگەرانی لای هەموو کەسوکاری ئەنفالکراوەکان دروستکردووە داڵدەدان وحەشاردانی تاوانبار قاسم ئاغای کۆیەیە .





بۆیە وەك کەسوکاری ئەنفالکراوەکان لە ناوچەی کەرکوك بە تەواوی توانامانەوە پشتیوانی خۆمان بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوەکانی ناوچەی کۆیە دەردەبڕین و هاودەنگیان بۆ دوپاتدەکەینەوە .دەست خۆشی لە هەوڵەکانیان دەکەین بۆ بە دادگایکردنی ئەو تاوانبارە و پشتگیری لە هەر جۆرە کەمپینێك دەکەین کە لەم بارەیەوە رێکدەخرێت.

## بەياننامەی ڕێكخراوی ژیان /ژنانی ئەنفال
## بە بۆنەی یادی بیست ساڵەی كارەساتی ئەنفال

بیست ساڵ لە مەوبەر ڕژێمی بەعس گەورەترین تاوانەكانی دژی گەلەكەمان ئەنجامدا كە بێوێنە ترین كارەساتە لە مێژوی كۆن ونوێی مرۆڤایەتیدا ، كە تیایدا زیاتر لە ١٨٢ مرۆڤی بێتاوان كە ژن وپیرو ومنداڵ وگەنج بوون بێسەروشوێن كران ولە بیابانەكانی ناوەڕاست و خواروی عێراقدا زیندە بە چاڵكران.

بە هەزاران گوند لە گەڵ زەویدا تەختكران و ئەوانەشی لەو تاوانە ڕزگاریان بوو ڕاگوێزران بەرەو ئۆردوگا زۆرە ملێكان .كە دوور بو لە هەموو پرۆژەیەكی خزمەتگوزاری و بە ئێستاشەوە كەسوكاری ئەنفالكراوەكان لە خراپترین ژیان وگوزەراندان لە كاتێكدا دەبوایە لە دوای ڕاپەرینەوە حكومەتی هەرێم پێش هەموو شتێك كاری بكردایە بۆ باشكردنی ژیانی ئەم توێژەی كۆمەڵگاكەمان كە لە پێناوی ئازادی ولاتەكەیاندا زۆرترین قوربانیان بە خشیوە،بۆ ئەم مەبەستەش دەبوایە بەشێكی دیاریكراو لە بودجەی حكومەتی هەرێم ساڵانە بۆ خزمەتكردنی دۆزی ئەنفال تایبەت بكرایە و لە سەر ئاستی ناخۆو دەرەوە ئەنفال زۆر لە ئێستا ناسراوتر بوایە خوێندنەوەیەكی تر بۆ





كارەساتە بكرایەو هەوڵی جدی بدرایە بۆ كەمكردنەوەی كاریگەرییە نێگەتیڤەكانی لە بواری دەروونی وكۆمەڵایەتی و كلتوری وئابوری كە ئەنفال لە دوای خۆی لە سەر تاك و كۆمەڵگەی كوردی دروستی كردووە.

بۆیە وەكو ڕێكخراوی ژیان بۆ ژنانی ئەنفال داوا دەكەین چیتر ناوچە زیان لێكەوتوەكانی ئەنفال و كەسوكاری ئەنفالكراوەكان بەم شێوەیە پشتگوێ نەخرێن و ئاوڕیی پێویستیان لێبدرێتەوە و كار بكرێت بۆ دووبارە دروستكرنەوەی ژیان لە ناوچانەداو كاری بە پەلە بكرێت بۆ هێنانەوەی ڕوفاتی ئەنفالكراوەكان و بۆ ئەوەی بتوانیرێت كەسوكاری ئەنفالكراوەكان لەو ناخۆشیو ئازارە دەرونیە ڕزگار بكرێن و ئەمەش ئەركی ئەخلاقی ومرۆیی هەردوو حكومەتی ناوەندی و هەرێم كوردستانە .

پێویستە لەم ڕووەوە كەم تەرخەمی نەكەن هەروەها داوا دەكەین كار بكرێت بۆ بە جێهێنانی كارەساتی ئەنفال وەكو تاوانی جینۆساید لە سەرجەم دامودەزگا نێودەوڵەتیەكاندا بە فەرمی دانی پێدا بنرێت و ئەنجامدەرانی ئەنفالیش بە سزای یاسایی خۆیان بگەن و لە پێناوی هیچ بەرژەوەندییەكدا سەرانی ڕژێمی بەعس لەم سزایە نەبوردرێن.

## بەياننامەی ڕێكخراوی كارا
## بەبۆنەی تێپەڕبوونی بیست ساڵ بەسەر كارەساتی ئەنفالدا

بیست ساڵ لە مەو بەر ڕژێمی لە ناوچوی بەعس بە پێی بەرنامەیەكی پێش وەخت نەخشە بۆ كێشراو لە چوار چێوەی هەشت قۆناغی یەك لە دوای و لە ماوەی كە متر لە لە حەوت مانگ دا تاوانی دڕندانەی ئەنفالی دژ بە گەلەكەمان ئەنجام دا.

ئەم تاوانە گەورەو نامرۆڤایەتیەی بەعس كە دوور لە هەموو بەهایەكی مرۆیی وئاینی دژی گەلەكەمان ئەنجامی دا بە مەبەستی سڕینەوەو لە ناوبردنی یەكجاری نەتەوەكەمان بوو، كە بە داخەوە كۆمەڵگەی نێودەوڵەتیو دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی لە بەرامبەر ئەم تاوانە گەورەیە بێدەنگیان هەڵبژاردوو بەرژەوەندییەكانیان لە گەڵ ڕژێمی بەعسدا خستە پێش هەموو بەها مرۆیی وئەخلاقی وئاینیەكانەوە.





كە جگە لە بێسەروشوێنكردن و دواتریش زیندە بە چاڵكردنیان لە بیابانەكانی خوارو ناوەڕاستی عێراق گەورەترین و بێوێنەترین زیانی بە ژێرخانی ئابوری و دەروونی وكلتوری و كۆمەڵایەتی وسروشتی جوانی كوردستان گەیاندو بۆ دەیان ساڵی تر كاریگەریو شوێنەوارە خراپیەكانی دەمێنێتەوە.

بۆیە ئەركی سەرشانی حكومەتی نوێی عێراق وهەرێمی كوردستانە كە بە بەرنامەو پلانی زانستی كار بۆ لە ڕەگەوە لە ناوبردنی هەموو ئەو شوێنەوارە نێگەتیڤانە بكرێت كە ئەنفال لە كۆی بوارەكانی ژیاندا جێیهێشت و تا هەنوكەش كەسوكاری ئەنفالكراوەكان بە دەستیەوە دەناڵێننو بوە بە بەشێك لە ژیانیان وخەمو ناخۆشی وبێ هێوایی بە تەواوی ڕەنگی داوەتەوە لە ژیانیانداو لە هەموو مەرگەسات تر ئەوەیە كە تا ئێستا كەسوكاری ئەنفالكراوەكان پیشتگوێخراوترین توێژی كۆمەڵگەی كوردین و تا ئێستا دەسەڵاتی كوردی بەو شێوەیەی پێویستە ئامادە نیە گوێ لە خەمو ئازارەكانیان بگرێت و بێخزمەتی ناوچە زۆر زیان لێكەوتوەكانی ئەنفال بەڵگەی ڕاستی قسەكانمانن.

كە دەبوایە لە دوای ڕاپەڕینەوە حكومەت و دەسەڵاتی كوردی بە شێوەیەك كاری لە سەر ئەنفال بكردایە كە لە ئاستی گەورەیی تاوانەكەدا بوایە بەڵام بە داخەوە ئەگەر هەوڵی خۆبەخشانە و ئەخلاقیانەی چەند نوسەرو ڕۆژنامە نوسێك نەبوایە ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەنفال بە تەواوی لە یادگەی نەوەی نوێدا لە بیر دەچووەوە

.بۆیە ئێمە وەكو ڕێكخراوی كارا بۆ داكۆكیكردن لە قوربانیانی ئەنفال داوا دەكەین بایەخ و گرنگی پێویست بەم كارەساتە بدرێت و بەرنامەو پلان دابنرێت بۆ خزمەتكردنی قوربانیانی ئەنفال .

بۆ ئەم مەبەستەش داوا دەكەین سود لە ئەزمونی گەلانی تر وەربگیرێت و هەوڵی جدی بدرێت بۆ باشكردنی ژیان وگوزەرانی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان و حكومەتی نوێی عێراق بە فەرمی داوای لێبوردن لە گەلی كورد بكات وسەرانی ڕژێمی بەعس بە سزا ی داد پەروەرانەی خۆیان بگەن .





## بەیاننامەی ڕێكخراوی ژیان بۆ ژنانی ئەنفال دژی دواخستنی سەپاندنی سزای لە سێدارەدانی تاوانبارانی ئەنفال

ئەنفال گەورەترین ودڕندانەترین تاوانی ڕژێمی ڕووخاوی بەعسە دژ بە گەلاكەمان ئەنجام دراو جگە لە زیندە بەچاڵكردنی زیاتر لە ١٨٢ مرۆڤی بێتاوانی كورد خراپترین شوێنەواری لە دوای خۆی بە جێهێشت لە ڕووی دەروونی وئابوری كۆمەڵایەتیەوە . كە بۆ دەیان ساڵی دیكە زیان لێكەوتوانی بە دەستیەوە دەناڵێنن.

بەڵام لە دوای لە ناوچونی دەسەڵاتی ئەنفالچیەكان لە ساڵی ٢٠٠٣ و دەستگیركردنی ژمارەیەك لە سەرانی ڕژێمی بەعس و جەلادەكانی ئەنفال و دواتر دادگایكردنیان لە پای ئەنجامدانی تاوانەكانیان لەوانەش ئەنفال.

سەرئەنجام دادگای باڵای تاوانەكان لە عێراق بڕیاری سەپاندنی سزای بە سەر هەر یەك لە تاوانبارانی ئەنفال"عەلی كیمیاوی و حوسێن ڕەشید و هاشم سوڵتاندا "دەركرد.

ئەمەش بوە مایەی خۆشحاڵی هەموو كوردێك بە تایبەت كەسوكاری ئەنفالكراوەكان.

بەلاّم زۆر بە داخەوە ئەوە بۆ چەند مانگێك دەچێت جێبەجێكردنی ئەو سزایە دواخراوەو لە پێناوی بەرژەوندییە سیاسیەكاندا هەر جارەی پاساو بیانوبیەك بۆ لە سێدارە نەدانی تاوانبارانی ئەنفال دەدۆزرێتەوە .

بۆیە ئێمە وەكو رێكخراوی ژیان نارەزایی خۆمان دەردەبڕین لە بەرامبەر دواخستنی بڕیارەكەی دادگای بالاّی تاوانەكان لە عێراق و جێبەجێنەكردنی سزای لە سێدارەدانی تاوانبارانی ئەنفال ، چونكە ئەمە ئەنفالێكی تری گەلاكەمانە.

بۆیە داوا لە حكومەت و پەرلامانی عێراق دەكەین رێگە نەدەن بە هەر هۆیەك بێت تاوانبارانی ئەنفال بە سزای خۆیان نەگەن .

هەروەها داوا لە سەركردایەتی سیاسی كوردو نوێنەرانی كورد لە بەغداد دەكەین بێدەنگ نەبن لە بەرامبەر ئەم غەدرە گەورە یە و شەرمەزارییەكی گەورەیە ئەگەر هەڵوێستی جدیان نەبێت لەم بارەیەوە.

هەروەها داوا لە حكومەت و پەرلەمان و سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان دەكەین هەوڵەكانیان یەكبخەن بۆ گەیشتنی ئەنفالچیەكان بە سزای دادپەروەرانەی خۆیان.

لە كۆتایدا ئەوە دوپات دەكەینەوە ئەگەر تاوانبارانی ئەنفال لە سزای لە سێدارەدان ببخشرێن ئەوە هەڵوێستی تر وەردەگرین و خەباتی مەدەنیانەی خۆمان درێژە پێدەدەین و هەرگیز بێدەنگ نابین وبە مافی رەوای خۆمانی دەزانین شان بە شانی رێكخراوەكانی دیكەی تایبەت بە ئەنفال ئامادەی بە كارهێنانی هەموو كارتێكی فشار بین





تاوەكو ئەوكاتەی ئەنفالچیەكان پەتی سێدارە دەخرێتە ملیان و حكومی یاساو حەقیان بە سەردا جێبە جێدەكرێت.

## بەیاننامەی مەڵبەندی
## بە بۆنەی بیستوچوارەمینساڵیادی كارەساتی ئەنفالەوە.

بیستوچوار ساڵ بەر لە ئێستا دەوڵەتی عێراق شاڵاوەكانی ئەنفالی دژ بە گەلی كورد ئەنجامدا.
ئەو تاوانەی كە لە ٢٢شوباتی ساڵی ١٩٨٨ دەستی پێكردو لە ئەیلولی هەمان ساڵدا كۆتایی هات كە لە هەشت قۆناغی یەك لە دوایەكدا رژێمی بەعس كوردستانی سوتماك كردو زیاتر لە ١٨٢ مرۆڤی بێتاوانیش بێسەروشوێنكران و دواتر لە بیابانەكانی خوارو ناوەراستی عێراقدا زیندە بە چاڵكران زیاتر لە چوار هەزار گوندی كوردستانیش لە گەڵ زەویدا تەختكران.
ئەگەر چی ئەنفال یەكێك بو لە تاوانە گەورەكانی مێژوی مرۆڤایەتی و تیایدا درندەیی بەعس گەیشتە لوتكە. بەڵام بە داخەوە كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی لە پێناوی بەرژەوەندییە سەربازی و ئابوری و سیاسیەكانی خۆیاندا لە ئاست ئەم تاوانە بێدەنگ بون .
نەك هیچ هەڵوێستێكی مرۆڤانەیان نەبو بەڵكو بەشداربون لە پەردەپۆشكردنی ئەم تاوانەدا.





لە كاتێكدا دەبو ئەنجامدەرانی ئەنفال روبەروی گەورەترین كاردانەوەی ناوچەیی و جیهانی بونایەتەوە لە سەر ئەنجامدانی ئەم تاوانەو لە ژێر هیچ پاساو بیانویەكدا رێگە بە جینۆسایدكردنی نەتەوەكەمان نەدرایە.
بۆیە ئێمەش وەكو مەڵبەندی ***********لە ٢٤مین ساڵیادی ئەنفالدا بە پێویستی دەزانین ئەم داواكاری و پێشنیازانە بخەینە بەرچاوی لایەنە پەیوەندیدارەكان:

١- داوا لە حكومەتی هەرێمی كوردستان دەكەین هەوڵی ناساندنی تاوانی ئەنفال بدات لە سەر ئاستی جیهانی.
٢- داوا لە حكومەتی عێراق دەكەین بە فەرمی داوای لێبوردن لە گەلی كورد بكات و قەرەبوی مادی و مەعنەوی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان بكاتەوە.
٣- هەوڵی جدی بدرێت بۆ باشكردنی ژیان و گوزەرانی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان.
٤- كاری بە پەلە بكرێت بۆ هێنانەوەی روفاتی ئەنفالكراوەكان.
٥- كار بكرێت بۆ دوبارە بوژاندنەوەی ئەو ناوچانەی كە لە ئەنفالدا زیانمەند بون.
٦- بەرنامە و پلانی زانستی دابنرێت بۆ بە نەتەوەیكردنی تاوانی ئەنفال و لە بیرنەچونەوەی لە یادەوەری نەتەوەكەماندا.

## وتاری بەشی كوردی بە بۆنەی یادی هەڵەبجەوە

**بە ناوی خودای گەورەو میهرەبانەوە**

**بەڕێوەبەرو مامۆستایانی بەڕێز**

**فێرخوازانی دڵسۆز**

بیست وچوار ساڵ بەر لە ئێستا ولە ڕۆژێكی وەك ئەمڕۆدا ڕێكەوتی ١٦-٣-١٩٨٨ فڕۆكە جەنگیەكانی دەوڵەتی عێراق بە شێوەیەكی زۆر دڕندانەو واحشیانە ونامرۆڤانەو دور لە هەموو بەهاو پێوەرە ئاینیو ئاكاری‌ویاسا زەمینیەكان شاری هەڵەبجەیان بە چەكی كیمیایی بۆردومانكردو زیاتر لە پێنج هەزار مرۆڤی بێتاوانی شارەكە شەهید بون دە هەزار كەسیش بریندار بون و هەزارانیش تا ئەمرۆ لە ژێر كاریگەرییەكانی ئەو كیمیاییبارانەدا ژیانێكی سەخت دەگوزەرێنن وبە دەست ئازارەكانی ئەو چەكەوە دەناڵێنن .ئەمە لە كاتێكدا خوای گەورە لە سورەتی المائدە ئایەتی (٣٢) دەفەرموێت(من قتل نفسا بغیر نفس او فساد فی لارچ فكانما قتل الناس جمیعا).





ئەمەش بۆ یەكەم جار بوو دەسەڵاتێك كیمیابارانی شارێك بكات لە ناو خودی دەوڵەتەكەی خۆیداو پێشتر لە مێژودا ڕووینەداوە حكومەتێك بەو شێوەیە مامەڵە لە گەڵ هاوڵاتیانی خۆیدا بكات.

شارێكی ٧٥ هەزار مرۆڤ بە تەواوی وێران بكاتو بە چەكی قەدەغە كراوی نێودەوڵەتی لە ناویان ببات، بەڵام زۆر بە داخەوە سەرەڕای گەورەیی ئەم تاوانە، دەوڵەتانی جیهان لە پێناوی بەرژەوەندییەكانی خۆیاندا چاوپۆشیان لێكردو لە ئاستیدا نا بیناو كەر و لاڵبون وهیچ هەلۆیستێكی مرۆڤانەو ئەخلاقیانەو ئاینیانەیان نەبو.

چونكە گەلی كورد جگە لە داواكردنی مافەكانی خۆی وەك هەر گەلێكی تری دروستكراوی خوا هیچیتری نەویستوە.

بە هەر نرخێك بوایە نەدەبو دەوڵەتانی ئیسلامی وعەرەبی بێدەنگ بن لە بەرانبەر ئەم مەرگەساتەی گەلەكەمان. چونكە جگە لەوەی كورد گەلێكی موسڵمانە و لە ڕابردودا چەندین زاناو سەركردەی پایە بەرزی هەبوە كە خزمەتی ئاینی ئیسلامیان كردووە .

لەوانە سلاحەدینی ئەیوبی كە بۆ یەكەم جارو دواهەمین جار قودس لە سەر دەستی ئەو ڕزگاركراو بەمەش بێوێنەترین سەروەری و شانازی لە مێژودا تۆمار كرد.

تا هەنوكە ش كورد خۆی بە پارێزەری ئەم ئاینە دەزانێت بۆ نمونە ژمارەی ئەو مزگەوتانەی لە كاتی كیمیابارانكردنی هەڵەبجەدا لەو شارەدا هەبون دەگەیشتە پەنجا مزگەوت كە نە ئەو كاتەو نە ئێستاش لە شارۆچكەی هیچ دەوڵەتێكی ئیسلامیدا ئەو ژمارە مزگەوتە نیە.

بەڵام سوپاس بۆ خوا ئەمرۆ گەلی كوردو گەلانی عێراق ڕزگاریان بوە لە دیكتاتۆرترین دەسەلاتی سیاسی و پێویستە هەموان لە یادكرنەوەی ئەو ڕۆژە ڕەشانە پەندو وانە وەربگرین و گیانی لێبوردەیی پەرە پێبدەین وفێری یەكتر قبول كردن بین هەر وەك خوای گەورە لە سورەتی (الحجرات) ئایەتی(١٣) دەفەرمویێت (یا ایها الناس إنا خلقناكم من ژكر وانپی وجعلناكم شعوبا وقبایل لتعارفوا إن اكرمكم عند الله اتقاكم إن الله علم خبیر)كەواتە پێویستە لە چارەسەركردنی كێشەو گرفت وجیاوازییەكاندا پەنا بۆ یەكتر سڕینەوە نەبەین. بەمەش دەتوانین ئایندەیەكی گەش بۆ خۆمان و ولاتەكەمان بنیات بنێین و نەوەكانی ئایندە بە كلتوری لێبوردەیی وئازادی و مافی مرۆۋ و خۆشەویستی ویەكسانی و یەكتر قبولكردن و ئاشتی وپێكەوەژیان پەروەردە بكەین .ئەوەی بۆ خۆمان بە ڕەوای دەبینین بۆ بەرانبەرەكەشمان بە ڕەوای ببینین .كەئەمەش بنچینەی ئەخلاقی بەرزی مرۆڤایەتیە ، ئەگەر بەم لۆژیكە بیرمان كردەوە بۆ هەتا هەتایە ئەوەی لە ڕابردودا ڕوویداوە جارێكی تر دووبارە نابێتەوە.

لە كۆتایدا هیوام ژیانێكی پڕ لە ئاسودەو شادیە بۆ هەموو مرۆڤێك لە هەر كوێی ئەم جیهانەدا بێت بە جیاوازی ئاینی ومەزهەبی ونەتەوەیی و ئایدۆلۆژیی و ڕەنگی پێست و زمان .

نەفرەت لەوانەش كە تەمەن درێژی و مانەوەی خۆیان لە ناوبردنی ئەوانی تردا دەبینن .

**ئیتر سوپاس**





**بۆ بەڕێز تەلەفزیۆنی...............**

**بابەت:بانگهێشت كردن**

پاش سلاوڕێز

ئاگاداری تەلەفزیۆنە بەڕێزەكەتان دەكەینەوە كە بۆ یەكەم جار بەشی كوردی پەیمانگاكەمان ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی ٤/١٤ كاتژمێر................. هەڵدەستێت بە ڕێكخستنی ڕێوڕەسمێكی تایبەت بۆ بەرز ڕاگرتنی ٢١ ساڵیادی كارەساتی گەورەی ئەنفال.ئامادەبونتان وەفایە بۆ قوربانیانی ئەنفال ولە بیرنەكردنی ئەو تاوانە .

بەشی كوردی پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایانی كچان

## وتاری مامۆستایانی بەشی كوردی

## بە ناوی خوای گەورەو میهرەبان

مامۆستایانی بەڕێز

خوێندكارانی خۆشەویست

ساڵانەو لە ڕۆژی ١٤-٤ دا یادی یەكێك لەو تاوانە گەورانە دەكەینەوە كە دژ بە گەلی كورد ئەنجام دراوە، ئەویش تاوانی بە ناو ئەنفالە.هەر چەندە ئەنفال ناوی سورەتێكی قورئانی پیرۆزە بەڵام زۆر بە داخەوە ئەم ناوە بە كار هێنرا بۆ لە ناو بردنی گەلێكی موسڵمانی وەكو كورد.

كەمتر لە ماوەی مانگێكدا ئەمە بۆ جاری سێهەمە لەم شوێنەدا یادی سێ كارەسات بكەینەوە لە ڕۆژی ١٦-٣دا یادی ٥٠٠٠هەزار شەهیدی هەڵەبجەمان كردەوە و لە سەرەتای مانگی نیساندا یادی شەهیدانی توركمانمان كردەوە كە لە ڕاپەڕینەكەی ساڵی ١٩٩١دا بە ناحەق شەهید كران و ئەمڕۆش هەموو بە یەكەوە ڕێز لە قوربانیانی ئەنفالدەگرین و ئەمەش كلتورێكی نوێی دوای دیكتاتۆرییە كە چۆن هەموان هاوبەش وهاوخەمی یەكترین و ڕێز لە یادەكانی یەكتر دەگرین و بەمەش دەتوانین عێراقێكی جوان دروست بكەینەوە.

بەڕێزان هەر وەك دەزانن ئێمە یادی كارەساتەكان بۆ ئەوە ناكەینەوە ببینە كۆیلەی ڕابردو تەنها لە ڕابردودا بژین بەڵكو دەمانەوێت لەم





ڕێگەیەوە بە هەموو ئەو دەسەڵاتانە بڵێن ئەوانەی ئامانجیان لە ناو بردنی مرۆڤەكانە سەرئەنجامەكەی بە هەمان شێوەی ڕژێمی بەعس دەبێت و ناتوانێت تا سەر درێژە بە دەسەڵات بدات.ئەمڕۆ سەردەمی ڕێزگرتنە لە جیاوازییەكانی یەكتریی ودەتوانین كلتورێكی دەوڵەمەند دروست بكەین وجیاوازییەكان پێدراوێكی خواییە بە مرۆڤەكان دراوە و هیچ دەسەڵاتێكی سیاسی ئەو مافەی نیە بە هەر هۆیەك بێت بیەوێت تایبەت مەندی هیچ گەل وپێكهاتیەك لە ناو ببات ،

لە كۆتایدا خوازیارم جارێكی تر گەلانی عێراق توشی مەرگەسات و كارەساتی وا گەورە نەبن و بۆ هەتا هەتایە ئەو ڕۆژە ڕەشانە جارێكی تر دوبارە نەبنەوە. هەمو بە یەكەوە بتوانین وڵاتێكی پێشكەتو بونیاد بنێین و تیایدا مافەكانی مرۆڤ پارێزراو بێت و زانست وزانیاری وخۆشەویستی ویەكتر قبوڵكرد نو لێبوردەیی جێگەی لۆژیكی بە كارهێنانی هێزو نەتەوەپەرستی بگرێتەوە

سڵاو لە شەهیدانی ئەنفالو سەرجەم شەهیدانی عێراق

ئیتر سوپاس

**بەرنامەی یادی بیست و سێ ساڵەی كیمیابارانكردنی شاری هەڵەبجە لە پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایانی كچانی كەركوك**

**١- سەرەتای دەست پێكردنی بەرنامەی یادەكە بە خوێندنی چەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز دەست پێدەكەین كە لە لایەن خوێندكار سارە عادلەوە با بفەرموێت.**

**٢-ئێستاش سرودی نەتەوەیی ونیشتمانی ئەی ڕەقیب لە لایەن خوێندكارانی بەشی كوردییەوە پێشكەش دەكرێت.فەرمون**

**٣-ئێستاش" " وتارێك پێشكەش دەكات با بەڕێزیان بفەرمون.**

**٦-بەڕێز وتاری بە شی كوردی بە زمانی كوردی دەخوێنێتەوە با بفەرموێت**

**٧- با خوێندكار بفەرموێت بۆ خوێندنەوەی پارچە هۆنراوەكەی.**

**٨- خوێندكار وتارێك دەخوێنێتەوە با بفەرموێت.**

**لە كۆتایدا بە پێویستی دەزانین كە سوپاسی بەڕێوەبەرو مامۆستایانی بەشی كوردی بكەین كە هاوكاریانكردین بۆ بەرزڕاگرتنی ئەم یادە و سوپاس بۆ سەرجەم مامۆستایان وخوێنكارانی دیكەش كە هاوبەبەشداریان لە گەڵ كردین.**







**پرۆفایلی هێمن كامیل**

* لە ساڵی ١٩٨٢ لە دایك بوە.
* لە ساڵی ٢٠٠٧ بەشی كۆمەڵناسی زانكۆی سلێمانی تەواوكردووە.
* وەكو رۆژنامەنوسێكی سەربەخۆ زیاتر لە ٣٠ رۆژنامە و گۆڤاردا وتارو نوسینی هەیە.
* ئەندامی چەند رێكخراو سەندیكایەكی پیشەییە.
* خاوەنی توێژینەوەیەكی زانستیە لە سەر ئەنفال.
* زیاتر لە دە ساڵە چالاكوانە لە بواری ئەنفالدا.
* زیاتر لە ٢٠ رادیۆو تەلەفزیۆن دەیان چاوپێكەوتنیان لەگەڵ سازكردووە.
* هەر دوو ساڵی ٢٠١١ و ٢٠١٢ وانەبێژبوە لە كۆلێژی پەروەردەی زانكۆی كەركوك.
* ساڵی ٢٠٠٧ تا ٢٠١٣ مامۆستای دەروونناسی پەیمانگەی مامۆستایانی شاری كەركوك بوە.
* ئێستا خوێندكاری ماستەرە .